زانستگای کوردستان
جێگرایەتیی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی

# گۆڤاری ئەدەبی- فەرهەنگیی خوێندکارانی

## ئەنجومەنی زانستیی زمان و ئەدەبی کوردی

ژمارەی۳، پاییزی ۱۳۹۷ی هەتاوی



هەواڵنامەی کتێب

- شیعرییەتی دەقی گەشتی ژیانم، بەرهەمی مامۆستا مەسعوود محەمەد
- فەلسەفەی زمان لەسەدەی بیستەمدا
- زمانی یەکگرتوو و کێیەتی
- کێشەی ژن لە دنیای ئاڵۆزی بەجیهانیبووندا
- ژن و شێعری فرووغ
- پیاسەوانە ئینستاگرامییەکان، واقیعبیزی و فاشیزم
- هەڵبەستی کوردیی شاعیر، بە شێوازی گۆرانی

پێش تۆ ناسین،
منالێکی خۆپەرست بووم؛
وامدەزانی
ئاسمانی پان دەوارێکە
تەنیا بۆ من هەڵدراوە،
زەوی دورگەی دوای تۆفانە
جگە لە من، هیچ کەسێکی تیا نەماوە؛

ئەوینی تۆ لەپڕ هات و
شوورە و قەڵامی خاپوور کرد،
ڕەنگەکانی هەموو گۆڕین؛
یاساکانی ژێروژوور کرد
وای‌کرد دنیا
بۆ تەنیاییم وەک قەفەس بێ؛
فێری کردم
شەوان نیوسەرینم بەس بێ!

پەشێو




# ئاوزین (٣)

## گۆڤاری ئەدەبی_فەرهەنگیی خوێندکارانی ئەنجومەنی زانستیی زمان و ئەدەبی کوردیی زانستگای کوردستان


**خاوەنی ئیمتیاز:** ئەنجومەنی زانستیی زمان و ئەدەبی کوردی

**ڕاوێژکار:** د. بەختیار سەجادی

**سەرنووسەر:** توورەج خەسرەوی

**بەرپرس:** شەقایق حەسەنزادە

**بەرپرسی زانستی:** سومەیە کەریمی

**بەپرسی ڕاهێنان:** ڕووناک پەناهی

**بەرپرسی پێوەندی:** ئەوین بروومەند

**بەرپرسی توێژینەوە:** زانا ڕەشیدی

**بەرپرسی فەرهەنگی:** پووریا سادقی

**جوانکاریی لاپەڕەکان:** ئاوزین

**پێداچوونەوە:** حەسیبە فایەقی



**ناونیشانی گۆڤاری ئاوزین:** سنە، زانستگای کوردستان، کۆلێجی زمان و ئەدەب، نووسینگەی ئەنجومەنی زانستیی زمان و ئەدەبی کوردی.

**کۆدی پۆستی:** ٦٦١٧٧١٥١٧٥

**ئیمەیل:** awzin1394@gmail.com


هەوالنامەی کتێب

## پێڕست


| | |
|---|---|
| سەروتار | ۶ |
| **لێکۆڵینەوە** | |
| چەمکی مەرگ لە نێو شیعری شاعیرانی کورددا | ۹ |
| نالی | ۹ |
| مەحوی | ۱۶ |
| هێمن | ۲۳ |
| وەفایی | ۳۱ |
| هەژار | ۳۸ |
| حاجی قادری کۆیی | ۴۸ |
| **فایل (مەسعوود محەمەد)** | |
| پێشەکی | ۵۳ |
| شیعرییەتی دەقی *گەشتی ژیانم*، بەرهەمی مامۆستا مەسعوود محەمەد | ۵۶ |
| ئاوڕێک لە بەرهەمەکانی مامۆستا مەسعوود محەمەد | ۸۹ |
| *زاراوەسازی پێوانە* | ۹۴ |
| وەرگێڕانی دوو بەرهەمی مامۆستا مەسعوود محەمەد | ۹۹ |
| بەناوبانگترین و هەستیارترین تاڵە موو، | ۱۰۱ |
| وتووێژێک لەگەڵ بەهاکان | ۱۰۴ |
| **وتار** | |
| فەلسەفەی زمان لەسەدەی بیستەم | ۱۰۸ |
| زمانی یەکگرتوو و کێیەتی | ۱۱۹ |
| کێشەی ژن لە دنیای ئاڵۆزی بەجیهانیبووندا | ۱۲۶ |
| ژن و شێعری فرووغ | ۱۲۹ |
| هەڵبەستی کوردیی شاعیر، بە شێوازی گۆرانی | ۱۳۱ |
| وڵاتێک لە شێوەی شاعیرێکدا گیانی ئەدا | ۱۳۵ |
| نەورۆز | ۱۳۷ |
| پیاسەوانە ئینستاگرامییەکان، واقیعبێژی و فاشیزم | ۱۴۰ |


هەواڵنامەی کتێب

**یەکەمەکان**

یەکەم شانۆنامەکان ١٤٥

یەکەم ڕۆمانەکان ١٤٧

**ناساندن**

ویلیام باتلر ییێتس ١٥٢

جەیمز جۆیس ١٥٥

شێروود ئەندرسۆن ١٥٩

ئەحمەد موختار بەگی جاف ١٦٢

کورتەیەک لە کتێبی *چەشنە ئەدەبی و ڕۆژنامەنووسییەکان و ڕەنگدانەوەیان لە ژیان و ژین-دا* ١٦٥

**چیرۆک**

ڕەشنووسی بۆشایی ١٨١

شەوەزەنگی خوێناوی ١٨٤

بۆنی مەرگ ١٨٧

دواهەمین شەو ١٩٣

کۆتر و گاوانی ١٩٥

خەونی خوێناوی ٢٠٣

چاوڕێ ٢١١

ئاویەر ٢١٦

ئەوینی بێ‌سنوور ٢٢٠

**شیعر**

ئەستێرەیەکی سارد ٢٢٢

عەورەتی تەنیایی ٢٢٣

بریا... ٢٢٦

شیعرێک بۆ پێڵاوە دڕاوەکانی کۆڵبەرێک ٢٢٧

پاییز ٢٢٨

**هەواڵ**

ڕێوڕەسمی جێژنی سەدەمینساڵیادی یەکەم شانۆنامەی کوردی ٢٢٩

بەرهەمە تازەچاپکراوەکان ٢٣٣

هەواڵنامەی کتێب

**سەروتار**

**لە سەرەتای سەرەتا لەو نەهاتەکاتەدا، پێش ئەوەی دەست پێبکەیت، پێش ئەوەی بڕیار بدەیت؛ لە خاڵی سفردا کە هەموو شتێ کپ و مەند لە شوێنی خۆی ماوەتەوە؛ لەو ساتەوەختەدا کە تەنانەت بیرۆکەش فرچک نەکراوە و هیچ یاسایەک پەیڕەو ناکەیت بێجگە لە داوەستاوی؛ لە خاڵی پێش خاڵی دەستپێک کە تەنانەت کاتیش لە ئارادا نییە؛ لەو دۆخەدا کە واتاش هێشتا لە دایک نەبووە و هیچ ئاراستەیەک لە ئارادا نییە و ژیان وەستاوە؛ لەو ...**

کەوایە مەهێڵە ئەو قۆناغە درێژە بکێشێت و تانوپۆی ژیانت دابگرێت. دەست بدەرە دەستی جووڵەوە، ڕێ بکەوە و تۆڵەی خۆت لە کات-ی دڵڕەق بکەرەوە. زانیاری و تێگەیشتن بەرەو ئەو ئاقارەت دەبا کە هەست بە چالاکبوون بکەیت و ڕێگات بۆ دیاری دەکات. کە وە ڕێ کەوتی، خۆت هەم ڕێبواریت و هەم ڕێگا؛ ڕێگایەک کە لە هیچ ڕێگایەکی دی ناکات، قەت ئاسایی نابێتەوە و لە هەر قەمچێکدا لایەنێکی نوێ و بوارێکی تازە دەردەخات. هەر دەستکەوت و پێشکەوتنێک مرۆڤ دەستەبەری کردووە، لەم ڕێگایەوە تێپەڕیوە. تۆ جیاوازی؛ هیچ کەس لە تۆ ناکات. ئەگەر پێچەوانەی ئەوە بێت، ئیدی تۆ نیت. چاو لە بیرمەند و زانا مەزنەکان بکە؛ هەر کامە و گۆشەنیگا و بیروبۆچوون و چوارچێوە و کەسایەتیی تایبەت بە خۆیان هەیە.

ئەم گۆڤارە، *ئاوزین*، هەر لە دەستپێکدا هەوڵی داوە بە ڕێگەخۆشکردن و پەلکێشکردنی کەسانی پێوەندیدار بە زمان و ئەدەب و نووسین-ەوە، ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتر، هەم لە باری چەندایەتی و هەم لە باری چۆنایەتییەوە، پەرە بەم ئاقار و چەشنە بابەتانە بدات و مەڵبەندێک ساز بکات بۆ فەرهەنگ و ئەدەب. ئەگەرچی ئەم بەرهەمە، گۆڤارێکی خوێندکارییە و تەنیا لە نێو زانستگای کوردستاندا بڵاو دەبێتەوە، بەڵام جێگای دڵخۆشییە کەسانی چالاک لەم بوارەدا لە دەرەوەی زانستگاش ئاگاداری ئەم نووسینانەن و بە وردییەوە دەیخوێننەوە و تەنانەت لە هەندێ بواردا ڕەخنەشیان لێ-گرتووە (نەک بە شێوەی نووسراو). دەرفەتێک ڕەخساوە تا ئەو پردی پێوەندییە لە نێوان نووسەر و خوێنەردا ساز ببێت و وتووێژێک بێتە ئاراوە کە یارمەتیدەرە بۆ پێشکەوتنی زۆرتر و گەشانەوەی زیاتر. وەڵامی ئاوزین بۆ ئەو ڕەخنەیەی کە زۆرتر لە بواری پێکهاتەی ڕستە و شێوازی نووسین-ەوە ئاراستە کراوە و هەموویان لە جێگای خۆیاندا دروستن، ئەوەیە کە هەندێ لەو بەرهەمانەی لە *ئاوزین*دا لە چاپ دەدرێن، یەکەم نووسراوەکانی ئەو خوێندکارانەن کە تازە دەستیان بە قەڵەمە گرتووە و پاش ساڵەها دووری لە زمانی خۆیان، لێرەدا خۆیان تاقی دەکەنەوە و دەیانەوێ پێ بخەنە ئەم ئاقارەوە کە سەرەتایەکە بۆ دەستپێکردنیان. کەوایە ئەم کەندوکۆسپانە ئاساییە، بەڵام تەنیا بۆ وەها کەسانێک. ئاوزین تەنیا لە باری ڕێنووسەوە بەو بەرهەمانەدا دەچێتەوە و یەکدەستیان دەکاتەوە؛ بۆ ئەوەی ئەو کێشەگەلە کەم ببێتەوە و ئەو پێکهاتە ڕەسەنە کوردییە لە شێوەی داڕشتنی ڕستەکان و کۆی بەرهەمەکاندا ڕەچاو بکرێت، پێشنیارمان ئەوەیە بۆ نووسەران کە

پاش ئامادەکردنی بەرهەمەکەیان، پیشانی کەسێکی شارەزای بدەن تا لە باری ناوەڕۆک و پێکهاتە و شێوازەوە پێیدا بچێتەوە و هەڵەکانیان ڕاست بکاتەوە؛ ئینجا ڕەوانەی *ئاوزین*-ی بکەن.

لە ئاراستەی ئەم مژارانەدا، بەمەبەستی پێوەندی زۆرتر و گرنگیدان بەم بوارانە، لە ژمارەی داهاتوو بەو لاوە بەشێکی تر دەخەینە سەر گۆڤارەکە، کە بریتی دەبێت لە ڕەخنە لە *ئاوزین* و هەروەها سەرجەم ئەو بەرهەمانەی لەم گۆڤارەدا چاپ دەکرێن؛ تاکوو ئەو بیروبۆچوون و پێشنیار و بڕیارانەی، بەردەنگی شارەزا و وریا پاش خوێندنەوەی بابەتەکان بە وردبینی و بە گۆشەنیگایەکی ڕەخنەگرانەوە دەری دەبڕێت، بە شێوەی نووسراو بخەینە بەردەست و یارمەتیدەر بێت بۆ گەشەی زیاتر و پەرەدان بە بواری ڕەخنە و هەڵسەنگاندن. هەر ژمارەیەک فایلێکی جیاوازی هەیە و هەروا کە ئاگادارن، بابەتی فایلی ئەم ژمارەیە لەسەر کار و بەرهەم و کارتێکەرییەکانی مامۆستا مەسعوود مەحەمەد-ە؛ بۆ ڕاگەیاندنی فایلی ژمارەی داهاتوو، بەم شێوازەیە کە لە دوایین ڕووبەرگی گۆڤارەکەدا وێنەی ئەو کەسەی بۆ فایلی دوایی گۆڤارەکە هەڵی دەبژێرین، دادەنین؛ وەکوو ئەم ژمارەیە کە وێنەی مامۆستا شێخ نوری شێخ ساڵح-مان داناوە. دێوی ناوەوەی ڕووبەرگەکەش، تایبەتە بە ژنان و لە هەر ژمارەیەکدا کەسایەتییەک دەناسێنین کە ئەم ژمارەیە بۆ چۆمان هەردی تەرخان کراوە.

لەکۆتاییدا سپاسی خۆمان ئاراستەی مامۆستایان و خوێندکارانی ئازیز و هەروەها هۆگران و لایەنگرانی ئەدەب دەکەین کە بە نووسین و ڕێنوێنی و پاڵپشتیکردنیان، یارمەتیدەر بوون لە گەشەپێدانی هەمەلایەنە و زۆرتری گۆڤارەکەدا. هیواداریین ئەم پێوەندی و هاوڕێیەتییە، لە داهاتوودا لە ژمارەکانی دیکە و لە چالاکییە جۆربەجۆرەکانی دیکەدا زۆرتر ڕەنگ بداتەوە و سەرەڕای هەموو جیاوازییەکان، لە هەرێمی بەربڵاوی ئەدەبدا، زەینییەتی تاکی کورد، زۆرتر بەرەو لای ئەم چەشنە گوتار و مژارە بەپێزانە ڕابکێشرێت.

# لێکۆڵینەوە

هەوڵنامەی کتێب

# چەمکی مەرگ لە نێو شیعری شاعیرانی کورددا
# (٢)

## نالی



ڕووناک پەناهی

### ١. پێشبینینەکراوبوون و نەناسراوبوونی مەرگ

مەرگ سەفەرێکی نادیارە و تا ئێستا کەسێک بە ئەزموونی نەگەیاندووە کە بۆی ڕوون بێتەوە لە ئاکامدا چی بە سەر دێت و بۆ کوێ دەڕوات یان ڕۆیشتن لەم دونیایە کۆتایی و تەواوبوونی هەموو شتێکە یا نا دونیایەکی تر بوونی هەیە و ژیان کۆتایی پێ‌نایەت. زۆرکەس لەسەر ئەو باوەڕ و بۆچوونەن کە مردن تەواوبوونی ژیان نییە بەڵکوو فەقەت سەفەر بۆ دونیایەکی دیکەیە کە ژیان لەو دونیایەدا لە دوو بەشی بەهەشت و جەهەنەم مانا دەبێتەوە؛ واتە کەسانێک کە لەم دونیایەدا بە چاکی و باشی ژیاون و خراپەیان نەبووە بە پێی ئایین و شەریعەتی خودا جێگەیان ئەبێتە بەهەشت و ئەو مرۆڤانەش کە ژیانی دونیاییان لە ڕێگەی خراپە بردووەتە سەر، ماڵی ئەو دونیایان دەبێتە جەهەننەم.

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەدا ژیان و مردن بە دەستی خودایە و کەس ئاگاداری مردنی خۆی نییە کە لە چ کاتێکدا، بە چ هۆیەک کۆتایی بە ژیانی دێت و ئەم سەفەرە کە دەیکەین، سەفەری ژیان و مەرگە؛ لەوانەیە جارێکی تر چاومان بە یەکتر بکەوێتەوە یان نا، کەس نەزانێ چیمان بەسەر دێت و سەرەنجام چۆن ئەبێت؟ زۆرکەس هەیە کە ژیانی ئەم دونیایە لایان شیرین و بایەخدارە و ڕۆیشتن و کۆچی دوایی بۆیان ناخۆش و مەترسی هێنەرە، هەر بۆیەش بە ڕاست و چەپدا لاف وگەزاف لێ‌ئەدەن و دڵبەستن بە خۆشییەکانی دونیا، دڵخۆش و سەرمەستیان دەکات و بەجۆرێک

هەواڵنامەی کتێب

بایی و غەرِا دەبن. بەڵام زۆر کەسیش هەیە کە ژیان بە سەر بردن لەم دونیایەدا بۆیان سەخت و دژوارە، کۆچ کردن بە سەفەرێکی هەتایی بۆ حەسانەوە و خۆشی خۆیان دەزانن و لەسەر ئەو باوەرِەن کە رِۆژان رِۆژیان لە دوایە و هەر بەهارێک خەزانێکیشی بە دوایە و ژیان ئەوەندە ناهێنێ کە پشتی پێ‌ببەستی وخۆتی پێ دڵخۆش بکەی. نموونەکانی ئەم بەشە:

١. ژیان و مردن بە دەستی خودایە، ل. ١٣٨.
٢. مردن کاتەکەی بۆ کەس رِوون نییە، ل. ٢٧٦.
٣. کەس ئاگاداری سەرەنجامی خۆی نییە، لاپەرِەی٣٢٩.
٤. لە بەرانبەر مەرگدا مرۆڤ هیچ دەسەڵاتێکی نییە، ل. ٣٧٩.
٥. مرۆڤ ئاگاداری ئەوە نییە کە رِۆژان رِۆژیان لە دوایە، ل. ٦٧٤.
٦. بێ خەبەری لە کاتوساتی مردن، ل. ٦٧٥.

## ٢. مردن بابەتێکی رِزگاری‌بەخشە کە ناتەواوییەکانی مرۆڤ پرِ دەکاتەوە

لەم بەشەدا ئەم برِوایە هەیە کە ئەگەر مرۆڤ بەشێکی زۆری ژیانی ئەم دونیایەی لەکیس و بەخەسار چووە دەتوانێت، لە پێناوی عەشق بە خودا و بە زیارەتی ماڵی خودا و مەدینە پرِی بکاتەوە. مردن لەو مەدینەدا کە ئاو وخاکی بووە بە خوانی رِووناکی و ئیمانی جیهانیان، بابەتی رِزگاری‌بەخش و ناتەواوییەکانی هەموو مرۆڤێکە، کە واتە لە رِێگەی عەشق بە خودادا مرۆڤ هەر شایانی مردنە. چاکە و پایەبەرزی مرۆڤ لەوەدا مانا دەبێتەوە کە هەموو کات لە بیری دۆزینەوەی رِێگای رِاست، واتە مردن لە پێناوی خۆشەویستی خودادا بێت. ژیان لێرەدا وەکوو پارەیەک وایە بۆ بەدەست-هێنانی ژیانی هەمیشەیی و مردنێک کە ئەبێتە هۆی ئازادی مرۆڤ.

**نموونەکانی ئەم بەشە:**

١. پرِکردنەوەی هەموو ناتەواوییەکان لە شاری مەدینە، ل. ٤٩٢.
٢. مردن لە رِێگەی بنەماکانی ئیسلامدا، ل. ٤٩٢.
٣. شاری مەککە شایانی ئەوەیە مرۆڤ گیانی لە پێناویدا باخت بکات، ل. ٤٩٣.
٤. لە بیری رِێگای رِاستدا بوون، واتە یادی خودا کردن، ل. ٦٣٦.
٥. رِێگای عەشقی رِاسەتەقینە بگریتە بەر، ل. ٦٥١.
٦. بیر لە رِەزامەندی خودا کردنەوە، ل. ٦٨٥.

هەواڵنامەی دیتیر

### ٣. ئەو بابەتانەی کە مردن پێیانەوە چوێندراوە

مردن زۆرجار بە ڕاشکاوی، بە دەوڵەمەندێکی تەماعکار شوبهێندراوە، چونکوو کاتێک کە مرۆڤ تەمەنی کۆتایی دێت و دەمرێت چ فەقیر و هەژار بێت و چ دەوڵەمەند و دارا، لە ئاکامدا هەر خۆی و کاری چاکە و خراپەکەی سەفەر دەکەن و ناتوانێ هیچ شتێک و ماڵی دونیایی لەگەڵ خۆی بەرێت. هەر بۆیەش بە دەوڵەمەندی تەماعکار شووبهێندراوە، هەروا کە مرۆڤ لە دونیا هەموو شتێکی هەیە و دوای مردنی هیچی بۆ نابرێت، دەوڵەمەندی تەماعکاریش زۆر شتی هەیە و درێغ دەکات و هیچ نابەخشێت، بە دەستێکی خاڵییەوە ژیان بە جێ دێڵێت. هەروەها بابەتێکی دیکە ئەوەیە کە عاشق بەهۆی دووری لە یار شەهید بووە و نیشانەی شەهید بوونەکەشی وەکوو گوڵی سوور، خوێناوییە.

**نموونەکانی ئەم بەشە:**

١. شەهید بوون و مردن کە شووبهێندراوە بە گوڵاڵەی خوێناوییەوە، ل. ٢٨٩.

٢. دەوڵەمەندی تەماعکار، ل. ٣٢٢.

*********

### ٤. هێمانە سرووشتییەکان بۆ پێناسەکردنی مەرگ

زۆر جار لە شیعرەکانی نالیدا وەبەرچاو دەکەوێت کە باس لە سەر گوڵ و گیا و سرووشت دەکرێت، بۆ وێنە دەڵێت: گوڵ ئەگەر ئاوی پێ نەگات و ئاو نەدرێت سیس دەبێت و ئەمرێ، کە لەوێدا باسی مەرگی سرووشتی کردووە (مەبەست ئەوەیە کە عاشق لە دووری یار وەکوو گوڵ سیس دەبێت و دەمرێت).

**نموونەی ئەم بەشە:**

- باس لە سەر مەرگی گوڵ دەکرێت، ل. ٦٥.

## ٥. مردن لە پێگەی بابەتێکی ئەرێنیدا

لە زۆر جێگەدا شاعێر باس لە سەر مەرگ دەکات و هیچ باکێکی لە مردن نییە و زۆر بە بابەتێکی ئاسایی و ئەرێنی دایدەنێت. چونکوو لای وایە کە مردن گەیشتن بە هەموو ئاوات و ئامانجێکی خۆش و بایەخدارە. ئەو بڕوایە هەیە کە ئەگەر لەم دونیایەدا هەموو شتێکیشت هەبێت تێدەپەڕێت و بەس ئەو شتەی کە لە ئاکامدا دەمێنێتەوە و دەبێتە هۆی حەسانەوەی مرۆڤ هەر مردنە. ئەو کاتەیە کە بیر لە مرۆڤ دەکرێتەوە کە چۆن بەدیهاتووە؟ بە ڕووت و قووتی لە دایک دەبێت و بە ڕووتکراوەیی لە دونیایش دەڕوات و ژیان بۆ ئەوە نابێ دڵگەرمی پێ‌هەبێت. ئەو کەسانەی کە بە خەیاڵی خۆیان دونیا و قەیامەتیش کۆدەکەنەوە ،ئەو ڕۆژەی کە دەمرن هیچیان پێ‌ناگات و دونیا و قەیامەت دژی یەکترن و مرۆڤ دەبێت هەوڵی یەکێکیان بدات. کە واتە ئەگەر ئینسان عومری خیدری زیندە و خاوەن شکۆیی جەمشیدی هەبێت لە ئاخرەوە هەر مەرگ دەمێنێتەوە و ئەو کەسانەیش کە مردن لایان خۆشترە ئەگەر هەموو دونیایشیان بۆ بکەی بە زێڕ و تەڵا دیسان هەر لەسەر باوەڕی خۆیانن و ڕێگای ڕووناکی لە مەرگدا دەبینن.

**نموونەکانی ئەم بەشە:**

١. ئەگەر ژیانی ئەسکەندەری مەکدوونیشمان بێت، ئاخرمان هەر ئەبێتە مردن، ل. ٢٤٩.

٢. دونیا ئەوەندە ناهێنێ پشتی پێوە ببەستی، ل. ٢٥٩.

٣. دونیا بۆ ئەوە نابێ کە خراپ بیت و بێ‌وەفایی بکەیت، چونکوو زۆر گوزەرایە، ل. ٣٥٨.

٤. ئەگەر دونیا و قەیامەتیش بەخەیاڵ کۆکەینەوە، کاتی مەرگ ناتوانین هیچ شتێک لەگەڵ خۆ بەرین، ل. ٣٧٨.

٥. مردنی پێ‌خۆشە و حازر نییە کاتی ماڵاوایی، شەیتان ڕێگری لە مەرگی بکات، ل. ٤٤٣.

٦. کەسێک کە مەرگی بۆ گرینگ بێت بیر لە هیچ شتێکی ئەم دونیایە ناکاتەوە، ل. ٦٣٧.

٧. بە هۆی دووری لە یار ئاواتەخوازی مردنە، ل. ٧١٣.

٨. دەسەڵات و سامانی دونیا کاتی مردن هیچ پەیوەندییێکی لەگەڵتا نامێنێ، ل. ٣٧٨.

٩. ژیان کە بە خەیاڵی مرۆڤ تاقە هەناسەییێکی، هەموو عالەم دەهێنێ هەمووی لە خەم و پەژارەی لەدەسدانی لەکیس چووە، ل. ٣٧٩.

## ٦. بە نەرێنی زانینی ژیان و مەرگ تێکڕا

زۆر جار هەیە کە مرۆڤ لەبەر هۆکاری زۆر لە ژیان وەڕەز دەبێت و ژیان بە تاڵ و ناخۆش دەزانێ. بۆ وێنە لە زۆرێک لە شیعرەکاندا شاعێر بە ڕاشکاوی و بە زۆری باس لە سەر دووری لە یار دەکات و عاشق بە هۆی دووری و نەگەیشتن بە یار، ژیان لە بەرچاوی تاڵ دەبێت و هەناسەکانی دڵدار وەکوو دووکەڵی ڕەشی لێدێت یان زوڵفی ڕەشی مەعشووق دەبێتە جلی ڕەشی ماتەم و مەرگ. کەواتە باس لەسەر ڕەنگی ڕەش و ماتەم دەکرێت و زۆر جار هەم ژیان و هەم

مەرگ وەکوو ژەهری تاڵ وایە کە لە هەر دوو دونیا دەرخواردی مرۆڤ دەدرێت و لە هیچ لایەک (نە ئەم دونیا نە ئەو دونیا) هەست بە خۆشی و ڕابواردن ناکرێت.

**نموونەکانی ئەم بەشە:**

**١.** کە هەم دووری لە یار لەم دونیایەدا ژیانی تاڵ کردووە و هەم ناوی بەرگی ڕەش و ماتەم دەبات بۆ مردن، ل. ٧٣.

**٢.** خۆشڕابواردن لە هیچ دونیایەکدا نییە، ل. ٦٨٨.

## ٧. بڕوا بە ژیانی دوای مەرگ

زۆر مرۆڤ هەیە کە باوەڕیان بە ژیانی دوای مەرگ هەیە و لایان وایە کە کۆتایی ئەم دونیایە و ژیان، کۆتایی هەموو شتێک نییە و بەڵکوو گەیشتن بە ژیانی هەرمان و هەموو ئاوات و ئامانجەکان لە کۆچی دوایی و پاش مەرگدایە و هەرچییەک کە لە ڕووی زەویدایە هەمووی دەفەوتێ و لەناو دەچێت و تەنها ڕووی خوای گەورە و چاکە و خراپەیە کە دەمێنێتەوە.

**نموونەکانی ئەم بەشە:**

**١.** هەر جۆرێک هەبێت هەمیشە چاوەڕێی پێگەیشتنتم، ل. ١١٨.
**٢.** تەمەن هەرچەندە درێژیش بێت لە ئاکامدا هەر دەبێ بمرین، ل. ٤٦٦.
**٣.** دەبێ بیر لە قیامەت بکرێتەوە تا کاتێک دەرفەت هەیە، شتێک بۆ پاشەڕۆژ دەبێ کۆکرێتەوە، ل. ٦٩٠.
**٤.** بۆ کۆچی دوایی دەبێ توێشوویەکت هەبێت، ل. ٦٩٠.
**٥.** هەموو شتێک دەفەوتێ و تەنها ڕووی خوایە کە دەمێنێتەوە، ل. ٢١٨.
**٦.** ئەڵقەی زوڵفت وەکوو مارە و ماریش حەییە و زیندووە، ل. ٢٦٠.
**٧.** کاتێک کە فریشتەی پرسیار دێتە سەرم تەنها چاکە و خراپەیە کە دەگاتە فریام، ل. ٤٤٥.

## ٨. بە دوای جاودانگی و ژیانەوە بوون

شاعێری پایەبەرز نالی بەشێکی هەرە زۆری شیعرەکانی پێکهاتووە لەوەی کە باس لەسەر هەرمانی ئەم دونیایە دەکات و مردن بە بابەتێکی نەرێنی و ناخۆش دەزانێت کە مرۆڤ بە مردن کۆتایی بە هەموو دەسەڵات و ئامانجەکانی دێت و کونترۆڵی هیچ شتێک لە دەستیدا نامێنێت، تەنها ئەم دونیایە کە مرۆڤ دەتوانێ ئەو جۆرەی کە پێی خۆشە ژیان بەسەرببات؛ هەر بۆیەش لە زۆربەی نموونەکانیدا دەستەوشەگەلێک وەکوو: ئاوی حەیات، خیدری زیندە، ئاوی بەقا، خۆت خۆش بی، هەمیشە مەیگێڕی باخی ژیان بیت، هیوام لێ نابڕێ، هەر بە تەماتم و هتد بەکار دەبات.

**نموونەکانی ئەم بەشە:**

١. لێوی یار وەکوو ئاوی حەیات وایە و هەرکەس لێی بخواتەوە قەت نامرێ، ل. ١٢٢.
٢. خۆت خۆش و لە دەرد و بەڵا دوور بیت، ل. ١٣٦.
٣. حەیفە لەبەر مردنی کەسێک دڵۆپ دڵۆپ فرمێسک بڕێژیت، ل. ١٣٧.
٤. عارەقی تەوێڵی یار وەکوو کانی ئاوی حەیاتە، ل. ١٤٢.
٥. هەر بژی و هەمیشە مەیگێڕی باخی ژیان بیت، ل. ١٤٣.
٦. بە عیشقی یارەوە بە دوای ژیانەوەیە و بەڵێن دەدات کە بێ ئەو بۆ هیچ شوێنێک نەڕوات، ل. ٣٩١.
٧. بۆ گەیشتن بە یار، هیوای بە ژیان و هەرمان هەیە، ل. ٤٧٨.
٨. هیوا بە مانەوە لە بەر یار، ل. ٤٧٩.

## ٩. بەختکردنی گیان لە پێناو خۆشەویستیدا

زۆرکەس لە سەر ئەو بڕوایەن کە مەرگ ناخۆش و دڵتەزێنە و کاتێک کەسێک ئەم وشەیە دەبیستێت دەکەوێتە بیری تاریکی و ماتەم و لاواندنەوە. یان کەسێک عەزیزێکی لە دەس ئەدات، دونیا لە بەرچاوی تاریک و ناخۆش ئەبێت و زۆر کۆڕی شین و لاواندنەوە بۆ ئەو عەزیزەیان دادەنێن و تاڵی ئەو ڕووداو و بەسەرهاتە لە دڵی خۆیاندا دەردەبڕن. سەرەڕای هەمووی ئەوانە، شاعیر لە بەشێکی هەرە زۆری شیعرەکانیدا ئامادەیە بۆ ئەوەی کە لە پێناوی خۆشەویستەکەیدا ژیانی بنێتە کەنارەوە و بەختی بکات و لایان وایە تا ئەو کاتەی کە فریشتەی گیانکێشان بەندی ژیانیان نەپچڕێنێ بە یار و مەعشووق ناگەن و دڵیان تاوێک لە خەمی دووری یار خاڵی نابێت.

**نموونەکانی ئەم بەشە:**

١. ئەوەی بە تەما بێت تا بگاتە کانی ئاوی حەیات کە لێوی یارە تا لێی بخواتەوە و نەمرێ، گوێ ناداتە ئامانجەکەی کە نەمردنە و بۆ گەیشتن بەو کانییە خۆی بداتە بەر تیغی برۆی یار، ل. ٨٢.
٢. بە دەست دەردی دوورییەوە، ئامادەیە گیانی بەخت بکات، ل. ١٢٤.
٣. دووری لە یار و بێوەفایی، ل. ١٤٤.
٤. بە ناحەق مردن لە پێناو یاردا و گرنگینەدانی یار بەو بابەتە، ل. ١٤٦.
٥. گەیشتن بە یار لە پێناوی مەرگدایە، ل. ١٥٩.
٦. دڵ لە تاو و ئارەزووی بینینی یار کونکون بووە و مردنی بە دواوەیە، ل. ٢١٢.
٧. هەناسە بەڕێوەیە کەچی دەریش ناچێت لەپێناوی عەشق بە مەعشووقدا، ل. ٢٧٣.
٨. لەبەر عەشقی یار وەکوو مۆم سووتان، ل. ٢٧٤.

هەواڵنامەی کتێب

٩. بۆ گەیشتن بە یار پیر و ئوفتادە دەبێت مرۆڤ و لە مردن نزیک دەبێتەوە، ل. ٢٧٥.

١٠. پەنجەی سووری یار لەوانەیە ببێتە هۆی شەهید بوون و لەناوچوونی من، ل. ٢٨١.

١١. وەکوو فەرهادی بێستوون و مەجنوونی بیابانگەرد لە ئاگری دڵداریدا سووتاوم، ل. ٢٩٣ .

١٢. پێشکەشکردنی گیان و گەیشتن بە یار بکات، ل. ٢٩٤.

١٣. سەر و ماڵ و گیان حازرە بۆ گەیشتن و لەگەڵ یار بوون بەخت بکات، لل: ٢٩٦,٣٠٣,٣٠٤.

١٤. من ڕێبواری ڕێگای نەبوونی و مەرگم و شارەزای هاوڕێیەتی نیم، ل. ٣١٩.

١٥. لە دونیای عەشقدا مرۆڤ هەتا هەژارتر بێت و دەست لە دونیا بشوا لە ڕاستیدا دەوڵەمەندترە، ل. ٣٦٢.

١٦. لە چاوەڕوانی یاردا مردن، ل. ٣٨٨.

١٧. ڕەنگزەردی بە هۆی دووری لە یار و نزیک بوونەوە لە مردن، ل. ٣٩٠.

١٨. دووری لە یار وای لێکردووە کە هەموو ڕۆژ ئاواتە خوازی مردن بێت، ل. ٣٩٤.

١٩. ڕیشەی لەسەر بایەک بەندە کە لای یارەوە بێت، ل. ٤٧١.

٢٠. بە جەنگ لە مەیدانی دڵداریدا مردن. ل. ٤٧٢.

٢١. خوێنی بێ‌تاوان ڕژاوە بە هۆی لە دەسدانی یار، ل. ٥٤٢

٢٢. مردنی پێ خۆشە بە مەرجێک بۆ جارێ یار ببینێ، ل. ٥٨٩.

٢٣. خوێنم هەمیشە ئەڕوا و شەهیدی ڕێگای دڵداریم، ل. ٥٨٩.

٢٤. قوربانیبوون لە مینای جوانی یاردا هەر وەکوو حەیوان کە لە جێژنی قورباندا قوربانی دەکرێت، ل. ٥٩٦.

٢٥. بوونی یار هۆی نەبوونی عاشقە کە بە هۆی خۆشەویستییەوە لەناو دەچێت، ل. ٦٠٨.

٢٦. بە تیری چاوی یار گیانی بەخت دەکا، لل: ٦٥٠،٧١٠،٧١١.

٢٧. بە مردن نزیکبوونەوە بە هۆی دووری و بێ‌وەفایی لە یار و لەداخی دووری لە یار لەناوچوونی تەمەن. مەگەر یار بە وەسڵی خۆی عومری دووبارەی پێ ببەخشێتەوە، لل: ٧٢٢،٧١٢،٧١٣.

## مەحوی



سروە باباخانی

### ١. ئەو بابەتانە بە مەرگ شوبهێنراون

شوبهاندن یا چواندن یەکێک لە ڕازە سەرەکیەکانی زانستی ڕوونبێژییە کە لە ئەدەبدا زۆر بە کار دێ، بەتایبەت لە ئەدەبی کلاسیکدا کە شاعیرێکی بەناوبانگی کورد وەکوو مەحوی بۆ بەیان کردنی چەمکی مەرگ بەکاری هێناوە کە ڕوانگەی شاعیر دەر دەخات کە ناخۆشی لە سەرزەوی بە مەرگ ئەبینێ و ئەڵێ لە سەرزەوی هەر مەرگ هەیە و خۆشی تێدا بە دی ناکرێت و هەروەها مەرگ بەو ناخۆشییە لە ژیان سەرتر ئەزانێ یان مەرگ بە دەریایەکی قووڵ ئەزانێ کە تویژێکی تەنکی بە سەردا کشاوە و ئەو تویژە بە ژیان دەزانێ و ژیان بە شتێکی سەرەکی و کاتی دەزانێ و مەرگ بێ بڕانەوە و هەمیشەیی دەزانێ وئەم باسە بابەتێکی فەلسەفی نیشان ئەدات و دەڵێ لە جیهان مەرگ ونەبوون ئەسڵە وژیان ناپایدارە وهەروەها ڕۆیشتن و تووڕە بوونی یار بە مەرگ ناو دەبا.

نموونەکانی ئەم بەشە؛

١.هەموو شتێک لە مەرگ ئەبینی وئەڵێ هەر لە سەرزەوی هەر شەربەتی مەرگ هەیە.( ل. ١٠)

٢.یار بەکوشتنی کەسێک هەموو شتێکی ئەو داگیر ئەکات.

٣.مەرگ وەک دەریایەکی گەورە وقووڵ وایە و تویژێکی تەنکی بەناوی ژیان بەسەرەوەیە.( ل. ٦٤)

٤.مەرگی بە شەربەت شوبهاندووە وئەڵێ بەو تاڵی وناخۆشیەوە خۆشتر لە ژیان ئەزانێ.( ل. ٦٥)

٥.کوشتنی نەفسی خراپ بە دەست پیری تەریقەت کە ئیسفەندیاری بە نەفس شوبهاندووە.( ل. ٢٣٥)

٦. عاشقان بە توورە بوون و برۆ داگرتنێکی یار ئەمرن و مەرگی بە شەرارە شووبهاندووە. ئەوانەی کە یار پێیان ئەڵێ برۆ، بەو ڕۆیشتنە چاوڕوانی مەرگن.( ل. ٢٥١)

٧.ڕۆیشتنی یار ئەبێتە هۆی گیان دەرچوونی دڵدارەکەی.( ل. ٢٣٤)

## ٢. کوژران لە بەر سەلماندنی حەق

سرشتی هەر مرۆڤێک خوازیاری کارەباشەکانە و بەرەولای کارەباشەکان ئەچێت.حەق و حەق بێژیش بەو مانایە کە ڕۆیشتن بە ڕێگای ڕاستی و درووستیەوە و بە مەنتق بێت زۆر کەس پێی خۆشە و هەروەها پێغەمبەری مەزنی ئیسلامیش فەرموویەتی حەق بڵێ تەنانەت ئەگەر بە زیانیشت بێ.

حەق لە ئەدەبدا ڕەنگی زۆری داوەتەوە بەو جۆرەی کە شیعرەکانی مەحویش بێ بەش نەبوون لەم ڕەنگدانە و باسی لە سەر حەق کردووە ومەنسووری حەلاج، عارفی سەدەی سێیەمی بە نوێنەری حەق ئەزانێ وئەڵێ هەر حەق ئەڵێم ولایەنگری حەقم تەنانەت ئەگەر وەک مەنسوور لە حەق بەدار بکرێم.

**نموونەکانی ئەم بەشە:**

١-مردن و بەدار کردن لەبەر ڕاستبێژی(ل. ٥٤).

٢-هەر کەسێک حەق وحەقیقەتی بوێ دەبێ لە پێناویدا بچیتە سەر دار(ل. ١٢٧).

٣-کوشتنی مەنسوور لە سەر حەق وحەقبێژی(ل. ٢٢٧).

٤-مردنی مەنسوور لە بەر حەق(ل. ٨).

## ٣. مەرگ لە باوەڕە ئایینی ومێژوویەکاندا؛

مەرگ و ژیان لە بەرهەمی هەموو ئەدیباندا هەیە ولەئەدەبیات باسێکی زۆری لێ ئەکرێت. مەرگ وژیان هەم لە ئەفسانەکان و هەم لە باوەڕەئایینیەکاندا باسی کراوە کە لە ئەفسانەکاندا پێیان وایە کە یەکەم کەس کە بە دوای ئاوی

ژیانەوە گەڕاوە گیلگەمێش بووە وهەروەها لە ئەفسانە فارسیەکاندا ئەڵێن ئیسکەندەرە و لە ئایینی ئیسلام و قورئانی پیرۆز باسی کردووە کە خزری پێغەمبەر ناو دەبات.

مەرگ لە فەرهەنگدا یانی لە ناوچوون و کۆتایی هاتنی ژیان بەڵام لەئایینی ئیسلامدا مەرگ یانی ڕۆیشتنی ڕۆح لە دنیا بۆ ئاخرەت وبەسەرەتای ژیان ئەزانێ مەحویش وەکوو شاعرێکی موسڵمان بیروباوەڕی ئیسلامی لە شیعرەکانی بەکار هێنراوە و چیرۆکی پێغەمبەرانی بە کار بردووە وئەڵێ هەموو کەسێک ئەمرێ بۆ نموونە باسی مردنی حەزرەتی عیسا ئەکات کە لە باوەڕی موسڵمانەکان کە لەقورئانی پیرۆز لە سوورەی نسا ئایەی ١٥٧،هاتووە کە حەزرەتی عیسا نەمردووە ولەئاسمانەکاندایە و لە قیامەتدا بۆ کوشتنی دەجاڵ ئەگەڕێتەوە سەرزەوی ئەوانەی کە موسڵمانن ئەبنە شوێن کەوتووی ئەو، یا باس لەسەر حەدیسی پێغەمبەر کردووە وەکوو ئەو حەدیسە کە ئەفەرمووێت: من قتل قتیلا فله سلبه واتە هەر کەس کافرێکی لە جەنگداکوشت کەل وپەلەکەی بۆ ئەو کە بە خۆشەویستێکی شووبهاندووە کەبە کوشتنی دڵدارەکەی دڵ ودینیشی بە تاڵان ئەبات وباسی لە سەر لێ پرسینەوە دوای مەرگ لە قەبر ئەکات کە ئەپرسن خودا وپێغەمبەرت کێیە.

١- پیاوی باش لەسەر زەوی نەماوە بۆیە کەسانێکی باش وەکوو مەنسوور لەدار ئەدرێن و حەزرەتی یونس ئەکەوێتە سکی ماسی (ل٣٤).
٢- یاربەکوشتنی کەسێک هەموو شتێکی ئەو داگیر ئەکات(ل. ٤٩).
٣- قوربانی کردنی گیان بۆ پێغەمبەر(ل. ١٣٦).
٤- کوشتنی نەفسی خراپ بە دەست پیری تەریقەت(ل. ٢٣٥).
٥- خوێنی موسڵمان ڕشتن بە دەست کافر کە بە مەبەستی لە موسڵمان شاعیرە و کافریش یار(ل. ٣٢٢).
٦- هاتنەخوارەوەی حەزرەتی عیسا لە دواڕۆژ بۆکوشتنی دەجاڵ(ل. ٣٨٠).
٧- لێ پرسینەوە دوای مردن لە قەبر(ل. ٣٩١).

### ٤. مەرگ لە ژیان سەرترە یا ژیان لە مەرگ؛

شاعیر لە بڕێک لە شیعرەکانیدا مەرگ بە شتێکی ئەرێنی ئەزانێ ولەپێگەیەکی بەرز دادەنێت وژیانی بەشتێکی ناخۆش وپووچ ئەزانێت و مەرگ زۆر سەرتر لە ژیان ئەزانێت وپێی خۆشە بمرێت و کۆتایی بەژیانی ناخۆش بێنێت ومردن بەدەوای هەر دەردێک ئەزانێت وئەڵێ ژیان ناشایانەوباکی لە مەرگ نییە وبەسەر زیندووییئەزانێ وداوای مەرگ لە خودا ئەکات کەچی لە چەندشیعری دیکەدا بە نەرێنی ناوی لێ ئەبات بە بێ بایەخی ئەبینێ دەرئەنجامەکانی مەرگ ناخۆش ئەزانێ.

هەواڵنامەی کتێب

**نموونەکانی ئەم بەشە:**

١- مردنێکی مەردانە لەبەر درگای یارخۆشترە لەژیانی ناخۆش(ل. ٦٤).

٢-مردن دەرمانی هەر دەردێکە بێ جگە بەخیلی(ل. ١١٤).

٣-داوای کات کردن لە خاوەن کات تا تێیدا بمرێ(ل. ٢٢٠).

٤-ژیان بە ناشایانی ئەزانێ وپێی خۆشە بمرێ وئەڵێ مەرگ زوو بگە با لەم ژیانەدا نەمێنم(ل. ٢٣٣).

٥-بێ باکی لە مەرگ وبەپیری مەرگەوە چوون(ل. ٢٧٠).

٦-مردن بە دەست دونیا وسەختیەکانی(ل. ٢٤٣).

٧-بەر لە مردن دڵی خۆت بمرێنە بۆ ڕزگار بوون لە دەرئەنجامی ناخۆشی مردن ومردن بە ناخۆش ئەزانێ(ل. ٢٥٥).

٨-بێ بایەخی مرۆڤ و بەئاسانی مردن(ل. ٣٣١).

٩-جیوە تا لە جووڵەی نەخەیت ونەمرێنی کەڵکی لێ وەر ناگیرێ ونەفسیش تا نەیکوژی نابێ بە ڕۆحی پاک(ل. ٢٨٧).

١٠-کوشتنی نەفس بێجگە پاک بوونی ڕۆح دوژمنترین دوژمنانی خۆیشت ئەکوژێ(ل. ٢٨٨).

هەواڵنامەی کتێب

## ٥- مەرگ بەدەستی یار

خۆشەویستی سەرەکیترین دیاردەی شاعیرانی کلاسیکە ئێستاکە ئەو خۆشەویستیە خودایی بێ یا مرۆڤانەبێ. زۆرێک لەشاعیران باسیان لەخۆشەویستی کردووە و شیعرەکانیان دیار نییە کە ئەو خۆشەویستیە مرۆڤانەیە یا خودایی وهەروەها تایبەتمەندی خۆشەویستی زەمینی ومرۆڤانەیان بۆ خۆشەویستی ئاسمانی وخودایی بە کار بردووە کە کاری لێکۆڵەرانی سەخت کردووە کەبزانن باس کراوە چی جۆرێ لەم جۆرانەیە. مرۆڤەکان هەمیشە مردنیان پێ‌ناخۆش بووە و بەشوێن ئاوی حەیات گەڕاون کەهەتا هەتایی بن و نەمرن بەڵام گیان فیداکردن بۆ خۆشەویستەکەیان پێ‌خۆش بووە و ئاسانە کە خۆیان قوربانی بکەن کە ئەم قوربانییە لەبەر ئەوەیە یار گرنگی پێ‌بدات کە چاویان لێ بکات یا وەڵامیان بداتەوە یا بۆ ئەوەی یار بیانکوژێ.

دوکتور مارف خەزنەدار لە کتێبی مێژووی ئەدەب ئەڵێ مەحوی یەکێک لەو شاعیرانە کە باسی خۆشەویستی زۆر کردووە کە ئەو خۆشەویستیە دڵداری زەمینی یا مرۆڤانەیە کە دڵبەرەکەی مەحوی کچێکی جوانە کە چی لەگەڵ ئەوەشدا مەحوی هەوای سۆفیزم ڕزگارانە بووە بەڵام ئەو مانا و وێنانە بۆنی داهێنانی سۆفیزمیان لێ دێ کە ناو وەسفە ڕووکەشەکەدا بزر بوون و لە بەر ئەو شیعرەکە وەک وەسفێکی دڵداری ئەمێنێتەوە.

شاعیر ئەو ڕوانگەی هەیە کە کەسێک عاشق بێت بەمردوو دانانرێ و زیندووە.

**نموونەکانی ئەم بەشە؛**

١-کوشتنی دڵدار بە دەستی یار لەبەر ئەوەی ڕەقیب پێی خۆشە(ل. ٧٦).
٢-سەرەنجامی عاشق هەرمەرگە(ل. ٤٠).
٣-گیان فیداکردنی دڵدار لەکاتی قسەکردنی یار(ل. ٤٥).
٤-ئاواتی مردن بە دەست یارەکەی(ل. ٦٧).
٥-لە بیرکراوی شاعیر کە بە هاتنی وادەی مردنی کەوتووەتە یاد(ل ٦٩).
٦-مردنی بە دەست دەسەڵاتدارێک کە یارە و لەبەرابەریشی هیچی پێ ناکرێ(ل. ٧١).
٧-مردن بەدەست یار لەپێناو پاراستنی بۆ ئەوەی لە بەر جوانییەکەی چاوی پیس کاری لێ نەکا(ل. ٧٧).
٨-مردنی خەڵک لە بەر چاوەڕوانی کردن لە بەر وادەی ویسال(ل. ٧٩).
٩-کوشتنی عاشقان بەبرۆ و ئیشارە وگیرانی ئاهی عاشقانی هەژار(ل. ٨٢).
١٠-ئەوەی دڵی پڕ بێ لەعیشق هەرگیزنامرێ وئەوەی بەدەردی عیشق بمرێ هەرگیزبە مردوو دانانرێ(ل. ٨٣).
١١-کوشتن بەئیشارەی چاو(ل. ٩٦).
١٢-مردن لە حەسرەت دووری ڕوومەتی یار(ل. ٩٧).
١٢-عاشقان بەدەرکردنی فەرمانی کوشتنیان شادمەرگ ئەبن پێش ئەوە بیانکوژن(ل. ١٠٣).
١٣-بەناز و عیشوە کوشتنی عاشقانی(ل. ١٠٥).
١٤-کوژران بەدەست خۆشەویستەکەی بەشەهیدبوون ئەزانێ(ل. ١٣٠).
١٥-مردن لەخۆشی لە بەر گەیشتن بەداوێنی یار(ل. ١٣٣).
١٦-مردن بەنازوئیشارەی چاوی یار(ل. ١٣٤).
١٧-پێ خۆش بوون بەمردن بە دەستی یار(ل. ١٥٠).
١٨-مردنی کەسێکی بۆگرنگ نییەو لە سوودی تایبەتی خۆی ئەڕوانێ(ل. ١٥٢).
١٩-مردن لەچاوەڕوانی مانگی ڕووی یار(ل. ١٥٥).

عەوداڵی کتێب

٢٠- عاشقەکان مەعشووقەکانی خۆیان کوشت ومەعشووقەکان بە موورادی خۆیان گەیشتن تەنها من نەبێ(ل. ١٦٠).

٢١-کوشتنی یار بەتێغی ئەبرۆ(ل. ١٦٠).

٢٢-بەڵێن دان بەکوشتنی دڵدار(ل. ١٩٧).

٢٣-پێ خۆش بوونی عاشق بە مردن بۆئەوەی کۆتایی بە دەردی عیشق بێنێت(ل. ٢٢٥).

٢٤-بە درۆ وادە دانی یار بە کوشتنی(ل. ٢٢٨).

٢٥-ئیش وکاری یار هر کوشتنە(ل. ٢٤٠).

٢٦-سپاسی یار بۆ کوشتنی(ل.٢٤٠).

٢٧-مردن بۆ جوانی وبەرزی باڵای یار(ل. ٢٦٣).

٢٨-مردن بەدەستی یار(ل. ٣٠٧).

٢٩-شەهیدبوون بەدەستی یار لەرێگای خۆشەیستی(ل. ٣٢٧).

## ٦. بە مەرگ لێکدانەوەی بێ وەفایی یار

لە شیعرەکانی مەحوی،مردنێک مردنێک کە لە پێناو خۆشەویستی بێت بە دوو بەش دابەش ئەبێت،بەشی یەکەمی مردن بەدەست یاربوو و بەشی دووهەمی مردن لە بەربێ وەفایی یارە.

لە هەر خۆشەویستییەک وپێوەندیەکی دڵبەر ودڵدار هەم خۆشی هەیە وهەم ناخۆشی کە بێ وەفایی یار یەکێک لەوخاڵە ناخۆشانەیە کە لەخۆشەویستی هەیە.

عاشق زۆرجار لە بەر بێ وەفایی یار یا مردن ودوور کەوتنەوەی یا بێ ڕەحمی و نەهاتن بەدەمناڵەیەوە پێ خۆشەبمرێت وتەنگەی ژیانی پێ ئەبسترێ وناتوانێ بەرگەی بێ وەفایی یار بگرێت وپێی وایە خۆشەویستی ودڵداری هەر مەرگی لێیە وسەرەنجامی خۆشەویستی هەر مەرگە.

**نموونەکانی ئەم بەشە:**

١-ئەگەر گەیشتنبەیار بەدەست ڕەقیبەوە بێت ئەوا مەرگ خۆشترە(ل. ٦٦).

٢-کوشتنی دڵدار بەدەست ڕەقیب لە پێشەنگی یار بە تانەوتوانج لێدان(ل. ٢٣٧).

٣-مردن لە بەر دووری لە یار(ل. ٤٣).

٤-مردن لەبەر هاوردنی ناوی بە زمانی یار(ل. ٤٩).

هەواڵنامەی کتێب

٥-بۆ ئەوەی یار بێ بۆلای گیانی خۆی فیدا ئەکات بەڵام ترسی لەوەیە کەس نییەیار ئاگاداری کاتەوە لە مەرگی ئەو(ل. ٥٧).

٦-بێ ڕەحمی یار ونەهاتن بە دەم ناڵەی خۆشەویستەکانی کەگیانی بۆ ئەدەن(ل. ٦٧).

٧-ترسی لەوە نییە لە دووری یار بمرێ ترسی لەوەیە یار بە کوشتنی ئەو لەکەدار بێت(ل. ٧٤).

٨-مردن لەبەر دوورکەوتنەوە لە یار(ل. ٧٥).

٩-کوشتنی عاشقانی بە بێ دەنگی چوون تاقەتی نییەگوێ لە دەنگی گوڕاوانی بگرێ(ل. ١٠٥).

١٠-دووری لە خۆشەویستی ئەبێتەهۆی مردن(ل. ١٤٣).

١١-دڵداری وبێ وەفایی یار بوو بەهۆی مردنی فەرهاد(ل. ١٤٣).

١٢-وڵاتی خۆشەویستی هەر مەرگی لێیە(ل. ١٧٦).

١٣-مردن لەبەر دووری لەیار(ل. ٢٠٨).

١٤-مردنی شاعیر لەبەر دووری لەیار(ل. ٢٦٣).

١٥-خۆشی کردن وئاهەنگ گێڕان دوای مردنی دڵدار(ل. ٢٦٧).

١٦-سەرەنجامی عاشق هەر مەرگە وژیانیشی هەر دەرد ومەینەتی(ل. ٢٦٧).

١٧-کۆتایی وسەرەنجامی عیشق هەر مەرگە(ل. ٢٧٢).

١٨-مەرگی پێ خۆشە وچوونکە ئەو کاتەی کە ئەمرێ یار لەلایە(ل. ٢٩٧).

هەواڵنامەی کتێب

## هێمن



زانا ڕەشیدی

### ١. خۆڕاگری و نەترسان لە مەرگ

دەتوانین بڵێین هەمووکەس لە ژیانیدا خۆڕاگری و نەترسییەکی هەیە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ مەرگدا، کە زوو کۆڵ نەدا و نەبەزێت. ئەم چەمکە لە مەرگ و مردن لە شیعری مامۆستا هێمن-دا ڕەنگی داوەتەوە و لە چەند شیعردا باسی کردووە. خۆڕاگری لە بەرانبەر نەهامەتییەکانی ژیان و نەبەزین کە هەمووکەسێ چ دەوڵەمەند و چ هەژار تووشی نەهامەتی و سەختی دەبن، بەڵام خۆڕاگری و کۆڵ نەدان لە هەمووکەسدا دەرناکەوێ. خۆڕاگری بۆ ئازادی و سەربەرزی زێد و وڵات لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دوژمناندا دەتوانێ بە جۆرێک ئازایەتی و بوێری نەتەوەیەک بخاتەڕوو. برسییەتی و شەونخوونی و کار کردنی زۆر، بەڵام پەنا نەبردن بۆ دوژمنان و نەیاران تایبەتمەندییەکی دیکەی ئەم چەمکەیە. نەترسان لە مەرگ و بوێری و بە جەرگ بوون لە بەرانبەر دوژمناندا هەمووکات لە نێو نەتەوەی کورددا بووە، لەوانە زۆر ئازار درابێ، بەڵام هیچ کات لە مەرگ و کوژران نەترساوە و چۆکی دانەداوە. مەرگ شتێکی سەیر و سەمەرە نییە  و لە درگای هەمووکەس دەدات و هەر ڕۆژ بەرۆک بە کەسێ یا چەند کەسێ دەگرێت. لە نێو نەتەوەی کورددا هەمیشە شاعیرانێ هەن کە هەستی نەتەوایەتییان زۆرە و بە شیعر و وتەی جوان لاوان و کوڕان هان دەدەن کە ئازایانە و بوێرانە بجەنگن لە پێناو نیشتماندا و کۆڵنەدەر بن  و لە مەرگ و کوژران نەترسین.

**چەند نموونە:**

گەر لە برسان و لەبەر بێ بەرگی ئیمڕۆ ڕەق هەڵێم ** نۆکەری بێگانە ناکەم تا لەسەر هەردم ئەمن؛ کوردم ئەمن، ل. ٦٣

من لە زنجیر و تەناف و دار و بەند باکم نییە ** لەت لەتم کەن، بمکوژن هێشتا دەڵێم کوردم ئەمن؛ کوردم ئەمن، ل. ٦٣

کورد بەزینی بۆنەبوو دەستی نەدا، با دوژمنیش ** ڕانەوەستابێ لە تاڵان و بڕ و کوشتاری کورد؛ ئاواتی بەرز، ل. ١٣٧

ئەگەر خەرمانی عومرم ئێستەکانە پاکی با، بیبا ** بە مەرگی تۆ مچۆڕکیشم بە دڵدا نایە، بیبیا؛ گلێنەی شاعیر، ل. ١٥١

مەترسن ڕۆڵەکانی قارەمانی گەل لە گیان بازی ** لە کۆڕی ئەم خەباتە بێ‌وچانە تاقە یەک کەستان  بەهار هەر دێ، ل. ٣٢٤

## ٢. شەهید بوون و کوژران لە پێناو نیشتماندا بە دەستی زاڵمان و خوێنڕێژان

هەر نەتەوەیەک بۆ گەیشتن بە ئازادی و سەربەخۆیی دەبێ خوێن بدات، شەهید بدات، نەبوونی و نەهامەتی و قات و قڕی تێپەڕێنێت. نەتەوەی کورد بەردەوام لەم ڕێگەدا خوێن و شەهیدی داوە، نەبوونی و قات و قڕی کێشاوە، نەهامەتییەکانی نەتەوەی کورد ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیادبووندان. میللەتی کورد بە هۆی زوڵم و زۆری خوێنڕێژان و نەیارانییەوە زۆر تووشی کێشە و نەهامەتی بووە. لە نێو هەر گەلێکدا کەسانێک هەن کە گیان وماڵیان فیدای سەربەرزی و ئازادی زێد و نیشتمانەکەیان دەکەن. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هەستی نەتەوایەتی کە لە ناخ و دەروونی هەر مرۆڤێکدا هەیە و ئەم هەستە چەند پلەی هەیە، کە هەر کەس توانای گەیشتن بە پلەگەلی کۆتایی نییە. گیان بەخت کردن و شەهید بوون لە پێناو نیشتماندا بە هۆی خۆشەویستییەوە بۆ زێد و وڵات لە نێو هەر نەتەوەیەکدا هەیە و ڕوو دەدات. ئەم چەمکە لە مەرگ و مردن دەتوانین بە چەند بەش دابەشی بکەین. ١ مەرگ بە هۆی کوژران و شەهید بوون لە شەڕدا لە پێناو زێد و نیشتماندا بە دەستی دوژمنان و خوێنڕێژان. ٢ مەرگ و مردن بە هۆی شەڕ و ئاژاوە و نەهامەتییەوە ٣. مەرگ و مردن بە هۆی گوللە باران کران و لە سێدارە درانەوە بە دەستی دوژمنان و نەیارانی کورد و کوردستان. ٤ ئازایەتی و بە جەرگ بوون و نەترسان لە مەرگ بە هۆی هەستی نەتەوایەتییەوە بۆتە هۆکاری گیان بەخت کردن، کەسانێ هەن کە هەستی نەتەوایەتییان لە پلەیەکی بەرزدایە و لەبەر ئازادی و سەربەرزی نیشتمانەکەیان ئامادەن گیان و ماڵیان فیدای خاکەکەیان بکەن تا نەتەوەکەیان سەربەرز و سەرفراز بێت. ٥ لەوانەیە کەسێک بە هۆی هەستی نەتەوایەتییەوە دەسگیر بکرێ و تا کۆتایی ژیانی لە بەندیخانەدا بمێنێتەوە. ٦ زۆر جار کەسانێ ئەوەندە خەم و خەفەت بۆ گەلەکەیان دەخۆن، کە لەوانەیە بە بۆنەی ئەم خەم خوارییەوە تووشی دەرد و نەخۆشین ببێ و گیانی لە دەس بدات. ٧ زوڵم و زۆری خوێنڕێژان و نەیاران خەڵکی سڤیل و بێ‌گوناحیش دەگرێتەوە و بەم هۆیەش ئەوانەی کە سەر بە نەتەوەیەکی بەش‌خوراو و زوڵم لێ‌کراون گیانیان بەخت ئەکەن و شەهید دەبن.

**چەند نموونە:**

وەتەن گیان وسەر و ماڵم فیدای تۆ ** وە گیانی من کەوێ دەرد و بەڵای تۆ  قەڵای نیشتمان، ل. ٧٠

کوڕی کوردی لە خوێنی خۆی دەگەوزێ ** کچی کوردی سەری کردبوو وە ئەژنۆ دوا ڕۆژی ڕووناک، ل. ٨١

هەموو ژینت لە ڕێی  گەلدا بەخت کرد ** هەتا ڕێگای خەباتت بۆ تەخت کرد  دەسکەوتی خەبات

بە دەستی ستەم و تاوان ** ڕژا خوێنی شۆڕەلاوان  بەهاری ئاڵ ، ل. ٣٢٨

کەی ڕەوایە بمدەنە بەر گوللە یا ڕاوم بنێن؟ ** گەر کوتم کوردم لە کوردستانی خۆم ژینم دەوێ؛ فرمێسکی ڕنوو، ل. ٣٣٥

## ٣. مردن لە پێناو خۆشەویستیدا

ئەم چەمکە لە مەرگ و مردن یەکێ لە بابەتە گرینگەکانی زۆربەی دیوانی شیعری شاعیرانە هەر شاعیرێ ڕوانگە و بابەتی جیاوازی هەیە. مردن و لە ناو چوون لە پێناو خۆشەویستی و عاشقایەتیدا تایبەت بە سەردەم و زەمەنێکی تایبەت یا نەتەوە و شاعیرێکی تایبەت نییە و لە هەموو سەردەمەکاندا بووە. ئەم چەمکە دەتوانین بە چەند بەش دابەشی بکەین. ١. مەرگ و مردن لە پێناو خۆشەویستیدا لەوانەیە بە هۆی دوورکەوتنەوە لە یار بێت. ٢. شێت بوون و سەرگەردانی لە ڕێگەی خۆشەویستیدا. ٣. مردن بە هۆی ناز و مەکری دڵدارەوە. ٤. مردن و کوژران لە پێناو خۆشەویستیدا بە دەسی زاڵمان و هەوەس بازان. ٥. خۆ بەقوربان کردنی عاشق بۆ دڵدارەکەی، عاشق دیەوێ بیسەلمێنێ کە ئەو کەسەی خۆشی دەوێت بڕوای پێ بکات و گیانی خۆی دەگرێت. ٦. عاشق ئامادەیە کە لە پێناو خۆشەویستیدا بچێتە پای سێدارە و ئیعدام بکرێ، بەڵام لە عەشق و خۆشەویستییەکەی نەکشێتەوە. ٧. عاشق مردن و کوژران لە پێناو خۆشەویستەکەیدا بە شتێکی باش و ئەرێنی دەزانێت و ئەو مەرگەشی پێ شانازییە.

**چەند نموونە:**

لە سوێیانت وەها دێوانە بووم چاو مەستی خوێن شیرین ** لە قەڕنی بیستەما ڕەنگە ڕەچاو کەم کاری فەرهادی؛ کچی مەهاباد ، ل. ١١٨

وەک سیامەندێ لە چۆڵ و بەندەنێ ** جەرگی لەت کردم ژەلی دارە بەنێ؛ ناڵەی جودایی ، ل. ٢٥٠

لە سەر دڵداری نۆ لاوان دەکوژێ! ** کوڕ و کیژان لە پێش چاوان دەکوژێ! سووڕی دەوران، ل. ٢٨٥

بۆ دەبێ زێندین لە زیندانم بکا چونکە گوتم: ** ئەز مەمم، خەستەی خەمم، کوشتەی ئەمم، زینم دەوێ؟ فرمێسکی ڕنوو، ل. ٣٣٥

دێت و ڕادەبرێ وەکوو سەروی ڕەوان من چی بکەم؟ ** کە بە قوربانی نەکەم ڕۆحی ڕەوان من چی بکەم؟ بارگەی یاران، ل. ٣٤١

## ٤. کوژران و مردن بە دەستی یار

زۆربەی شاعیران لەم جۆرە شیعرانەیان هەیە، کە ئەم شیعرانە بە جۆرێک بۆنی گلەیی و گازەندەشیان لێ دێت. مامۆستا هێمن لە چەند ڕوانەگەوە بۆ ئەم چەمکەی دەڕوانێت، کە دەتوانین ئاماژەیان پێ بکەین. یاری بە هۆکاری مەرگی خۆی زانیوە وەکوو ئەوەی کە یارەکەی لە سێدارەی بدات. ١. بەژن و باڵای یاری کردووە بە داری سێدارە و زولف و ئەگریجەشی کردووە بە پەتی سێدارەکە. ٢. دیدە و چاوی خۆشەویستەکەی بە هۆکاری مەرگ و لە ناو چوونی خۆی زانیوە، وەک ئەوەی کە بە تیری چاوی یار کوژرابێت. ٣. گرفتار بوون لە ڕێگای عەشقدا و غەرق بوون لە ناو خۆشەویستیدا و نەبوونی ڕێگایەک بۆ دەرباز بوون. ٤. یارەکەی بە دوژمنی گیانی دەزانێ کە بۆتەهۆی گریان و شیوەنی و لە ئاکامدا مەرگ و لە ناوچوونی. ٥. کەسێک کە شێت و شەیدایە و لە دەمی مەرگدایە یارەکەی دەتوانێ بە ماچێ یا نەفەسێ ڕزگاری بکات و ڕێ لە مەرگ و مردنی بگرێت.

**چەند نموونە:**

بەژنەکەت سێدارەیە، کەزیەت تەنافە زووبە دەی ** بیخە ئەستۆی من کە کوردم کورد بەشی خنکاندنە؛ یادگاری شیرین، ل. ٨٦

دیدەکەی بە خوماری تۆ تورکانە بەد مەستی دەکا ** بۆیە مەیلی وا بە کێشە و فیتنە و خوێن ڕشتنە؛ یادگاری شیرین، ل. ٨٦

کوشتمی و شەش خانی ئومێدی لە من گرت حەریف ** مۆرە هەڵداوێم و بێهوودە بە هیوای دوو شەشەم؛ فرمێسکی گەش، ل. ١٣٠

کە ئێواران کەزیەت دەکردی سێ بەنگێ و چاوت دەڕشت ** بەو کەزی و چاوە نەرمانە بێ ڕەحمانە شوانت دەکوشت؛ شەنگەبێری، ل. ١٨٢

جەرگی دەبڕین تیری برژانگی ** دڵگر بوو بسکی، لووس بوو لاجانگی؛ لە بیرم مەکە، ل. ٢١٠

هەواڵنامەی کتێب

### ٥. مردن و لەناو چوون بە هۆی خەم و خەفەت، نەهامەتی، نەبوونی و قات و قڕی و دەرد و ئازارەوە

چەمکەکانی مەرگ و مردن لە شیعری شاعیراندا زۆرن ودەبینرێن کە شاعیران بە بابەت و ڕوانگەی جیاوازەوە بۆ ئەم چەمکانە دەڕوانن. ئەم چەمکە لە مەرگ و مردن چەند شێوەی جیاوازی هەیە کە ئاماژەیان پێ ئەکەین. ١. لە ناو چوون و ڕەق هەڵاتن بە هۆی زستانێکی سارد و سەختەوە کە گیانی مرۆڤ و زیندەوەرانی دیکەش دەخاتە مەترسییەوە. ٢. مردن و لە ناو چوون بە هۆی دەرد و ئازار و نەخۆشییەوە و نەبوونی چارەسەر و دەرمان و مردن. ٣. لە ساڵانی پێشوودا کەسانێک لە شار و گوندەکان زۆردار بوون و زوڵمی زۆریان لە خەڵکی هەژار و بێدەسەڵات ئەکرد وەکوو خان و ئاغا، کە ئەم زوڵم زۆرە دەبووە هۆی خەم و خەفەتی زۆرەوە و کەسانێک بە هۆی خەم و خەفەتی زۆر و زوڵم لێکراوییەوە گیانیان بەخت ئەکرد و لەناو دەچوون. ٤. مردن و کوژران لە ڕێی زوڵم و زۆری دوژمنانەوە لە خەڵکی بێ تاوان و هەژار وەکوو قڕبوون و مردن لە برسییەتیدا. ٥. بێ دەنگ بوون و قەبووڵ کردنی زوڵم و زۆری دوژمنان خۆی وەکوو مردن و لەناو چوون وایە، واتە بێ دەنگی لە بەرانبەری زوڵم و زۆردا ئاکامەکەی مەرگ و کوژرانە. ٦. ژیان بە سەربەستی و ئازادی خۆشە و دەتوانی کەڵکی لێ وەر بگریت، بەڵام دیلی و نۆکەری بێگانە و دوژمن وەکوو مردنە کە هیچ دەسەڵات و ئیختیارێکت نییە. ٧. مردن و لەناو چوون بە هۆی پیری و دەرد و ئازارەوە و نەبوونی چارەسەر بۆ دەردی پیری. ٨. مردن و لەناو چوون بە هۆی بێ هیوایی و نا ئومێدییەوە، تووشی دەرد و نەخۆشی بوون و نائومید بوون لە ژیان و خۆشییەکان. ٩. مردن و لەناو چوون بە هۆی نەبوونی خۆشی و نەبوونی هاودەم و دڵدار لە ژیاندا. ١٠. گریان وشیوەنی دایکان و کچانی کورد بە هۆی لە دەستدانی کوڕ و براکانیانەوە، کە شەڕ و ئاژاوە وەکوو نەهامەتی بەرۆکی پێ گرتوون. ١١. کوژران و لەناو چوون بە هۆی دوو ڕوویی و درۆ و دەلەسەی نوێنەری خەڵکی شار و گوندەکان کە نۆکەر و بەردەی دوژمنانن.

**چەند نموونە:**

سەر دەنێنەوە پیر و نۆجوان ** بێ پەرستار و بێ دەوا و دەرمان؛ ڕێبەندان و شاعیر، ل. ٨٩

نۆکەری بێگانە ناکەم هاتە جێ فەرمایشی خۆم ** وا لە برسان و لەبەر بێ بەرگی ئیمڕۆ ڕەق هەڵاتم؛ ڕەق هەڵاتم، ل. ١٧٦

ئەوەندە دەردەدار و بێ پەرستارم کە پێم وایە: ** لەسەر کێکی تەمەن هەڵناکرێ تازە شەمێکی‌تر؛ عیشق و ئازادی، ل. ٢٨٣

بە ڕقدا چوو بە ناحەق خوێنی ڕشتن ** گزیر و دەرکەوانی گرت و کوشتن؛ سووری دەوران، ل. ٢٨٥

هەتا میرزا حەکایەت خوانی میرە ** مەپرسە دایە لەم کوشت و بگیرە؛ سووری دەوران، ل. ٢٨٥

## ٦. کوشتن و ئاوات خواستن بۆ لەناو چوونی دوژمنان

کوشتن و ئاوات خواستن بۆ نەمانی دوژمنان لە ناو هەر میللەت و نەتەوەیەکدا هەیە و هەر نەتەوەیەک دوژمنان و نەیارانی خۆی هەیە. مامۆستا هێمن چونکە لە سەردەمێکدا ژیاوە کە کورد و کوردستان هەمیشە لە ڕووبەڕووبوونەوە لە بەرانبەر نەیارانیدا و لە بەگری کردن لە خۆیدا بووە، لەم جۆرە شیعرانەی زۆرە و بە باشی و بە ساکاری باسی بابەتەکانی کردووە. ئەم چەمکەش چەند بە شی جیاواز لە خۆ دەگرێت. ١. ئاوات خواستن و دۆعاکردن بۆ نەمان و لەناو چوونی دوژمنانی کورد و کوردستان. ٢. هاندان و ختەدانی کوڕان و لاوانی کوردستان بۆ بەرەنگار بوونە و لەناو بردنی دوژمنان و نەیارانیان. ٣. کوڕان و کچانی کوردستان دوای شەهید کردن و لە سێدارەدانی پێشەواکەیان لە هەوڵی هەڵێکدان بۆ تۆڵە سەندنەوە و لەناو بردنی دوژمنانیان. ٤. گەر میللەت و نەتەوەیەک یەک دەس و یەکگرتوو و بوێر بن، دوژمنانیان لەناو دەبەن و سەردەکەون. ٥. کچانی کورد هیچ کات فریوی دوژمنان ناحەز و درۆزن و دڕەندە ناخۆن و هەمیشە لە بیری لەناو بردن و کوشتنیان دان. ٦. لەناو چوونی دوژمنانی کوردستان کە بۆتە هۆی دڵخۆشی خەڵکی کوردستان.

**چەند نموونە:**

بیکوژن، وردی بکەن، بینێرنە موڵکی عەدەم ** لاوەکان! دڵپاکەکان! چالاکەکان! پێشمەرگەکان؛ ڕۆژی خۆشی، ل. ٩٤

کوڕ و کچ و پیاو و ژن* ئێستا لێوان دەکرۆژن ** دەرۆستییان نایە دوژمن * دەی ئەنجن دەیکوژن؛ ڕۆژگاری ڕەش، ل. ١١٠

دەبڕێ جەرگی دوژمنی زۆڵ ** بە سەر نێزە نەک بە مژۆڵ؛ گوڵی هیوا، ل. ١٥٦

خوێنڕێژت دی گەوزی لەنێو خاک و خوێن ** ڕازایەوە گڵکۆی شەهیدی بێ شوێن؛ مەتەڕێزی شەرەف، ل. ١٧٩

نەتان دیوە کە ڕووباری خوێن بەردی دەقەڵێشێنێ ** وەهاش هەر زۆرداریێ دەسووتێنێ گڕی هەستان؛ بەهار هەر دێ، ل. ٣٢٤

## ٧. مەرگ و مردن بە حەق زانین «مردن حەقە»

هەر وەک دەزانین مەرگ و مردن حەقە و هەمووکەسێکیش مەرگێک بە خودا قەرزدارە، کە لە ڕۆژێکدا دەبێ بیداتەوە. کەس ناتوانێ بڵێ مەرگ واتە لەناو چوون. مەرگ واتە سەفەر بۆ دنیایەکی هەتاهەتایی و ژیانێکی هەرمان. ئەم چەمکە لە مەرگ و مردن دەتوانێ داگری چەند بەش بێ کە ئاماژەیان پێ ئەکەین.

١. مردن و لەناو چوون بە هۆی تەواو بوونی تەمەنەوە. ٢. مەرگ و مردن حەقە و لە درگای هەمووکەسێک دەدات چ لاو بێ، چ پیر بێ و چ منداڵ بێ. ٣. تا کاتێ کە زیندووی دڵخۆش بە و هاودەم و هاوڕێی کەسانی دیکە بە، بەڵام ئەگەر مردی و لەناو چووی ناتوانی بۆ کەس ببیت جگە لە خودا. ٤. مەرگ بە ڕێگایەک دەزانێ بەرەو سەربەستی و ڕووناکی. ٥. مردن و مەرگ بە حەق دەزانێ و دەیەوێ تا ڕۆژی مەرگ و مردنی دڵداری و خۆشەویستی بکات.

### چەند نموونە:

هەروەها دەستی بێ بەزەیی تەقدیر ** نایەڵێ چووک و گەورە و جوان و پیر؛ گێژەڵووکەی خەزان، ل. ١٥٤

ڕۆیی ئاواتی بردە بن گڵی ڕەش ** ڕۆیی کورد ماوە بێکەس و بێبەش؛ شینی گۆران، ل. ١٦٥

داسی مەرگ و نەمان دەسوێ ** هەوەڵ گەوزی داوێتە کوێ؟ شەو و شەیتان، ل. ١٩٣

سێبەری مەرگم لە پێشدایە و بەرەو مەنزڵ دەڕۆم ** ناخی گۆڕی تەنگە جێگام، هەر تل ئاسا بێ قەدەم؛ بەرەو ئاسۆ، ل. ٢٧٠

تا وەکوو ساقی ئەجەل نەمداتێ تاڵاوی نەمان ** چاو بڕگە، دەس بزێوی، ماچی شیرینم دەوێ؛ فرمێسکی ڕنوو، ل. ٣٣٥

## ٨. مردن و لەناو چوونی سروشت

لەم چەمکە لە مەرگ و مردن شاعیر بە چەند شێوە باسی لەناو چوونی سروشتی کردووە کە ئاماژەیان پێ ئەکەین. ١. کورت بوونی ژیانی گوڵ و زوو سیس بوونی و هەڵوەرینی. ٢. چونکە تەمەنی گوڵ کورتە و لە تەمەنێکی کەمدا لەناو دەچێ و هەڵ دەوەرێ بە جوانە مەرگ ناوی لێ دەبات کە لە تەمەنێکی کورتدا لەناو چووە. ٣. بە هاتنی پاییز و وەرزی خەزان و پەیدابوونی گێژەڵووکە و بای توند، دار و نەمامەکان دەشکێن و گەڵاکانیان دەوەرێن و ڕووت دەبن و گوڵ و گوڵزاریش سیس دەبن و هەڵ دەوەرێن و لەناو دەچن. ٤. لەناو چوون و هەڵ پرووکانی گوڵ و گوڵزاری شاخ و چیاکان بە هۆی تۆپ باران و ئاگر بارانی شاخەکانی کوردستانەوە بە دەستی دوژمنان و نەیارانی کوردستان.

**چەند نموونە:**

گوڵ هەفتە نایاتە سەرێ ** سیس دەبێت و هەڵدەوەرێ؛ خونچەی سیس، ل. ١٣٤

ئەو گوڵەی باخی پێ دەڕازاوە ** داخەکەم ئێستێ هەڵ پڕووکاوە؛ خونچەی سیس، ل. ١٣٤

گوڵ و حاجیلەکانی دەشتی هامون ** بە جارێکی بە تالانی خەزان چوون؛ دەسکەوتی خەبات، ل. ٢١٩

هەوا بوولێڵە، ئاو لێڵە، * گوڵ سیس بووە، گەڵا زەرد ** تەنانەت ڕەنگی گۆڕاوە * ئەم دیوار و دار و بەردە؛ ئێوارەی پاییز، ل. ٢٦٢

ئاوری بەردا لە بەندەن * گڕی خومپارە و بازووکا ** کام گوڵ گەش بوو کام گیا شلک * بەو بڵێسە هەڵ دەپڕووکا؛ کاروانی خەبات، ل. ٢٠٦

## ٩. مەرگ و مردن ناوی کەس ناسڕێتەوە و کەسە گەورەکان هەمیشە هەرمانن

لەم چەمکە لە مەرگ و مردن شاعیر باسی هەرمان بوونی مرۆڤە چاک و بلیمەت و ناودارەکان دەکات کە بە مەرگ و مردن لەناو ناچن و هەمیشە لە دڵی خەڵکدا دەمێنن. کەس بە شەهید کردن و کوژران لەناو ناچێ، بەڵکوو لە دڵی مێژووی ئەو گەل و نەتەوەدا دەمێنێ و لە مێژووی ئەو نەتەوەدا هەمیشە هەرمان دەبێ. بە مەرگ و مردنی چەند کەسی گەورە و بلیمەتی نەتەوەیەک، ئەو نەتەوەیە لەناو ناچێ، بەڵکوو ئەو کەسانە هەرمان دەبن. کەسانێ وەکوو حەزرەتی یووسف هیچ کات لە دڵی کەسدا نامرن و هەمیشە دەمێنن. بە کوشتن و شەهید کردنی چەندین کەس لە نەتەوەیەک ئەو گەل و نەتەوە نامرێ، بەڵکوو بۆ ئازادی و سەربەستی هەوڵ و تەقەلای زۆرتر دەدات تا بە ئازادی دەگات و هەرمان دەبێت.

**چەند نموونە:**

تێکڕا دەڵێن درشت و ورد: ** کورد نەمرد، پێشەواش نەمرد؛ شەو و شەیتان، ل. ١٩

گەرچی یووسف ئەسیری بەندی گڵە ** ئێستە لەو میسرە هەر عەزیزی دڵە؛ گێژەڵووکەی خەزان، ل. ١٥٤

حاجی و گۆران و پیرە مێرد مردن ** داخەکەم کوردی ئێمە هەر کوردن؛ شینی گۆران، ل. ١٦٥

هەزاری وەک من بمرێ * دەس لە خەبات هەڵناگرێ ** زۆر کەسی وەک من نەمێنێ * ئەو مافی ڕەوای دەستێنێ؛ بناری هەڵگورد، ل. ٢٢٩

دەمکوژێ، ئەمما بە گژ جەللادەکەمدا دێمەوە ** کوردم و ناتوێمەوە و ناتوێمەوە، ناتوێمەوە؛ ڕقی پیرۆز، ل. ٢٤٢

# وەفایی



سومەیە یووسفیان

ناوی عەبدوڕەحیم کوڕی مەلا غەفوور کوڕی مەلا نەسرولڵلایە. لە نێو خەڵکدا بە میرزا عەبدوڕەحیم ناسراوە و نازناوی شیعری «وەفایی» بووە. وەفایی لە ساڵی ١٨٤٤ لە شاری سابڵاغ لە دایک بووە. خوێندنی سەرەتایی، حوجرەی مزگەوت، زانستی ئایینی ئیسلامی و زمانی عەرەبیشی لە مەهاباد تەواو کردووە و هەر لەوێش ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە، بەڵام لە نێو خەڵکیدا بە مەلا نەناسراوە و تەنیا میرزایان پێ کوتووە. هیچ بەڵگەیەکیش نییە کە مەلایەتی کردبێت، بەڵام قوتابخانەی تایبەتی خۆی هەبووە و وانەی بە منداڵان کوتۆتەوە و بەو کارە بژێوی ژیانی خۆی دابین کردووە.

وەفایی بە بۆنەی هۆنینەوەی شیعر لای شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری خۆشەویست دەبێ و دەیباتە خانەقاکەی خۆی و لەوێ دەس دەکات بە کاری نووسین و خوێندنەوەی شیعر بۆ شێخ. وەفایی لە شیعردا شوێنکەوتووی نالییە. وەفایی ئارەزووی لە پێچە و پەخشە بووە، کە لە شیعرەکانیدا دەکەوێتە بەرچاو. وەفایی جگە لە شیعری کوردی، شیعری فارسیشی زۆرە و شیعری عەرەبیشی هۆنیوەتەوە. وەفایی لە شیعرەکانیدا بە شێوەگەلی جۆراوجۆر باسی مەرگ و مردن دەکات. دەتوانین ئەو شیعرانەی وا وەفایی باسی مەرگی تێدا کردووە بە چەند بەشی جۆراوجۆر دابەش بکەین؛ چونکە ئەو شیعرانەی کە باسی مەرگی تێدا کراوە ژمارەیان زۆرە.

## ١. مردن و لەناوچوون لە پێناو یاردا وەکوو خاڵێکی ئەرێنی

وەفایی مەرگ و مردن لە پێناو یاردا وەکوو خاڵێکی ئەرێنی سەیر دەکات؛ چونکە مەرگ بە یارەکەی دەگەیەنێت. ژیان وەکوو ڕێگرێک بۆ گەیشتن بە خۆشەویستەکەی دەزانێت و وەسڵ و گەیشتن بە خۆشەویست لە مەرگدا دەبینێت. لە ژیان بێزار بووە؛ چونکە لە یاری دوورە یا بە جۆرێک ڕێگری هەیە لە ژیاندا. لە زۆر جێگە لە ژیانیدا تووشی بەربەست دەبێ و ئاواتی ئەوەیە کە بمرێت. زۆر حەز دەکات کە بە دەستی یارەکەی خۆی بمرێ و لە چەند بابەتدا خۆی فیدای جوانی یارەکەی دەکات. لە کاتی نەخۆشبووندا حەز ناکات کە بە دەستی پزیشک چاک بێتەوە و پێی

خۆشە بمرێ؛ چونکە مەرگ بە یارەکەی دەگەیەنێت. ژیان و مەرگی خۆی خستۆتە دەستی یارەکەی و هیچی نەخستۆتە ئەستۆی خۆی.

**چەند نموونە:**

لەبەر تاقی برۆت بمرم چ نابی** کە من شا بم لە بن باڵی هومادا؛ ل. ١٩

وەفاییی ناژی بەتاری زولفت** سەر تا پای ئازای ماران گازان؛ ل. ١٥٧

ئەی شەوچرای زیندوودڵان! ئەی ڕەنگ و بۆنی باغی گوڵان!** ناژیم تۆ خۆش، دەمرم، بەڵام هێندەم بەسە تۆم بێیە کن ل. ١٧١

مەمدە بەر تابووری موژگانت هەتاکوو غەمزە بێ** ها بە جارێک بمکوژە، یەخسیری تورکانم مەکە؛ ل. ٢٣٤

ڕۆحەکەم ڕووی خۆت بنوێنە، تا بە کەی کوشتەی نازت بم؟** دەمەکەت بە تەکەللوم بێنە، تا نەمردووم هەمڕازت بم؛ ل. ٣٥٥

**٢. دڵنەگۆڕین، وەفادار بوون و ئومێدوار بوون بە وەسڵی یار**

وەفاداری و دڵنەگۆڕین لە یار باسێکی تایبەتی شاعیرانە کە لە شیعرەکانیاندا بە چڕ و پڕی باسی ئەکەن. ئومێدواریش لە شیعری شاعیراندا دەبیندرێت، بەڵام وەکوو باسی وەفاداری قووڵ نین.. وەفایی وەکوو شاعیرێکی وەفادار و ئومێدوار شیعری کوتووە، لە هەمووکاتدا وەفادار بووە، تەنانەت ئەگەر یارەکەشی ڕووی تێ نەکات، بێ مەیلی بنوێنێ یا خود بەو شێوەیە خۆشی نەوێت. ئەگەر یارەکەی جەفاکار بێ، تەنانەت بیکوژێت دڵی لێ ناگۆڕێ و هەر ئومێدوارە ڕۆژێ بە هاتنی شاد بێ و بە یەک بگەن. هەمیشە دڵی لای یارە و بیری لێ دەکاتەوە و پێی خۆشە یارەکای بیکوژێت، بەڵام ئەسیر و دیلی سیحربازان و چاو بەستان نەبێت.

**چەند نموونە:**

هەتا نەگریم و نەڕوا سەبرم، دامانی یار کەنگێ بگرم** لەبەر عەمری قومری بمرم، سەروی لە نێو کەناری گرت؛ ل. ٥٤

ئەگەر بێ یادی زولف و چاوەکەت یەک لەحزە سابیر بم ** ئەسیری بەندی کافر کوشتەیی بێدادی ساحیر بم؛ ل. ١٠٠

نیگارا! دڵبەرا! نامیهرەبان! یاری جەفاکارم ** بە زاری کوشتمت! تا کەی دەفەرمووی من وەفادارم؛ ل. ١٠٨

قومری وەرە هەتا دەمرین پێکەوە بگرین ** تۆ سەروی ڕەوانت چووە من ڕۆحی ڕەوانم؛ ل. ١١٩

دەستی من و سەحرای دڵان، چاوی من و باغی گوڵان ** دڵ بێ گوڵ بێ دەمرم بەڵان، یا غەوسی سانی هیممەتێ؛ ل. ٣١٨

## ٣. بڕوا بە ژیانی پاش مەرگ

ئەم چەمکە لە مردن بەشێکی ئایینی ۆ ئایینزاییيە. دەتوانین بڵێین زۆربەی شاعیرانی کلاسیک لە شیعرەکانیاندا ئەم ڕوانگەیان هەیە؛ چونکە لە سەردەمێکدا ژیاون کە خوێندن سەرەتا لە لە حوجرە و لای مامۆستایانی زانستی ئایینی بووە و شاعیرانی سەردەمی وەفایی و نالی لە حوجرەکاندا دەرسیان خوێندووە و فێری زمانی عەرەبی و زانستە ئیسلامییەکان بوون و هەندێکیان جگە لە شاعیری، مەلایەتیشیان کردووە، بەڵام وەکوو شاعیرێکی کورد ناسراون، وکوو: نالی، مەحوی، وەفایی و هتد. بڕوا بە ژیانی پاش مەرگ لە کتێبە ئایینییەکاندا هاتووە وەک قورئان. وەسڵ هەمیشە لە مەرگدایە. ئەم وەسڵە چەند جۆری هەیە کە بریتین لە: گەیشتن بە یار و خۆشەویست، گەیشتن بە کەسایەتییەکی گەورە وەک شێخ، گەیشتن بە پێغەمبەر و گەیشتن بە خوای گەورە و دڵۆڤان.

### چەند نموونە:

بە قسەم بکە وەفایی بمرە هەتاکوو ماوی ** وەسڵی بەقا بە ئایات ئەوا لە مردنتدا؛ ل. ٢٤

لەوی ڕۆژە کە ڕووت وا کرد و لێت پرسیم، هەتا دەمرم ** بە بۆی جەننەت دەبێ من هەر لەسەر ڕازی نیهانت بم؛ ل. ٩٧

شەهیدی خەنجەرت ئەو ڕۆژە عومری جاویدانی بوو ** مەڵێ پەروانە خۆ سووتاوە، مەرگی زیندەگانی بوو؛ ل. ١٨٥

## ٤. هەرمانی بوونی دنیا؛ یار وەکوو ژیانبەخشێکی دووبارە سەیر دەکات

زۆربەی شاعیران لەم جۆرە شیعرانەیان هۆنیوەتەوە، کە بۆ یار و دڵدارە و زۆرتر وەکوو ژیان بەخشێکی دووبارە ناوی لێ دەبەن. زیندوو کردنەوە بە ئاوی دەم، لێوی شیرین، پێکەنین و چەند جۆری دیکە کە زۆرتر لە وەسفی یاردا دێت. لەوانەیە یار جەفاکار و بێوەفا بێ، بەڵام لەوانەیە نیگایەکی، ماچێکی، پێکەنینێکی، ناز و ئەدایەکی ژیانێکی دووبارە بە عاشقێکی کوژراو و مردوو ببەخشێتەوە. لە زۆربەی شیعرەکاندا شاعیر پێی خۆشە بمرێ، بەڵام مەعشووقەکەی بە هەر شێوەیەک بێ زیندووی بکاتەوە.

**چەند نموونە:**

من کوشتە ئەتۆ بەو دەمە شیرینە مەسیحی ** من تەشنە ئەتۆ ئابی حەیاتت لە زەقەندا؛ ل. ٣٠

ئەی حوققەیی شەهد و شەکەرت ئابی حەیاتم ** مردم، بە بەدەن بێنەوە بەو ئابە، حەیاتم؛ ل. ١٠٢

جا بەخشە دەڵێن ماچی دەمت وەقتی تەبەسسوم ** تاکەی بمرم موعجیزەی ئەم سیرڕە نەزانم! ل. ١٢٠

کوشتەیی تیغی غەمی، کافییە ماچێکی دەمی ** بەڵێ ئەو دولبەرە لەو عەسرە مەسیحاییێکە؛ ل. ٢٣٧

لێوەکەت عومرم بوو شەرتت کرد بە دڵ جارێکی دیش ** وەختە بوو بمرم وەرە عومری دووبارەم پێ بدەوە؛ ل. ٢٨٢

**٥. سوێند خواردن بە مەرگ**

شاعیر لەوانەیە لە شیعرێکدا یا خود دێڕێکدا سوێندێک بخوات، ئەو سوێندە لەوانەیە بۆ پاڕانەوە و یارمەتی دان بۆ نەمردن و یا بۆ مەرگ و لەناو چوون بێت. لەوانەیە شاعیر کەسێک بە گیانی خۆی سوێند بدات یان بە گیانی عاشق یا مەعشووقەکەی. سوێند خواردن لەوانەیە بۆ وەسڵ و گەیشتن بە یاری ڕاستەقینە بێ، یاری ڕاستەقینەش لەوانەیە خۆشەویست، پێغەمبەر یا خوا بێ، کە ئەو مەبەستە لە شیعرەکەدا دەردەکەوێت.

**چەند نموونە:**

بە مەرگی من بە ڕەمزێکی بڵێ بەو چاوە حاڵیم کا ** ئەتۆ نازدار و بیماری، ئەمن بۆچ زار و بێ حاڵم؟! ل. ١١٦

مەرگی من ساقی دڵم بگرە دەمت وا بێنەوە ** یا کەرەمکە جامی لەبڕێز، یا شەرابی وا مەدە؛ ل. ٢١٦

بە مەرگی من هەتا ماوم سەرت وا بێنە بیزانم: ** ڕوخە یا بەرگی نەسرینە؟ لەبە یا شەککەری خامە ؟ ل. ٢٤٦

برینداری هەوای جیلوەت شەهیدە ** ئەمان ساقی بە مەرگی من سەمایێ؛ ل. ٣٠٢

**٦. سەر لێ شێواوی و ناتەوانی**

ئەم چەمکەش بەشێکی ئایینی و ئایینزاییییە. هەمیشە بووە کە کەسانێک پەیدا دەبن کە دەگەن بە شوێنێ یا مەقامێ کە سەریان لێ دەشێوێت و لە بوون و نەبوونی خۆیان گومان دەکەن. هەندێ کەس کە ئیمان و بڕوایان هێندە بەرزە کە لە زۆر بابەتدا سەریان لێ دەشێوێ و دەکەونە گومانەوە؛ واتە بە پلە و مەقامێک دەگەن کە لەوانەیە شێت ببن یا ژیانیان بگۆڕدرێت یا لە دین وەرگەڕێن و پشت لە دین و ئیمانی پێشووی خۆیان بکەن. دوایین پلە و مەقامی عارفان مەقامی

حیرەت و سەرسووڕمانە کە لەو مەقامەدا عارف سەری لێ دەشێوێ و نازانێ چی بکات و ناشزانێ کە چی بەسەر هاتووە.

**چەند نموونە:**

لە لایێ بارشی چاوم، لە لایێ سۆزشی جەرگم ** نە پێی دەمرم، نە پێی دەگرم، کەبابی نیوە برژاوم؛ ل. ١٢٨

مردم و نەمزانی ئەو ئاورەی منی سووتاند چ بوو ** حاسڵی سەیر و سلووکی عاشقان هەر حیرەتە؛ ل. ٢١١

**٧. مردن و لەناو چوون بە هۆی بێ وەفایی و جەفاکاری یارەوە؛ زۆرتر بۆنی گلەیی لێ دێت**

هەمیشە و هەموو شاعیرێک بە جۆرێ گلەیی و گازندەی خۆی لە شیعرەکانیدا دەردەبڕێت. وەفاییش لەم جۆرە شیعرانەی کوتووە و لە دەس بێوەفایی یار و دڵدارەکەی گلەیی دەکات. شاعیر زۆر کات خۆی بە بێ گوناح و بێ تاوان دەزانێ و دەیەوێ بە یارەکەی بڵێ کە گوناح و تاوانی نییە و داوای لێ ئەکات کە نەیکوژێ و نەبێتە هۆکاری لەناو چوون و مەرگی. یەکێ لەو چەمکانەی کە بە زۆری باسی مەرگی تێدا کراوە ئەم بەشەیە کە بە چەند جۆر باسی بێوەفایی یار و کارەکانی کردووە و گلەیی خۆی دەربڕیوە. شاعیر یارەکەی بە کافر دادەنێ، کە هۆکارەکەی بێوەفایی و دڵڕەقی یارە. شاعیر بە جۆرێک ئامادەیە خۆی وەکوو غوڵامێک بخاتە بەر پێی یارەکەی و لێی بپاڕێتەوە و لە چەند ڕێگاوە هەوڵ بدات کە بە خۆشەویستەکەی بگات، لەوانەیە ئەم وەسڵ و گەیشتنە هەرگیز ڕوو نەدات و لەوانەشە وەسڵ لە پێکەنینێ، نیگایێ، ماچێ یا دەس گرتنێکدا بێت. سەبر و ئوقرەی عاشق لەوانەیە زۆر بێ، بەڵام بە مەرگیش ئەو سەبر و ئوقرە تەواو نەبێ و عاشق لە پێناو مەعشووقدا گیان و ڕۆحی ببەخشێت. چەند هۆکار هەن کە وەکوو بێوەفایی یار دەتوانین ناویان لێ ببەین: گرینگی نەدان بە عاشق، پێ نەکەنین بە ڕووی عاشقدا، نیگا نەکردنی عاشق، ماچ نەدان، دەست نەگرتن، دووری و دوورکەوتنەوە لە عاشق و تەنانەت ناز و ئەدا نەکردنیش بۆ یار، کە لەوانەیە ئەمانە هۆکاری مەرگ و لەناو چوونی عاشق بن.

**چەند نموونە:**

ئاخر سەگی خاکی دەری تۆ بووم بە جودایی ** مروەت نەبوو تیغت لە سەری سەیدی حەرەمدا؛ ل. ٢٨

لەو دەرە مەمکوژە چونکە شێتی زولف و ڕوویی تۆم ** عاشقم صید حرم، سودایی و مست و خراب؛ ل. ٤٧

بە نازی چاوەکەی وەک بازی، بازی دام هەتا پیر بووم ** دەترسم هەر بە بازی بمکوژێ ئەو یاری منداڵم؛ ل. ١١٤

دەڵێن: فەرمووتە بمکوژی بە ناحەق ** کە تۆ سوڵتانی حوسنی وا مەفەرمووە؛ ل.١٩٠

با هر نگاه و نازم صد بار کشت و خون ریخت ** شیرین کجا به فرهاد این جور و این جفا کرد؟ ل. ٤٥٤

## ٨. مەرگ و مردنی خستۆتە ئەستۆی چەند ئەندامی یار وەکوو: چاو، زولف، دەم و لێو

ئەم چەمکە لە شیعرەکانی وەفاییدا چەند بەشی جیاوازی هەیە کە بریتین لە: مردن بە هۆی چاوی یارەوە، مردن بە هۆی زولف و کەزیەی یارەوە و مردن بە هۆی دەم و لێوی شیرینەوە. یەکێ لەو هۆکارانەی کە عاشق شێت و سەرگەردان دەکا و ڕێگەی ژیانی لێ دەگرێ چاو و نیگای یارە. شاعیر چاوی یاری وەکوو سەربازێکی خوێنڕێژی بێڕەحمی تورک سەیر کردووە، کە ئەمەش هێمای دڵڕەقی زۆری یارە. زۆر جار خۆی بە بێ تاوان دەزانێ و لە خۆشەویستەکەی پرسیار دەکا کە بۆ دەبێ من نچیری چاوی تۆ بم یا خود چاوت مەرگی منی بوێت؟ خۆی چاوی یارەکەی وەکوو نەخۆشێک سەیر دەکات و دەرمانی چاوی یاریشی بە گیانی خۆی دەزانێ؛ واتە گیانی دەرمانی نەخۆشی چاوی یارەکەیەتی. دەپارێتەوە و دەیەوێ کە ئەسیری نەکات و لێی دوور نەبێ، ئەگەر بە برۆی وەک تیغی لە ناویشی ببات. زۆر جار وەک لەشکرێک بۆ چاو و برۆ و مژۆڵی یارەکەی دەڕوانێت. غەمزە و نازی چاوی یارە بە ئیشارەیەک دەزانێ بۆ کوشتنی عاشقەکەی. لەوانەیە ئەم مەرگ و مردنە کە بە هۆی چاو و نیگا و برۆ و مژۆڵی یارەوە ڕوو دەدات، مەعشووق لێی بێئاگا بێ و هەر نەیزانی بێت کە کەسێک بەو جۆرە عاشقی بووە. شاعیر پێی خۆشە کە بە زولفی یارەکەی هەڵواسرێت یا زولفی یاری ببێ بە هۆکاری مەرگ و مردنی. لەوانەیە پەنای بۆ زولفی یار بردبێت، بەڵام ئەسیر بووبێت و بەزولفی یارەکەی هەڵواسرابێت. عاشق دەپارێتەوە کە یارەکەی ڕەحمی ببێ و بە زولفەکانی نەیکوژێت. پرسیار لە مەعشووقەکەی دەکات و دەڵێ ئێستا کە قیامەت نەهاتووە بۆ بە زولفەکانت دەمکوژی و لە ناوم ئەبەیت؟ عاشق زۆر جار لەوانەیە بۆ خەندەیەکی سەر لێو و دەمی یارەکەی گیان بدات، بەڵام هیچ کات پێی نەگات. لێوی یاری کاتێ کە پێ دەکەنێت دەبێتە هۆکاری مەرگ و لەناو چوونی. بە یارەکەی دەڵێ کە باش نییە دوو لێوی شیرینت کە وەک شەکر شیرینن بە مەرگی کەسێک تاڵیان بکەی. عاشق ژیانی خۆی لە پێکەنین و شیرینی دەم و لێوی یاردا دەبینێ و گەر پێی نەگات لەناو دەچێت.

**چەند نموونە:**

غەریبی تۆم، نەخۆشی تۆم، بە گۆشەی چاوی بیمارت ** ئەسیری تۆم، شەهیدی تۆم، بە نووکی تیری موژگانت؛ ل.٥٧

کوشندەی من نەبوو هیچ کەس مەگەر سەر دایرەی حوسنی ** لە ڕۆژی حەشرێ خوێنی خۆم لە چاوی مەستی دەسێنم؛ ل. ١٢٣

شەهیدی تیغی ئەبرۆتم بە جەزبەی خاڵەکەی چاوت ** مەقامم قابەقەوسەینە لە سایەی پیری مەیخانە؛ ل. ٢٥٩

مەمدە بەر حەڵقەیی ئەو زولفە لە سەر ماچی دەمت ** لە تەنافم مەدە مەمکوژە لە سەر هیچ و نەوو؛ ل. ١٨٨

وەسیەت بێ کە مردم تەخت و تابووتم لە عەرعەر کەن ** هەتا عالەم بزانێ من شەهیدی قامەتی یارم؛ ل. ١٠٩

## ٩. مەرگ و مردن بە هێماگەلی سروشتی

نیشاندانی مەرگ بە هێماگەلی سروشتی وەکوو گوڵ و گوڵزار لە دیوانی زۆربەی شاعیراندا بەرچاو دەکەوێت. بە هاتنی بەهار گوڵ و گیا دەژیێتەوە، بەڵام لە کاتی پاییز و زستاندا گوڵ دەبێتە دڕک و ژیانی سروشت بەرەو کۆتایی دەڕوات و بولبولیش کە گوڵی لێ بسەنرێتەوە دەمرێ و لەناو دەچێت. لالەزار و گوڵی بە شەهید زانیوە کە لە بێئاویدا وەکوو شەهید کە زۆری تینوو بووە و لەبەر توونیەتی گیانی داوە و تا ڕۆژی قیامەت لێوی بە ئاو ناگات و تینوویەتییەکەی ناشکێت. داری سەوڵ لە حەسرەتی باڵای ئەو کیژەدا مردووە، بەڵام لوتفی کردووە و ئیجازەی گەورە بوون و ژیانی پێداوە و ژیاوەتەوە.

### چەند نموونە:

بولبول هاتبووە حاڵی مردن، بەرگی غونچەی وەلا بردن ** تا تێر دەبێ لە ماچ کردن، خار گەردەن و بازاڕی گرت؛ ل. ٥٣

وەک شەهیدی زولف و ڕووی دڵبەر لە سەر یەک کەوتوون ** تا قیامەت مات و بێدەنگ و خمۆشن لالەزار؛ ل. ٧٦

هەواڵنامەی کتێب

**هەژار**



فایەق ئیبراهیمی

## مردن لە ڕێگەی نیشتمان

باس کردنی مەرگ لە ڕێگەی نیشتمان واتا مردن لە پێناو ئازادی و سەربەستیدا لە شیعری شاعیرەکان .وەکوو شتێکی پڕبایەخ و ئەرێنی و گەورە چاو لێ دەکرێ کەسێک کە لە ڕێگەی نیشتمان گیانی خۆی بەخت دەکا دیارە کە هەستێک و هۆگرییەکی زۆری هەیە بۆ نیشتمان و ولاتەکەی و ئەگەر ئەوانە نەبێ ئامادە نابێ گیانی خۆی بۆ فیدا بکات. وشەی نیشتمان خوازی لە لایەکەوە پەیوەندییەکی هەستیارانەی لەگەڵ ئەو جێگایەی کە لێی لە دایک بوویە هەیە و لە لایەکی دیکەوە لەگەڵ خەڵک و ئەو دەوڵەتەی کە درووستیان کردووە. مردن لە ڕێگەی نیشتمان شانازییەکی گەورە و بێ‌کۆتاییە کە هەموو کەسێ ناتوانێ بەو شانازییە بگات، هەر وەک چۆن مردن لە ڕێگەی خودا لای ئێمە و خوا پلە و پایەیێکی بەرزی هەیە، مردن لە ڕێگەی نیشتمان و نامووس دا شتێکی کەمتر لەو نییە.

هەر لە کۆنەوە لە نێو کورداندا مردن لە ڕێگەی نیشتمان دا گرنگییەتی تایبەتی هەبووە بەهۆی زوڵم و زۆرێکی کە لەلایەن ولاتانی داگیرکەر کراوە ، تائێستاش ئەو جۆرە بیرو باوەڕە ماوە و زۆرتریش بووە لە ناو شیعرەکانی باس لەوە دەکات و دەڵێت کە مردنی من هیچ کاریگەری خراپ ناخاتە سەر گەلەکەم و بەڵکوو ئەو بیر و باوەڕەی من لە ناو گەلەکەم دا بەهێز تر دەبێت و دەمێنێتەوە، هەروەها باس لەسەر ئەمە دەکات کە مرۆڤ نابێ بە ژێردەستی بژیت و مردن خراپترە لەو ژیانە. هەر لەبەر ئەوەش کە هەموومان دەزانین مامۆستا هەژار کەسێکی نیشتمانپەروەر بووە و ئەو جۆرە بیرو باوەڕانە لە نێو شیعرەکانی ئەو دا دەنگی داوەتەوە.

## نموونەکانی مەرگ لە ڕێگای نیشتمان

١. لەم بەیتە باس لە ژینی کوردایەتی دەکات و ژیانی کوردایەتی بە مردنێک تەشبیە کردووە کە لە قیامەت خراپترە و دەڵێت کە قیامەتیش خۆی لە کورد هەڵگەڕاندۆتەوە.

٢. لەم بەیتەش هەر وەک بەیتی پێشوو باس لەوە دەکات کە بەکوردی ژین لەسەر ئەم دنیایە بە زوڵمێکی گەورە دادەنێت کە عەرەب و عەجەم بە ناحەق کوردەکان دەکوژن و نایەڵن بە ئاسوودەیی ژیان بکەن (لل: ٩٥،٩٦. تەڵقین بە کوردی )

٣. ئەم بەیتە باس لە مەرگێکی نیشتمانپەروەرانە دەکات و دەڵێ کە مرۆڤ لە پێناو نیشتمان دەبێ سەر دابنێت و هەروەها مردن لە پێناو نیشتمان بە شانازییەکی گەورە دەزانێت. (ل. ١٢٨. ڕۆژێکم هەیە تابلۆی یەکەم ، شەوی ڕەش)

٤. ئەم بەیتە باس لە مەرگێکی نیشتمانپەروەرانە دەکات و دەڵێت ئەو کەسەی کە خۆی دەکا بە قوربانی گەل شانسێکی زۆر گەورەی هەیە ، بەواتایەکی دیکە مەرگ لە ڕێی نیشتمان دا بە شانازییەکی گەورە دەزانێت.

٥. لەم بەیتە باس لە مەرگی خۆی دەکات و دەڵێت کە بەو مەرگە من کۆتاییم پێنایەت بەڵکوو زیندوو دەبمەوە و هەتا هەتایە دەمێنم و لە ژیانی دوژمنان دەبم با ئاگر.

٦. لەم بیتە شاعیر مردنەکەی خۆی بە ناحەق دەزانێت و دەڵێت با وجودی وەی کە مردووم بەڵام برا کوردەکانم تۆڵەتان لێ دەستێنن.

٧. لەم بەیتە دا باس لەوە دەکات و دەڵێت شایەد من بە جەستە مردبم بەڵام بیر و ڕای من هەمیشە لە ناو خەڵک دا دەمێنێتەوە و تۆڵەی من لە ئێوە دەستێنن.

٨. لەم بەیتە دا باس لە مردنی خۆی لە ڕێگەی خەبات دا دەکات و دەڵێت ئەگەر چی من ڕۆیشتم و نەمام بەڵام ئەو خەڵکە هەمووی یەکێکە وەک من هەموویان لە پێناو خاک گیانیان دەبەخشن.

هەوارنامەی کتێب

٩. لەم بەیتە باس لە مردنێکی نیشتمانی دەکات و مەرگ لە ڕێی نیشتمان بە شانازی گەورە دادەنێت (ل. ١٣٠. ژینی نەمر)

١٠. لەم بەیتە باس لە مردنێکی نیشتمانی دەکات و مەرگ لە ڕێی نیشتمان بە شانازی گەورە دادەنێت و ئەم مەرگە تەرجیح دەدا بە سەر ژیان.

١١. لەم بەیتە دەڵێت ئەگەر لە ڕێگەی نیشتمان نەمردبام بە جۆرێکی دیکە هەر دەمردم و کەسیش یادی لیٚنەدەکردم و ئەلان کە لە ڕێگەی نیشتمان گیانم بەختکردووە ناو و ناوبانگم لە لای هەموو کەس ماوەتەوە.

١٢. لێرە باس لە مەرگی نیشتمانی دەکات و دەڵێت کەسێک کە لە ڕێگەی نیشتمان بمرێت هەرگیز ناو ناوبانگی ون نابێت و لەسەر زاری خەڵک دەمێنێتەوە.

١٣. باس لەوە دەکات و دەڵێت با وجوودی وەی کە من بە جەستە لەسەر ئەم دنیایە نیم بەڵام بیرمان لە ناو خەڵک دا هەر دەمێنێتەوە.

١٤. لەم بەیتە باس لە مەرگێکی نیشتمانی دەکات و دەڵێت بۆ ڕزگار بوون و ئازادی نیشتمان بەخوێن دەبێ مایەی بۆ دابنێین .( ل. ١٣١. بیر ناکوژریٚ)

١٥. لەم بەیتە باس لە مردن لە ڕێگەی نیشتمان دەکات و دەڵێت مردن لە پێناو نیشتمان خۆی وەکوو ژینێک وایە ، کوردایەتی بە ڕووگەیەک تەشبیە کردووە. (ل. ١٥٤. باوەڕی بێکەس)

١٦. لەم بەیتە باس لە مەرگی پیاوچاکان و خراپان دەکات و دەڵێ کە پیاوچاکان هەر یەک جار دەمرن بەڵام مرۆڤی خراپ هەزار جار دەمرێت. (ل. ٣٠٩. کوتی کاوە)

١٧. لەم بەیتە باس لەمردن دەکات و بانگەشەی خەڵک دەکات بۆ وەی کە ڕووبەڕووی دوژمن بوەستن، تا دوایی شەرمەزاری مردن نەبن و مردن بە شێوەیەکی باش ئاوان لەخۆ بگرێت. (ل. ٣٠٩. کوتی کاوە )

هەواڵنامەی کتێب

**١٨.** لەم بەیتە باس لە مردنێکی نیشتمانپەروەرانە دەکات و دەڵێت بۆ ئازادی نیشتمان خوێنمان بەخت دەکەین. (ل. ٣١٤. کاوە: بارزانی )

**١٩.** لەم بەیتە باس لە مەرگ لە ڕێگەی نیشتمان دەکات و دەڵێت کە لە ڕێگەی ئازادی نیشتمان خوێنمان بەخت دەکەین و ئالاکە بە خوێن دەنەخشێنین. (ل. ٣٥٠. سرود)

**٢٠.** لەم بەیتە باس لەوە دەکات دەڵێ ئەگەرچی خۆی مردووە بەڵام تا ڕۆژی حەشر بۆ گەلی شیوەن دەگێڕێ . باس لە مردنێکی تەبیعی دەکات و باوەڕی بە ڕۆژی قیامەت هەیە بەو جۆرەی کە لە کتێبە ئاییننییەکان دا هاتووە.

**٢١.** لەم بەیتە باس لە مردن لە ڕێگەی نیشتمان دەکات و دەڵێت مردن لە ڕێگەی نیشتمان گەلێک خۆشترە لەوەی بە بندەستی بژین.

**٢٢.** لەو بەیتە دا هەروەک بەیتی پێشوو باس لە مردنێکی نیشتمانپەروەرانە دەکات و دەڵێت هەموومان بۆ ڕزگاری بوونی نیشتمان گیانمان بەخت دەکەین . (ل. ٤٥٣. سرود بۆ پێشمەرگە)

**٢٣.** لەم بەیتە باس لە مەرگی مەلا مستەفای بارزان دەکات و دەڵێ ئەگەر چی ئەو بە جەستە نەماوە بەڵام بیر و بڕوای لە ناو خەڵک دا ماوەتەوە قەت نامرێ و هەر لەیاد خەڵک دەمێنێ . (ل. ٥٣٩. بارزانی نامرێ)

**٢٤.** لەم بەیتە باس لە مەرگی پیاوانی ئازا دەکات کە مەرگ پێیان ناوێرێ و ناچارە لێیان دوور کەوێتەوە مەرگ ناتوانێ بە هاتنی پیاوە ئازاکان لەگەڵ خۆی بسڕێتەوە.

**٢٥.** لەم بەیتە باس لە مەرگی بارزانی دەکات و دەڵێ ڕۆحی گەورە پیاوێک وەک بارزانی ئەوەندە گەورەیە کە مردنیش خۆی لەبەر ڕاناگرێت. (ل. ٥٥٨. ڕێبەری نەمر)

**٢٦.** لەم بەیتە باس لە مەرگی ئیدریس بارزانی دەکات و مردنەکەی بەناحەق دەزانێت و دەڵێ کە ئەلان وەختی مردنی ئەو پیاوە نەبوو، کاک ئیدر یس بە ئەستێرەیەک تەشبیە کردووە و دەڵێ ئەستێرەی بەختی ئەو گەلە ناوەخت ئاوا بوو . (ل. ٥٩٧. گوڵی خانەدانی بارزان)

## پێناسەکردنی مەرگ لە ڕوانگەی ئایینییەوە

ئاشکرایە زۆرینەی کورد وەک ئەندامێکی کۆمەڵگای موسوڵمان باوەڕی بە مەرگ و زیندوو بوونەوەی دوای مەرگ و ژیانێکی تر لەو دنیا هەیە و زۆربەیان مردن بە حەق دەزانن ، بۆیە لە پابەند بوون بە بیر و باوەڕی ئایینی ئیسلامەوە بەدرێژایی ژیان لە هەوڵی کۆکردنەوەی ئەوە دایە کە بە زەخیرەیێکی پێویست ئەم دنیا جێ بێڵێت.

مردن لە ڕوانگەی ئیسلام بەو جۆرەیە کە کاتێ مرۆڤ دەمرێ فریشتەی خوا دێن بۆ سەر سەری ، ئەو فرشتانە ڕۆحی هەموو مرۆڤێک وەکوو یەک ناگرن بەڵکوو هەندێکیان بە ئاسانی و هەندێکیان بەسەختی دەیگرن. مەرگی ئاسان بۆ ئەو مرۆڤانەیە کە بە باشی لەسەر ئەم دنیایە ژیاون هەر بەو جۆرەی کە لە ناو قورئانی پیرۆز لە ئایەی **٣٢** نحل دا هاتووە ( ئەو کەسانەی کە فریشتەکان ڕۆحیان لێ دەستێنن لە حاڵێکدا کە ئەوان پاکن و سڵاویان بۆ دەنێرن و دەڵێن فەرموون بۆ بەهەشت بەهۆی ئەو کارانەی کە پێشتر لە سەر دنیا ئەنجامتان داوە)

لە ڕوانگەی قورئان پەشیمانی دەمی مەرگ بێ‌سوودە، کاتێ مرۆڤە چاکەکان دەچن بۆ پیرۆزبایی مەرگ و مرۆڤە خراپەکان بە سەختی پەشیمان دەبنەوە لەو کارانەی کە لە ڕابردوو کردبوویان و پەنا دەبەن بۆ تۆبەکردن و، قورئان دە فەرموێ کە تۆبە لەو کاتە یانی لە کاتی مەرگ دا بێ‌سوودە و بایەخی نییە، چونکە تۆبە و پەشیمانی لە حاڵێکدا دەبێتە هۆی پەروەردە بوونی ڕۆح کە کەسی پەشیمان بتوانێ گوناحەکە بکات بەڵام نەیکا، بەڵام کەسێک کە جگە لە تۆبە کردن هیچ ڕێگایەکی نییە، لەو کاتەدا تۆبە و پەشیمانی نیشان لە گۆڕانی ڕۆحی ئەو نییە و ئەو جۆرە تۆبە کردنانە لەگەڵ تۆبەی کاتی سەرەمەرگ هەرچەند زۆرێک لێک دەچن بەڵام لە بنەڕەتدا جیاوازن.

هەموو ئەوانە بابەتێکن کە لە ناو شیعرەکانی مامۆستا هەژار باسیان لێ‌کراوە و لە زۆرینەی شیعرەکانی باس لە مەرگی ئایینی کردووە و ئەو بیر و باوەڕە ئایینیانە لە ناو شیعرەکانی دەنگی داوەتەوە. جگە لەمانە باسی لەوە کردووە کە ئەم دنیا زۆر بێ‌هوودەیە و ئەرزشی خۆماندووکردنی نییە و باس لە حۆرییەکانی بەهەشت دەکات و باوەڕی بە بەهەشت هەیە هەر بەو جۆرەی کە لە ناو کتێبە ئایینییەکاندا هاتووە.

هەواڵنامەی کێبڕ

**نموونە ئایینییەکان**

. لێرە دا باس لە مەرگێکی تەبیعی دەکات و هەروەها باوەڕی بەوە هەیە کە مرۆڤ کاتێ دەمرێ بە شێوەیەکی ئایینی و بەو جۆرەی کە لە کتێبە ئایینییەکان دا هاتووە تەڵقینی دەدەن و دەیخەنە ناو گۆڕەوە.

٢.لێرەدا باس لە بێبەهرەبوونی ئەم دنیایە دەکات و دەڵێت کە ئەو دنیایە هیچ ئەرزشێکی نییە و باوەڕی بەو دنیای دیکە هەیە کە مرۆڤ کاتێ لەم دنیا کۆچ دەکا، لە دنیای دیکە زیندوو دەبێتەوە و ژینێکی دیکە دەس پێدەکات.

٣. لەم بەیتە باس لە مەرگی تەبیعی دەکات و باوەڕی بەوە هەیە کە لە ناو کتێبە ئایینییەکان دا هاتووە کە مرۆڤ کاتێ دەمرێ دوو فریشتە دێن بۆ سەر سەری و ڕۆحی لێدەستێنن.

٤. لەم بەیتەدا ئاماژە بەوە دەکات کە خۆماندووکردنی ئەو دنیایە هەمووی بێسوودەیە و هەموومان ڕۆژێک دێت کە دەمرین و لەم دنیا کۆچ دەکەین بۆ دنیای دیکە (باوەڕی بە قیامەت هەیە). لل: ٩٥-٩٦. تەڵقین بە کوردی.

٥. لەم بەیتە باس لەو کەسانە دەکا کە لەسەر ئەم دنیایە بە خراپی دەژین و کاری بێهوودە دەکەن ، بڕوای وایە کە لە کاتی مەرگ دا فریشتەکانی خودا زۆر بە خراپی ڕۆحیان لێدەستێنن، لە جیاتی مەرگ وشەی (تۆپین) بۆی بەکار هێناون. ل. ٢٤٦. جاش و باش.

٦. لەم بەیتە باس لەوە دەکات کە ئەو کەسانەی کە پیاوانە لەسەر دنیا دەژین، تەنانەت لە کاتێک کە زۆر فەقیرن دەس بۆ کاری خراپ نابەن لە قیامەت پاداشی خۆیان وەردەگرن، بە جۆرێ باس لە کارگەری ئەم دنیا لەسەر دنیا کەی تر دەکات.

٧. لەو بەیتە باس لە چۆنیەتی ژیان لەسەر ئەم دنیا دەکات و دەڵێ کە خۆش ڕابواردن لەسەر ئەم دنیا ڕاتدەکێشێ بۆ جەهەنەم. ل. ٢٨٨. بەسەرهاتەکەم.

٨. لەم بەیتە باس لە مردنێکی تەبیعی دەکات و بەو جۆرەی کە لە ناو کتێبە ئایینییەکان دا هاتووە دەڵێ کاتێ مرۆڤ دەمرێ مەلا و قورئان دێنن بۆ سەر سەری . ل. ٣٨١. قەوانە شەڕە.

هەواڵنامەی کیژ

**٩.** لەم بەیتە باس لە پەژیوانی دەمی مەرگ دەکات و دەڵێت کە پەژیوانی دەمی مەرگ بێسوودە، پەژیوانی دەمی مەرگ بە قوولە قوولی پاش گورگ تەشبیە کردووە.

**١٠.** ئەم بەیتە باس لە بەهەشت و حۆرییەکان دەکات، هەروەها باوەڕی بە زیندوو بوونەوەی ئەو دنیا بەو جۆرەی کە لە ناو کتێبە ئایینییەکان دا هاتووە . ل. **٣٩٣**. بایەک.

**١١.** لەم بەیتە باس لە مەرگی تەبیعی دەکات و باوەڕی بە مەرگ بەو جۆرەی کە لە ناو کتێبە ئایینییەکان دا هاتووە هەیە و دەڵێت کە مرۆڤ لە کاتی مردن جگە لە کفن هیچ شتێک لەگەڵ خۆی نابات.

**١٢.** لەو بەیتەش باس لە مەرگی تەبیعی دەکات و دەڵێت کە مرۆڤ ئەو کاتەی دەمرێت دەیخەنە ناو قەبرێکی تەنگ و تاریک کە پڕە لە مشک و مار . ل. **٤١٦**. گۆڕە یان ماڵە.

**١٣.** لەم بەیتە باس لە مەرگ دەکات و مردن لە ڕۆژی جەژن بە شتێکی خراپ دادەنێت، ڕووڕەشی تەشبیە کردووە بە مردن لە ڕۆژی جەژن. ل. **٤٢٢**. هاواری زۆر لێکراو.

**١٤.** لەم بەیتە باس لە چۆنیەتی مەرگ دەکات و دەڵێت کە مەرگ شتێکی ئاسان نییە و مردن بە شتێکی سەخت دەزانێت کە مرۆڤە گەورەکانیش لە حیکمەتی مەرگ سەریان لێ گێج ماوە . ل. **٤٣٨**. هەڵۆ هەر بەرزە.

**١٥.** لەم بەیتە باس لە دوای مردن دەکات و ئەو کاتەی کە مرۆڤ دەمرێت دەڕوا بۆ دنیای دیکە و باوەڕی بە هەبوونی دنیای دیکە هەیە هەر بەو جۆرەی کە لە ناو کتێبە ئایینییەکان داهاتووە و باس لە حۆری و کۆشکەکان دەکات کە لە بەهەشت دەیدەن بە مرۆڤ . ل. **٤٨٥**. فەرموو شێخ.

**١٦.** لەم بەیتە باس لە مردنی بە عیزەت و زیللەت دەکات و دەڵێ لەم دنیایە بە پیاوانە بمرە کەسێک بەم جۆرە نەمرێ لە دنیای دیکە ڕزگاری نابێت، بەو جۆرە کە لەجیاتی مردن وشەی (مردار) بەکار هێناوە . ل. **٥١٦**. بە پاکی بمرە.

**١٧.** لەم بەیتە باوەڕی بەوە هەیە کە مرۆڤ کاتێ دەمرێ لە ژێر خاک دەینێژن و تێکەڵ خاک دەبێتەوە . ل. **٥٦٢**. بە یادی تۆ دەژی دڵم.

**١٨.** لەم بەیتە باس لەوە دەکات کە هەرکەسێ دێتە سەر ئەم دنیایە ڕۆژێک دێت کە دەمرێ، باوەڕی بە مردن و ژینی دنیای دیکە هەیە. ل. **٥٥٨.** ڕێبەری نەمر.

**١٩.** باس لە مردنێکی تەبیعی دەکات و دەڵێت مردن شتێکی عادییە و هەمووومان ڕۆژێک دێت کە دەمرین. ل. **٥٩٨.** گوڵی خاندانی بارزانی.

**٢٠.** لەم بەیتە باوەڕی بە زیندوو بوونەوە ئەو دنیا هەیە و هەر بەو جۆرەی کە لە ناو کتێبە ئایینییەکان دا هاتووە. ل. **٥٦٠.** نموونەی هونەر.

**مردن لە پێناو عیشق و خۆشەویستی**

عیشق هەستێکی قووڵ و هۆگرییەکی بێڕادەیە کە هیچ سنوورێکی تایبەتی بۆ دیاری‌نەکراوە و دەتوانێ ئەو هەستە چ بەرامبەر بە مرۆڤەکان بێ یان هەر شتێکی تر.

پرسیار : ئایا هەموو عاشق و مەعشووقەکان پێک‌دەگەن؟

ئایا هەموو عیشقەکان دوو لایەنەن؟

ئایا مردن لە ڕێگەی عیشق درووستە؟

مەرج نییە هەر خۆشەویستییەک کە باسی لێ‌کرابێ لە کۆتایی دا ئەو دوو خۆشەویستە بەیەک بگەن، جاری‌وا هەیە کە شاعیر بۆ گەیشتن بە مەعشووقەکەی هەموو هەوڵی خۆی دەخاتە کار و تەنانەت ڕەنج و عەزابێکی زۆریش دەچێژێ بەڵام ناگات بە خۆشەویستەکەی. مامۆستا هەژار بەو جۆرە باسی کردووە کە دەڵێ من بۆ گەیشتن بە یارەکەم ئامادەم هەموو کارێ بکەم بەڵام یارەکەم هەر کە من دەبینێ خۆی لێم حەشار دەدات و نایەڵێ چاوم بە چاوی بکەوێ.

هەواڵنامەی کتێب

خۆشەویستی یەک لایەنە لە ناو شیعری زۆربەی شاعرەکان دا باسی لێ‌کراوە، واتا مرۆڤ کەسێکی خۆش دەوێ کە ئەو بایەخی بۆ دانانێ و سەرەڕای ئەمەش ئامادەیە لە پێناوی گیانی خۆی بەخت بکا. مامۆستا هەژار باسی لەو جۆرە خۆشەویستیانە کردووە و مردن لە ڕێگەی خۆشەویستی یەک لایەنە دا بە کارێکی هەڵە دەزانێت.

لە نێو شیعری زۆربەی شاعیران دا باس لە عیشق و خۆشەویستی بەرامبەر بە مەعشووق کراوە، تاڕادەیەک شاعیر ویستوویەتی کە لە ڕێگەی ئەو عیشق و خۆشەویستییەدا بمرێ، واتە ئەگەر بە مردنیش بێ بە مەعشووقیان بگەن، بێ‌گومان مردنیان هەڵبژاردووە و هەر ئەوەش نیشان دەدات کە مردن لە ڕێگەی خۆشەویستیدا پیرۆزە.

مامۆستا هەژار لە هەندێ لە شیعرەکانی باسی لە خۆشەویستی و دڵداری کردووە، تەنانەت ئامادە بووە کە لە پێناو ئەو خۆشەویستییە بمرێت و گیانی بەخت بکا بەس بە خۆشەویستەکەی بگات و مردن لە ڕێگەی خۆشەویستی بە شتێکی باش داناوە.

## نموونەکانی مەرگ لەپێناو خۆشەویستی

١. باس لە مەرگ لە ڕێی خۆشەویستی دەکات و دەڵێت لە پێناو خۆشەویستی ئامادەم گیانم بەخت بکەم ل. ٩٠. ئەمەش بەستەیەکە.

٢. لەم بەیتە باس لە مەرگێکی ئاشقانە دەکات و دەڵێت مردن بۆ ئەو کەسەی کە تۆی بەلاوە گرنگ نییە شتێکی بێهوودەیە و خوێنەکەت بە زایە دەڕوات. ل. ٢٠٧. دەبا بیشڵێم.

٣. لەم بەیتە باس لە مەرگی ئاشقانەیە و دەڵێت ئامادەم گیانم بدەم و بمرم لە پێناو تۆ، نامهەوێ چاوم جگە لە تۆ هیچ شتێک ببینێ. ل. ٤٢٧. ژوان.

٤. لەم بەیتە باس لە مەرگ دەکات و بەهۆی ئەو خەمۆکییەی کە تووشی بووە لە ژیان نائومێد بووە و چاوەڕێی مەرگ دەکات کە بێت و ڕۆحی لێ‌بستێنێ . ل. ٤٤١. هەڵۆ هەر بەرزە.

٥. باس لە مەرگێک دەکات کە بەهۆی خۆشەویستی وای لێ‌هاتووە و دەڵێ کە هۆکاری مردنی من ئەو تیرە ناوچاوی یار بوو کە منی کووشت ل. ٥٢٨. چوارینە.

٦. باس لە مەرگی ئاشقانە دەکات و دەڵێ دڵی من لەو کاتەی چاوەکانی تۆی دیوە هەر ئارەزووی مەرگ دەکات و تۆش بە خۆحەشاردانت ڕێگە لە مەرگی من مەگرە. ل. ٥٣١. چوارێنە.

هەواڵنامەی کتێب

**٧.** لەم بەیتە باس لە مەرگێکی خۆشەویستانە دەکات و باگەشەی یاری دەکا تا تاوێ پێکەوە ڕابێرن و خەمەکان فەرامۆش بکەن و دەڵێ کە ئەگەر مردم لەو کاتە دا گەردنت ئازا بێت. **ل. ٥٣.**

## بەکار بردنی چەمکی مەرگ بۆ بابەتە سرووشتیەکان

هەموو شتێک مردن و کۆتاییەکی هەیە هەر وەک چۆن مرۆڤەکان دەمرن، سروشت و گژ و گیا بەو جۆرەیە. هەمووما‌ن دەزانین کە سروشت گژ و گیا لە بواری زیستشناسی تەنانەت ئایینی بە بوونەوەرێکی زیندوو دەناسرێن و هەر بوونەوەرێکی زیندوو مردنێکی هەیە. مردنی سروشت وەرزی پاییزە، بە هاتنی وەرزی پاییز سروشت و گوڵزار دەمرن و لە کاتی بەهار زیندوو دەبنەوە. لە ڕاستیدا یاسای سروشت بەو جۆرەیە، کاتێ ئەو مردنە دەچێتە بەردەستی شاعیر پەڕ و باڵێکی زۆرتر دەگرێ و شاعیرانەی دەکاتەوە. هەر بەو جۆرە مامۆستا هەژار لە ناو شیعرەکانی دا باس لە مەرگی سروشت و هەروەها باس لە هاتنی وەرزی پاییز دەکات کە کاتێ بەسەر گژ و گیا دا دێت گەڵای دارەکان لێدەکاتەوە.

## نموونەکانی مەرگی سروشت

**١.** لەم بەیتە باس لە مردن دەکات و بە جۆرێ ناوی پاییزی هێناوە کە بە سەر دار و دەوەن دا دێت و ئەم مەرگەی بە پاییز تەشبیە کردووە کە لە کاتی هاتن دا گەڵای دارەکان لەگەڵ خۆی دەبات و سیسی دەکات

**٢.** باس لە مردن دەکات و هێمایەکی سروشتی وەک خەزەڵوەر بەکار هێناوە بۆ مردن و دەڵێت چۆن لە و فەسڵە گەڵاکان لە دارەکان دەبنەوە، دوژمنانی کورد بەو جۆرە بمرن لاپەڕەی

## سەرچاوە:

شەرەفکەندی عەبدولڕەحمان؛ *بۆکوردستان*؛ ئاراس؛ هەولێر: ٢٠٠١.

هەواڵنامەی کتێب

# حاجی قادری کۆیی



فەرزانە خوداوێردی

## بیر و بڕوا خورافییەکانی نێو خەڵک سەبارەت بە چەمکی مەرگ

حاجی قادر باوەڕی بەو بیر و بڕوایانە نەبوو کە شێخ و سۆفییەکان لە ناو خەڵکدا باویان کردبوو وەکوو ئەوەی کە ئەیانوت هەر کەسێ گوێی بزرینگێتەوە ئەوە مەرگ بانگی ئەکات و هەواڵی مەرگ دێنێ ئەو وەکوو موسڵمانێک، کە دەرسی مەلایەتی خوێندبوو سەبارەت بە ژیان و مەرگ بیری ئەکردەوە و لە خورافات بە دوور بوو مردن و گەڕانەوە بۆ لای خوای بە بەشی هەمووان ئەزانی و پێی وابوو کە خودا ئەو کاتەی کە مرۆڤ ئەخولقێنێ هەر ئەو کاتەیش ڕۆژی مەرگی دابین ئەکات و ئەوە لە چارەنووسی ئەو کەسەدایە کە ئەبێ لەو ڕۆژەدا بمرێت و بگەڕێتەوە بۆ لای خولقێنەری خۆی و ئەوەی شێخ و سۆفیان سەبارەت بە مردن ئەیانوت خورافەیەک بوو کە حاجی قادر باوەڕی پێ نەبوو.

### نموونەکانی ئەم بەشە:

(ل. ٤٣، بەیتی سێهەم؛ شیعر: گوتم بە بەختی خەواڵوو)

ئاماژە بە موعجیزەی حەزرەتی عیسایە کە بە فوویەک مردووی زیندوو ئەکردەوە. (ل. ٧٣، بەیتی شەش شیعر: وشکە سۆفی)

دژایەتی شاعیر لەگەڵ بیر و بڕوای شێخ و سۆفییەکانی ئەو سەردەمە نیشان ئەدات.

## بیر و بڕوای ئایینی

هەروەها کە پێشتر وتمان شاعیر باوەڕی بەوەیە کە ڕۆژی مردنی هەموو کەسێک هەر لە سەرتای ژیانیەوە دابین کراوە لەو کاتەوە کە خوا مرۆڤێک ئەخولقێنێ ڕۆژی مەرگیشی دابین ئەکات و ئەوە بەشێکە لە چارەنووسی هەموان و کەس ناتوانێت ئاڵوگۆڕی بەسەردا بهێنێت و لە مەرگ دەرباز بێت کەوایە هەموو مرۆڤێک بەنۆبەی خۆی لەو ڕۆژەدا کە خوا دابینی کردووە ئەمرێت و چرای ژیانی ئەکوژێتەوە کەوایە ئەبێ ئاگاداری دین و ئایینی خۆمان بین و ئەم دونیا بە هیچە نەبەینە پێش، ئەبێ ئەو ئەسڵانەی کە هۆی پایەداری دینن لە بیریان نەکەین چون ئەگەر ئەوانە لە بیر کەین دینەکەشمان لە بیر ئەکەین و ئەیکوژین کەوایە ئەبێ ئاگاداری بین چونکە پاش مردن ئیتر ڕێگەی جوبران و گەڕانەوە نییە و شتێک جگە لە پەشیمانی بۆمان نامێنێتەوە.

نموونەکانی ئەم بەشە:

( ل. ١٥٥، بەیتی سێهەم؛ شیعر: پەرێشان زوڵفی تاتاری)

دونیا فانییە لە هەر قەوم بنەماڵەیەک بیت ئەمریت. (ل. ١٥٧، بەیتی یەکەم، شیعر: ئێمەیش دەمرین)

هەموومان ئەمرین و هەروا کە لە خۆڵ دروست بووین ئەبینەوە خۆڵ (ل. **٢٣٤**، بەیتی پێنج، شیعر: شاعیر و شێخ و خواجە دەربەدەرن) بە بڕوای شاعیر بە شەش شت ئەتوانی ئاگاداری لە دین بکەی (بە داخەوە لەو شیعرەدا تەنها سێ دانەی هاتووە دیارە کە بەیتەکانی کەی فەوتاوە)

ئەوەڵ: خواردن

دووەم: نیشتەجێبوون

سێهەم: وتنی «لا اله الا الله»

کە بە نەبوونی یەکێ لەمانە دین ئەمرێ

هەواڵنامەی کتێب

شاعیر مردنی بۆ ئەو شتانەیش کە گیانلەبەر نین بە کار بردووە.

شوبهاندن: حاجی مردنی بە کارەساتێکی ناخۆش داناوە هەر بۆیە تووڕەیی یاری و دووری لە یاری چون زۆر ئەستەم و ناخۆشە بۆی بە مەرگ شوبهاندوویەتی. ئەو پێی وایە کاتێ کە ئەمرێ دەستی لە دونیا کۆتا ئەبێ و ناتوانێ پشتگری نەتەوەکەی بکات و سەرکەوتنەکانی داهاتووی ببینێت، ڕەنگە حاجی قادر مەبەستی لەو یارە کە لێی دوورە و دوورییەکەی وەکوو مەرگ ناخۆشە بۆی هەر نیشتمانەکەی بێت کە دوورییەکەی زۆر ئازاری ئەدات و بەردەوام لە بیری ئەودایە و لە پێناوی ئەو(نیشتمانی)دا تێئەکۆشێ، مردن ئەبێتە هۆی دابڕانی ئەو لە تێکۆشان و هەوڵی لە پێناوی نیشتماندا و هەر بۆیە ئەمە کارەساتێکی زۆر ناخۆش و بە ئازارە بۆ شاعیر.

**نموونەکانی ئەم بەشە:**

(ل. ٦٠، بەیتی یەکەم شیعر: مەماتم حەیاتە)

مردن و ژیانی خۆی لە تووڕە بوون و سەرنجدانی یار ئەبینێت.

(ل. ٧٤، بەیتی سێهەم؛ شیعر: دەستی من دامێنی تۆ)

شاعیر ئەجەلی شوبهاندووە بە یاری خۆی کە گیانی ئەکێشێت و خۆی بە ساحێبی گیانی ئەو ئەزانێ.

ئەو بابەتانەی کە بە مەرگ کۆتایی پێدێت و فانی بوونی دونیا: هەروەها کە پێشتریش وتمان شاعیر مردنی بە کارەساتێکی ناخۆش داناوە و پێی وایە هەندێک شت هەن کە بە مردن کۆتایی پێدێت و هەندێک شتی تریش هەن کە بە مردن کۆتایی پێنایە و پاش مەرگیش هەر ئەمێنێ، وەکوو چاکە و ناوی چاک کە قەت لە ناو ناچێ. شاعیر پێی وایە کە مردن هەر ئەوە نییە کە ئەجەل گیانت بکێشێ و هەندێک جار مرۆڤ بە قسەیەکی ناخۆش و بێ کەڵک ئەمرێت، ئەو حەسرەت ئەخوات بۆ ئەو شتانەی کە مردن ئەبێتە هۆی نەگەیشتن پێیان وەکوو ئەوەی کە ئەیەوێ بگا بەو دەورانەکانی کەش کە پەرە بە زمانی کوردی بدا و لە کۆتاییەکانی ژیانیدا زۆر بە پەرۆشە کە تەمەنی ڕێگە نادات کە زۆرتر لە پێناوی نەتەوەکەیدا تێکۆشێ.

هەواڵنامەی کێشەر

**نموونەکانی ئەم بەشە:**

(ل. ٢١٥، بەیتی چوار تا حەوت؛ شیعر: خوسرەو و کەیقوباد)

ژیان هەر تاوێکە دێت و ئەڕوات تەنها شتێ کە ئەمێنێتەوە ناو و چاکەیە.

(ل. ١٣٩، بەیتی شەش؛ شیعر: غەم مەخۆ بۆ نان و خوانت)

لە چاوەڕوانی یاردا عومری لە دەست داوە و وەکوو ئەوە وایە مردبێت.

(ل. ٢٣٢، بەیتی یەکەم؛ شیعر: شاعیر و شێخ و خواجە دەربەدەرن)

حاجی مردن و لەناوچوونی شاعیران و زانایان لە قسەی هیچ و بێ کەڵکدا ئەبینێ.

(ل. ١٧٨، بەیتی شەش؛ شیعر: گەر خەڵقی جیهان)

شاعیر شەرمەزارە کە لە دووری یاری نەمردووە و هێشتا زیندووە.

(ل. ٢١٥، بەیتی هەشت تا دە؛ شیعر: خوسرەو و کەیقوباد)

حاجی قادر حەسرەت ئەخوات کە زوو ئەمرێت وسەردەمانی داهاتوو نابینێت.

هەواڵنامەی کتێب

# مەسعوود محەمەد



هەواڵنامەی کتێب

## پێشەکی

قەڵەمدانە تەمەنکورتەکەی نووسینی کوردی، چاوەڕوانی پێنووسی تازەیە و لە مێژە جێگای خۆش کردووە بۆ ئەو پێنووسانەی لە چاڵەژووری هەزارتوێی زەینی چەقنەبەستووی سەردەمدا، جمەی خوێن لە ڕەگی بیریاندا لە وروژان نەکەوتووە. هەر نەخش و نیگارێ لەم پێنووسە خۆشبەزانەوە دەتکێ، تەزی نووستووی سەری کاسوەمەنگی ماندووانی کاروانی پاخستووی ئەم هۆزە دەشکێنێت و ڕەشەبیری نەگریسی لە شەڕ سەرچاوەگرتووی پاشڤەڕۆخوازانی هەموو ڕۆژگارێک لە خشتە دەبات. بەرهەمی ئاوانگارد، دژی ئەو یاسا و ڕێسایانەیە بەرتەسکی و کۆتوبەند لە دەست و پێی نووسەر دەئاڵێت و هەوڵ دەدات لە دەروەچەیەکی تازەوە بۆ جیهان بڕوانێت و خۆی لە پەتای دوالیزم دەرباز دەکات. کەم قەڵەم هەیە لە تەمتومانی هەزارڕێیی پڕ لە هەڵبەز و دابەزی نووسیندا، شەقامەڕێی خۆی بدۆزێتەوە و بە لاڕێدا نەچێت. کەوایە، نووسەر شەڕی خۆی لە شێفدا کردووە و بیر لەوە ناکاتەوە دڵی کێ بداتەوە و بە دڵی کێ بنووسێت و ئاراستەی بۆ دەستنیشان بکەن؛ جووانووی قەلەم، بە خاوەنەکەی نەبێت، سواری بە کەس نادات و لە ئەنجامدا هەمووان بە دەوری خەرمانەکەیدا کۆ دەکاتەوە.

مامۆستا مەسعوود محەمەد، تەنیا یەک دانە نێو نییە لە ناسنامەیەکدا بە درێژایی ژیان و تەمەنی، ڕێکەوتێک بۆ هاتوچوونی تۆمار کرابێت؛ بەڵکوو لە ڕیزی ئەو کەسانەیە لە ڕێگای داهێنان و بەدیهێنانەوە، پانتایی ژیانیان بەرینتر کردووەتەوە. ڕوانین لە گۆشەنیگایەکی دیکە و ڕەهەندێکی نوێوە، دەرگای بە سەر جیهانێکی دیکەدا کردووەتەوە و ئەم تازەگەرییانە بۆ ئەوەی لە سەر کاغەز جێگە خۆش بکەن، سەرەڕای پێکهێنانی ناوەرۆک و واتای نوێ پێویستیان بە داهێنانی چەمک و دەستەواژەی گونجاو لەگەڵ ئەو بابەتانەیە، تاکوو بیر بە وشە بگۆڕدرێتەوە و لەم دوامەنزڵگەیەدا ئارام بگرێت. لەم ڕەوتەدا هەروا کە دیارە، دوو توانستی سەرەکی پێویستە پێکەوە کۆ ببنەوە کە لە سێ میمەکەی کۆیەدا (مامۆستا مەسعوود محەمەد) یەکیان گرتووە و ئەم بەهرەیە لە چوارڕێیانی ئەدەب و زمانناسی و

هەواڵنامەی کتێب

فەلسەفە و کۆمەڵناسیدا هەر کامەو نووسەریان بۆ لای خۆیان پەلکێش کردووە و بەرهەمی جیاواز و پڕناوەرۆکیان بۆ خوێنەری وریا بە جێ هێشتووە.

دیارە مامۆستا بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە بۆ بابەتەکانی ڕوانیوە و ڕێگەی نەداوە زەین و بیری لە زۆنگاوی دوگم و قەتیس‌کەوتووییدا نوقم ببێت و لە هەر دەقێکدا مۆمی وشەی هەڵکردووە و بەردەوام پێنووسەکەی بەو ئاقارانەدا تێپەڕیوە کە توانای نووسین و لێکدانەوە و ڕەخنەی لە هەگبەدا هەبووە و ئەم چەند مەرجە لەگەڵ شێوازی نووسینەکەی، مۆرکێکی تایبەتی بە بەرهەمەکانی بەخشیوە و لە ئاکامدا لە کڵ دەرهاتووە و توانیویەتی ئامانجەکەی بپێکێت و شوێنپەنجەی خۆی دیاری بکات. ڕەخنە، ئەو شەماڵە ڕزگاری‌بەخشە ڕسکێنەرەی هەر بەرهەمێک بەری بکەوێت، هەناسەی پێدا دێتەوە و لە لایەکی ترەوە چەکەرە و چرۆ دەکات و لە نەمان ڕزگاری دەبێت و بەرهەمی دیکەی لێ دەزێت. کەوایە، نەک تەنیا نووسراوەکانی مامۆستا و هەموو بەرهەمێک دەبێ بکەونە بەر ڕەخنە، تەنانەت «خودی نووسەریش دەبێ ڕەخنە لە خۆی بگرێت». ئەم هەڵسەنگاندنە ڕازی مانەوە و گەشەی بەردەوامە و دەبێتە هۆی پێکهاتنی کۆمەڵگایەکی پۆشتە لە باری فەرهەنگی و ڕۆشنبیرییەوە و ئەو نووسەر و ڕەخنەگرانەی ئەم لایەنانە ڕەچاو دەکەن، دەوری سەرەکییان لە پێشکەوتنی کۆمەڵگادا هەیە.

زمان زۆر بەربڵاوتر لەوەیە بیری لێ دەکەینەوە و تەنیا ئەوە نییە کە قسەی پێ دەکرێت و لە سەر کاغەز دێتە نووسین؛ کاتێ گوێ لە پارچەمۆسیقایەک دەگریت یان چاو لە تابلۆیەکی شێوەکاری دەکەیت، بۆخۆی زمانی خۆی هەیە و لەگەڵتدا دەدوێت؛ کە پەیکەرێک دەبینیت، بینایەک، باخچەیەک، دێکۆری نێو ماڵەکەت، هەموویان بە زمانێک خەریکن چیرۆکێک دەگێڕنەوە؛ تەنانەت ئاوێنەکەش. کاتێ چاو لە مرۆڤێک دەکەیت، پێش ئەوەی قسە بکات، شێوەی نیگا و ڕۆیشتن و پێکەنین و جلوبەرگ و ڕواڵەت و هەموو هەڵسوکەوتێکی زمانە و هەر کامە و بە چەشنێکی بێبڕانەوە لە ئاخافتندان. شاعیر و نووسەر ئەوەی لەو پێکهاتە و بەشانەدا دەیبینن و هەستی پێ دەکەن، لە هزر و خەیاڵدا وێنەیەکی بۆ دادەڕێژن و چیرۆکێکی بۆ ساز دەکەن کە هەڵقوڵاوی بیر و تێگەیشتنی تاکییە و لە

فۆرمەتێکی دیکەدا دەینوێننەوە. ئەم ڕەوتە پێویستی بە هەوڵ و کاری بەردەوام و ئەزموونی پتەو هەیە و ژیان بە چەشنێکی دیکە واتا دەکاتەوە و ڕەهەندی جیاواز لە بیرکردنەوە و شێوەی تێگەیشتندا دەخاتە ئاراوە.

خوێنەری دەلال، تۆ ئاوێنەیت؛ تۆ بەشیک لەو پارچە نووسراوەیەیت. شەوقی نووسین و ژیانی نووسەر لە تۆدا ڕەنگ دەداتەوە. کاتێک نووسەر بە دەوری خۆیدا پەنگ دەخواتەوە و دڵی پێنووس هەڵدەقرچێت، کە وەکوو «قەرەجە بێ‌کاروانەکەی» ئەدەبی فارسی و هەروەها ئەدەبی جیهان، سادێق هیدایەت، تەریک بکەوێت و هەست بەوە بکات بەردەنگ لە قەوارەی خەمەکانی تێ‌ناگات و شەپۆلی سۆزی وشە و واتا لە گۆمی هەناویدا قوڵپ ناداتەوە و ناچارە تەنیا بۆ سێبەرە تەک‌کەوتووەکەی خۆی لە سەر دیوار بنووسێت. کەوایە لەنگەرێ بگرە لە قەتارەی ڕستە و گوێ هەڵخە بۆ چەخماخەی شفرەی قەڵەم، چۆن سنگی شەقڵ‌نەشکاوی لاپەڕەی نووستوو ڕادەچلەکێنێت و لە جەرگی دەق و هەوری واتا، دڵۆپ‌دڵۆپ خوێناوی زانیاری هەڵنجێنە.

تەمەن، ئەزموون، هزر، بیرەوەری، ئەوین، هونەر، حەز، هەست، خەم، خۆشی، خوێندنەوە، تەنیایی، ڕابردوو، داهاتوو، زانیاری و تێگەیشتنی مامۆستا لە پاڵاوگەی نووکی قەڵەمەکەیەوە ڕژاوەتە سەر کاغەز و کەڵکی لەوەدایە بخوێنرێنەوە و لێک بدرێنەوە و بکەونە بەر باس و ڕەخنە و ئەو کاتەیە کە دەتوانین پاڵپشتی لە نووسەرێک بکەین و بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەستخۆشی لە دەست و پێنووسەکەی بکەین. ئەو پێنووسانە تا لەگەڵ دوالاپەڕەدا ڕانەمووسێن، ئارام ناگرن و گڕی هەناویان دانامرکێت. لە هەر تەمەن و ڕۆژگارێکدا بێت، ڕچەی خۆیان دەشکێنن و تامی شیرینی داهێنان، ڕێگە نادات لە نیوەی ڕێگادا دەستەوەستان بمێننەوە؛ لای ئەوان مردن، بە واتای خانەنشین‌بوونی پێنووسە و تا لە ژیاندان، ئەم مەرگە بە ڕەوا نابینن و جوانووی قەڵەم، بەو پێدەشتانەدا هەر غار دەدات و ئەو دەڤەرانە دەدۆزێتەوە کەس ڕێی پێ نەبردووە. ئەگەرچی ئەم پێنووسە ئەرکی خۆی بە جێ هێناوە بەڵام لە ڕەوتی خۆی نەکەوتووە و گەڕای لە دەقی کوردیدا بەڵاو بووەتەوە و باڵی بە سەر زۆر بوار و ئاقاردا کشاوە. ئێستا ئەو پێنووسە پاش تەمەنێک نووسین، پاڵتۆی پیرەپیاوەکەی کۆیەی لە بەر کردووە و گەڕاوەتەوە نێو قەڵەمدانەکە.

**توورج خەسرەوی**

# شیعرییەتی دەقی *گەشتی ژیانم*، بەرهەمی مامۆستا مەسعوود محەمەد



**د. ناز ئەحمەد سەعید**
**دکتۆرای ئەدەبی کوردی لە پەیمانگای**
**ڕاهێنان وگەشەپێدانی پەروەردەیی سلێمانی**

## پێشەکی

بێگومان هونەری ژیاننامەنووسین بابەتێکی گرنگ و پڕبایەخە بەڵام لە ئەدەبیاتی کوردیدا وەکوو پێویست ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە، یان زۆرجار بە هۆی نزیکی لەگەڵ بابەتەکانی تری وەکوو بیرەوەری، بیرهاتن و دانپێدانان تێکەڵ کراون، کەخۆی (هونەری ژیاننامەنووسین) میکانیزم و تایبەتمەندیی تایبەت بەخۆی هەیە، کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا بە وردی ئەوانە شی دەکرێتەوە. مەبەست و ئامانجێکی تریّ ئەم لێکۆڵینەوەیەمان تیشک خستنە سەر بەرهەمە بەپێزو پڕئەزموونەکەی مەسعوود موحەمەدە بە ناوی *گەشتی ژیانم*؛ دەمانەوێت شێواز و تەکنیک و چۆنیەتی نووسینی ئەم بەرهەمە لە هەموو ڕوویەکەوە دیاری بکەین، چونکە هەروەکوو چۆن هەمیشە خاوەنی دید و بۆچوونی جیاواز لە هاوسەردەمەکانی خۆی بووە، بە هەمان شێوە لە نووسینی ئەم ژیاننامەیەشدا هەست بەجیاوازی و جیهانبینی تایبەتی مسعوود موحەمەد دەکرێت، کە تا ئێستا باس لەم لایەن و بەرهەمەی بەم جۆرە نەکراوە، ئەوەی کراوە شیکردنەوەی بنیاتی دەقەکە بووە لە ڕوی ڕەگەزەکانی چیرۆکەوە؛ ئێمە دەمانەوێت باس لە شیعرییەتی دەقەکە بکەین ئەو کەرەستە و هۆکارانە دیاری بکەین کە پلەی ئەدەبی و شیعرییەتی دەقەکەیان بەرز کردۆتەوە.

## ڕێباز و پێکهاتەی لێکۆڵینەوەکە

لێکۆڵینەوەکە پشت بە میتۆدی وەسفی شیکاری دەبەستێت و لە دوو بەش پێکدێت : لەبەشی یەکەمدا بە دوو تەوەر باس لە چەمک و ئەدگاری هونەری ژیاننامەی خودی و پەیوەندی لەگەڵ بابەتەکانی ڕۆمان، مێژو، شیعر، پاشان لە مێژووی هونەری ژیاننامەی خودی لە ئەدەبی بێگانەدا، و دواتر لە ئەدەبی کوردیدا دەدوێین، لەبەشی دووەمدا لایەنی پراکتیکییە لەسەر *گەشتی ژیانم*-ی مسعوود موحەمەد لە تەوەری یەکەمدا باس لە چەمکی شیعرییەت دەکەین بەگشتی و ئنجا شیعرییەتی دەقی چیرۆک، لە تەوەری دووەمدا پشتبەستن بە هەر دوو ئاستی ڕیتم و دەلالی ئاماژە بەو هونەر و کەرەستانە دەکەین کە بەشدار بوونە لە بنیاتنانی شیعرییەتی تێکستەکەیدا. پاشان ئەنجامی باسەکە

دەخەینە ڕوو کە دەمانەوێت بگەینە ئەو خاڵانەی تایبەتمەندی و جیهانبینی نووسەر دەردەخەن لە ڕووی زمان و هەڵبژاردنی وشەکان، ئاست و پلەی شیعرییەتی نووسینی ژیاننامەکە.

**زاراوەی ژیاننامە و ژیاننامەی خودی**

ژیاننامە وشەیەکی لێکدراوە لە(ژیان + نامە) کەواتە مەبەست لەو نامەیەیە کە پەیام و هەواڵی ژیانی تێدا هەڵگیراوە، لە زمانی عەرەبیدا زاراوەی (سیرة) بۆ بە کار دەهێنرێت لە فەرهەنگی دەریادا بەرامبەر بەکوردی ئەمانە نووسراوە ژیاننامە، ناوبانگ، چیرۆک، ڕاز، داستان، بەسەرهات، سەرگوزشتە، سەربوردنامە. مێژوو، باس و خواسی ژیانی یەکێک یان کۆمەڵ وگرۆهێک. مەزهەب و ڕێگا (کریم، ٢٠٠٧، ل. ٤٦٣) لە زمانی ئینگلیزیدا وشەی Biography پێ دەوترێت واتە (وەسف یان باسکردنی ژیان) وشەکە لە بنەڕەتدا یۆنانییە لە Bios بەواتای ژیان و Graphein-یش واتە وەسف (شرف،١٩٨٨، ص. ٣) کەواتە بەو گوزارشتکردن و باسکردن و گێڕانەوەیە جۆرێک لە شێوازی چیرۆک گێڕانەوە لە خۆ دەگرێت. نووسەر لە چوارچێوەی تێکستێکدا باس لە ڕووداوەکانی ژیان و بەسەرهاتەکان دەکات. جا لێرەوە بەرەو ژیاننامەی خودی دەچین و دەپرسین ژیاننامەی خودی چییە؟ ئایا نووسەر ژیاننامەی خۆی دەنووسێتەوە یان هی کەسانی دیکە؟ ئەم هونەرەش هەر وەکوو هونەرە پەخشانییەکانی تری وەک وتار و چیرۆک و ڕۆمان جۆری هەیە:

**١) ژیاننامەی بابەتی (ژیاننامەی کەسانی تر):** کە نووسەر باس لە ژیان و بەسەرهاتەکانی کەسێک، تاکێکی دیاری کۆمەڵگا دەکات، کە دەزانێت ژیانێکی پڕئەزمون و داهێنان وگۆڕانکاری بەسەربردوە، نووسەر دێت تۆماری دەکات پیشانی نەوەی نوێی دەدات.

**٢) ژیاننامەی خودی:** ئەم زاراوەیە بەرامبەر ئۆتۆبیۆگرافیا (Autobiography) دێت کە لە بنەڕەتدا یۆنانییە لەAuto خود Bios ژیان Raphein وێنە (الحاني،١٩٥٩،ص.٥٩) ئەم زاراوەیە لە ساڵی ١٨٥٠ لە فەرەنسا فیلیپ لیجین دایهێناوە لەم چەشنەدا ئەو کەسایەتییە خۆی چیرۆک و بەسەرهاتی خۆی دەنووسێتەوە نەک کەسێکی تر (ئەسوەد،٢٠١٥ ، ل. ١٠٢) کە مەبەست لێی نووسین یان وێناکردنی ژیانی خودە، لە عەرەبیشدا زاراوەی السيرة الذاتية-ی بۆ بەکار دەهێنرێت. کەواتە مێژووی تۆمارکراوی ژیانی خودی نووسەرەکە دەگرێتەوە.

دەشتوانین بڵێین بیۆگرافیا نوسینەوەی چیرۆکی ژیانی نووسەرێک، زانایەک، سیاسەتمەدارێک، شاعیرێک، بیرمەندێکە لەلایەن کەسێکی ترەوە، بەڵام ئۆتۆبیۆگرافیا بریتییە لەو چەشنەی زانایەک، سیاسەتمەدارێک، نووسەرێک، بیرمەندێک، شاعیرێک خۆی چیرۆکی ژیانی خۆی دەنوسێتەوە.

**پێناسەی هونەری ژیاننامەی خودی:**

بۆناساندنی ئەم زاراوەیە چەندین پێناسەی بۆ کراوە، بەپێی سەردەم و ڕۆژگار هەندێ گۆڕانکاری بەسەردا هاتوە، سەرەتا تەنیا لەوانەیە لە خاڵە وردەکاندا هەندێ جیاوازییان هەبێت بەڵام بە گشتی کۆکن لەسەر ئەوەی ژیاننامەی خودی ئەدەبە هەر وەک جۆرەکانی دیکەی ئەدەب بەشێوەی پەخشان دەنووسرێت (هەرچەندە بە شیعریش دەگێڕێتەوە) جۆرێکە لە ئەدەب لە گێڕانەوەی بەسەرهات و بەدواداچوونی مێژوویی ژیانی تاکێک لە تاکەکانی ناو کۆمەڵگا و پیشاندانێکی دروست و وردی ژیان و کەسێتی تاکەکە (المقدسی،١٩٨٧،ص.٥٤٧) وێناکردن وپیشاندانی ژیانی خودی مرۆڤە وەکوو خۆی چۆن دەبینێت، لۆجۆن دەڵێت : ژیاننامەی خودی پەخشانێکە لەشێوەی ڕۆماندا کەسەکە تیایدا لە دوای تێپەڕبونی ماوەیەک چیرۆکی بەسەرهاتی ژیانی ڕابردوی دەگێڕێتەوە، تیشک دەخاتەسەر کەسێتی ژیانی وبەتایبەتی مێژووی چۆنیەتی دروستبونی کەسێتیەکەی (لۆجۆن،١٩٨٤،ص.٢٥) یان دەڵێن: بەشێکە لەچیرۆکی ژیانی کەسێک کە لە کۆمەڵگادا دەژی بەسەرهات وسەبوردەی مرۆڤایەتی بەشێوازێکی تایبەتی خودی دادەڕێژێتەوە بەمەبەستی دەرخستنی ئایدۆلۆژیا و بیروباوەڕەی خۆی یان جەختکردنەوە لەسەر باوەڕ و هزری بۆ ژیان و هەندێک پرسی دنیایی کە دەیەوێت کەسانی تریش بەشداربن و بیزانن (محمود،٢٠٠٤،ص.٢٥٢) نووسەرێکی دیکە دەڵێت : گێڕانەوەیەکی چیرۆک ئامێزە، نووسەر تێدا بەزنجیرەیەکی ڕێکخراو باسی ژیانی خۆی دەکات (التونجی، ١٩٩٩، ص. ٥٣٦) لەم پێناسانەوە دەتوانین کۆمەڵێک بنەما و بنەڕەتی ژیاننامەی خودی دەستنیشان بکەین لەوانە: ڕێکخستنی کات واتەگێڕانەوەی ڕووداوەکان بە ڕیز یەک لەدوای یەک، گێڕانەوەی لە ڕێگەی بەکارهێنانی جێناوی کەسی من، چونکە ئەو خاوەنی ژیاننامەکەیە، ئەبێت گێڕانەوەکە لە شێوەی چیرۆکدابێت، ئەبێت ژیاننامە و بەسەرهاتی کەسەکە بگێڕێتەوە، ئەبێت نووسەری ژیاننامەکە لەگەڵ گێڕەرەوەکەدا تەبا و هاوشێوە و وەک یەک بن، نووسەر باسی داهاتوو ناکات تەنیا ڕابردوو دەگێڕێتەوە.

لەو پێناسە جۆربەجۆرانەی لە پێشەوە باسمان کردن دەتوانین ئەم پێناسە گشتگیرە بەرهەم بێنین: ژیاننامەی خودی بەرهەمێکی هونەری ئەدەبی پەخشان- شیعریە و فۆرمێکە لە فۆرمەکانی ژیاننامە کە نووسەرەکەی بە شێوازێکی تایبەت بە خۆی دوای تێپەڕبوونی ماوەیەکی درێژ بەسەر ئەزمون و ڕووداوەکانی ژیانی تایبەتی خۆی، دێت بە ڕێکخستن وگرێدان و ڕیزکردنی یەک لە دوا یەکی ڕووداو و بەسەرهات و سەربوردەکانی ژیانی خۆی دەگێڕێتەوە و تۆماریان دەکات.

## پەیوەندیی ژیاننامەی خودی و ڕەگەزە ئەدەبییەکانی دیکە

ژیاننامەی خودی بە ڕەگەزێکی ئەدەبی نوێ دادەنرێت بە بەراورد لەگەڵ ڕەگەزە ئەدەبییە پەخشانییەکانی تری وەک: چیرۆک، کورتەچیرۆک، ڕۆمان، وتار، شانۆگەری، و ژیاننامەی خودی پەیوەندییەکی بەهێز و بەناویەکداچووی هەیە لەگەڵ هەندێک لەو ڕەگەزە ئەدەبییانە بەتایبەتی ئەوانەی کە لێوەی نزیکن وەک: ڕۆمان، بیرەوەری، دانپێدانان، ڕۆژژمێر لە لایەک شیعر و مێژووش لە لایەکی ترەوە.

## پەیوەندی ژیاننامەی خودی لەگەڵ ڕۆمان

پڕۆسەی جیاکردنەوەیان لە یەکتری کارێکی ئاسان نییە، هەرچەندە دوو جۆری ئەدەبی سەربەخۆن بەڵام سوود لە یەکتر وەردەگرن و پەیوەندی نێوانیان زۆر نزیک و توندوتۆڵە هەر بۆیە (بارت) بەم جۆرە وەسفی ژیاننامەی خودی دەکات کە ڕۆمانێکە ناوێرێت بانگەشە بۆ خۆی بکات (الصگر، ١٩٩١، ص. ١١٥) هەروەها لۆجۆن-یش دەڵێت: ژیاننامەی خودی جگە لە جۆرێکی تایبەتی ڕۆمان زیاتر هیچی تر نییە، بۆیە شتێکی نامۆ و دوور نییە لە ڕۆمانەوە (لۆجۆن، ١٩٨٤، ص. ٢٨)، سەرەڕای ئەوەی ژیاننامەی خودی تەکنیک و شێوازەکانی ڕۆمان وەردەگرێت بەڵام هێشتا لە هەندێ خاسییەت و تایبەتمەندیدا لە ڕۆمان جیا دەبێتەوە، نووسەری ژیاننامەی خودی پشت بە ئیلهام و داهێنان نابەستێت بۆ دروستکردن و نووسینی بابەتەکان بەڵکوو پشت بە بیرکردنەوە و وەبیرهێنانەوەی وێنە و ڕووداو و بەسەرهاتەکانی ڕابردوو دەبەستێت تا بە شێوازێکی هونەری مانابەخش دەریان ببڕێت، هەروەها لە ڕووی گێڕانەوەی چیرۆکەکانەوە ئەزموون و تاقیکردنەوەکان لە ژیاننامەی خودیدا موڵکی ڕابردووە تەنانەت ئەگەر ئاماژە بێت بۆ داهاتووش، بەڵام ئەزموون لە چیرۆکدا هی ئێستایە تەنانەت ئەگەر ڕابردوو یان داهاتووشی چارەسەر کرد (فهمی، ١٩٧٠، ص. ٢٤٨) کەواتە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت نووسەری ژیاننامەی خودی ئەو ڕووداوانەمان پێشکەش دەکات کە لە ڕابردوودا ڕوویان داوە و تەواو بوون بەڵام دێت هەموویان کۆ دەکاتەوە بۆ ئەوەی کەسێتی سبەی و دووسبەی لێ دروست بکات، بەڵام نووسەری ڕۆمان لە باسکردنی ڕابردوودا مەبەستی ئەوە نییە کە چیرۆکێکی مێژوویی بنووسێت، تەنیا دەیەوێت ئێستا لەگەڵ ڕابردوودا بگونجێنێت یان وەری بگرن وەکوو پەند و ئامۆژگاری، و کە باسی داهاتوو دەکات دەیەوێت بیر و خەیاڵی نەوەی نوێ بە کۆمەڵێک ئاسۆی نوێ ئاشنا بکات، هەمیشە ئێستا خاڵی سەرەکی و چەقی مەبەستی نووسەرە لەوێوە بەرەو پێشەوە و دواوە دەجووڵێت. ژیاننامەی خودی لە ڕۆمان جیا دەبێتەوە لە ڕووی کۆتاییەکەیەوە وەکوو دەبینین ژیاننامەی خودی کۆتاییەکەی دیار ئاشکرایە. نووسەر لە ئێستایەکی بەدیهێەری بینراودا دەوستێت،

لە کاتێکدا کۆتایی ڕۆمان نادیارە هەتا بە ناویدا ڕۆبچین و ورد بینەوە هەست دەکەین لایەنێکمان بۆ ڕوون بۆتەوە و چەندین لایەن هێشتا شاراوەن (فهمی، ١٩٧٠، ص. ٢٤٩) سەبارەت بە کارکتەر و کەسێتیەکانیش، لە

ژیاننامەی خودیدا کەسێتی خەیاڵی و ئەفسانەیی بوونی نییە چونکە نووسەر بە شێوەیەکی ڕاستگۆیانە و پشت بەستن بە کەسانی ڕاستەقینە (واقیعی) ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە (عبدالدایم، **١٩٧٥**. ص. **٢٩**) کەواتە ئەرکی نووسەری ژیاننامەی خودی گرانتر و قورسترە (ئەگەر بیەوێت بە شێوەیەکی هونەری ئەدەبی بابەتەکە بنووسێت) چونکە لە لایەک دەبێت ڕاستگۆیانە، بێ زیادەڕۆیی باسی ڕووداوەکان بکات، دوور لە خەیاڵ و وێنەیی ئەفسانەیی، لە لایەکی دیکەشەوە دەبێت بە لایەنی ئەدەبی بدات و وێنەی هونەری پێشکەش بکات. لە ڕووی کاتەوە نووسەری ژیاننامەی خودی دەبێت پەیوەست بێت بە ڕیزبەندی لە ڕووی گێڕانەوەی ڕووداوەکانەوە، واتە ڕووداوەکان بەپێی زەمەنی ڕوودانیان یەک بە دوای یەکدا باس بکات، لە پێشا باسی سەرەتاکانی ژیانی دەکات دواتر ئەو گۆڕانکارییانەی کە بە سەریدا هاتوون لە قۆناغەکانی تری ژیانی، بەڵام بۆ نووسەری ڕۆمان سەربەستە چ ڕێگە و ڕیزبەندییەک بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەکان هەڵدەبژێرێت (عبدالدایم، ١٩٧٥ ، ص٢٧) لەگەڵ ئەو جیاوازیانەشدا لە ڕووی ئەو ڕەگەزانەی کە بەشداری دەکەن لە بنیاتنانی ڕۆماندا وەکوو یەکن، ڕەگەزەکانی (کەسایەتی، گێڕانەوە، شوێن، کات، ڕووداو) لە ژیاننامەی خودیشدا هەیە، جگە لەوەی وەکوو ڕۆمان هونەرێکی ئەدەبی سەربەخۆیە.

**پەیوەندی ژیاننامەی خودی لەگەڵ مێژوودا**

سەرەتای سەرهەڵدان و دەستپێکردنی ژیاننامەی خودی لە ئەدەبیاتی هەموو میللەتاندا بە مێژوو دەستی پێکردوە چونکە پڕە لە ڕووداوی مێژوویی و گێڕانەوەی شەڕوشۆڕ و باسی قارەمانەکانی مێژوو و ژیاننامەی ناودارانی تێدا کراوە، وەک (ژیانی ناودارانی یۆنان وڕۆمان)ی بلۆتارک، ژیاننامەی پێغەمبەر محەمەد (د.خ) و لە ئەدەبی کوردیشدا (یاداشتی) ڕەفیق حیلمی و (چیم دی) ی ئەحمەد خواجە، کە بە ئاشکرا دەبینین مێژوو ڕووبەر و پانتاییەکی فراوانی لە دەقەکە داگیر کردووە. و لە هەندێک لەو پێناسانەی کە بۆ ژیاننامەی خودی کراون، جەخت لەسەر مێژووی کەسی دەکەنەوە کاتی دەڵێن: بریتییە لە گێڕانەوەی مێژوویی کەسی و نووسەر پشت بە بیر و یادگەی خۆی دەبەستێت بۆ گێڕانەوە و بیرکەوتنەوەی ڕووداو و بەسەرهاتەکانی ژیانی کۆکردنەوە و دووبارە دارشتنەوەی بە شێوەیەکی ئەدەبی و هونەری جوان. بەڵام بێگومان خاڵی جیاواز و جیاکەرەوەشیان هەیە، لەوانە: لە ڕووی ڕووداو و کەسایەتییەکانەوە هەردووکیان ڕووداو و کەسایەتییان تێدایە، بەڵام مێژوو زیاتر جەخت لەسەر ڕووداوەکان دەکاتەوە، کەچی ژیاننامەی ئەدەبی دەبێت جەخت لەسەر یەک کەسایەتی بکاتەوە کە چەقی بابەتەکەیە و کەسایەتییەکانی تر و ڕووداوەکان لە دەوری ئەو دەسوڕێنەوە (شاکر، ٢٠٠٢، ص. ١٧) لایەنێکی تر مێژوونووس پشت بە بەڵگەنامە و نووسراو دەبەستێت بۆگێڕانەوەی ڕووداوەکان پرۆسەی نووسینی مێژوویی بریتییە لە دەرخستن و بەدوادا چونی ڕاستییەکان (شاکر، ٢٠٠٢، ص. ١٨) واتە بیر و یادگەی هیچ ڕۆڵێکیان نابێت لە داڕشتنی بەرهەمەکەدا بەڵام نووسەری ژیاننامەی خودی هەرچەندە مێژووی تاکەکەسی ئەو بە مێژووی گشتییەوە گرێ دراوە کەچی پشت بە یادگە دەبەستێت لە گەڕاندنەوەی

زانیارییەکان و گێڕانەوەی ڕووداوەکان کە زۆر جاریش یادگە بەڕاستی زانیارییەکان ناهێنێتەوە بیرمان، ئەمە سەرباری بەکارهێنان و تێکەڵکردنی هەندێ لایەنی هەست و سۆز و ڕەگەزی خەیاڵ لە کاتی گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا، کە ئەمە ئەرکی نووسەر گرانتر دەکات چونکە دەبێت هاوسەنگییەک ڕابگرێت لە نێوان کارێکی هونەری و باسکردنی مێژوو تا بتوانێت مادەیەکی مێژوویی بە شێوازێکی هونەری لە قاڵبێکی چێرۆک ئامێزدا پێشکەش بکات (اسماعیل، ١٩٧٢، ص. ١٣٩) لە کاتێکدا دەبێت مێژوونووس دەبێت خۆی بە دوور بگرێت لە هەست و سۆز و خەیاڵ، بە زمانێکی ڕوون و ئاشکرا بنووسێت بۆ ئەوەی تووشی تێکچوون و شپرزەیی نەبێت لە کاتی تۆمار کردنی ڕووداوەکان.

بەم شێوەیە ئەو پەیوەندییەی ژیاننامەی خودی لەگەڵ مێژوودا هەیەتی، نابێتە هۆی ئەوەی بچێتە ژێرخانەی بەرهەمی مێژووییەوە، وەکوو لقێک یان پاشکۆیەکی مێژوو سەیر بکرێت، لەبەر ئەوەی ژیاننامەی خودی هونەرێکی ئەدەبی سەربەخۆیە، تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەڵام هەناسەیەکی مێژوویی تێدایە چونکە مرۆڤ ناتوانێت مێژووی تایبەتی خۆی لەمێژووی گشتی جیا بکاتەوە.

**پەیوەندی ژیاننامەی خودی لەگەڵ شیعردا**

زۆربەی ئەو پێناسانەی بۆ ژیاننامەی خودی کراوە بە هونەرێکی پەخشانی دانراوە، بەڵام نابێت ئەوەش لە یاد بکەین کە شتێکی سروشتی و ئاساییە مرۆڤ بە هەر هونەرێکی ئەدەبی بیەوێت دەتوانێت گوزارشت لە ژیانی خۆی بکات، جا هەندێک بە شێوەی پەخشان و هەندێکی تر بە شێوەی شیعر ژیاننامەی خۆیان تۆمار دەکەن، بەڵام لە ڕووی ئەدەبی و تەوزیف کردنی کەرەستەکانەوە نووسەری ژیاننامەی خودی پشت بە ڕاستییەکان دەبەستێت بۆگێڕانەوەی سەربوردە و ڕوداوەکان، بەڵام شاعیر ڕاستییەکان لەسەر بنەمای دید و بۆچوونی خۆی تێکەڵ بە زیادەڕۆیی و لادانی سینتاکسی و سیمانتیکی دەردەبڕێت (شاکر، ٢٠٠٢، ص. ١٩) لەگەڵ ئەوەشدا ڕای جیاواز و دژ بە یەک هەیە دەربارەی بوونی ژیاننامەی خودی بە شێوەی شیعر، هەندێک تەواو دژی ئەوەن ژیاننامەی خودی بە شیعر بنووسرێت پێیان وایە ژیاننامەی شیعری هیچ یاسا و بنەمایەکی ژیاننامەی خودی بەسەردا ناچەسپێت چونکە شیعر بۆ ئەوە ئامادە نییە کە هەموو لایەنەکانی ژیان پێکەوە لە خۆ بگرێت، ئەوەشی بە ژیاننامەی شیعری ناو دەبرێت مەرجەکانی ژیاننامەی خودی بەسەردا جێبەجێ ناکرێت (مریع، ٢٠٠٣، ص.٩ ١) بە شێوەیەکی ڕوونتر ژیاننامەی خودی شیعری ناچێتە ناو وردەکارییەکانی ژیان و ڕووداوەکان بە دوور و درێژی ناگێڕێتەوە بۆیە بە شێوەیەکی کورتتر لە پەخشان تەنیا باسی خاڵە گرنگەکانی ژیان دەکات و ئاماژە بە کەسە دیار و گرنگەکانی ژیانی دەکات نەک وەکوو پەخشان باسی نزیک و دوور و دیار و نادیاری هەموو کەسایەتییەکەن بکات چونکە هەندێ خاسییەت و تایبەتمەندی شیعر هەیە (کێش، ڕیتم،...) ڕێگرن لە بەردەم وردەکاری و درێژدادڕی، یان هەندێکی تر دەڵێن: ئەو جۆرە زۆر کەمە و بڵاو نییە هەزارەها بەرهەمی ژیاننامەی خودی بە شێوەی پەخشان هەیە، بەڵام ژیاننامەی خودی بە شێوەی شیعر زۆر کەمە و لە

پەنجەکانی دەست تێپەڕ ناکات (لۆجۆن، ١٩٨٤، ص. ١٦) کەچی لە بەرامبەردا کۆمەڵە نووسەرێکی تر جەخت لەسەر بوونی ژیاننامەی خودی بە شیعر دەکەنەوە، پێیان وایە ڕاستە گێڕانەوە پێچەوانەی وەسف کردنە و شیعریش زیادەڕۆیی و لادان و وەسف کردنی ڕووداوەکانە بەڵام ئەمە ڕێگر نییە لەوەی شاعیر بە شیعر باس لە ژیانی خۆی بکات بگرە پێویستی بە توانای فراوان و شارەزایی و کارامەیی زیاتر دەبێت، چونکە ئەمە کارێکی ئاسان و سادە نییە بەڵکوو کارێکی داهێنەرانەیە، دەبێت شاعیر ئەزموونێکی شیعری دەوڵەمەندی هەبێت، توانای گێڕانەوەی بەهێز بێت (الجبوری، ١٩٩٩، ص. ١٦) پێمان وایە ژیاننامەی خودی جۆرێکە لە گێڕانەوە و باسکردنی مێژووی ژیانی کەسەکە جا بە پەخشان بێت یان بە شیعر، لە ئەدەبی کوردیشدا هەمانە کە هەندێ شاعیر ژیاننامەی خۆی بە شیعر نووسیوە لەوانە: (جگەرخوێن) بەناونیشانی(بکورتی ژیانا من) (دیوانی جگەرخوێن ل٢٧٨)

**تەوەری دووەم: مێژووی ژیاننامەی خودی**

**مێژووی ژیاننامەی خودی لە ئەدەبی بیانەدا**

سەبارەت بە سەرەتا و بنەڕەتی ژیاننامەی خودی لە ئەدەبی ڕۆژئاوادا دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی چوارەمی زایینی کە هەرچەندە وەکوو ئێستا و بەم چەمکە نوێیە نەبوە، لە مێژووی یۆناندا باسی ژیاننامەی پیاوە گەورەکان و پزیشک و فەیلەسوفەکانیان تۆمار کردوە، وەکوو ڕابەر و پێشەنگ سەیریان کردون، بۆ نمونە لە سەدەی یەکەمی زایینیدا بلوتارک کتێبێکی بەناوی ژیاننامەی ناودارانی یۆنان و ڕۆمان داناوە(عبدالستار، ١٩٩٦، ص. ١٨) کە بە گەورەترین نووسەری ژیاننامەی ناوداران دادەنرێت. لەگەڵ پەیدابوونی ئاینی مەسیحی و هەزارەی یەکەمی زایینیدا، چەند ژیاننامەیەک تۆمار کران لە شێوەی دانپیاناندا کەب اسی ژیانی پیاوانی ئایینی دەکەن، یەکەم دانپیانانی ئایینی لە لایەن قەدیس ئۆگەستین لە سەدەی ٤ی زایینیدا نووسراوە،کە بە یەکەم ژیاننامەی خودی ڕاستەقینە دادەنرێت، باس لە خەباتی ئایینی و سەرکەوتنەکانی دەکا (عبدالدایم، ١٩٧٥، ص. ٢١٣) ئەم دانپیانانەش یەکێک بوو لە پرنسیبەکانی ئایینی مەسیحی و بە مەبەستی تیشک خستنە سەر ژیانی ڕابووردوویان و پاک بوونەوە لەگوناهەکان و خزمەت کردنی ئایین بووە. بە گشتی پێش ڕێنسانس چەند هەوڵێکی تر دراوە لە شێوەی نامە و بەڵگەنامە ... بەڵام دوای ڕێنسانس چەند گۆڕانکارییەکی ئابووری و سیاسی بەسەر ئەورووپادا هات، گرنگیدان بە مرۆڤ و کەسایەتی مرۆڤ گەشەی کرد، چەند بەرهەمێکی ژیاننامەی خودی دەبینرێت لەوانە: ژیانی بنڤنیوتو تشلینی کە باسی ژیانی خۆی دەکات، هەروەها بەرهەمی پزیشکی ئیتاڵی جیرونیمو کاردانو بەناوی: ژیانی تایبەت لە ساڵی ١٥٧٤ (شرف، ١٩٨٨، ص. ٤٠) لە سەدەی ١٧دا چەندین بەرهەم دەرکەوتن دیارترینیان یاداشتەکانی سیر ادموند لودلو، سیرجون ریرسبی لە ئینگلترا، مدام موتڤیل ، کاردیناڵ دی ریتز لەفەرەنسا (شرف، ١٩٨٨، ص. ٣٨-٤١)

هەواڵنامەی کتێب

لە سەدەی هەژدەیەمدا ئەدەبی ژیاننامەی خودی زیاتر گەشەی کرد لەم بارەیەوە جۆرج مای دەڵێت: سەرەتای پەیدابوونی ژیاننامەی خودی بۆ ناوەڕاست و کۆتایی سەدەی ١٨هەم دەگەڕێتەوە، لەو کاتەی کە دانپیانانەکانی جان جاک ڕۆسۆ بڵاوکرانەوە (مای، ١٩٩٢، ص. ٢٦) لە سەدەی ١٩هەمدا کە سەدەی ڕۆمانسیەت بوو گەڕانەوە بۆ خودوتاک، مرۆڤ هەستی ناخی خۆی دەربڕی کۆمەڵێک نووسەر و شاعیر ژیاننامەی خۆیان نووسی لەوانە: دی لامارتین، جون رسکین، ماکسیم گۆرکی.................. (شرف، ١٩٨٨، ص. ٤٣) بە هەمان شێوە لە سەدەی٢٠هەمدا بە هۆی پەیدابوونی فەلسەفەی بوونگەرایی و گرنگیدان بە زانستی دەروونناسی لە لایەن سیگمۆندفرۆیدەوە هاندەر بوون بۆ ئەوەی تاک ڕای خۆی دەرببڕێت، لە بەرهەمەکانی ئەو سەردەمەش جورج مو، گابرێل مارسیل، هیگڵ، گۆتە..... (عبدالدایم، ١٩٧٥، ص. ٢٠-٢١) بەم جۆرە پێشکەوتنی باشی بە خۆوە بینی هەرچەندە لە ژێر ناوی جیاوازدا وەکو: یاداشت، نامە، بیرەوەری، ڕۆژانە..... دەردەچوون بەڵام هەموویان گوزارشتیان لە ژیاننامەی خودی دەکرد.

لە ئەدەبی عەرەبیشدا مێژووی ژیاننامەی خودی بۆ چەند قۆناغێک دەگەڕێتەوە: سەردەمی جاهیلی ژیاننامەی هونەرێکی ئەدەبی نەبووە، هەر هۆزێک بۆ خۆدەرخستن و شانازی کردن بە خۆیەوە شیعرییان وتووە پێش ئەوەی ژیاننامەی خودی وەکوو هونەرێکی ئاخاوتن بناسرێت لە ئەدەبی عەرەبیدا، شیعر ئەم ئەرکەی بینیوە و کەسایەتی عەرەبی لە شیعرەکاندا بەدەرکەوت (شرف، ١٩٨٨، ص. ٥١) لە دوای بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام هونەری ژیاننامە بە گشتی و ژیاننامەی خودی بە تایبەتی وەکوو دەق بڵاو بوونەوە بە هۆی تۆمار کردنی ژیاننامەی پێغەمبەری ئیسلام محمد(د. خ) کتێبی السیرە النبویە ی ابن هشام کۆنترین سەرچاوەیە کە باسی ژیاننامەی پێغەمبەری کردبێت (عبدالستار، ١٩٩٦، ص.٤٥ ) ژیاننامە بۆ ماوەیەکی زۆر تەنیا بۆ باسکردنی ژیانی پێغەمبەر تەرخان کرا، دواتر بۆ ژیانی تاکی تریش جگە لە پێغەمبەر بەکار هات وەکوو: ژیاننامەی احمد بن طولون لەلایەن احمدیوسف بن الدایە، هەروەها ژیاننامەی صلاح الدین لە لایەن ابن شدادەوە نووسراوە (عبدالدایم، ١٩٧٥، ص. ٣١) وەک دەبینین لای عەرەبەکان سەرەتای نووسینی ژیاننامە وەکوو دەق ژیاننامەی بابەتی بووە. سەدەی ٢٠هەم بە سەدەی سەرهەڵدانی ژیاننامەی خودی دادەنرێت، چەندین بەرهەمی ژیاننامەی بەرز و جوانمان بەرچاو دەکەوێت لەوانە: الاعتبار ی اسامەبن منقذ، التعریف بابن خلدون و رحلتە غرباوشرقا هی ابن خلدون، الایام ی طە حسێن، انا هی عباس محمودالعقاد، حیاتی هی احمدامین، قصە حیاتی هی المازنی، اوراق حیاتی هی نوال السعداوی .....بەم شێوەیە دەبینین هونەری ژیاننامەی خودی لەئەدەبی عەرەبیشدا هونەرێکی باو بڵاوە و لەگەڵ گەشەسەندنی قۆناغەکانی ئەدەبدا گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە.

## مێژووی ژیاننامەی خودی لە ئەدەبی کوردیدا

بە شێوەیەکی گشتی ئەدەبیاتی کوردی وەکوو هەموو ئەدەبیاتەکانی تر بێ بەش نییە لە هونەرە ئەدەبییەکان و هەموو جۆرە هونەرەکانی لەخۆگرتووە، بەڵام چۆنیەتی سەرهەڵدان و دەرکەوتنیان جیاوازە، یان لەناو بەرهەمە سەرەتاییەکۆنەکان چەکەرەی کردووە، یان بەهۆی کاریگەری ئەدەبیاتی بێگانەوە سەری هەڵداوە،کۆتایی سەدەی ١٩هەم و سەرەتای سەدەی٢٠هەم گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە ناو میللەتی کوردا لە ڕوی سیاسی و ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەوە ڕویدا، گەشت کردن و تێکەڵ بوونی کەسانی تر و شارەزا بوون و ئاشنا بوون بە ئەدەبیاتی ئەو گەلانە و ناسینی جۆرێکی تری نوێی ئەدەبی وەکوو هونەری ژیاننامە کە بە زمانەکانی تر عەرەبی و ئەورووپی نووسراون، وایکرد سەرەنجیان ڕابکێشێت بۆ ئەم هونەرە. ڕێگا یان بڵێین هۆکاری دووەمیش ئەوەیە کە ئەدەبیاتی کوردیش وەکوو ئەدەبیاتی نەتەوەکانی تر سەرەتا بە شیعر دەستیان پێکردووە لە شانازی کردن بە خۆیان و ڕەچەڵەک و باوباپیرانیانەوە. زۆر جار لە شیعری هەندێک لە شاعیرانی کلاسیکی کوردیدا ڕەگ و ڕیشەی ژیاننامەی خودی بەرچاو دەکەوێت، بەوەی شانازی بە خۆیانەوە دەکەن، ناو و نازناو مێژووی لە دایک بوونیان دەنووسن، مێژووی گەشت کردن لە دێرێک یان چەند دێڕێکدا تۆمار دەکەن. ئەمە بە سەرەتایەکی سادە و ساکار دادەنرێت. بۆ نمونە: میرزا مەهدی خانی کەوکەب سەبارەت بە مێژوی لە دایکبوونی باباتاهیری هەمەدانی پشت بە یەکێک لە دوو بەیتەکانی باباتاهیر دەبەستێت کە دەڵێت :

موئان بەحروم کە دەر زەرف ئامەدەستوم

موئان نوقتە کە دەر حەرف ئامەدەستوم

بەهەر ئەلفی ئەلف قەددی بەر ئایو

ئەلتقەدووم کە دەر ئەلف ئامە دەستوم (دەستگردی، ١٣٦٩، ص. ٤-٥)

نووسەر ڕستەی(ئەلفی ئەلف قەددی)ی بە حسابی ئەبجەدی لێکداوەتەوە و بە ساڵی لە دایکبوونی باباتاهیری دادەنێ. دواتریش هەندێ شاعیری تر وەک: باباسەرهەنگی دەودانی، بابا جەلیلی دەودانی بە شیعر مێژووی لە دایکبوونی خۆیان بە شیعر نووسیوە (خەزنەدار، ٢٠٠١، ل. ٢٣٤، ٣٠٤) هەوڵێکی تریش درا بۆ تۆمار کردنی کورتەیەک لە ژیانی شاعیران و نووسەران ئەویش بە نووسینی چەند پەڕەیەک لە سەرەتای دیوانە شیعرییەکاندا دەربارەی ژیاننامەی شاعیرەکە، بۆ نموونە: شێخ سەلام ی شاعیر بە دەست و خەتی خۆی بەشێکی کەمی لە ژیانی خۆی لە سەرەتای دیوانەکەیدا تۆمار کردوە (خەزنەدار، ٢٠٠١، ل. ١٨٦) هەروەها هێمن ی شاعیر لە سەرەتای دیوانەکەی لە بەشی لەکوێوە بۆ کوێ؟ هێمن-دا ژیاننامەی خۆی نووسیوە.

هەواڵنامەی کتێب

بەڵام ئەگەر بمانەوێت وەکوو پەرتووکێکی سەربەخۆ باس لە هونەری ژیاننامەی خودی لە ئەدەبی کوردیدا بکەین، ئەوا دەبێت لە یاداشتەکانی وەفایی شاعیرەوە دەست پێ بکەین، کە بە ناونیشانی (بیرەوەرییەکانی وەفایی، تحفه المریدین) کە بۆ کۆتایی سەدەی ١٩ هەم دەگەڕێتەوە وەک وەفایی خۆی دەیگێڕێتەوە لە ساڵی ١٨٩٥ ئەم بیرەوەرییانەی نووسیوە، چونکە لەو ساڵەدا شێخ عەبدولقادی کوڕی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری لە ئەستەمولەوە نامە و ڕاسپێریی بۆ وەفایی دەنێرێ، کە ئەگەر وەفایی بیرەوەری و شیعری خۆی بنووسێتەوە و بۆی بنێرێت، دڵشاد دەبێ و بۆی چاپ دەکا.... وەفاییش ئەم هەواڵە وەک مزگێنی وەردەگرێ و بەپەلە دەست بە نووسینەوەی بیرەوەرییەکانی دەکات (خزر، ١٩٩٩، ل. ٥) بەم جۆرە وەفایی دەبێتە یەکەم شاعیری کورد کە بیرەوەری خۆی نووسیبێتەوە، بەڵام بەداخەوە تا ساڵی ١٩٩٩ چاپ ناکرێت.

دیارە گوزارشت کردن و تێڕامان و دەربڕین لە ناخ و ژیان و بەسەرهاتەکانی خودی خۆت پێویستی بە بوێری و ڕاستگۆیی هەیە لە هەمان کاتدا دەبێت کەش و هەلی باشی بۆ بڕەخسێت، هەموو هونەرێکیش سەرەتا تووشی کێشە و ململانێ دەبێت تا بە تەواوی جێگیر دەبێت، نووسەرانی کوردیش سەرەڕای ئەو گرفتانەی کە باسمان کردن لەبەر سانسۆری کۆمەڵگا و سیاسەت....نەیانتوانیوە بە ئارەزووی خۆیان گوزارشت لە خودی خۆیان بکەن، میللەتی کورد هەمیشە ژێردەستەبوە، ناحەزانی زۆربوون، نەیانهێشتووە لە هیچ ڕوویەکەوە پێش بکەوێت بە لایەنی ئەدەبیشەوە، بۆیە بە بەراورد بە ئەدەبیاتی جیهانی و جۆرەکانی تری ئەدەب درەنگتر هونەری ژیاننامەی خودی ناسیوە ژیاننامە ژانرێکی تازەیە و بەراییەکانی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم ڕەفیق حلمی و ئەحمەد خواجە بە دەست پێشخەر دادەنرێن لەم بوارەدا (عومەر، ٢٠٠٦، ل. ١١١) کە نووسراوەکانیان زیاتر وەکوو پەیامێکی سیاسی و ڕووداوێکی مێژوویی لە بیر نەکرا و تۆمار کردووە.

پاشان ژیاننامەی خودی گەشەی کرد و بەرهەمەکان زۆر بوون، ئەمانەش هەندێ نموونەی هونەری ژیاننامەی خودین:

١) بیرەوەرییەکانی وەفایی، تحفه المریدین

٢) ڕەفیق حلمی- یاداشت- ٧ بەرگ- ١٩٥٦ بۆ ١٩٥٧ چاپ کراوە.

٣) ئەحمەد خواجە- چیم دی- ١٩٦٨ چاپ کراوە.

٤) مەلا عەوڵای حاجی سمایل- سەربردەی ژیانی سیاسیم- ١٩٩٠ چاپ کراوە.

٥) جگەرخوێن- ژینا نیگارامن- ١٩٩٥ چاپ کراوە.

٦) هەژارموکریانی- چێشتی مجێور- ١٩٩٧ چاپ کراوە.

٧) پاکیزە ڕەفیق حلمی- کوردە ژیانێکی پڕ ئەندێشە- ٢٠٠٠ چاپ کراوە.

٨) هێمن- لەکوێوە بۆ کوێ؟ - ٢٠٠١ چاپ کراوە.

٩) شاکر فتاح- ئاوێنەی ژیانم- ٢٠٠٣ چاپ کراوە.

١٠) هێدی- ئاوێنەشکاو یان بیرەوەری هێدی- ٢٠٠٤ چاپ کراوە.

هەرچەندە ئەرکی نووسینی ژیاننامەی خودی زیاتر دەکەوێتە ئەستۆی کەسایەتی سیاسی و نووسەرە ناسراو و سەرکردەی حیزب و کەسە سەرکەوتووەکانی کۆمەڵگا، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت لە دوای ڕاپەڕینی١٩٩١ ژمارەی ژیاننامەی خودی ڕوو لە زیاد بوونە، لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەیان تەنیا مەبەستیان شانازی کردنە بە خۆیانەوە و پاکانە کردنە بۆ خۆیان، جگە لەوەی بە کەمی ڕەچاوی لایەنی ڕاست و دروستی ڕووداوەکان دەکرێت لایەنی هونەری و ئەدەبیش پشتگوێ خراو زۆرێک لەوانەی ژیاننامەی خۆیان دەنووسنەوە لە بنەڕەتدا نووسەر نین و شارەزای هونەری گێڕانەوە نین (ئەحمەد، ٢٠٠٧، ل. ٢٠٠) بۆیە ئەم جۆرەی ژیاننامە کە لە ڕووی هونەری و بابەتییەوە لاوازن و بە شێوەیەکی هونەری و ئەدەبی دانەڕێژراون ناچێتە ناو خانەی هونەری ژیاننامەی خودییەوە .

**بەشی دووەم: شیعرییەتی دەقی *گەشتی ژیانم*-ی مەسعوود محەمەد**

**تەوەری یەکەم:**

**١)چەمک و زاراوەی شیعرییەت(Poetics):** بۆ یەکەم جار ئەرستۆ لە کتێبی پۆیتیکا-دا کە تیایدا باسی لە ئەدگارە هونەرییەکانی دەق کرد (ئەرستۆ، ١٩٨٣، ص. ٥٧) بەڵام وەک چەمک گۆڕانکاری زۆری بەسەردا هاتووە، شیعرییەت لای ئەرستۆ بە مانای داهێنان، لای جاکۆبسۆن هاوشێوە بوون، بە مانای لادانیش دێت لای جان کۆهن (ناظم، ١٩٩٤، ص. ١١) کەواتە دەتوانین شیعرییەت بە یاسا و ڕێساکانی گوتاری ئەدەبی دابنێین یان ئەو پێوەرەی دەقێکی ئەدەبی لە دەقێکی نائەدەبی جیا دەکاتەوە، یان مەبەست لە شیعرییەت مکیاژ کردنی زمان و جوانی دەقە (کەریم، ٢٠١٥، ل٥) کەواتە بۆ ڕازاندنەوە و جوان کردن و دەرخستنی (وشە و دەستەواژە و پاشان ڕستە و تەواوی دەقەکە، لە ئەنجامی ئامادەبوونی زمانەوەیە، شیعرییەت وەک دەمارێک بە نێوانیاندا تێدەپەڕێ و دەق لە جوانییەکی سروشتی و ئاسایی خۆییەوە، بۆ دەقێکی داهێنراوی دەستی نووسەر دەچێ) (خۆشناو، ٢٠١٠، ل٢٨) فۆرماڵیستەکان هەوڵی تاکەکەسیی نووسەر دەکەن بە پێوەر بۆ بە شیعرییەت بوونی دەق هەر ئەمەشە وای لە ڕیڤاتیر کردووە لە چوارچێوەی شێوازەوە تایبەتمەندێتی بەرهەمی ئەدەبی دەستنیشان بکات (الطرابلسی، ١٩٨٨، ص١١٦) بە گشتی شیعرییەت زیندوویەتی بە دەق دەبەخشێت و ڕادەی چێژ بەخشین بە خوێنەر زیاد دەکات، شتی نوێ و چاوەڕوان نەکراو



هەواڵنامەی دێتر

دادەهێنێت، خەیاڵی داهێنەرانە دروست دەکات، لە ڕووی سینتاکسەوە پەیوەندی نێوان ڕۆنانی سەرەوە و ژێرەوە تێکدەدا و جیاواز دەبن.

شیعرییەت(Poetics) بەرامبەر بەم چەمکە زاراوەکانی الشعريـة، الانشائية، الشاعرية، علم الادب، فن الابداع، هونەری شیعر، بویتیقا... لە عەرەبیدا بەکار دێن (ناظم، ١٩٩٤، ص. ١٨) لە لای فارسەکانیش بوتیقا، شاعیری، هونەری شیعری، .... بە کار دەهێنرێت (احمدی، ١٣٨٢، ص٧٩) لە ناو کوردیشدا بە زۆری شیعرییەت بە کار دەهێنرێت.

**٢) شیعرییەتی دەقی چیرۆک:** شیعر و پەخشان دوو ژانری سەربەخۆن، بەڵام مانای ئەوە نییە دژی یەک بن یان پێچەوانەی یەکتر بن، چیرۆک خاوەنی زمانێکی ئەدەبی بەرزتر لە زمانی ئاساییە، زمانێکە قوڵتر و فراوانترە، لە چوارچێوەی لادان و نائاسایی و ناوازەییدا دەسوڕێتەوە، ئەمە کە لە زمانی ئاسایی دووری دەخاتەوە لە زمانی شیعر نزیکی دەکاتەوە، زۆر جار ئەم دوو ژانرە سوود لە یەکتر دەبینین و تەنانەت تێکەڵ بە یەکتریش دەبن لەم نێوەندەدا ژانری نوێش دەخوڵقێت، لەوانە: پەخشانە شیعر، چیرۆکەشیعر، ... کە دواجار ئەمانە وەکوو ژانرێکی سەربەخۆ سەیر دەکرێن، بۆیە کە شیعر لە ناو چیرۆکدا دەبینین مانای ئەوە نییە دەقەکە بۆتە شیعر و سیما و خاسییەتی چیرۆکی ون کردووە، یان کە چیرۆکێک لە ناو شیعردا بوونی دەبێت مانای ئەوە نییە دەقە شیعرییەکە پێناسە کەی ون کردووە (چونکە دەقەکە خۆی لە بنچینەدا شیعرە و سوود لە پێکهاتە و ڕەهەندی تەکنیک و گێڕانەوەکانی چیرۆک وەردەگرێ و هەوڵ دەدا بەشێک لە دەقەکە، خۆی بۆ چیرۆک بتوێنێتەوە و بە یەکەوە تێکەڵییەک لە نێوانیان دێتە کایەوە، بەڵام بە ڕەسەنایەتی شیعرەکەوە) (خۆشناو، ٢٠١٠، ل. ٥٥). دوای ئەوەی چەمکی شیعرییەتمان ڕوون کردەوە کە مەبەست لەوەیە چۆن دەقێک تایبەتمەندی ئەدەبی لە خۆ بگرێت (نەک بەو واتایەی ئەو دەقە ئەدەبییە ژانری خۆی جێی بهێڵێ و لە ڕوانگەی فۆرمییەکەوە ببێتە شیعر وەک ژانر، بەڵکوو ئەگەر سەد لە سەد وەکوو دەقێکی شیعری نەبێ، دەبێ بەشێکی لە ڕەگەزەکانی شیعرییەتی شیعرهەڵمژیبێ.) (خۆشناو، ٢٠١٠، ل. ٦٥) زۆر ئاساییە بگرە گونجاویشە کە شیعرییەتی چیرۆکیش هەبێت، کاتێک ئەویش وەکوو شیعر بە نێو چەمکەکانی زمان و ئیستاتیکا و لادان و ڕەوانبێژی تێپەڕێت بێگومان ڕەنگی شیعرییەت دەگرێت و بە هەناسە و سەلیقەی ئەوەوە کار دەکات (دەگونجێت شیعرییەت لە دەقێکی چیرۆک یان شانۆدا هەبێت، ئەگەر بۆشایی نێوان بنیاتی سەرەوەو بنیاتی ژێرەوە بواری ڕوودانی گرژبوونیدا) (ابوديب، ١٩٨٧،٥٦) کەواتە گرژبوونی ئەو دەمارەی کە شیعرییەتیان لە ناودا هەڵگرتووە یارمەتی دەرختستنی شیعرییەت دەدەن لە هەر دەقێکی ئەدەبیدا. (جان کۆهن) چەند پێوەر و بنەمایەکی بۆ بە شیعرییەت بوونی دەق داناوە گرنگترینان بریتین لە هەرد و ئاستی (دەنگسازی، و دەلالی) کاتێک نووسەر گرنگی بەم دوو ئاستە دا و بە شێوازێکی ئەدەبی و هونەری مامەڵەی لەگەڵ کردن، دەقەکە لە شێوازی ئاسایی دەردەچێت و شیعرییەت لە دایک دەبێت. وەک لەم خشتەیەی خوارەوە ڕوونی کردۆتەوە: (کوهین، ١٩٨٦، ص. ١٢)

هەواڵنامەی ديلان

| ڕەگەز | ئاستی دەنگسازی | ئاستی دەلالی |
|---|---|---|
| پەخشانە شیعر | - | + |
| پەخشانی مەنزووم | + | - |
| شیعری تەواو | + | + |
| پەخشانی تەواو | - | - |

ئەم بۆچوون و خشتەیەی کۆهێن ئەوەمان پێ دەڵێت کە شیعرییەت لە چیرۆکدا نییە، چونکە چیرۆک سەر بە پەخشانە پەخشانیش لە شیعرییەت خاڵییە، بەڵام دەتوانین لە ژێر تیشکی تیۆرەکەی کۆهین هەموو ئەو ڕێگە و شێوازانەی بۆ شیعرییەتی شیعر نراوە، هەمان ڕێگە و هەنگاو بۆ چیرۆکیش تاقی بکەینەوە (ئەگەر جیرۆکی کوردی وەک ژانرێکی سەر بە پەخشانی ئەدەبی بە نموونە وەربگرین، لە ئاستی دەنگسازیدا تووشی جۆرە لادانێک بوویێت نووسەرەکەی هونەرمەندانە هەڵسوکەوتی لەگەڵ ڕەهەندەکانی دەنگ و بونیادی دەنگی زمانەکەدا کردبێ و لە بەرامبەریشدا وەک دەقێکی شیعری تەواو گرنگی بە ئاستی دەلالییەکەی درابێ و بە پرۆسەی لادانی پێکهاتەییدا ڕۆشتبێ و لە زمانی ئاسایی دوورکەوتبێتەوە ...... ئەو کات بە چاوپۆشی لە ڕێساسواوەکانی (کێش و سەروا)ی شیعر و لە ڕوانگەی ئەوەی هەر دەربڕینێک ڕەگەزی شیعری لە خۆیدا هەڵگرتبێ، شیعرە. دەتوانین بڵێین هەردوو ئاستەکە لە چیرۆکەکەدا شیعرییەتیان تێدایە، بە جیاوازی لە ڕێژەی ڕوبەریان) (خۆشناو، ٢٠١٠، ل. ٦٦و٦٧)

دەتوانین شیعرییەتی چیرۆک بەرامبەر بە شیعرییەتی شیعر بەم خشتەیە دەستنیشان بکەین (خۆشناو، ٢٠١٠، ل. ٦٧)

| ڕەگەز | ئاستی دەنگسازی | ئاستی دەلالی |
|---|---|---|
| شیعری تەواو | + | + |
| چیرۆک | + | + |

ژیاننامەی خودیش وەک ژانرێکی ئەدەبی دەچێتە خانەی شیعر و پەخشانەوە واتە بە هەردوو ڕەگەزەکە دەنووسرێت و گوزارشتی لێ دەکرێت، بەپێی ڕوونکردنەوەکانی پێشوش دەتوانرێت شیعرییەت لە ژیاننامەی خودیشدا هەبێ، بە مەرجێک لە نووسیندا ئەو هەنگاو و شێوازانە ڕەچاو بکات کە دەبنە هۆی خوڵقاندنی شیعرییەت، لێرەوە گرنگی ئاستی هونەری و ئەدەبی و نووسەری ژیاننامەمان بۆ دەردەکەوێت، جیاوازی پلەی ئەدەبی ژیاننامەیەک لەگەڵ ژیاننامەیەکی تر ئاشکرا دەبێت.

هەواڵنامەی کتێب

**تەوەری دووەم: ١) شیعرییەتی دەقی *گەشتی ژیانم* لە ئاستی ڕیتمدا**

*گەشتی ژیانم*، ژیاننامەی خودی مەسعوود محەمەد

)ە کە بە شێوەی پەخشان نووسراوە، هەندێ جاریش شیعری تێکەڵ کردووە، یەکێکە لە شاکارەکانی مێژووی ژیاننامەی خودی، لێرەدا دەمانەوێت بە کورتی لە شیعرییەتی دەقەکە لە ئاستی ڕیتمدا بدوێین.

**شیعرییەتی ڕیتمی ناوەوە**

ئەم ڕیتمە بنەمایەکی جێگیری نییە، چەندین دیاردە بەشداری لە دروستکردنی دەکەن، کە ڕۆڵی گرنگ و کاریگەریان دەبێت لە پێکهێنانی دەقدا، وەکوو ڕۆحی دەق وایە هەنگاوە ڕێکخراو و سەرەتاکانی دەق دیاری دەکات مۆسیقایەکی نادیار و شاراوەیە، بە هۆی هەڵبژاردنی ئەو وشانەی کە شاعیر لە دارشتنی دەقەکەدا بە کاریان دەهێنێت و ئەو گونجاندن و ڕێکەوتنەی لە نێوان پیت و وشە و هەڵبژێراوەکاندا هەیە پەیدا دەبێت (ضیف، ١٩٨٦، ص. ٩٧) لە ڕەخنەی نوێدا بایەخێکی زۆر بە ڕیتم دراوە و ئەم گرنگی پێدانەش زیاتر بەرەو شیعر چووە بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە لە ناو پەخشاندا بوونی نەبێت، وەک پێشتر وتمان لە هەموو دەقێکی ئەدەبیدا بوونی هەیە بەڵام شێوە و جۆری دەقەکە و چۆنیەتی شێوازی نووسەرەکە دەگۆڕێت، لە هەڵبژاردنی پیت و وشە و دەستەواژە و ڕێکخستنی جووڵە و بەرز و نزمی و ئاوازەیی و کپی دەگونجێنێت ئەمەشە لە شیعر و شیعرییەت نزیکی دەکاتەوە. ڕیتم یەکێکە لە سەرچاوەکانی بەرهەمهێنانی شیعرییەت (الضیع، ٢٠٠٣، ص. ٣٣٣) واتە ڕیتم تەنیا شتێکی سادە نییە و تەنیا دەرخستنی لایەنی جوانی بێت بەڵکوو مەبەست و مانای لە پشتە ئیحا بەخشە، ئەگەر لە شیعردا چەند یاسا و ڕێسایەک ڕۆڵیان لە ڕێکخستنی ڕیتمدا هەبێت، ئەوا چیرۆک بە تایبەتی و بە گشتی پەخشان بە پێچەوانەی شیعرەوە تەواو ڕقی لە قاڵبی ئامادە و ئیقاعی سەپێنراوە بەسەریدا و لە دەرەوەی خۆی (بیرنار، ٢٠٠٢، ل. ١٠) چونکە چیرۆک ڕیتمێک بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت کە لە ناخی خۆیەوە سەرچاوەی گرتبێت و بۆ خۆی دروست کرابێت، چوارچێوەی ئامادەکراوی بۆ نابێت (بۆیە ناشێت ڕیتمی ژانرێک بە هەمان پێوەری ژانرێکی دیکە بپێورێ، مەگەر دەقەکە خۆی جیاوازی لە جۆر و چۆنییەتیەوە کەم کردبێتەوە) (خۆشناو، ٢٠١٠، ل. ٨١) چیرۆک پشت بە زنجیرەیەک شەپۆلی ڕیتمی دەبەستێت، هەمەڕەنگن دەقەکە دەخەنە حاڵەتی هەمەڕەنگەوە گرژی و خاوبوونەوە، بەرز و نزمی، هێواشی و خاوی، هەموویان ڕۆڵی خۆیان دەبینن.

هەولێرنامەی کتێب

**دووباره بوونەوە**

هەر لە کۆنەوە ئەم دیاردەیە وەک پەیڕەوێکی ڕیتمی ناوەوە لە شیعر و پەخشاندا دەبینرێت، مەبەست لێی دووبارەکردنەوەی (دەنگێک یان وشەیەک یان گرێیەک یان ڕستەیەکە لە ناو دەقێکی ئەدەبیدا واتە لە بچووکترین پێکهاتەی زمانەوە دەست پێدەکات بۆگەورەترینیان کە ڕستەیە) (سعید، ٢٠١٣، ل. ١٥٦) نووسەر بە مەبەست و بە ئاگاییەوە ئەم کارە ئەنجام دەدات، هەرچەندە کەرەستە دووبارەبووەکان لە فۆرم و مانادا وەکوو یەکن، بەڵام نووسەر ئامانجی تری هەیە لە دووبارەکردنەوەیان، لەوانە: جەخت کردنەوە وپێداگیری لەسەر بابەتێک یان شتێک، یان سەرەنج ڕاکێشانی خوێنەرە بۆ ئەوەی پەیامەکە زیاتر لە بیر و مێشکیدا بجەسپێت، یان بەهێز کردنی وێنە شیعرییەکانە، یان جوانکاری و ئارایشت کردنی دەقەکەیە، یان بەخشینی مۆسیقایەکی جوانە بە دەقەکە یان مەبەستی هەموو ئەوانە بێت کە باسمان کردن. دووبارەکردنەوە (ڕاچڵەکین و جووڵەیەکی چاوەڕوان نەکراو بە خوێنەر دەدات، بۆیە دەبێت بە شێوازێکی جوان و ڕێکوپێک بێت، تا خوێنەر بوروژێنێت و سەرسام و خۆشحاڵی بکات، ئەمەش خۆی لە خۆیدا لادانە) (سعید، ٢٠١٣، ل. ١٥٨) بۆیە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ دووبارەکردنەوەکە بەرزی ئاستی لادان و پلەی شیعرییەت و جوانکاری دەقەکە دەردەخات.

لامان ڕوونە یەکێکە لە هۆکارەکانی بنیاتنانی ڕیتم دووبارەبوونەوەیە، دووبارەبوونەوەش (لە بنچینەدا هاوشێوە بوونی پێکهاتەی وشە و ڕستە و دەربڕینەکانە و ڕەنگدانەوەی ماکی داهێنانی هونەرییە کە دواجار خۆی لە چوارچێوەی زاراوەی شیعرییەت دەبینێتەوە) (خۆشناو، ٢٠١٠،٩٠) ڕێگاکانی (هاوشێوەبوون- التماثل)ی ڕۆمان جاکۆپسۆن و (لادان – الانزیاح)ی جان کۆهن ڕوونترین ڕێگان بۆ دەستنیشان کردنی بنەماکانی شیعرییەت.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا هاوشێوەبوون بەسەر دوجۆردا دابەش دەکەین:

١) هاوشێوەبوونی دەنگی: کە دووبارەبوونەوە و جۆرەکانی، و ڕەگەزدۆزی دەگرێتەوە.

٢) هاوشێوەبوونی دەنگی سیمانتیکی: کە دژیەک

**١) هاوشێوەبوونی دەنگی: کە دووبارەبوونەوە و جۆرەکانی، و ڕەگەزدۆزی دەگرێتەوە.**

**آ: دووبارەبوونەوەی دەنگ**

ئەمەش بە چەند جۆر و شێوەیەک دەردەکەوێت، زۆرجار دەنگی یەکەمی وشەکان هاوشێوەن، یان دەنگی کۆتاییان، هەندێ جاریش پشت بە هاوشێوەبوونی بڕگەکانیش دەبەستین، واتە هاوشێوەبوونەکە لە دەنگێ زیاترە، ئەم ڕێکخستن و ڕیزکردنە بەم جۆرە لە لایەن نووسەرەوە بە مەبەست دەکرێت، هونەرمەندی و دەست ڕەنگینی نووسەر دەردەخەن.

سەدهەزار دەرسی هۆشەکی و نەفسی و سیاسی و سۆفی و ئەدەبی ناگاتە بەر گوێی ل٢٧

دووبارەبوونەوەی دەنگی (ی) لە کۆتایی وشەکان جۆرە سەروایەکی دروستکردووە کە خوێنەر هەست بە لەزەتی خوێندنەوە و ئاواز و ڕیتمێک دەکات.

لەگەڵ هەموو دنیادا تا ئەوەی دەبوومە دڵۆپێکی دەریاکەی کە جودا نابێتەوە لێی، ئائەو تیکەڵییەم دەیکردمە دڕاوسێی ئاواتەدوورەکەم؛ ل. ٢٧٥

دووبارەبوونەوەی دەنگەکانی (د، ی) زۆر جوان دەنگی (د) لە سەرەتای زۆربەی وشەکاندا هەیە، ئەمەش وا لە خوێنەر دەکات کە لە یەکەم وشەدا ئەو دەنگە دەبیستێت و لە هزریدا تۆمار دەبێت پاشان دووبارە لە وشەیەکی تردا بەرگوێی دەکەوێتەوە، خوێنەر یا بیسەر هەست بە هاوشێوەبوون دەکات، لێرەدا ڕیتمێکی خۆش و ئاوازێکی مۆسیقایی بە دەقەکە دەبەخشێت. ئنجا ئەگەر بێتو لە کۆتایی وشەکانیشدا دیسان هەست بە هاشێوەبوون بکەنەوە، بێگومان توانا و بە هێزی ڕیتمەکە کاریگەرتر دەبێت.

خوێندنی ساڵی چوارەمم بە گرێ و گاڵ و نارێک بوو؛ ل. ٢٦٣

دووبارەبوونەوەی دەنگی (گ) لە سەرەتای ئەو دوشەیەدا

**دووبارەبوونەوەی جووت دەنگی لە مانەی خوارەوەدا:**

ئەو سەردانانە گەلێک گەشایی یان پێوە بوو بۆ ئەوان بۆ ئێمەش؛ ل. ٣٧٣

جووت دەنگی (گە) کە خۆشی بڕگەیە

مەجلیسی قومارچی و کەیفچی و ساختەچی گەرم ڕاهاتبوو؛ ل. ٢٦٢

(چی) بڕگەی کۆتایی وشەکان هاوشێوەن.

ئەو خوێنە گەرمە بوو لە دەماری گەنجەکانی دەگەڕا؛ ل. ١٥٧

بڕگەی (گە) لە وشەکاندا دووبارە بۆتەوە.

چنارۆک شوێنێکە تێکەڵ بەخەون وخولیام بووە؛ ل. ٤٥

جووت دەنگی (خ) دووبارە بۆتەوە.

هەواڵنامەی کتێب

هێچ ئاقڵێک تەمای نابێ پڵباس ئاکۆ بخوات وە یا پژدەر بتوانێ بیتوێن قووت بدات؛ ل. ٢٧٢

دووبارەبوونەوەی (ب) لە سەرەتای وشەکاندا و برگەی (ات) لە دوو وشەدا

گوێیان بۆ هەڵخستم بێ ورتەو سرکەو کورکە؛ ل. ٢٩٧

دووبارەبوونەوەی (ە) لە هەر سێکیاندا و (ک) لە دوانیاندا کپی و ئارامی بە دەقەکە بەخشیوە.

**ب: دووبارەبوونەوەی وشە**

دووبارەبوونەوەی وشە زۆر فراوانتر و کاریگەررترە لە دووبارەبوونەوەی دەنگ، چونکە لەگەڵ هەموو دووبارەبوونەوەیەکی وشەدا دووبارەبوونەوەی دەنگی لە خۆ گرتوە، ئەمەش ڕیتمێکی خۆشتر و بەهایەکی بەرزتر پیشان دەدەن.

جیهانی سێیەم حەز لە نانی درۆزن و پێوەندی درۆزن و تیجارەتی درۆزن و هەڵوەستی درۆزن دەکات؛ ل. ٤٦٧

دووبارەبوونەوەی ئاوەڵناوی (درۆزن) کە دیارخەرە و هەر جارەی وەسفی شتێک دەکات، واتە وشەی (درۆزن) بۆتە دیارخەر بۆ سێ شتی لێک جیاواز خۆ نووسەر دەیتوانی بڵێیت: حەز لە نانی و پێوەندی و تیجارەتی و هەڵوەستی درۆزن دەکات بەڵام بە ئاگاییەوە ئەم کارەی کردووە ئەو کاتە ئەو جۆرە ڕیتمەی پێ نەدەبەخشین و خوێنەر سەرسام نەدەبوو، کەچی ئێستا ڕیتمێکی خۆش و هاوتەریبی و هاوسەنگی بە دەقەکە بەخشیوە، ئەمەشە ئیستاتیکای دەق و بەرەو شیعرییەت چوون.

شەڕە بروسکەیێکی ئەوتۆ نەقەتم دیتبوو نەقەتیش دیتمەوە؛ ل. ٢٦١

دووبارەبوونەوەی (نەقەتم ) دواتر دووبارەبوونەوەی کارەکە (دیتبو) هەرچەندە لە جاری دووەمدا زەمەنی کارەکە بۆ داهاتووە، ئەم دووبارەبوونەوەیە هاوسەنگی و ئاوازێکی تایبەتی دروست کردووە.

دەریا دەریای لەسەر نووسراوە کە هێند زۆرن هێماشیان بۆ ناکرێ؛ ل. ٢١٣

دووبارەبوونەوەی (دەریا) لە جاری دووەمدا بۆ جەخت کردنەوە و وەسف کردنی زیاترە.

حەفت پاسەوان بە حەفت تفەنگی برنەوەوە ڕادەگرم؛ ل. ٢٦٣

(حەفت) ژمارەیە دووبارە بۆتەوە بۆتە دیارخراو، دووبارەبوونەوە بە ژمارەوە زیاتر دەردەکەوێت، جۆرێک لە لادان لە نۆرمی ئاسایی دروست دەکات، دوو جار ژمارە (حەفت) دووبارە بۆتەوە جارێک لەگەڵ کەس و جارێک لەگەڵ شتێکدا هاتووە،

ئەوەشمان لە یاد نەچێت ژمارە لە ناو دەقە چیرۆکیەکاندا گرنگی زۆری پێدراوە بەتایبەتی ئەو ژمارانەی کە پاشخانێکی ئایینی یان ئەفسانەییان هەیە وەک ژمارە (٧ ).

بە شێوەیەکی ڕێک دەساڵ دەساڵی تەمەنم بنوێنن؛ ل. ٧٥

دووبارەبوونەوەی (دەساڵ) بە دوا یەکدا لە جاری دووەمدا لەگەڵیدا وشەی (تەمەن) هاتووە بۆ وەسف کردن وەکوو دیارخەر و دیارخراو دەرکەوتوون.

دەبوو سەدان سەری تێدا بێ کڵاو مابایەوە، یاخود کڵاوەکان بێ سەر دەمانەوە؛ ل. ٣٣١

وشەکان لێرەدا بە پێچەوانەی یەکتر دووبارە بوونەتەوە، جگە لە شیعرییەتی واتایی و دەلالی لە قوڵی و پڕ مانایی دەقەکەدا دەبینرێت، یاری پێکردنێک بە وشەکان دەبینین، جێگۆڕکێیان پێ کراوە و پێچەوانە کراونەتەوە و جوانیەکی تایبەتییان پیشانداوە.

گوتی: ... نیشانەم نییە بە سەیارەی خۆمییەوە بکەم. گوتم: تۆ سەیارەت هەیە بێ نیشانە منیش نیشانەم هەیە بێ سەیارە، خۆ ناشێ بڵێم سەیارەکەت بۆ من بێت، یا نیشانەکەم بۆ تۆ بێت؛ ل. ٣٢٤

وێنەیەکی هونەری جوانە دەست ڕەنگینی و خەیاڵ فراوانی نووسەر پیشان دەدەن، تێکەڵکردنی دژیەک و دووبارەبوونەوە : (نیشانەم نییە دژیەکە لەگەڵ نیشانەم هەیە)، دووبارەبوونەوەی (سیارە) چوار جار (نیشانە) چوار جار ئەمەیە خێرا خوێندنەوە و خۆش ڕۆشتنی وشەکان ڕیتمی دەقەکەش بەهێز دەکات.

بۆ ئەوەی بزانم سەربانی فڵانە کۆشک و فڵانە کۆشک کامیان لەوەی دیکە بەرزترە. ل. ٦٧

دووبارەبوونەوەی دەستەواژەی (فڵانە کۆشک) جگە لە دەلالەتی واتایی، لە لایەکی تریشەوە ڕێرەو و دەزوی ڕیتم درێژ دەکاتەوە.

کە چەشمەندازی بەرەو پێشەوە بەرەو ڕاستە و بەرەو چەپە دووری دەخوێندەوە هەرچی دیمەنی شار بوو خێرا بە خێرا دەخزایە ناو قەپێلکی بەر تەسکی چوار دیواری حەوشە و سەربان و کۆڵانە؛ ل. ٧٤

یاداشتەکانی هێندەی کەسێکی لە حەمامدا تەنها بێ، ڕووتن و هێندەی دیمەنی ڕووتیش ڕاستگۆن؛ ل. ١٧٩

دووبارەبوونەوەی (هێندەی) لە لایەک (ڕووت) لە لایەکی ترەوە بەرز و نزمی بە دەقەکە بەخشیوە، لە سەرەتادا ڕیتمەکە بەرز دەبێتەوە دواتر لە (ڕووتن)دا نزم دەبێتەوە و دیسان بەرز دەبێتەوە و دوبارە نزم دەبێتەوە.

ڕێگەی بە سەر دیوی ماڵەوە و دیوی دیوەخانەوە هەبوو؛ ل. ٢٧٦

لێرەدا (دیو) دیارخراوە کە دوو جار دووبارە بۆتەوە، جگە لەوەی وشەکە (دیو) وشەیەکی ناو خەڵکە و ناوچەییە، وشەی نووسین و ڕێزمان نییە ئەمەش نائاسایی و لادان پیشان دەدات، لە لایەکی تریشەوە نووسەر دەیتوانی بڵێ: دیوی ماڵەوە و دیوەخان خۆ هەر یەک دیارخراوە بەڵام ئامەی نەکردووە دیاخراوەکەی دووبارەکردۆتەوە بە مەبەستی جەخت کردنەوە و سەرەنج ڕاکێشانی خوێنەر و بەخشینی جوانی و شیعرییەت بە نووسینەکە.

کەسێک مەراقی لە دڵدا بێت و لە مەراقەکە لە دە ساڵاندا فراژی بووبێت؛ ل٢٧٤

دووبارەبوونەوەی (مەراق) دەیەوێت زیاتر دیار بێت بۆیە وا بەم جۆرە زەقی دەکاتەوە و سەرەنجی خوێنەری بۆ ڕادەکێشێت.

بڕیارێکی قوڵ بە قوڵایی نەفس لەسەر هێندێ کە ناشێ لە حقوق بکەوم؛ ل. ٢٦٤

بە هەمان شێوە لەم ڕستەیەشدا دەیەوێت خوێنەر درک بە ناوەڕۆک و هەست بە چەقی ناخی نووسەر بکات و زۆر لێی نزیک بێتەوە کاتێک دوو جار وشەی (قوڵ) دووبارە دەبێتەوە.

ئاشتیخواز دەبێ بەپێی ئارەزووی لایەنی چەپ بڕەقسێ ....، ئاشتیخواز دەبوو یەخەی کۆریای باکوور بگرێت... ئاشتیخواز دەبوو ئیمزا کۆ کاتەوە دژی جەنگ لەو وڵاتانە کە بە لای ئاشتیخوازەوە شەڕ هەڵدەگیرسێنن؛ ل. ٣٠٥

دووبارەبوونەوەی (ئاشتیخواز) لە سەرەتای ئەم چوار ڕستەیەدا وەسف کردن و دەرخستنی سیفاتی (ئاشتیخواز)ە و گرنگی و پێویستییەتی لای نووسەر بۆیە زۆر جەختی لێ دەکاتەوە، لەگەڵ ئەوەی جووڵە و بزاوتێکی بە دەقەکە بەخشیوە و لە مەنگی و ڕاوەستان دووری خستۆتەوە.

**دووبارەبوونەوەی وشە بەپێی بەشەکانی ئاخاوتن:**

**دووبارەبوونەوەی ئاوەڵکار**

سبەینەیەک لەو سبەینانەی خوا بۆ منی بە قەڵەباڵغی سازاندبوو ژووری ئوتێلم پڕبوو لە خەڵق؛ ل. ٤٥٨

دووبارەبوونەوەی ئاوەڵکاری کاتی (سبەینەیەک) لێرەدا لە جاری دوەمدا بۆ وەسف کردن و دەرخستنی (سبەینەیەک)ە.

بتوانم بزانم کوێ لە کوێ بەرزترە؛ ل. ٦٦ (ب ک)

دووبارەبوونەوەی ئاوەڵکاری شوێنی (کوێ) جگە لەو ڕیتمەی وشەکانی (بتوانم، بزانم) دروستیان کردووە،

**دووبارەبوونەوەی جێناو**

من لە بەرنامەمدا نییە بە ئەنقەست یەخەگیری کەس ببم؛ ل. ٢٢٨

دەیتوانی بڵێت: لە بەرنامەمدا نییە بە ئەنقەست یەخەگیری کەس ببم

سبەینان تا من لە خەو هەڵدەستام دەمدیت؛ ل. ٤١

دەیتوانی بڵێت: سبەینان تا لە خەو هەڵدەستام دەمدیت

من کە هاتمە دنیا دوو ساڵ بوو دایانی نەجیبە و حسیبە لە ماڵمان بوون؛ ل. ٣٢

دەیتوانی بڵێت: کە هاتمە دنیا دوو ساڵ بوو دایانی نەجیبە و حسیبە لە ماڵمان بوون ل٣٢

کە من پێم نایە دنیا باوکم لە من بەولاوە چاند منداڵ و وەچەی دیکەی هەبوو؛ ل. ٣١

دەیتوانی بڵێت: کە پێم نایە دنیا باوکم لە من بەولاوە چاندمنداڵ و وەچەی دیکەی هەبوو

دووبارەبوونەوەی جێناوی سەربەخۆ (من) بە شێوەیەکی زۆر و بەرفراون لەم دەقەدا شتێکی ئاساییە چونکە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ژیاننامەی خودی، بەڵام لە زماندا دەکرێت ئەگەر جێناوە لکاوەکە بوونی هەبوو جێناوە سەربەخۆکە باس نەکرێت، چونکە مانای خۆی دەگەیەنێت، بەڵام نووسەر بە مەبەستی جەخت کردنەوە و دڵنیابوون لەوەی خوێنەر بە گرنگییەوە سەیری بکات، زەقی دەکاتەوە و گەورەی دەکات.

بە هەموویان بە هەزار هێندەی هەمووشیان هەزار یەکی ناوی مریم خان و دایکی جەمالیان پێ ڕەوا نادیتریێ؛ ل. ٢١

دووبارەبوونەوەی جێناوی نادیار

**وشەی پرس**

کوا پشت و پەناتان؟ بۆچی چاوبەستەکێ دەکەن لەگەڵ میللەتی؟ کوا مەجلیسی نیابتان، کوا ئەکسەریەتتان؟ ل. ٣١٢

دووبارەبوونەوەی وشەی پرس (کوا) ڕیتمێکی خێرا و هێمایەکی توند و گرژی لە خۆ گرتووە، پرس گەڕانە بە دوای شتێکدا ئنجا ئەگەر گەڕانەکان زۆر بن و دووبارە ببنەوە، جووڵەی ڕستە و کردارەکەن خێرا دەبێت و خوێنەر سەرسام دەبێت و بیری لێ دەکاتەوە بیر لە ڕەگەزە نادیارەکان و دەلالەتە نوێیەکان.

کام پەڵە دەغڵم درووەتەوە! کام دیوارم ڕاست کردۆتەوە بۆ لێقەوماوێکی کورد، کام بنگەی مافی نەتەوایەتی وە یا چینایەتیی کوردم چەسپاندووە؟ ل. ٣١٩

بە هەمان شێوە لە دووبارەبوونەوەی (کام)دا خوێنەر تا بیر لە نادیاری یەکەم دەکاتەوە نادیارییەکی تر دێت، جگە لەوەی هاوسەنگی و ڕیتمێکی جوانی لە خۆیدا هەڵگرتووە.

چ لە ڕووی ڕۆشنبیری چ ڕامیاری چ توجاری و هەربارێکی دیکەوە بێت؛ ل. ٢٨٧

ئەو یەختەیە بەستەزمانێک بوو چ بە شکڵ چ بە ڕەفتار چ بە کردار سونعێکی خودایی بوو؛ ل. ٢٠٤

دووبارەبوونەوەی (چ) لەم دوو کۆپلەیەشدا دیسان ڕیتمێکی خۆش و هاوسەنگیەکی جوانی بە دەقەکە بەخشیوە، هەر جارە و وەسفی شتێکی کردووە.

**دووبارەبوونەوەی ئامراز**

ئامرازەکان ڕۆڵی جوانکردن دەبینن لە ناو ڕستەدا، ئەگەر لەگەڵ لادانە ڕەوانبێژییەکاندا بێت مەودای دەربڕینەکە جوانتر سەرەنجڕاکێش تر دەبێت، هەتا مەودای دووبارەبوونەوە کەمتر بێت ڕیتمی دووبارەبوونەوە بەهێزتر و پتەوتر دەبیت، وەک لەم نمونانەدا دەبینرێت:

دەبوو بە مەسڵەتی کردنی مرۆڤ لەگەڵ خۆی و لەگەڵ بوونەوەردا؛ ل. ٢٧٧

ترسی لە هیچ شتێک نەبوو هەر لە ئاگر هەتا ئاو هەتا هەڵدێر هەتا دڕندە؛ ل. ٢٠٤

عێراق شەختەی کرد نە حکومەت نە پەرلەمان نە بلاط نە هیچ کەس و لایەنێک؛ ل. ٣١٢

هەستیاری ئەو شەڕە بووم هەم سەرەنجم لێی گرتووە و لێی دەگرت هەم ئەوەندەی پێم کرابێ کتێبم لەسەر خوێندۆتەوە؛ ل. ٢١٣

**دووبارەبوونەوەی واتا**

بریتییە لە دووبارەبوونەوەی واتا لە دوو وشەی هاوواتادا، واتە وشەکان فۆڕمیان جیاوازە بەڵام لە واتادا ڕێک وەکوو یەکن و دەتوانین ئاڵوگۆڕیان پێ بکەین و لە شوێنی یەکتر دایان بنێن، ئەمە خوێنەر تووشی ڕیتمێکی خێرا دەکات، هەلومەرجی دەربڕین خۆشتر دەکات، خوێنەر چاوەڕێی ئەو هاوواتاییە ناکات.

مەحمود اغا گلەیی دەربڕی لە فەرق و جودایی؛ ل. ٢٠٨

هەواڵنامەی کتێب

ڕەفاقەتی بەردەوامم لەگەڵ زوراع و فەلاح و ڕەنجبەر؛ ل. ٥٤

لەو پێوانە و کێشانەی کە حکومەتی (عبدالالە) دژی ڕەئی نووری سەعید کرد؛ ل. ٣١٥

تا ئەوەی دەستم شل دەبوو بە تەلەفونەوە چ جایی زار و زمانم؛ ل. ٤٥٨

لە نموونەکانی پێشودا ئەوانەی هێڵمان بە ژێردا هێناوە دوو دوو هاوواتای یەکترین، (فەرق و جودایی ) هاوواتان جا دەگونجێت سەرێکی وشەکە لە زمانی عەرەبییەوە وەرگیرابێت، هەروەها (زوراع و فەلاح) و (پێوانە و کێشانە) (زار و زمانم).

**شیعرییەتی ڕەگەزدۆزی**

ناتوانرێت باس لە ڕیتمی ناوەوەی دەق بکرێت بێ ئەوەی تیشک نەخرێتە سەر ڕەگەزدۆزی، چونکە پەیوەندی تەواوی بە ئاواز و مۆسیقای دەقەکەوە توندوتۆڵ و بەهێزە، ئەوپەڕی هاوسەنگی دەنگی دێنێتە کایەوە.

ڕەگەزدۆزی واتە: کاتێک دوو وشە لە ڕوخساردا وەک یەک بن و بە ئەندازەی موویەک جیاوازییان نەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەریەکەیان واتای تایبەتی خۆی هەبێ ئەمە پێی دەگوترێ ڕەگەزدۆزی تەواو (گەردی، ١٩٧٥، ل. ٢٢) خۆ ئەگەر دوو وشەکە لە ڕووی ڕواڵەتەوە تەواو وەک یەک نەبن، واتە وشەکان لە ڕووی ژمارەی پیت، جۆری پیت، شێوەی پیت، ڕیزبوونی پیت، جیاواز بوون، پێی دەوترێت ڕەگەزدۆزی ناتەواو (مستەفا، ٢٠١١، ل. ٢٣٢).

ئەوەندەی ئێمە سەرنجمان داوە (مەسعوود محەمەد) بە شێوەیەکی بەرفراوان ڕەگەزدۆزی لە جۆری ناتەواو بەکار هێناوە و زۆر گرنگی پێداوە، تەنیا ئاماژە بە چەند نموونەیەک دەکەین کە هەندێکیان لە جۆری پیت و هەندێکی تریان لە ژمارە و ڕیزبوون و شێوەی پیت جیاوازن، لەوانە:

باوەڕ ڕەگ لە هۆش وگۆشم-دا داکوتیێ؛ ل. ١٩٢ ( جۆری پیت)

سندۆڵان بە هات و بات و مێران جمووجۆڵ و گەلان گەدان بوو. ل. ٢٠١ (جۆری پیت)

دەماری کوردایەتی بوو بە ڕەویەوە بێ دەنگ و زەنگ؛ ل. ٢٥٥ (جۆری پیت)

وێنەی کۆن جێی بۆ واقیعی ڕەق و زەق چۆڵ دەکرد؛ ل. ٢٠٠ (شێوەی پیت)

ئەمیان خوا لێی خۆش بێت سەیر و سەمەرەییێک بوو سەربەخۆ؛ ل. ٢١٥ (جۆرو ژمارەی پیت)



هەواڵنامەی کتێب

بەو کەم وکەسرییەی هەیەتی دەمێنێتەوە؛ ل. ١٥٣ (جۆر و ژمارەی پیت)

خاوەن شرِوشیتاڵ و ماڵ و کوتا؛ ل. ١٦١ (جۆر و ژمارەی پیت) (جۆر و ژمارەی پیت)

چۆناوچۆنی بۆی دەکەوێتە جرِت و جۆیان؟ ل. ١٧٧ (جۆری پیت)

حەیفە ڕاستی پێ شێل بکرێت هەر وەک حەیفە بەکەیفە مەدحی خەڵق بکرێ؛ ل. ١٧٩ (جۆری پیت)

پارسەنگێکی نوێ ڕەخساوی ئاین و ئۆینی یەکدی تەنگاوکردنیان لە هێزی حکومەتدا دۆزیەوە؛ ل. ٢٠٨ (جۆری پیت)

هەزار ڕەحمەت لە خاکی پاکی سەر قەبرت ئافرەتی خواناسی بەشەرە؛ ل. ١١٤(جۆری پیت)

ئیتر هەرچی خاوەن ناو و جێگەورێگە و هێز و پێزێکی شار هەبوو تۆپە قوماشی دەهێن؛ ل. ١٠٤ (جۆری پیت)

**وشەی ناوچەیی**

شێوەزار و زمانی ناوچەیی بەراورد بە زمانی نوسین یان زمانی ستاندارد هەندێ لادانی تێدایە لە ئاستەکانی زماندا، ئەم گۆڕانکاری و لادانەش زۆرجار دەبێتە هۆی دروستبوونی هاوسەروا ئەمەش هاوسەنگی و هاوئاوازی لە دەربڕین و دەقەکەدا دروست دەکات، یان وەکوو کەرەستەیەکی چاوەڕوان نەکراو دێتە پێشەوە لە ناکاو خوێنەر دەوەستێنێت و سەرنجی ڕادەکێشێت ،هەروەها بەپێی هاوکێشەی(بوزیمان) وشەکانی ناو دەقێکی شێوەزاری- ناوچەیی- ڕێژەی کار بۆ ئاوەڵناو زیاد دەکەن بەم شێوەیە پلەی شیعرییەت لە چاو دەقێکی خاوەن زمانی نووسین بەرز دەبێتەوە (مصلح، ١٩٨٤، ص. ٦٥) هێما بۆ چەند نموونەیەک دەکەین کە (مەسعوود محەمەد) لە (گەشتی ژیانم)دا بەکاری هێناوە.

ئەوەندە پیاوانە بەخێریان هێناین و وەها ڕیزیان ڕاگرتین بە قسە ناگوترێ؛ ل. ٣٣٥

لە زمانی نووسیندا دەوترێت: بەخێرهاتنیان کردین. ڕێزیان لێ گرتین

تا فتوای بە پەتەوەبوونی دەرچوێنین، ئێمەی هەژاری کەساسی بێپەنا ئەگەر بتوانین بەرە شرەی خۆمان لە ئاو دەربێنین؛ ل. ٣١٩

ئاغاکە وتی: دایەی وەها لێ دەکەم کلۆیانی لێ چووک دەکەمەوە. ل. ٢١٤

پێم گوتەوە ڕۆرە (ڕۆڵە) ئەمن لە شەڕی گەورە چوار ساران(ساڵان) لەگەر(لەگەڵ)ئەرمانان سونگیم وەشاندییە ل. ٢١٥

من بوومە ڕجاكاری دەنا بە ئاسانی لە دەستانی ڕزگار نەدەبوو؛ ل. ٣٤٩

گوێم لە قسانیان ڕاگرت دەتگوت نازانم چییان لێ قەوماوە؛ ل. ٣٥٠

ئەدی ناڵێن گۆزە لە ڕێگەی سەراو دەشكێ؛ ل. ١٨٢

گوتی: خێراكە پێ ڕابگە؛ ل. ١٨٤

باوكم لێی داوا كردم بۆی وەگێڕمە سەر كوردی یاخود عەرەبی؛ ل. ١٨١

لكێكی لە هەولێر كردبۆوە؛ ل. ١٧٧

یەكێك لەو قەردانە دەدەمەوە؛ ل. ٢٢٧

چونكە لەوانەیە ئەگەر پەنچەرە و دەرگەی بەرانبەر یەكتر بە ڕووی بەحردا بكرێنەوە ئەو نەسیمە كورسی وەبگێڕێت؛ ل. ٤٦٥

لێرەدا (دەرگەی) بەكارهێناوە لە جیاتی (دەرگا) ئەوەی یەكەمیان ڕیتم و ئاوازەكەی گونجاوترە و باشتر ڕێك دەكەویت لەگەڵ (پەنجەرە) لەیەك ئاستی تۆن و بەرز و نزمیدان.

گوتی: ئەدی كەنگی دەچییە وەزارەت؟ گوتم: كەنگی ڕێم بوو جلك بگۆڕم؛ ل. ٤٥٨

ڕەنگە بە ساڵێك لە من گچكەتر بوو؛ ل. ١٢١

**٢)هاوشێوەبونی دەنگی سیمانتیكی: كەدژیەك**

**دژیەك**

كۆكردنەوەی دو شتە لە ناو دەقی ئەدەبیدا كە پێچەوانەی یەكتربن، یان لە واتادا دژی یەكتر بن، بە جۆرێك ئەم جیاوازییە جوانی و تام و چێژێك بە دەقەكە دەبەخشێت لەوەی ڕوداوێكی لە ناكاو و چاوەڕوان نەكراو بۆ خوێنەر دروست دەكات و جەمسەرە لێك دوورەكان كۆ دەكاتەوە، دیاردە دژەكان نامۆكان نزیك دەكاتەوە، ئەمەشە بەرەو شیعرییەت بوونێكی پڕ لە ئیستاتیكامان دەبات. بە كورتی دژیەك بریتییە: لە بوونی دوو وشەی واتادژ و پێچەوانەی یەك، جا ئەم وشانە لە فەرهەنگدا سەربەخۆییان هەبێ، یانیش دووەمیان نەرێی یەكەم بێت (مستەفا، ٢٠١١، ل. ٢٩٤) بە واتایەكی تر دژیەك لە ناو پێكهاتەی دەقی ئەدەبیدا دوو جۆری هەیە (ئیجاب، سەلب) لە دوای خوێندنەوەی گەشتی ژیانم سەرنجمان دا بە زۆری دژیەكەكانی لە جۆری (ئیجاب)ن، ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێت كە(دژیەكی

سەلب)ی نییە بەڵام ڕێژەکەی کەمترە. لە ڕووی پەیوەندی و نزیکی و دوری لە ناو ڕستەکەدا هەر دوو شێوەکەی بەکار هێناوە.

بەسەر ئەو کاولەوە بەرەو خوار و بەرەو ژوور هەر وێرانگە بوو؛ ل. ١٢٠ (دژیەکی ئیجاب)(بەدوای یەکدا هاتوو)

دەنگم بەکەس ڕاناگات چ زەرەریش لە پێش و پاش خستنیان ڕوو نادات؛ ل. ١٢٤ (دژیەکی ئیجاب)(بەدوای یەکدا هاتوو)

زۆر قسە پێوە دەکرا کەس نازانێ چەندی ڕاستە و چەندی درۆ؛ل. ١٢٤ (دژیەکی ئیجاب)(بە دوای یەکدا نەهاتوو)

عەیارەیەکی تەسک پێوی کەم قوڵایی بە کار دێنێ لە هەڵسەنگاندنی چاکە و خراپە و ڕەوایی و نارەوایی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان؛ ل. ١٣٦ (دژیەکی ئیجاب)(بەدوای یەکدا هاتوو) (دژیەکی سەلب ) (بەدوای یەکدا هاتوو)

لە ئاکامدا سواراغا تێدا موتەهەم بوو هەرچەندە کەم و زۆر دەخلی بەسەر کارەکەوە نەبوو؛ ل. ١٧٦ (دژیەکی ئیجاب)(بەدوای یەکدا هاتوو)

لە چوون و هاتنەوەدا ئیسماعیل بەگ لای دایە چنارۆک؛ ل. ١٨٠ (دژیەکی ئیجاب)(بەدوای یەکدا هاتوو)

زۆری نەبرد دۆستی دوور و نزیک خەبەریان بوو لەو دوورکەوتنەوەیەم؛ ل. ٢٥٥ (دژیەکی ئیجاب)(بەدوای یەکدا هاتوو)

ئەوسا ڕەمەزان لە کڕی پاییزدا دەهات، هەوا فێنک، ڕۆژ کورت، شەو درێژ ؛ ل. ١٩١ (دژیەکی ئیجاب) (بەدوای یەکدا نەهاتوو)

خودا جوزئێ ئیختیاری بە بەنیادەم داوە چاکە و خراپەی پێ لێک دەکاتەوە ل. ٢٠٤ (دژیەکی ئیجاب)(بەدوای یەکدا هاتوو)

ژمارەیان بەپێی ساڵ هەوراز و نشێوی دەکرد؛ ل. ١٧٢ (دژیەکی ئیجاب)(بەدوای یەکدا هاتوو)

گوزەرانی خۆی بە قوربانی شاپەڕە ژەنگاوەکانی کۆترەی درۆزن و ڕاستگۆ ناکات؛ ل. ٣٣٠ (دژیەکی ئیجاب)(بەدوای یەکدا هاتوو)

دەتگوت ڕپژی حەشرە تەرازووی خێر و شەڕان هەڵخراوە خەریکە بەهەشتی و جەهەندەمییان لێک دەکاتەوە ل. ٢٧٩

(دژیەکی ئیجاب) (بەدوای یەکدا هاتوو)

**٢) شیعرییەتی دەقی *گەشتی ژیانم* لە ئاستی دەلالیدا**

لەم ئاستەدا بەرەو ناوەڕۆک و چەقی دەق دەچین،کە دیوی واتایە، هەرچەندە ئەم ئاستانە تەواوکەری یەکترن و پەیوەندییان پێکەوە هەیە، بۆیە کە باسی کەرەستەکانی ئاستی ڕیتمی ناوەوە دەکەین دەبنە کەرەستە بۆ بنیاتی دەلالی، بە مانایەکی تر دژیەک و ڕەگەزدۆزی چۆن شیعرییەتی شێوازی ڕیتمیان تێدایە بە هەمان جۆریش واتای قوڵیان لەخۆ گرتووە. چڕبوونەوە و خەستکردنەوەی واتای دەق بە هۆی وێنەی هونەری فرە دەلالەت و فرە ڕەهەندەوە بەهێزی و کاریگەری ئەم ئاستە پیشان دەدات. بۆیە گرنگە باس لە وێنەی هونەری بکەین، وێنە توانا هونەرییەکانی نووسەر پیشان دەدات، وێنە پلەی داهێنانی نووسەر دەردەخات، ڕەنگدانەوەی هەست و ئەندێشەی نووسەرە، وێنەیە دەتوانێت خوێنەر بۆ خۆی ڕابکێشێت، هەست بکات سەیری تابلۆیەکی هونەری دەکات. نووسەر زۆربەی هونەرە ڕەوانبێژییەکانی بەکار هێناوە، بەڵام ئێمە لەبەر کەمی ماوە و بوار تەنیا ئاماژە بە (لێکچواندن، تێهەڵکێش) دەدەین.

**وێنەی لێکچواندن**

کۆنترین جۆری هونەری ڕوونبێژییە، مەبەست لێک نزیک کردنەوەی دوو شتە کە خاسێتەکانیان لە یەکەوە نزیک بێت، لێکچواندن بریتییە لە: چواندنی شتێک بە شتێکی دیکەوە لەبەر هەبوونی سیفەتێک، یان زیاتر لە سیفەتێکی هاوبەش لە نێوان هەردوو شتدا (مستەفا، ٢٠١١، ل. ١١٨) بەڵام بە ڕوویەکی تردا نائاسایی و لێک دووری سیفەت و خاسیەتی کەرەستە لێکچووەکان شیعرییەت و بەرزبوونەوەی ئاستی هونەری و جوانکاری بە دەقەکە دەبەخشێت، خوێنەر چاوەڕێی ئەو لێکچواندنە نەبووە، وێنەیەکی خەیاڵی نوێ لە دید و خەیاڵی خوێنەردا دروست دەکات، ئەمە زیندوویەتی بە دەق و چالاکبوونی پێ دەبەخشێت. بیرمەندی زانا (مەسعوود محەمەد) لە گەشتەکەیدا زۆر گرنگی بە وێنەی هونەری داوە، لێرەدا بەپێی بوار و کات هەندێکیان دەست نیشان دەکەین:

ئیتر وەک دیمەنێکی لێڵی ئەو دیو مینایەکی چڵکن کە چاو بەتەواوی تێی بڕ ناکات جۆرێک مەسەلەتی لە کورد ویستی و ئەڵمان نەویستی لەو کارەساتە دەخزایە دڵمەوە؛ ل. ٢٥٤

لێرەدا نووسەر کە ڕووداوەکانی لا ڕوون و دیار نەبووە نەیتوانیوە بە باشی ڕاست و دروست جیا بکاتەوە چواندوویەتی بە دیمەنێکی لێڵ و چڵکن کە شتەکان جوان نابینیت، لای ئەویش ڕووداوەکان تەماوین.

باوکم وەک چرایەکی نەوتی بێتە وشک بوون، وشکایی خوێنی دەهات؛ ل. ٢٥٦

هەواڵنامەی کتێب

لێرەدا (باوک)ی چواندووە بە (چرا) کە لە بنەڕەتدا هیچ پەیوەندییەکی نزیک بە یەکیانەوە نابەستێت، هەتا پەیوەندی لێچو لەوچو دوورتر بێت، لێکچواندنەکە هونەری تر و بەهێزتر دەبێت، باوکی چواندووە بە چرا کە چراش واتە ڕووناکی بەڵام کاتێک نەوتی تێدا نامێنێت دەکوژێتەوە، باوکیشی خوێنی تێدا نەما و کۆچی دوایی کرد.

باوک ⬅ چرا

خوێن ⬅ نەوت

میراتگریی پیاوێکی وەها مەزن چ بە تاڵاییەک بە دەوری میرتگردا دەهێڵێتەوە وەکوو منداڵێکی حەفت ساڵ جلکی کەسێکی ٢٥ ساڵی لەبەر بکات؛ ل. ٢٥٩

ئەگەر بە وردی سەرنجی ئەم لێکچواندن و وێنەیە بدەین بۆمان دەردەکەوێت چ ئاستێکی بەرز و بەهێزی هەیە، نووسەر دوای کۆچی دوایی باوکی هەستی بە بەتاڵییەکی زۆر کردووە، خۆی چواندووە بەو منداڵەی جلی کەسێکی ٢٥ ساڵ لەبەر بکات کە بۆی گەورەییە و بە چوار دەوریدا بەتاڵی بەجێ دێڵێت.

شەبەنگی دیکەی نامەئلووفی زەرد و سوورم لێ تێکەڵ دەبن هەر دەڵێی پارچە تەمی زەردەواڵەیی بووبن بە چەند شوێنێکی ئەو ژوورەوە گیرسابێتەوە؛ ل. ١١٨

کپ کردنی قەڵەمی نووسەر وەک زمان بڕینی مرۆی قسەکەرە؛ ل. ٢٢٨

قەڵەم ⬅ زمان

کپکردن ⬅ بڕین

لێرەدا تەنێکی بەرجەستەی بە مرۆڤ کردووە، چونکە قەڵەمی چواندووە بە زمانی مرۆڤ، وێنەیەکی هونەری جوانی خوڵقاندووە.

لەپڕ ئاسمانی لای خوارووی کۆیە وەکوو خوێن سوور هەڵگەڕا؛ ل. ١٣٨

چواندنی (ئاسمان) بە(خوێن) لەوەی کە ڕەنگی ئاسمان سوور بووە، پەیوەندی لە نێوان ئاسمان و خوێندا نییە بەڵام نووسەر بە هۆی ڕەنگ سورییەوە لێکی نزیک کردوونەتەوە.

دوو جێگە لەو ڕێگەیە هەبوو وەکوو ماچ کردنی حجەرولئەسوەدی حەج، نەدەبوو لێی بێئاگا بیت؛ ل. ١٦٠

نووسەر ئەو دوو جێگە و ڕێگەیەی چواندووە بە حجەرولئەسوەدی حەج و لە ڕووی پیرۆزی و گرنگییەوە، هەروەها لە ڕووی ئەوەی کە دەبێت هەر پێیدا تێپەڕن.

باش بوو وەک بلاّچەی ئەستێ و بەرد کە لە شەودا چەخماخەی بگەشێتەوە، نەجیبەی خوشکم بە بیری هاتەوە؛ ل. ١٠٠

لێرەدا شتێکی نابەرجەستەی کە (بیرهاتنەوە) چواندووە بە شتێکی بەرجەستە و دیار (بلاّچەی ئەستێ و بەرد)کە ڕووناکی و ئاگری ئەو بەرد و دارە دیارە بەڵام بیرکەوتنەوە مەعنەوییە. ئەم دوو کەرەستەیە هیچ پەیوەندییەکی نزیک بە یەکیانەوە ناباستێتەوە، جوانی وێنە و بیرەکەش لێرەدایە شتێکی نوێ بەرچاوی خوێنەر دەکەوێت، خوێنەریش چێژ و خۆشی لەو دۆخە تازانە دەبینێت.

'بۆ بیستنی ئەو قسانە وەکوو ئەسپینداری چەم قیت ڕاوەستابوون؛ ل. ٢٩١

نووسەر ئەو خەڵکەی گوێیان بۆ ڕاگرتووە چواندوونی بە داری ئەسپیندار کە سپی و بێبەرە، کەواتە مرۆڤی بە ڕوەک کردوە . مرۆڤ ⬅ ڕوەک

ڕۆژئاوام لێ بووە ڕۆژهەڵات و کوردستانم لێ کەوتە لات بەسرە. دنیا لەبەر زەینم تەقڵەی لێدا یاخود وەکوو ولاّغ گەوزی تەنیشتی گۆڕی؛ ل. ١٦٢ لێرەدا بۆ ئەوەی نووسەر ڕادەی سەرلێتێکچون و گێژبوونی خۆیمان بۆ ڕوون بکاتەوە، چواندوویەتی بە گەوزی ولاّغ کە مرۆڤی بە ئاژەڵ چواندووە. مرۆڤ ⬅ ئاژەڵ

ئاوی سپی چار بە عەنتیکەیی زیاد دەکات هەندێکی لەبەر ڕێگای ناو زارەکی دەربەند وەکوو بێخاڵ لە شکڵی کە فی شیر هەڵدەرژێ؛ ل. ٢٠١ لێرەدا سپی ئاوەکە و بەرزبوونەوەی چواندووە بە هەڵچوونی شیر.

بەهارەکەی دەتگوت بەهەشتە؛ ل. ٢١١ بەهار چوێنراوە بە بەهەشت لە ڕووی جوانی و سەرسەوزی و خۆشیەوە.

هێندە بە خۆیەوە خەریک بوو دەتگوت فەرهادە و یەکەم جارە دەچێتە ژوانی شیرین' ل٢٦٢

حەوشەی ماڵەوەمان کە بەفری بانەکانیشی هاتبۆوە ناو وەک چاڵە بەفری لێهاتبوو؛ ل. ١١٦

حەوشەی ماڵەکەیانی چواندووە بە چاڵە بەفر چونکە ئەوەندە بەفری زۆری تێدایە پڕ بۆتەوە

دیتم ڕەنگی لە چاو هی پێش حەپس بوونی وەکوو شەعریی زەردە لێهاتبوو؛ ل. ٩٧

هەواڵنامەی کتێب

نووسەر لێرەدا باسی کەسێک دەکات کە ڕەنگی زەردبووە، بۆیە بە شەعرییەی زۆرد وەسفی دەکات ئەمە بە تەنکردنی مرۆڤە .

ئەمەی باسمان کرد چەند نموونەیەکی کەمن دەنا لە گەشتەکەدا دەیان نموونەی تریش هەیە، ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین بە تەنها بوونی وێنە شیعرییەت بوونی وێنەکە پیشان نادات، چوونکە لێکچواندنی ئاسایی وێنەی سادە بەرهەم دێنێتم ئەمەش پلەی هونەری ناگاتە ئاستی شیعرییەت.

**تێهەڵکێش (التضمین)**

هونەرێکی جوانکاری واتاییە لە عەرەبیدا پێی دەڵێین (التضمین) بریتییە لە: تێهەڵکێشکردنی ڕستە و گوتەی یەکێکی تر بەو دەقەی نووسەرێک سەرلەنوێ دایدەڕێژێت، جا گوتە و ڕستەکە ئایەتێکی قورئانی پیرۆز، فەرمودەیەک، یان پەندێکی پێشینان و ڕووداوێکی مێژوویی گرنگ، یان داستان و بەسەرهات و هەر شتێکی تری هاوشێوە، بە دوو مەرج: یەکێکیان وەرگیراوە کە لە ڕستەیەکی سادە کەمتر نابێت، ئەوی تریان وەرگر بە هەر جۆرێک بێت ئاماژەی بەوەکردبێت کە ئەمەی وەرگرتووە و هی خۆی نییە (عەبدوڵڵا، ٢٠٠٣، ل. ٢٥٧) بیرمەند و فەیلەسوفی زانا مەسعوود محەمەد زۆر گرنگی بەم هونەرە داوە، بە ڕێژەیەکی بەرفراوان سوودی لێوەرگرتووە، کە گەشتی ژیانم دەخوێنیتەوە بە ئاشکرا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە،کۆمەڵێک تایبەتمەندی و سیمای ناوازەی پێ بەخشیوە، لەوانە: خوێنەر هەست بە بێزاری و ماندووبوون ناکات لە خوێندنەوەی دەقەکە وا هەست دەکات ڕاستەوخۆ نووسەر لەگەڵی دەدوێت، ناوبەناو وەکوو شێوازی گفتوگۆی ئاسایی خەڵک دەدوێت، دواتر بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر یان بەڵگە و سەلماندنی قسەکانی پەند و قسەی پێشینان وکەسە دیارەکان تێهەڵکێشی دەقەکەی دەکات، جا وەرگیراوەکە بە هەر چ زمانێک بووبێت سوودی لێوەرگرتووە، نموونەی زیندوو و دیار و بڵاوی ئەو سەردەمەی هێناوە تێهەڵکێشی قسەکانی خۆی کردووە زۆرجار ئاماژەی بەوەش کردووە کە ئەمە هی کێیە و خستوویەتییە نێوان دوو کەوانەوە.

لەبەر زۆری نموونەکان تەنیا ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین:

(مارانگاز لە خشەی پەتک دەترسێت)، منیش هەڵەی ناوەکە بەو قسەیە لێم بوو بە دوودڵییەکی ناخۆش؛ ل. ٢٦٥

هێنانی ئەو پەندە کوردییە پێش ئەوەی مەبەستەکەی بڵێیت لێرەدا دەستپێکێک ڕوونکردنەوەیەک بە خوێنەر دەدات کە دوای ئەمە بێ گومان باس لە کێشەیەک دەکات کە پێشتر تووشی بووە و ترسی دووبارەبوونەوەی هەیە، پێشتر ناوەکەی بە هەڵە تۆمارکرابوو، ترساوە ئەمجارەش بە هەڵە لە لیستەکەدا بێت.

'کابرای تەحقیقات دەمی چەور دەکرا و چاوی دەپۆشی، بە مامۆستا جەوهەرم گوت ئەمەیە (دز و ماڵخۆ یەک بن گا بە کولانکەدا دەبەنە دەر)؛ ل٢٨٣ لێرەدا لە پێشدا ڕووداوەکە باس دەکات دوایی پەند و نموونەکە وەکوو بەڵگە و ڕوونکردنەوە بۆ قسەکانی دەهێنێتەوە.

دەڵێین: ( عند ذكر الصالحين تنزل الرحمه)خوایە تۆش بەگەورەیی خۆت، ڕووڕەشیی حەمەدی ڕەشمان لێ بکەیت بە شەبەقی کازیوە کە موژدەی ڕۆشنایی و هێنانی ڕادەگەیەنێ؛ ل. ٩٨. لێرەدا وتەیەکی عەرەبی هێناوە بۆ ڕوونکردنەوەی وتەکانی خۆی.

دەڵێین: (فلانە کەس سایە چەورە) بێ دوو دڵی و بێ گومان و بێ خۆهەڵکێشان، ماڵی ئێمە لە قەدیمەوە سایە چەور بووە؛ ل. ١٢٦. ئەوەتا قسەیەکی تری پێشینانی هێناوە کە باسی ماڵی خۆیان دەکات.

گوتەیەکی میسری هەیە دەڵێ: (يدى الحلق للى بلا ودان) واتە: گوارە بە یەکێکی بێ گوێ دەدات، ئا ئەمە بۆ من ڕەخسا وەک بۆتی دەگێرمەوە؛ ل. ٣٢٤. بۆ ئەوەی خوێنەر تووشی شتێکی چاوەڕوان نەکراو بێت، لەپڕ نموونە یا پەندێکی عەرەبی تێکەهەڵکێشی دەقەکە دەکات، فەیلەسووفی زانا مەسعوود محەمەد ئەمەی بە مەبەست کردووە ئەگینا دەیتوانی بۆ هەمان بابەت پەندێکی کوردی بهێنێتەوە، بەڵام ئەوەی نەکردووە تا بارێکی نوێ و نائاسایی بۆ خوێنەر دروست بکات لەوێشەوە بەرەو ئیستاتیکاو شیعرییەتی بەرێت.

ڕۆژانە دوکتۆری ئینگلیزەکان سەری لێداوم و تەرتیباتی هێور بوونەوەی بۆ سازداوم (وانا باعيط - عادل امام) گوتەنی؛ ل. ٣٤. لەم چەند دێڕەدا باسی تەمەنی ساوایی خۆی دەکات کە زۆر گرۆز و گرینۆک بووە، هەرچەندە دکتۆریش پشکنینی بۆ کردووە ناساغیش نەبووە، ئینجا لەپڕ بێ ئەوەی خوێنەر چاوەڕێ بێت ئەو قسە خۆشەی ناو شانۆگەرییەکەی عادل امام دەهێنێتەوە، ئەمە بەرز و نزمی دروست دەکات، هەڵچوون و خاوبوونەوە، لە خەمی گریانەوە بۆ پێکەنین بە گریان.

کرپەی ئاگری چایە و هات و باتی حازر کردنی ژەمی نیوەڕۆ بە نانی تیری و هێلکە و تەرەپیاز و ماست و پەنیر و قەیماغییەوە بەڕاستی، - عيش بود ان حد هر سلطاني- خيام(ژیانێکە دەست هەموو سوڵتانێک ناکەوێ؛ ل. ٤٦. بیرمەندی زانا مەسعوود محەمەد ئەمجارە بە زمانێکی تر پەندەکان تێهەڵکێشی قسە و دەقەکانی دەکات، ئەمجارە بە فارسی بەڵگە و پاڵپشت بۆ وتەکانی دەهێنێت، ئەمەش دووبارە جگە لە جوانی و بەرزی ئاستی هونەری لادانە لە شێوازە ئاساییەکە.

ئەمانەش چەند نموونە و ڕستەیەکی ترن کە تێهەڵکێشی تێدا بەکار هێناوە.

هەر نەبێ بەرداشی من هەتا گەرم ڕانەیێ ئاردی ورد ناهاڕێ؛ ل. ٥٢١.

'دەیگوت: یاخوا هیتلەر بت بینم بە کەوچکان لە کفنت بنێن. یەکەم جاریش بوو ئەو تەعبیرەی (بەکەوچکان لە کفن نان) ببیسەم؛ ل. ١٨٧.

لە ساڵی ١٩٦١ کەکەریم قاسم بەفڕۆکەی میگ کوردستانی بۆمبارددمان دەکرد ئەو کۆترەیەم بۆ بەرەی ئاشتیخوازانی جیهانی دەنارد و دەمگوت: ماڵی قەڵب سەر بەساحێبی ..؛ ل. ٣٢٦.

هەتا بێدەسەڵاتانی ئەم وڵاتە تووشی هەڵوەستی وەها عەیبدار نەکەم دەرگام کردۆتەوە بۆ (کل من هب ودب من ڕواندز الی الفاو) بێسکرتێر و بێئیستعلامات و بێدەرگە لێدان..؛ ل. ٥٢٠.

شتێکی بەڵگەنەویست و دیارە کە ئاست و ڕادەی شیعرییەت بەپێی ڕەگەزە ئەدەبییەکان دەگۆڕێت، چۆنییەتی تەوزیف کردنی دەربڕین و ئەندێشە، ڕێکخستنی کەرەستەکان ... هەمووی کاریگەری خۆی هەیە، شیعرییەتی پەخشان بەپێی هونەرەکانی پەخشان دەگۆڕێت. هەندێ هونەر شیعرییەتی زۆرتر لەخۆ دەگرێت لە چاو هەندێکی تریان بێ گومان لەگەڵ ڕەچاوکردنی توانا و داهێنان.

فەیلەسووف و بیرمەندی زانا (مەسعوود محەمەد) خۆی کەسێکی شارەزا بووە لە ئەدەب و زمان و شیعرییەت بە دڵنیاییەوە لە هەڵبژاردنی و وشە و دەربڕین و دەستەواژەکانیشدا بە وردی مامەڵەی لەگەڵ کردوون، بە ئاگاییەوە ڕێکی خستوون، ڕاستە باسی ژیاننامەی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە ئاوێتە بە ڕووداوە مێژوویی و سیاسیەکانی ئەو سەردەمە، بەڵام ڕادەی هونەری و لایەنی ئەدەبی پشتگوێ نەخستووە، ئەگەر بەراورد بکرێت بە ژیاننامە خودییە کوردییەکانی دیکە لە ڕووی هونەری و ئەدەبییەوە پلەی یەکەم دەهێنێت، جارێک بە شێوەی ناوچەیی و سادە و ساکار دەدوێت، لەپڕ وێنەی هونەری دەهێنێت بارگاوی بە خەیاڵ و ئەندێشە.

**ئەنجام**

١- (مەسعوود محەمەد) لە ناو ئاسمانی هونەری و پایەکانی گێڕانەوەی چیرۆکدا توانیویەتی سیمای هونەری ژیاننامەکە لە شێوەی تابلۆیەک بنەخشێنێت کە دوو ژانری چیرۆک و شیعر تێکەڵ بکات، لە لایەک بنەماکانی چیرۆکی پەیڕەو کردووە بێئەوەی لایەنەکەی دیکە کە سیمای هونەری و وێنەی شیعرییە پشتگوێ بخات.

٢- زۆربەی هونەر ڕەوانبێژییەکانی بەکار هێناوە بەڵام ئێمە تەنیا ئاماژەمان بە ئەوانە داوە کە زۆر دیارن و کاریگەری و بەهێزییان لە بەرهەمەکەدا ڕەنگی داوەتەوە، و جۆرێک لە شیعرییەت و ئیستاتیکایان پێ بەخشیوە.

٣- نووسەر بایەخێکی زۆری بە ڕیتمی ناوەوە داوە، لە ڕێی دووبارەبوونەوە و ڕەگەزدۆزی و دژیەکەوە، وە ئاستی پلەی ڕەگەزدۆزی زۆر زیاترە لە دوانەکەی تر، ئەمەش ڕەهەندێکی جوانکاری و مۆسیقایەکی سەرەنجڕاکێشی بە دەقەکە بەخشیوە و بەرەو شیعرییەتی بردووە.

٤- لە پێکهێنانی وێنەدا بە کەمی وێنەی لێکچواندنی سادەی هێناوە، زۆربەی کاتەکان ڕەچاوی ئەو بۆشاییە و لێک دوور کەوتنەوەیەی نێوانیانی کردووە، بۆیە گرنگی بە لێک ترازاندنی پەیوەندنی نێوانیان داوە لە ڕێی چواندنی چەمکی بەرجەستە بە نابەرجەستە و هەستی بە ناهەستی، مرۆڤ بە ڕوەک ،ڕوەک بە مرۆڤ... ئەمانەیە لە ئەنجامدا بەرەو لادان و شیعرییەتی دەقمان دەبات.

**سەرچاوەکان:**

**بەزمانی کوردی:**

ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد(د.) ٢٠١٥. *فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان*، ناوەندی غەزەلنووس،سلێمانی.

خزر، قازی محەمەد، ١٩٩٩، وەفایی(بیرەوەری) *تحفە المریدین*، و/ باقی، محەمەدحمە، وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.

خۆشناو، هێمن عومەر،٢٠١٠، *شیعرییەتی دەقی جیرۆکی کوردی*، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.

خەزنەدار، مارف، ٢٠٠١، *مێژوی ئەدەبی کوردی*، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

سعید، ناز ئەحمەد، ٢٠١٣ ، *لادان لە شیعری لەتیف هەڵمەت-دا*، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی

گەردی،عەزیز، ١٩٧٥، *ڕەوانبێژی لەئەدەبی کوردیدا(جوانکاری)*؛ چاپخانەی شارەوانی، هەولێر.

محەمەد، مەسعوود، ١٩٩٢، گەشتی ژیانم ، ستۆکهۆڵم.

مستەفا، ئیدریس عەبدوڵلا (د.)،٢٠١١، *لایەنە ڕەوانبێژییەکان لەشیعری کلاسیکی کوردیدا*، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.

مستەفا، ئیدریس عەبدوڵلا، ٢٠٠٣، *جوانکاری لەئەدەبی کوردیدا*، چاپخانەی دەزگای جاپ وپەخشی سەردەم، سلێمانی.

**بەزمانی عەرەبی:**

اسماعیل، عزالدین، ١٩٧٢، *الادب و فنونه*، دارالفکر العربی، القاهرة.

الباردی، محمد(د.)، ٢٠٠٥، *عندما تتكلم الذات، السيرة الذاتية فی الادب العربی الحديث*، اتحاد كتاب العرب، دمشق.

الحانی، ناصر(د.)١٩٦٨، *المصطلح فی الادب الغربی*، منشورات مكتبة العصرية، بيروت.

شاكر، تهانی عبدالفتاح،٢٠٠٢، *السيرة فی الادب العربی الحديث*، بيروت.

شرف، عبدالعزيز، ١٩٩٢، *ادب السيرة الذاتية*. الشركة المصريةالعالمية للنشر، لونجمان.

الطربلسی، محمدالهادی(د.)، ١٩٨٨. *بحوث فی النص الادبی*، الدار العربية للكتاب، تونس.

عبدالدائم، يحيی آبراهيم، ١٩٧٥، *الترجمة الذاتية فی الادب العربی الحديث*، دارالنهضة العربية.

عبدالستار، مويد، ١٩٩٦، *السيرة الذاتية*، دارالمنفی، بيروت- لبنان.

فهمی، ماهر حسن(د.)،١٩٧٠، *السيرةوتآريخ الفن*، دارالطباعةالحديثة، القاهرة.

مای، جورج، ١٩٩٢، *السيرة الذاتية*، الموسسةالوطنية للترجمه و التحقيق و الدراسات بيت الحكمة، ت/ القاضی، محمد، وصوله، عبدالله،تونس.

محمود، مصطفی(د.)، ٢٠٠٤، *النثر الفنی فی عهدی الدولتين الزنكية و الايوبية فی مصر و الشام*، موسسة الرساله للطباعة و النشر، بيروت- لبنان.

مريع، احمد علی، ٢٠٠٣، السيره الذاتية الحدوالمفهوم، نادی ابها الادبی، الرياض.

مصلح، سعد(د.)، ١٩٨٤، *الاسلوب دراسة لغوية آحصائية*، دارالفكر العربی، القاهرة.

المقدسی، انيس(د.)،١٩٨٧،*الفنون الادبية و اعلامها فی النهضة العربية الحديثة*، دارالعلم للملايين،بيروت.

ناظم،حسن،١٩٩٤،مفاهيم الشعرية،المركزالثقافی العربی، بيروت.

**فەرهەنگی كوردی:**

كەريم، ڕزگار، ١٩٧١، *فەرهەنگی دەریا: عربی کوردی*، نشراحسان، تهران.

**فەرهەنگی عەرەبی:**

التونجی، محمد(د.)، ١٩٩٩، *المعجم المفصل فی الادب*، بيروت.

**گۆڤارەكان بەزمانی كوردی:**

عومەر، موحسين ئەحمەد، ٢٠٠٦، ئەدەف و بایۆگرافی، گ/ڕامان ، ژ ١١٢

**گۆڤار بە زمانی عەرەبی:**

الصگر، حاتم، ١٩٩١، *الذات ممحموة بالكتابة عن السيرة الذاتيه نوعا آدبيا*، مجلة آفاق عربيه، بغداد.

لوجون، فليپ، ١٩٨٤، *ادب السيرة الذاتية فی فرنسا-المفاهيم و التصورات*، ت/ضحی شيحة، مجلهالثقافه الاجنبيه، العدد ٤، بغداد.

# ئاوڕێک لە بەرهەمەکانی مامۆستا مەسعوود محەمەد



ئێحسان میرەکی

هەروەک لە وتاری پێشتریشمدا[1] باسم کردووە، مامۆستا مەسعوود محەمەد بیرمەندێکی کوردە کە لە چەندین بواری ماف و یاسا، فەلسەفە، جڤاکناسی (کۆمەڵناسی)، وێژە و زمانەوانیدا خاوەن ڕا و پسپۆڕایەتییە.

مامۆستا مەسعوود محەمەد لە مەودای ژیانی خۆیدا چەندین بەرهەمی بەنرخی بەجێ هێشتووە کە ئێستاکە وەکوو سەرچاوەگەلێکی زانستی بۆ نووسینی وتار، پەرتووک، پایاننامە و هتد کەڵکیان لێ وەردەگیردرێت.

لێرەدا هەوڵی خۆم داوە کە بەشێوەیەکی کورت و کورمانجی ئاوڕێک لە بەرهەمەکانی ئەو پایە بەرزە بدەمەوە بەڵکوو ئەو جۆرەی شیاوە خوێندکاران و هۆگرانی بنەماڵەی چاندی کوردی بە تایبەت خوێندکاران و مامۆستایانی بەشی زمان و وێژەی کوردیی زانکۆی کوردستان لەگەڵیدا ئاشنا ببن.

بەرهەمەکانی مامۆستا مەسعوود محەمەد بریتی لە پەرتووک، گوتار، چەندین نامە کە بۆ پسپۆڕانی بوارگەلی جۆرواجۆری زمان، چاند، ماف و هتد ناردوویە.

## پەرتووکە کوردییەکان

١. *حاجی قادری کۆیی*؛ بەشی یەکەم؛ کۆڕی زانیاری کورد؛ بەغدا: ١٩٧٣.
٢. *حاجی قادری کۆیی*؛ بەشی دووەم؛ کۆڕی زانیاری کورد؛ بەغدا: ١٩٧٤.
٣. *حاجی قادری کۆیی*؛ بەشی سێیەم؛ کۆڕی زانیاری کورد؛ بەغدا: ١٩٧٦.
٤. *وردبوونەوەیەک لە چەند باسێکی ڕێزمانی کوردی؛ کۆڕی زانیاری کورد؛ ١٩٧٤.*
٥. *چەپکێک لەگوڵزاری نالی؛ کۆڕی زانیاری کورد؛ بەغدا: ١٩٧٦.*
٦. *چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی ڕێنووس و ئەلفوبێی کوردی؛ کۆڕی زانیاری کورد؛ بەغدا: ١٩٨٢.*
٧. *ژیان و جیهانبینی؛ بەرلین: ١٩٩٩.*
٨. *چەند حەشارگەیەکی ڕێزمانی کوردی؛ کۆڕی زانیاری کورد؛ بەغدا: ١٩٧٦.*

[1] ئێحسان میرەکی؛ *مامۆستا مەسعوود محەمەد مامۆستایەکی بێوێنە*؛ گۆڤاری ئەندیشە، ژ. ٦؛ سنە ١٣٩٥.

٩. *مرۆڤ و دەوروبەر*؛ کۆڕی زانیاری عێراق؛ دەستەی کورد؛ بەغدا: ١٩٨٤.

١٠. *بەرەو شەقامی ئاخاوتنی کوردی*؛ بەغدا؛ کۆڕی زانیاری کورد؛ ١٩٧٨.

١١. *زاراوەسازیی پێوانە* - وەشانی یەکەم: «گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ»، ژمارە ١١١، ١١٢، ساڵی ١٩٨٦ - وەشانی دووەم: «*زاراوەسازیی پێوانە*»، ژمارەی سپاردنی بە کتێبخانەی میللی ٣٨٠، بەغدا، ١٩٨٨.

١٢. *بۆ ئەمیری حەسەنپوور لە هەر کوێیەک بێت!* دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن؛ کۆماری عێراق؛ بەغدا: ١٩٨٤.

١٣. *حەماغای گەورە*؛ بەغدا: ١٩٨٦.

١٤. *لە پەرۆشەکانی ژیان*؛ ستۆکهۆڵم: ١٩٩٧.

١٥. *دەستەو دامانی نالی*؛ سوێد؛ چاپی یەکەم؛ ستۆکهۆڵم: ١٩٩٧.

١٦. *گەشتی ژیانم*؛ سوێد؛ چاپی یەکەم؛ ستۆکهۆڵم: ١٩٩٢.

*پەرتووکە عەرەبییەکان*

١. *اعادة التوازن الی میزان*، مختل؛ المجمع العلمی الکردی؛ بغداد: ١٩٧٧.


٢. *الی غورباتشوف العظیم*

٣. *لسان الکرد*

٤. *التفسیر البشری للتأریخ*

٥. *المجتمع البشری لماذا یشبە مستشفی المجانین*؛ اربیل: ١٩٩٩.

*لاپەڕەیەک لە دەستنووسی کتێبی زاراوەسازیی پێوانە*



## شرۆڤەی چەند بەرهەمێکی مامۆستا مەسعوود محەمەد؛

### ▪ حاجی قادری کۆیی:

ئەم کتێبە لە **٣** بەرگدا لە ساڵانی **١٩٧٣، ١٩٧٤، ١٩٧٦** لە چاپ دراوە. هەروەک مامۆستا مەسعوود محەمەد خۆی لە پێشەکیدا باسی کردووە بڕیار نەبوو کە لە سەر حاجی قادر کتێب بنووسێت و تەنیا ویستوویە وتارێک لە گۆڤاری کۆڕی زانیاریی کورد بڵاو بکاتەوە کە کاتێک دەبینێت کە زۆر بۆشایی هەیە لە ناساندنی بیر و هزر و فەلسەفەی حاجی قادر، دەست دەکات بە نووسینەوەی کتێبێک لە قاڵبی چەند بەرگدا بۆ ناساندنی هۆزانی هاوزێدیی خۆی، مامۆستا حاجی قادری کۆیی.

### ▪ وردبوونەوەیەک لە چەند باسێکی ڕێزمانی کوردی:

ئەم کتێبە لە ساڵی **١٩٧٤**دا، سەرەتا لە دوو بەشدا بە سفارشی کۆڕی زانیاریی کوردی بەغدا بۆ دوو باسی بەکارهێنانی «ی» لە کوردیدا و سوورێکی خامە بە دەوری ڕاناوداا نووسراوە. ئەم پەرتووکە لە لایەن وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستانەوە وەک یەکێک لە سەرچاوەکان بۆ دانانی کتێبی ڕێزمانی پۆلەکانی ناوەندی، هەڵبژێردراوە.

### ▪ *چەپکێک لەگوڵزاری نالی:*

لەم کتێبەدا مامۆستا جەختی کردووەتە سەر ئەو لایەنانەی لە نالی کە تا ئێستا وەبەرچاوی زۆرینە مامۆستایانی کورد نەکەوتوون و زۆرینە شیعرەکانی لە ڕوانگەیەکی فەلسەفی و شیکارانەوە شی کردووەتەوە و بەراوەردکاریگەلێکی جوان و بێ‌وێنەی داناوە لە ئەو کتێبەیدا.


### ▪ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی ڕێنووس و ئەلفوبێی کوردی:

هەروا کە دەزانین مامۆستا مەسعوود محەمەد ئەندامی کارای کۆڕی زانیاریی کورد بووگە. لە ئەو دانیشتنانەشدا کە بۆ باس کردن لە سەر کێشە و گیروگرفتەکانی ڕێنووسی کوردی ڕێک خرا، مامۆستا مەسعوود محەمەد دەوری

هەولێرنامەی کتێب

سەرەکیی دانیشتنەکانی گێڕاوە و پێشنیارگەلێکی زانستی و هەرە مەزنی ئاراستەی کۆڕ کردووە کە بە داخەوە هەندێکیان جێگیر نەبوون لە ڕێنووسی ئەمڕۆی کوردیدا.

نامەی مامۆستا مەسعوود محەمەد بۆ مامۆستا عەبدوڕەقیب یووسف



■ ***زاراوەسازیی پێوانە:***


مامۆستا مەسعوود محەمەد لەم کتێبەدا دەڵێت: ڕۆنانی زاراوە لە هەر بابەتێک بێت، گەلێک ئەستەمترە لە وەرگێڕانی تێکڕای بابەت. دەرفەت بۆ ڕۆنانی زاروە بەرتەنگە. وەرگێڕانی وشەی ئاسایی وەک پێکانی بەردێکە دە دیواری وەرگێڕاندا، بەڵام پێکانی نیشانە دە دانانی زاراوەدا وەک پێکانی پنتێکە بە ئەو بەردەوە. هەرچی زاراوەیە لە سەرەتاوە مەبەستێکی نائاسایی بە مل خۆیەوە گرتووە. زاراوە هەتا کورتتر و سادەتر بێت، پەسەندترە و ئەگەر سادەیی و کورتی دەست نەکەوت، پێویستە هەتا بلوێت، زاراوە لە کەمترین ژمارەی کەرت ساز بدرێت نەک خۆی لەبەر یەک بکێشێتەوە بۆ دەستەواژە.

لەم کتێبەدا باسی ئەوە دەکرێت کە لە ڕۆنانی زاراوە و وشەدا دەبێت کورتترین و سادەترین ڕێگا هەڵبژێردرێت؛ ئەمە لە بەر ئەوە وتراوە کە هەندێک لە زمانەوانانی کورد بەداخەوە لە ئەستەمترین ڕێگا بۆ دانانی زاراوە کەڵک

وەردەگرن کە هەر ئەم هۆیە بووەتە هۆی جێگیر نەبوونی ئەو زاراوە و وشەگەلە.مامۆستا مەسعوود محەمەد لەم کتێبەدا باسی ئەوە دەکات کە لە ڕۆنانی وشەدا سەرەتا دەبێت هەوڵی خۆمان بدەین کە وشەی سادە ساز بکەین پاشان ئەگەر نەکرا و نەگونجا وشەی ناسادە(لێکدراو) کە لە چەند وشەی سادە پێک‌دێت، ساز دەکەین.

مامۆستا دەڵێت دەبێت لە بیرمان نەچێتەوە کە دە بنەڕەتدا وشەی زمانی ئاخاوتن کە هەر خۆی دەبێتە وشەی فەرهەنگ و زمانی ئەدەبی، بە ئارەزووی ئاخێوەر ئەو واتایەی بەخشیوە کە تێماندەگەیێنێت دەنا هیچ هۆیەک بەردەست نییە بۆ ئەوە کە گۆشت واتای لحم یان meat، بگەیەنێت، یان ڕۆیشت ڕابوردوو بێت و برۆش فەرمان. زاراوەساز ئاگادار بێت ڕووالەتی وشە فێڵی لێ نەکات وەک ئەوەی کە «حر»ی دەرهەست (abstruct)دەگەڵ «ار»ی بنەڕەتی و «ار»ی وشەکانی «بنار، دیوار، لێوار، هەوار و ....» بە یەک شت بزانێت. دە وشەکانی «هەنار، مار،سەگسار، دار»دا ئەو «ار»ە بنەڕەتییە. دە «دیوار...» و هاوڕێکانی‌دا، «ار» بۆ لای زەوی دەچێتەوە.

*دەستنووسی کتێبی بۆ ئەمیری حەسەنپوور لە هەر کوێیەک هەیە*


-١-
ساڵی ١٩٧٧، بۆمن، ساڵێکی سیخناخ دراوی دەتەنگ
تەنگژەی پڕ بە شڵەقات و سەرقاڵی بوو بەو جۆرەی نەمتوانم
لە نووسیندا ئەبوو فەرمانەکانی سەرشانم جێ بەجێ بکەم. دەبوو
بەشی حیوارەمی (حاجی قادری کۆیی) تێیدا بە چاپ بگات، نەشگەیشت..
دەبوو لە دەرفەتدا چاو بەو نووسراوانەدا بگێڕم کە لەبارەی گۆڤار و
نامیلکە و کتێبدا پەیتا پەیتا بۆ کۆڕی زانیاری کورد دەهاتن.. دەبوو
لیژنەکانی زمان و ئەدەب و فەرهەنگ، کە من دەمڕاستیان بووم
هەنگاوی خاوانیان هەڵێنم بەرەو ئامانجەکانیان. دەبوو پێوەندی
کۆڕ بە جیهانی ڕۆشنبیری و قافڵەی زانستی تیژڕەوەوە محکەمتر بێ..
دەبوو گۆڤاری کۆڕ بە گوناریکی خۆمەوە لەگەڵ دەور کردنەوەی
چالاکییەکانی کۆڕ بۆ حوتیە دەکاتەوە، هەر لە لایەن خۆمەوە، بگاتە
بازاڕی خوێندنەوەی کوردی.. دەبوو.. و گەلێک!! دەبوو)) دیکەش

هەواڵنامەی کتێب

# زاراوەسازی پێوانە



فەرهەنگ مستەفانژاد

ڕۆنانی زاراوە لە هەر بابەتێک بێت، گەلێک ئەستەمترە لە وەرگێڕانی تێکڕای بابەت، چونکە دەبێ بابەت هەرچییێک بێ بدرێتەوە بە هۆش و پێزانین و سەقافەت و لەوانەوە داڕشتنێکی سەرجەمی بۆ ڕێک بخرێ بەو زمانەی کە وەرگێڕانەکەی پێ دەکرێ، تاکە وشەی ئاسایی و تاکە وشەی زاراوە لە یەکدی جودا دەبنەوە کە:

**١.** وشەی ئاسایی لە دوو زمان، یاخود سەد زماندا بەرهەمێکی کۆمەڵایەتیی مرۆڤایەتییە، کە وەک جریوەی چۆلەکە و قاسپەی کەو، تاکە مەبەستی ڕاگەیاندنی نیازی ئاخێوەری ڕەچاو کردووە، بێ ئەوەی گوێی دابێتە زمانێکی دیکە لەوەدا ئایا بۆ ئەو ڕاگەیاندنە چ وشەییێکی هەڵناوە و لەو هەڵنانەدا چ شتێکی تێخوێندۆتەوە. هەرچی زاراوەیە لە سەرەتاوە مەبەستێکی نائاسایی بە مل خۆیەوە گرتووە، ئەوجا بە زۆریش لە ڕێی چاولێکەریی سەقافەتێکی پێشکەوتووە.

**٢.** ئاپۆرەی خەڵک کە دێن بەپێی توانا و بۆچوونی زگماکییان وشەی لێکدراو دروست دەکەن بەسەر باریکەڕێگەی زەوقی زمانزانییاندا بەرەو مەبەستی سادەی ئەو ئەرکە عادەتییەوە دەڕۆن دەبێ ساتمەی **تێد** بکەن چونکە ڕابەریان چرای ناوەکی

ی زمانەکەیانە کە بە نەبزی دڵیان لێ دەدات نەک گڵۆپی خوازرایەوەی فەلسەفەی زمانناسی (فقه اللغة.)

## بەشی یەکەم: وشەی داڕێژراو

وشەی داڕێژراو ئەو وشەیەیە کە لە وشەیێکی سەربەخۆ و وشەیەکی ناسەربەخۆ پێک هاتبێ کە ناسەربەخۆ واتا نەبەخشێت، بۆ نموونە دەڵێین: چل- چلە، کار- کارا، شێت- شێتی حەفت- حەفتو

ئەم وشانە هەموویان لە وشەیێک و تاکە یەک دەنگی زیاد کە پاشگرە پێک هاتوون. لەم بابەتە نموونەی زۆرمان هەیە وەکوو: • قژ- قژن، • جل- جلک، • کولک- کولکن، • ناز- نازک.

کە دەڵێم تاکە یەک دەنگ بە پاشگر هاتوە ئاگادارم لەوەی کە لە هەندێوشەدا وەکوو: قژن، نازک، کۆڵکن - قورس کردنێک دێتە نێوان کۆتایی وشە ی پێ دەڵێن. زۆر لە » کسرة مختلسة « و ئەو پاشگرانە کە لە عەرەبید زمانەوانان ئەم قورس کردنە بە فۆنیم دادەنێن.

## بەشی دووەم: ناوی دارێژراو

وشەیێک لە گرتنی ناو و زیادیێکی کە بە تەنها واتا نابەخشێ پێک بێت بە دارێژراوی ناوی دادەندرێ. زیادیکەش یا بە پێشەوە یا بە دواوە دەلکێت، پێشگر و پاشگر لەو مەیدانەدا بایەخدارن. دەتوانین بۆ پێشگرەکان نموونە بێنینەوە وەک: لەبار، لەسەر، بەدین، بەپارە، بێبەش، بێشەرم. ئامرازی.

## بەشی سێیەم: وشەی لێکدراو

بەشی یەکەم و دوەمی ئەم نووسینە لە زاراوەی وشەی دارێژراو دا کە بریتییە لە تاکە وشەیەکی واتادار و ئەو زیادییەی بە تەنها واتا نابەخشێت چ پێشگر بێت و چ ناوگر و چ پاشگر. ئەم نموونانەی خوارەوە لە

وشەی دارێژراو مەبەستەکەمان ڕوون دەکەنەوە

| وشەی سادە | لەگەڵ پێشگر |
|---|---|
| **پارە** | بێپارە |
| **هات** | هەڵهات |

| وشەی سادە | لەگەڵ پاشگر |
|---|---|
| **بەرد** | بەردەڵان |
| **سووتا** | سووتاندی |

| وشەی سادە | لەگەڵ ناوگر |
|---|---|
| **گنج** | گرنج |
| **پشکووت** | پشکاوتی |

هەوالنامەی کتێب

| وشەی سادە | لەگەڵ دوو پێشگر |
|---|---|
| **بوو** | پێوەربوو |

| وشەی سادە | لەگەڵ دوو پاشگر |
|---|---|
| **پارە** | پارەدار- پارەداری |
| **برژا** | برژاندمانەوە |

نموونەی بۆ پێشگر و پاشگر: تێهەڵچوونەوە، هەڵدانەوە

هەر شتێکی زیادی کە بە وشەی سەربەخۆ بلکێت واتادار بێت یا بێ‌واتا بێت ئەوە وشەی لێکدراو دروست دەکات.

### کار و ناو «وشەی لێکدراوی»

کاتێک باس لەسەر وشەی لێکدراوی کار و ناو دەکەین دەبێ بەپێی ڕۆڵیان لە وشەکەدا پێش و پاش بخرێن وەک: بەرتیلخۆر، ماسیخۆر. گوڵچن، ماسید؛ ناو لەو لێکدانەوەیدا دەورێکی زۆر گرنگی هەیە بەڵام بەهۆی بزۆزی و چالاکی و کاریگەریێ کە تێیدایە ناتوانێ وشەیەکی دیکە بگیرێت و ببزێوێت.

بۆ ئەوەی خوێنەر لێم حاڵی بێت دەبێ بڵێم:

کار بە واتای فیعل
کارا بە واتای فاعل
ناوی کارا بە واتای اسم الفاعل
بەرکار بە واتای مفعول
ناوی بەرکار بە واتای اسم مفعول

### ناو و ناو «وشەی لێکدراوی»

جۆرە دارِشتنێک هەیە لەجیاتی ناو، یەک وشەی تێیدا دووپات دەبێتەوەکەواتە دوو ناو لە سەریەک دووپات دەبنەوە وەک: بڕبڕە، فیتفیتە، حولحولی، سەرسەری، جرەجڕ، تەقەتەق، خولخولە، گرمەگرم، خشخشۆکە، جاڵجاڵۆکە... ،

حولحولی، سەرسەری ئاوەڵناون

تەقەتەق، گرمەگرم ناوی دەنگن، جرەجرِ ناوی واتان.

خولخولە، فیتفیتە ناوی ئامێرن

خشخشۆک لە کارەوە هاتووە ناوی جێگایە

جۆلایکەرەوە هاتووە جالْجالْۆکە ناوی گەزندەیە، هەیە دەڵێت لە

ئەم جۆرە قالْبە لە نیوەی ڕێگای بەینی وشەی سادە و تێکەڵاوە چونکە دووپات بوونەوەی تێدایە لە سادەیی دەشۆرێت، دوو وشەی لێکدی جودای واتاداریش نین تا بگەن بە لێکدراو بەڵکوو دوو ناون .

**پاشکۆی بابی پەیینکە لە باراشی زمانی کۆنینەمان**

ئێلە هیندی- ئەورووپاییەکان پێش لە سەردەمی زەردەشت و ئاڤێستا بە چەند سەدەیەک، بوون بە دوو کەرت: یەکیان بەرەو ڕۆژهەلات و ئەوی دیکەش بەرەو ڕۆژاوا. کە پێیان دەڵێن هیندو ئێرانی و هێندو ئورووپایی.

هەموو سەرچاوە مێژوورییەکانیش دەڵێن، زمانی ئەو ئێلانە بە دایەلێکتی جۆراوجۆرەوە، بەر لە جودا بوونەوەیان، یەک شت بوە. یەک بوونی زمانیان بۆتە هۆی هەبوونی چەندین وشەی موشتەرەک لە نێوان هەموو ئەو زمانانە سەر دەکێشێتەوە بۆ ئێلە هیندی- ئەورووپاییەکان تا ئەوەی هەندێ جار لە نموونەدا دەبینین وشەیئەوتۆ هەیە قالْبەکەی لە زمانێکی ئەورووپای سەردەمدا باشتر پارێزراوە تا کوردی و فارسی وەک وشەی کە لە لاتینی بە بە واتای خواردن لە ئینگلیزی ماوەتەوە

کە قسە لە بەشی هیندی - ئێرانی بکەین، دینی زەردەشت لە هەموو ڕوویەکەوە باوەڕی کۆنینەی ئێرانییەکانی گۆڕی تا ئەوەی هێزە چاکەکانی ناوی یان پێوە بوو بە خوا و نیمچە خوا دەناسران، زەردەشت هات و Daeva دێو دوو Dualism پیرۆزیەکەی لێ دارِنین و دێوی لە خواوە گۆڕی بۆ شەیتان. «ئاهوورەمەزدە» هێزی سەربەخۆی چاکە و خراپەی کردە یەکتاپەرستی کە بە خوای هەموو دنیا ناساند.

کتێبی زەردەشت، ئاڤێستا، سەقافەتی هەموو گەلە ئێرانیەکانی لە سەقافەتی گەلانی دیکە، گردەبڕ، جودا کردەوە پێڕەوانی زەردەشت بە مەزدەیەسنا — خواپەرەست ناوبراون غەیری ئەوان بە دێویەسنا- دێوپەرست ناسراون.

لە نموونەی ڕووبەڕووبوونی مەزدەیەسنا و دێویەسنا ئاوا بە درێژیی مێژووی کورد لە زەمانی زەردەشتەوە تا ئیمرۆ شێوەی زیندووی هەبوە، دێویەسنە « ئێزدییەکانن کە لە لایەن گەلانی تر بە بێ‌دین ناسراون. هەر لەبەرئەو هۆیەوە ناوی

بێدینان بۆ هەرێمەوان ماوەتەوە. بەشەکانی دیکەی کوردستان، چونکەلەگەڵ ئیسلام دا تێکەڵ بوون کوردەکانی ئەو ناوچانە ئیسلامیان قەبووڵ کرد ناوی بێ‌دینیان لێ شۆراوەتەوە .

**ئاڤێستا پێنج بەشە:**

١. یسنا (گاتاکان کۆنترین بەشی یەسنایە)

٢. ویسپرد

٣. دژ دێو قانوون، قانوونی دژی : Vi Deva Data وندیداد (ڤەندیداد)

٤. یشتها

٥. وردە ئەوێستا

**سەرچاوە:**

محەممەد مەسعوود؛ *زاراوەسازی پێوانە*. چاپی دووەم، مانگ، کەرەج: ١٣٩٦.

هەواڵنامەی کتێب

## وەرگێڕانی دوو بەرهەمی مامۆستا مەسعوود محەمەد



ژیلا قەوامی

لەم وتارەدا دوو بەرهەمی عەرەبیی نەمر مەسعوود محەمەد (١٩١٩- ٢٠٠٢) کە لە ڕۆژنامەی عیراقدا بڵاو بووەتەوە، وەرئەگێڕینەوە سەر زمانی کوردی، بەو مەبەستەی کە ببێتە سەرەتایەك بۆ کردنەوەی دەرگای لێکۆڵینەوەی فراوانتر لەبارەی ئەو کەسایەتییەوە. چونکوو نووسین لەبارەی مەسعوود محەمەدەوە سەدان کتێب و گۆڤاری وەهای دەوێ و لە ئاکامدا بە دڵنیاییەوە تێ‌دەگەین هێشتا جێی باس و لێکۆڵینەوەی زۆری هەیە. ئەو بەڕێزە لە بواری هزر و مێژوو و ئەدەبدا بە کوردی و عەرەبی بەرهەمی شاکاری هەیە و زمانناسێکی بەتوانایە. لەبەر ئەوەی کە ئێمەی خوێندکاری کورد، لە سادەنووسی و دووپاتەنووسین دەرباز بین، دەتوانین لە شێوازی نووسین و بۆچوون و لێکۆڵینەوەکانی کەڵک وەربگرین. بەرهەمەکانی ئەم بیرمەند و فەیلەسووفە کوردە، فێرمان دەکا چۆن دەقێک شرۆڤە بکەین یان چۆن ڕەخنە بگرین یان هزرینی ڕەخنەیی کامەیە و چۆن بیروبۆچوونە خۆیی و ڕەسەنەکانمان دەربڕین. وەکوو هەمان ڕەوشتی خۆی لە بەرانبەر نامیلکەکەی کۆڕی زانیاری کورددا. ئەو بەرهەمە لە حەفتاکاندا بۆ لێکۆڵینەوە (هەروا کە بەڕێز دوکتۆر حاجی مارف لە "نووسینی کوردی"دا ئاماژەی پێ کردووە) بڵاو بووەوە و مەسعوود محەمەد لە جیاتی پلار و توانج تێگرتنەوە، بە لێکۆڵینەوە و پێشنیار و چارەسەرکردن، ڕای خۆی دەربڕیوە.

مەسعوود محەمەد لەباری کۆمەڵایەتییەوە بەرهەمی زۆری هەیە. یەکەم وتار کە هەڵمانبژاردووە باسێکی کۆمەڵایەتییە کە زۆر بە وردی و زیرەکی شی کردووەتەوە. لە بەشێ لەم وتارەدا بۆ دەربڕینی هزری خۆی، لە زاراوە

دیپلۆماسییەکەی موعاوییە واتا "تاڵە مووی موعاوییە" کەڵکی وەرگرتووە. موعاوییە ئەم زاراوەیە لە سەردەمی خۆی ئاوەها بە کار بردووە: ئەگەر پەیوەندیی نێوان من و خەڵک وەکوو تاڵە موویەک وابێ، ناهێڵم بپچڕێ. ئەگەر توندی بکەنەوە، خاو ڕایئەهێڵم و بە پێچەوانەوە، ئەگەر شل ڕایبهێڵن، توندی دەکەمەوە.

نووسەر، تێگەی بەردەوامیی لەم زاراوە(تاڵە مووی موعاوییە) گرتووە و وتارەکەی خۆی پێ ڕازاندووەتەوە. بەڵێ، پەیوەندییەک بە قەد یەک تاڵە موو، بەڵام بەردەوام و پتەو. ئەو پەیوەندییە کە ئەو پایەبەرزە باسی دەکا لەگەڵ هەموو جێگە و پێگەیەکدا ڕێککەوتنی هەیە. بۆ نموونە لە ناو بنەماڵەدا کە وەکوو بچووکترین بەشی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگایە، ئەگەر ئەو پەیوەندییە بەردەوامە بە دروستی کەڵکی لێ وەرگیرابێ و مرۆڤەکان لە تەندروستیی جەستەیی و دەروونیی تەواودا بن، بچووکترین ئەندامی بنەماڵە دەبێ لە تەمەنی لاوی لە زۆربەی بوارەکاندا، تەنانەت لە گەورەی بنەماڵەش ئاگاتر و وشیارتر بێ. چونکوو بە هۆی پەیوەندیی دروستەوە، ئەزموون و تاقیکارییەکانی هەموو ئەندامانی بنەماڵەی دیوە و چێژی لێ گرتووە. هەروەها منی خوێندکار ئەگەر لەم ڕاستییە بە واتای بنەڕەتیی ئاگادار بم، تێدەکۆشم لەگەڵ دەوروبەرییەکان لە زانکۆ بە جۆرێ پەیوەندی و هەڵسوکەوتم ببێ کە لەم ماوەدا، زانیاری و ئەزموونە بەنرخەکان ئاڵوگۆڕ بکرێ، بە شێوەیەک کە بۆ ژیانی هەر دوو لا کاریگەریی باش و بەسوودی ببێ. ئەو کاتەیە دەتوانین بڵێین: ئەوەیە پەیوەندی و ئاڵوگۆڕی ڕاستەقینەی نێوان مرۆڤەکان.

## (١)

## بەناوبانگترین و هەستیارترین تاڵە موو، پەیوەندییەک لە شێوەی تاڵەمووی موعاوییە

لە هەموو بارودۆخێکدا زۆربەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کە مسۆگەری بەردەوامیی ژیانن، بە گوێرەی سروشت و بێ زۆرەملی لە لایەن کەسێکەوە، پێویستیان بە بەردەوامبوونی پەیوەندی و هەڵسوکەوت و ئاڵوگۆڕی بەرژەوەندی و تاقی‌کردنەوەکان هەیە. مرۆڤی وردبین بە ڕوونی تێ‌دەگا کە پەیوەندییە تەنراوە مرۆڤایەتییەکان، چ لە بواری بیر و هزر و دۆزینەوە و چ لە بواری چالاکی و بنیاتنانەوە، بەهێزترین پاڵنەر بۆ پێشکەوتنی ژیارەکین. ئەم پەیوەندییە لە باژێڕانێ دەبینرێ کە هەزاران مرۆڤ لەگەڵ یەک هەڵسوکەوت و هاتوچۆیان هەیە و زانیاری و ئەزموونەکانیان ئاڵوگۆڕ دەکەن. لە سەر بنەمای ئەم ئاڵوگۆڕە شێوە جۆراوجۆرەکانی پێداویستیی ژیان پێک دێ کە بنج و بناوانی لە هیچ گوندێک نابینرێ و تەنانەت لەو باژێڕانەش کە هەڵسوکەوت و پەیوەندییان لەگەڵ باژێڕانی تر نییە، بەدی‌ناکرێ. بۆ نموونە قوتابخانەیەک کە سەدان خوێندکاری هەیە و ئەزموونەکانیان پێکەوە ئاڵوێر دەکەن بەتەواوی سەرکەوتووترە لەو قوتابخانەیە کە پەنجا خوێندکاری هەیە، چونکوو ژیار وەکوو پەتا وایە و لەناو خەڵکی بەکۆمەڵ و تەنراو دەسبەجێ بڵاو دەبێتەوە. ئەم بیر و ڕایە تەنها لە ئەمڕۆدا بەردەوامە و ئێمە بۆ داهاتوو، بێ ڕەچاوکردنی بارودۆخێک کە لە هەمان کاتدا زاڵە و کاریگەریی هەیە، بڕیار نادەین؛ چونکوو سروشتی پێشکەوتن لە زانستە جۆربەجۆرەکاندا _وەکوو دۆزینەوەکان و تەکنیکە نادیارەکانی فیزیا و گەردوونناسی و زیندەوەرناسی و دەروونناسی و زانستەکانی دیکە_ ئەوەیە کە لە پاک و خاوێنی زەیندا بەشدارە و مێشکیش بۆ چالاکبوونەوە یاری دەدا. ئەم دیاردەیە، واتا گۆڕانکاری لە زەین و مێشکی مرۆڤ، دوای هەزار ساڵ بە هۆی گۆڕانێ کە لە سروشتی زانستەکاندا هەیە، لە هێمنایەتیی ژینگەیەک یا شوێنە دەوروبەرەکانی ڕوو دەدا و لە سەر ژیانی مرۆڤیش کاریگەر دەبێ.


لەم سەردەمەدا پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان وەکوو خودی ژیار، لە هەر کۆمەڵگایەکدا پێداویستییەکی هەرە گرنگە. ئاخۆ دووئەوەندەبوونی خێرایی ئامێرەکان، کە بە هۆی پێشکەوتن ڕووی داوە، بۆ شتێک بێجگە لە پەرەدان بەو پەیوەندییەیە کە بۆ کۆمەڵگای ئەمڕۆی مرۆڤەکان پێویستە؟! کاتێ مرۆڤ بیر لەوە بکاتەوە کە تەندروستیی لە تەوەری زەوی و هەوا و بنی زەریاکان، بە هۆی بەردەوامبوونی چینی ئۆزۆنە، ئیدی بە برێ کێشە وەکوو جەنگ و برسێتی و نەخۆشی و ... خۆی سەرقاڵ ناکا، چونکوو کاتێ کونی ئۆزۆن گەورە ببێتەوە، هەمووی ئەم کێشانە ئەبێ بە گومان و خەیاڵ؛ بەڵام کاتێ کە کێشەی ئۆزۆن نەمێنێ، دووبارە گرنگ دەبێتەوە و مرۆڤ پێی سەرقاڵ دەبێ.. [دەبێ بزانین] کێشەی هەڕەشەی ئەتۆمییش وەکو ئۆزۆن وایە، ئەگەر گرنگیی زۆرتر نەبێ، کەمتر نییە.

ئێمەی مرۆڤ بە بازنەیەکی داخراو لەو شتانە کە بۆ پەیوەندییە جۆراوجۆرەکان (ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ...) پێویستن، گەمارۆ دراوین؛ واتا پەیوەندییەکی بەردەوام لە شێوەی ئەو پەیوەندییە هەتاییە کە موعاوییە ئەیویست لە نێوان خۆی و خەڵکدا ڕایگرێ و دەبێ بە دڵنیاییەوە لە سەر ئەمە بڕیار بدەین کە هەر مرۆڤێ لەم ڕاستییە بێئاگایە، ئەوە مرۆڤێکی ناتەواوە و کەسێکیش لە ئاستی ئەم بابەتە خۆی لە گێلی و کەمتەرخەمی بدا تاوانبارە، چ بگا بەوە کە لە سەر ئەو گێلییە سوور بێ و پێداگری بکا. ئەگەر وەها مرۆڤێ ببێەوێ لەم قۆناغەشدا ڕابوێرێ و لە هەمبەری ڕاوەستێ و دژایەتیی لەگەڵ بکا یان بایەخی پێ نەدا، ئەوە مرۆڤێکی خیانەتکار بە خۆ و بنەماڵە و نیشتمان و تەواوی مرۆڤایەتییە. لێرەدا هیچ بیانوویەکی بۆ گرنگی‌نەدان و بێ‌بایەخی بەو مەترسییە مرۆکانە (کوشندانە)، واتا ئەو کەین و بەینە هەرە گرنگانەی نێوان مرۆڤەکان، نامێنێ چونکوو مەترسییان بۆ هەمووان ڕوون و ئاشکرایە و وەکوو ئەرکێ لە ئەستۆی تەواوی مرۆڤەکانە. هەروەک چۆن لە مانگی ڕەمەزاندا کە فتوای ڕۆژوو ئەدرێ، ئەگەر تەواوی خەڵکی شار بە ڕۆژوو بن و تەنها یەک کەس بڵێ من نەمزانیوە و نەمبیستووە، لە سەر بنەمای دین و ئایین تاوانبارە.

لە ڕاستیدا، پێویستە مرۆڤ، قازانجە گشتییەکان زۆرتر لە تاکەکەسییەکان بپارێزێ و بایەخی پێ بدا. بۆ نموونە ئەگەر تۆ پاک و خاوێنیی ماڵی خۆت لەبەرچاو نەگری، لە باری یاساییەوە خەتابار ناکرێی، بەڵام ئەگەر لە

سەر شەقام زبڵ فڕێ بدەی یان بە هۆی پیسی و پۆخڵی دەوروبەری ماڵەکەت، دراوسێیەکەت تووشی کێشە و گرفت بێ و گازەندە بکا، لە باری یاساییەوە خەتاباری.

تێکڕای ئەم نموونانە و بابەتانی دیکەی وەکوو ئەمانە، هەمان تاڵەمووی هاوپەیوەندیی بەناوبانگن کە لە بواری بەرژەوەندیی ناوخۆییەوە شیاوی سەرنج و بایەخپێدانن، چونکوو هەر مرۆڤێ لە کۆمەڵگادا بە هۆی کەمتەرخەمی کەسانی دیکە لە ژێر تەوژمی ڕەنج و ئازار دایە و خودی ئەو مرۆڤەش بە ڕای ئەوانیتر یەکێ لە هەمان کەسانی دیکەیە، واتا بێگومان هەموو ئەندامانی کۆمەڵگا بەتەواوەتی لە سوود و زیان وەکوو یەک وان... ئەم باسە هەروا درێژەی هەیە و لە هەموو بوار و ئاقارێکدا بەو شێوەیەیە...



هەواڵنامەی کتێب

(٢)

## وتووێژێک لەگەڵ بەهاکان

مەبەست لە بەهاکان لەم وتارەدا، ئەو شتانە نین کە لە پیشانگاکانی شەوانەدا پێشنیاری فرۆشتن و کڕینیان دەدرێت، بەڵکوو مەبەست ئەو ڕەوشت و ڕێسا و نەریتە گرنگە مرۆڤییانەیە کە لای خەڵک ڕێزی هەیە. وەکوو ڕاستبێژی و ئەمانەتداری و نیشتمانپەرستی و لەخۆبوردوویی و ... کە زۆربەیان گرێبەستین و بڕێکیان وێڕای ئەوەی کە بوونی مادییان هەیە، خاوەن تایبەتمەندییەکی گرێبەستین. بۆ نموونە ئاسەوارێکی بەردینی مێژوویی یان گڵێنەیەکی کەونارایی، سەرەڕای ئەوە کە کەرەستە و پێکهاتەکەی لە باری مادییەوە نرخێکی ئەوتۆی نییە و بایی کەمتر لە یەک دینارە، لە باری مێژووییەوە ئەوەندە بەنرخە کە مەزەندە ناکرێت.

جێگە و پێگەی ئەم بابەتە بەنرخانە تەنانەت لە تاقە مژارێکیشدا، بە گوێرەی کات و شوێن و بارودۆخ، لە یەک جیاوازن. بۆ نموونە کەسێ کە لە ڕاستبێژی لانەدات کاتێ کە لە هەمبەر پاشایەکدایە کە ئەیەوێ بابەتێکی گرنگ و پڕمەترسی بشارێتەوە، کارەکەی پاڵەوانانەیە، بەڵام درکاندنی ڕاستی لە بابەتێکی هاوشێوەی ئەوانەدا کە بکەرەکەی لەبەر خاکساری ئەیەوێ نەناس بمێنێ، کارێکی نامەردانەیە.

بایەخ و نرخی ئەرێنی یان نەرێنیی بڕێ بابەتیش بەو سووک و هاسانییە کە لە بیروبۆچووندا وایە دەرناکەوێ. بۆ نموونە بەوەفا بوون خەسڵەتێکی پەسەندکراوە، بەڵام کاتێ کە دەینت بە سەر کابرایەکەوە هەیە کە دەزانی قاتڵ یا دز یا خاین بە نیشتمانە، لە پێناو بەوەفا بوون، نایدرکێنی؟ یا لەبەر ئەرکێ کە لە سەرتە، ترۆی دەکەی؟ یان ئەگەر بتەوێ لە نێوان زانا و نەخوێندەوارێکدا کە یەکیان نامۆیە و دووهەمیان خزمە، یەکێکیان هەڵبژێری و دەربازی بکەیی، چۆن بڕیار دەدەی؟ یان ئەگەر کەسێ قەرزێکی بە لای تۆوە بێ و دڵنیا بی کە ئەگەر بدرێتەوە، لە ڕێگەی سزادان و جەزرەبەی خەڵک دەکار دێ، بە هۆی دوورخستنەوەی خراپی، سوێند دەخۆی و حاشای لێ دەکەی یان سوێندی درۆیی ناخۆی و هەرچێ دەبێ با ببێ؟

ئەم نموونانە کە زۆر و بێ کۆتایین، دوو پەیامیان هەیە. یەکەم: ئەو بابەتە بەنرخانە پیت و بەرەکەتێکیان هەیە کە ڕەچاونەکردنیان هۆی سووچ و تاوانە. دووهەم: ئەم بەرژەوەندی و زیان و پەیوەندییە کەسییانە و ئەم دابونەریت و ڕەوشتە ئایینیانە، بایەخێکیان هەیە کە ناشاردرێتەوە و تێکڕا، تایبەتن بە مرۆڤ و هەموو ئەوانەی کە کەسایەتییەکی ژیر و بەئاوەزیان هەیە؛ ئەو ئاوەزەی کە هۆی داهێنەری و بەرهەمهێنان و تێکەڵاوکردنی ئەم بابەتانەیە لە ڕوانگەی چاکی یا خراپی یا بێلایەنییەوە.

کاتێ بمانەوێ چاکی و خراپی ئەم بابەتانە لێک جیا بکەینەوە، تووشی گیر و گرفتگەلێ دەبین کە ناتوانین بە سەریاندا زاڵ بین. بۆ نموونە: کامەیە ئەو بابەتە بەنرخە چاکانە کە بێ مشتومڕ لە خراپەکان جوێ دەبنەوە؟ بێ هزرین و لێکدانەوەیەکی بەربڵاو و چڕوپڕ، هەر لە ڕوانینی یەکەمدا، ژمارەیەکی زۆر لەو بابەتە بەنرخانە وە بیرمان دێ کە لە لای برێ خەڵک، کورتەی فەزیلەتەکانە و لای برێ دیکە، لە ڕیزی کارە شەیتانییەکانە و لای تاقمی سێهەم، نە چاکە و نە خراپ و لای کەسانی دیکە، ئەوەندە هیچ و پووچ و بێبایەخە کە قەت بیری لێ ناکەنەوە. بۆ نموونە خواردنەوەی شەراب بۆ موسڵمان هەمان کاری خراپی شەیتانییە، لە حاڵێکدا لای خەڵکانی دیکە، بێجگە لە موسڵمانان، یەکێ لە مەرجەکانی عیبادەتە و خەڵکانی دیکە لە ڕیزی کارە زیانهێنەرەکان دایئەنێن کە بەتەواوی نەفرەتی لێ نەکراوە، بە جۆرێ کە لە دابونەریتی برێ لە مرۆڤەکاندا مژارێکی ئاساییە وەکوو مژارەکانی دیکە، کە بەجێهێنانی سزا و پاداشتێکی بە دواوە نییە؛ بەڵکوو نەخواردنەوەی بە هۆی بڕیاری خودی مرۆڤە...

هاودەنگ نەبوونی ڕوانگەکان سەبارەت بەو بابەتە بەنرخانە تەنها بە هۆی بیر و باوڕە جۆراوجۆرەکانی خەڵک نییە، بەڵکوو تەنانەت شوێنکەوتووانی یەک ئایین و یەک نەتەوەش، برێ جار لە سەر تاقە مژارێک، کێشە و

هەوالنامەی کتێب

ناکۆکی لە نێوانیان پێک هاتووە و بووەتە هۆی شەڕ و دوژمنایەتی. باشترین نموونە لەم بوارەدا ناکۆکی نێوان مەسێحییەکان لەسەر چۆنییەتی سروشتی مەسیحە. ئەم ناکۆکییە لەسەر ئەوەیە کە مەسیح تەنها سروشتی خودایی هەیە یان هەم خوداییە و هەم مرۆڤی. لەسەر ئەم کێشەیە خوێنی زۆر ڕژاوە و خەڵک بە تاقم و دەستەی جۆراوجۆر دابەش کراون. هەموو ئایینەکان وەها کێشەگەلێکیان هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی کە پێویست نییە، چاوپۆشی لێ دەکەین.

**سەرچاوەکان:**


حاجی مارف، ئەوڕەحمان. *نووسینی کوردی بە ئەلفوبێیی عەرەبی*. بەغدا، ١٩٨٦.

محەمەد، مەسعوود. *دەموودووی هزر*، وەرگێڕانی حەکیم کاکەوەیس. کەرکووک، ٢٠١٣.

محەمەد، مەسعوود. *أشهر و أخطر شعرة*. العراق: ١١/ ١١/ ١٩٩٥.

محەمەد، مەسعوود. *دردشة مع القیم*. العراق: ١٣/ ٨/ ١٩٩٤.

www. Mamosta.net

# وتار

هەواڵنامەی کتێب

# فەلسەفەی زمان لەسەدەی بیستەم[٢]



نووسەر: جۆن کۆنفێڵد
وەرگێڕ: سەعید کاکی
مامۆستای یاریدەدەری بەشی فەلسەفەی
زانکۆی سەلاحەدەین، هەولێر

ئەم بەرگە توێژینەوەیەکی مێژووییە لەسەر هەندێک لە بابەتە ناوەندییەکانی فەلسەفەی ئینگلیزیی زمان لە سەدەی بیستەم. بەرگی پێشووی ئەم زنجیرەیە گرنگی بە لۆژیک، فەلسەفەی زانست و بابەتەکانی پەیوەندیدار بەم بابەتانە داوە، بەڵام بەرگی پێشتر واتە بەرگی هەشت، کێشەی هاوچەرخ لە فەلسەفەی قارەیی دەگرێتەوە (١). من بە ناساندنی گشتی ئەو وتارانەی لەم بەرگەدا بڵاوکراوەتەوە، هەندێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی فەلسەفەی نوێی ئینگلیزی_ ئەمریکی باس دەکەم. بەر لە هەموو شتێک پێویستە ئەم خاڵە ڕوون بکەمەوە، میتۆدی بیرکردنەوەی لەڕێگەی پشتبەستن بەڕوونی و ڕاشکاوی[٣] جیادەبێتەوە. بۆ نموونە بە بۆچوونی ڤێتگنشتاین (کەسانێک کە ڕوونکردنەوەی بەڵگەکانیان بە پێویست نازانن، بە تەواوەتی فەلسەفە لەکیس دەدەن)، (٢) ڕەنگی داوەتەوە. پێداگری لەسەر ڕوونی و ڕاشکاویی، لەڕێگەی بابەتێکەوە دێت کە بە (وەرچەرخانی زمانی[٤]) ناودێر کراوە و ئەمەش یەکێک لە تایبەتمەندییە جیاکەرەوەکانی فەلسەفەی ئینگلیزی- ئەمریکییە لە سەدەی بیستەم. لەسەر زمانەوە، دەستەوشەی وەرچەرخانی زمانی، سەرنجی ئەو گۆڕانکارییانە دەدات کە لەسەر پرسیارە سنووردارەکانەوە ئاماژەی پێکراوە.

ئەم وەرچەرخانە واتای ئەو ناگەیەنێت نووسەرانی سەدەی بیستەم کاتێکی زیاتر تەرخان بکەن بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر چییەتی زمان و گرفتەکانی، هەرچەندە وا دەردەکەوێت ئەم خاڵە بەتەواوەتی دروست بێت. بۆ نموونە ئەو دەقانەی تەرخانکراون بۆ ئەم باسە بەراوردی بکەن لەگەڵ نامیلکەکەی لۆک و توێژینەوە فەلسەفییەکانی ڤێتگنشتاین کە بە جۆرێک لە جۆرەکان بابەتی زمان بووە بە باسێکی بنەڕەتی. بە نموونە سەرەنجی ئەم بابەتە لە کتێبی ئای. جی. ئایەر

---

[٢]. سەرچاوە مێژووی فەلسەفەی ڕاتلێج: *فەلسەفەی واتا، مەعریفە و بەها لەسەدەی بیستەمدا*. بەرگی١٠ وەرگێڕان، یاسر خوشنوویس، دەزگای حیکمەت، ١٣٩٢، وەرگێڕ: سەعید کاکی

[3]. clarity
[4]. linguistic turn

بە ناونیشانی، زمان، ڕاستەقینە و لۆژیک بدەن. لەم کتێبەدا کێشەی سەرەکی دیاریکردنی سنوورەکانی زمانیی واتادارە و تارادەیەک تێکرای باسەکانی دیکە لە دوای ئەم دەسکەوتە بانگەشەییە گەڵاڵە دەکرێ. تێوەگلان بە زمانەوە کە باسی لەسەر دەکەین، لێرەدا ئاوڕ لە سێ خاڵ دەدەینەوە: فۆڕمی لۆجیکی، بێواتایی و دژەکەی، واتادارییە[5]. ڕستەیەک بەو شێوەیەی کە لە زمانێکی ئاسایی وەکوو زمانی ئینگلیزی دەردەکەوێت، شیمانە دەکرێت فۆڕم یان پێکهاتەی دروست و بنچینەیی خۆی نەخاتە ڕوو، کەواتە پێویستە ئەم فۆڕمە یان پێکهاتەیە لەلایەن فەیلەسووفەوە بدۆزرێتەوە. بەم پێیە فۆڕمی ڕواڵەتی ڕستەیەک وادەردەکەوێت ڕستەکە لەخۆ بگرێت و لەبەرانبەر فۆڕمی واقیعی دەوەستێتەوە. چەمکی فۆڕمی لۆجیکی لەگەڵ ئەم پێش گریمانەیە کەوا ئێمە میتۆدگەلێکمان بۆ دیاریکردنی ئەم پێکهاتە شاراوە یان ڕواڵەتییە لەبەر دەسدایە. لەلایەنی مێژووییەوە چەمکی فۆڕمی لۆجیکی پیشانی داوە، وەسفە سەرەتاییەکانی فۆڕمیی لۆجیکی، زنجیرەیەک لە وشە لۆجیکییە نوێیەکانی بەکار دەهێنا. لۆجیکی نوێ لەلایەن فرێگە و ڕاسێل لە چوارچێوەی هەوڵ و تەقەلایەک بۆ سەلماندنی گونجاندنی بیرکاری لەڕێگەی هەڵهێنجۆندن و لۆجیکی نوێیەوە پەرەیسەند. بۆ بەرەوپێشچوونی بەرنامەی ناوبراو، پێویست بوو سەرلەنوێ لۆژیک دابرێژنەوە. لێرەدا فرێگە پشکی سەرەکی هەبوو. فرێگە ئەم کارەی لەڕێگەی ناساندنی چەمکی وێنەپرسەکان (کوانتیفیرەکان)[6] بەئەنجام گەیاند. (٣) فرێگە بە جیابوونەوەی بنەڕەتی لە لۆجیکی، بنە و باری ئەرستۆیی یان کلاسیکی، چەمکی وێنەپرسی گشتی واتە (لەباتی هەر X) و نیشانە پرسەکەی واتە (X یێکی هەیە)ی داڕشت.

فرێگە لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەم کەرەستانەوە توانی ڕستەکانی وەکوو (هەموو مرۆڤێک دەمرن) و (سوکرات پیاوە) بە میتۆدێکی زۆر ڕوونتر لە لۆجیکی کۆن یان کلاسیکی شیبکاتەوە. کەرەستە و وشەکانی ئەم لۆژیکە نوێیە بزوێنەری گەڕان بوون لە فۆڕمە لۆجیکییەکانی فەلسەفەی هەنووکەدا. وتاری پلە یەکەم و کاریگەری بێرتراند ڕاسێل بە ناونیشانی (لەسەر ئاماژەوە[7]) کە لەساڵی ١٩٠٥، کۆمەڵێک بیرۆکەی وەکوو ئەوەی لە لۆجیکی بیرکاری، یان نوێی بۆ دۆزینەوەی فۆڕمی لۆجیکی گەڵاڵە کرابوو، لە کردەدا بەکاریهێنا. وتارەکەی ڕاسێل، ڕێگەخۆشکەری خاڵی سەرەکی بوو بۆ برەودان بە فەلسەفەی ئینگلیزی - ئەمریکی. بابەتێکی تایبەتی کە ڕاسێل سەرقاڵیەتی، باسێکی تەکنیکییە، بەڵام تێگەیشتنی بۆ هەستپێکردنی شێوازی بەکارهێنانی بیرمەندانی ئێستاکە بۆ بیرۆکەکانی ڕاسێل پێویستە، کەواتە بۆ تێگەیشتن لەلایەنی سەرەکی فەلسەفە کە لەم بەرگەدا دەخرێتە بەر باس پێویستە (بۆ باسی چڕوپڕ لەم بارەیەوە بڕواننە وتاری پرۆفیسۆر مارتینێچ بە ناونیشانی (فەلسەفەی زمان) هەر لەم کتێبەدا. (٤) لەسەر نموونە بەناوبانگەکەی ڕاسێل، واتە ڕستەی (پاشای ئێستای فەڕەنسا کەچەڵە)، دیارە ڕستەکە فۆڕمێکی لە جۆری بنە و بار هەیە و ڕستەی (پاشای هەنووکەی فەڕەنسا) دەوری بنە دەگێڕێ. لەم خوێندنەوەیەدا، ڕستەی ناوبراو لەگەڵ ڕستەی (جۆن کەچەڵە) جۆرێک لە هاوشێوەیی هەیە. دیارە کە لە هەردوو خاڵەکەدا، دەربڕینی پیشاندەری تاکێتی تایبەتی هەڵدەبژێرێت. (هەروەک چۆن ناوێکی تایبەتی شتێکی تاک هەڵدەبژێرێ) و دەوترێت ئەو

---

[5]. Logical form, meaninglessness and its opposite, meaning
[6]. quantifiers
[7]. On Denoting’

شتە خاوەنی تایبەتمەندییەکی دیاریکراوە. ئەم خوێندنەوەی ڕستەیە گێچەڵی لێدەکەوێتەوە. پاشای ئێستای فەرەنسا وەکوو یەک شاخی ناو باخەکەی من بوونی نییە و کەواتە شتێک نییە لە ڕستەکەی ڕاسێلدا بگونجێ. لەم کاتەدا وادەردەکەوێت ڕستەکەی ڕاسێل بێ‌واتا بێت. بەڵام ئێمە لە ڕستەکە تێ‌دەگەین. ڕاسێل لە وەڵامی ئەم مەتەڵە بەم شێوەیە بەڵگە دێنێتەوە، کاتێک ئێمە بە دروستی ڕستەکە شیبکەینەوە بگەینە فۆڕمی دروستی لۆجیکییەکەی، (پاشای هەنووکەی فەرەنسا) بزر دەبێ. شێوەی دروستی ڕستەکە بە تەواوەتی لەگەڵ شێوە ڕواڵەتییەکەی جیاوازە. ئێمە لەم شیکردنەوەیەدا، بگۆڕەکانی وەکوو X و y، فۆنکسیۆنی لۆجیکی (لەباتی هەرX) و (Xێک هەیە) و بارەکانی وەکوو (پاشای هەنووکەی فەرەنسایە) و (سەر ڕووتاوە) دەبینینەوە. خوێندنەوەی فۆڕمی لۆجیکی ڕستەکە بەم شێوەیە: لانی‌کەم شتێک هەیە، پاشای فەرەنسایە و شتێکە پاشای هەنووکەی فەرەنسا بێت، لەگەڵ شتی ناوبراو چوونیەکن و ئەم شتەش سەرڕووتاوە. لەوەی کە شتێک نییە پاشای فەرەنسا بێت، ڕستەی ناوبراو هەڵەیە، بەڵام بێ‌واتا نییە. ڤیتگنشتاین بیرۆکەی لۆجیکی شاراوە لە دوای گوزارەکانی زمانیی سروشتی یان ئاسایی وەکوو یەکێک لە پێش گریمانە بنەڕەتییەکانی لە کتێبە زۆر کاریگەرەکەی بە ناویی تراکتاتۆس (١٩٢١) گرتەبەر. بە بۆچوونی ڤیتگنشتاین، پێویست بەوە ناکات زانایانی لۆژیک فۆڕمی لۆجیکی وردبینانەی گوزارەکان وەسف بکەن، ئەگەر بەگشتی ڕوونی بکاتەوە کەوا ئەم فۆڕمە چییە، تاڕادەیەک ئەرکەکەی خۆی بەئەنجام گەیاندووە. ڤیتگنشتاین باوەڕی وابوو، دەتوانین هەموو گوزارەیەک بەشێوەی کۆمەڵەیەک گوزارەی بنەڕەتی[8] کە گرێدراون بە دەستەوشەی، فۆنکسیۆنی ـڕاستکردنەوەکان[9]، واو، نا، ئەگەر، ئەوسا و پاشان و لەڕێگەی ئەم دەستەوشانە شی دەکرێنەوە. گوزارە[10] بنەڕەتییەکان، ئەو گوزارانەن کە ناکرێت لەوەی هەن زیاتر شی‌بکرێنەوە.

لە کتێبی تراکتاتۆس ئەم گوزارانە ناویی شتە سادەکانی لێنراوە. (گوزارە مۆلکولییەکان[11])، ڕستەکانی زمانی ئاسایی دەردەبڕن لە تێکەڵبوونی گوزارە بنەڕەتییەکان و لەڕێگەی بەکارهێنانی، دەستەوشەی فۆنکسیۆنی ـ ڕاستکردنەوەکان پێک‌دێن. تێکڕای گوزارە واتادارەکان بەو شێوەیەی کە وەسف‌کرا، خاوەنی فۆڕمی لۆجیکین و تێکڕای ئەو گوزارانەی کە بێ‌بەری لەم فۆڕمە بێت، بێ‌واتایە. ئەگەری ئەوە هەیە ڕستەیەک بێ‌واتا بێت، تەنانەت لە کاتێکدا وا بیردەکەینەوە واتادارن. ئەم کێشەیە بە گەڕان لە فۆڕمی لۆجیکییەکەی چارەسەر دەبێ. گەڕانی ڤیتگنشتاین بۆ دۆزینەوەی فۆڕمی لۆجیکی دروستی ڕستەکانیی زمانی ئێمە بەگشتی لە ویستی ئەو بۆ جیاکردنەوەی ڕاشکاویی نێوان ئەو شتەیە کە دەریدەبڕین و ئەو شتەی کە ناتوانین دەریببڕین. جگە لەمەش ڤیتگنشتاین لای وابوو، پێکهاتەی ڕاستی لە پێکهاتەی گوزارەکانەوە ڕەنگ‌دەداتەوە، بەشێوەیەک دۆزینەوەی فۆڕمی لۆجیکی، واتە دیاری‌کردنی فۆڕمی لۆجیکی گەردوون بەشێوەیەکی پێشیانەیە. بۆ نموونە وەکوو نموونەیەکی بە تەواویی ڕوون، ڤیتگنشتاین باوەڕی وابوو، ڕستەی یەکەم کەسی وەکوو (من باوەڕم هەیە p)کە لەوێدا p گوزارەیەکە، ئەم فۆڕمە بە خۆیەوە دەگرێت،

---

8. collection of elementary propositions
9. truth-functions
10. propositions
11. molecular propositions

(«p» دەڵێت کەوا p). بابەتی بانگەشەیی واتە تاکی باوەڕداری وەکوو، من یان نەفسی دیکارتی لەم شیکردنەوانەی ڤیتگنشتایندا لەناو دەچێ. بەم پێیە ڕاستی هەڵگری ناسنامەیەکی بە ناویی خۆ نییە. جەخت لەسەر زمان لە (وەرچەرخانی زمانی) مانای ئەوە ناگەیەنێت فەلسەفە بە کەم بزانین. زۆربەی فەیلەسووفەکانی هاوچەرخ لەگەڵ جۆرەکانی بیرۆکەی لۆجیکی ئیش دەکەن. بۆ نموونە دۆناڵد دیڤیدسۆن شتێکی هاوشێوەی بیرۆکەی کلاسیکی ڕاسێلی واتە فۆڕمە لۆجیکییەکانی بەکاردەهێنا. هەروەکوو چۆن بێرنارد لێنسکی لە وتارێکی خۆی لەسەر میتافیزیک لە بەشی چوارەمی ئەم کتێبە ئاماژەی پێدەکات. ئامانجی دەیڤیدسۆن لەم کارە، سەبارەت بە چییەتی ڕووداوەکان، پۆلێنبەندی ڕستەی ڕووداوە ئاسایییەکان لەبواری (لۆجیکی پلە یەکەم) بوو. پاڵنەری شاراوە لە پشتی تراکتاتۆس دۆزینەوەی فۆڕمی دروستی واقیع بوو. فەیلەسووفانێکی دیکە، پەرەیاندا بە ناسینی شیکردنەوەی دروست، بە واتای گەیشتن بەشێوەی شاراوەی ئەو دیوی گوزارەکانن کە لەلایەنی فەلسەفییەوە واتادارن. بەڵام ئەوان وای بۆ نەدەچوون، پێویستە ئەم فۆڕمە لەڕێگەی چەمکە لۆجیکییەکانەوە بدۆزرێنەوە. ڕوانگەیەکی لەم شێوەیە سەبارەت بەشێوەی شاراوەی گوزارەکان، بەنموونە لە ڕووبەڕووبوونەوەی، ڕۆدریک چیزۆم[١٢] لەگەڵ کێشە میتافیزیکییەکانی چییەتی دیاردەکان ڕچاویی بکەین، دیاردەکان شتگەلێکی زەینی پڕ لە نەهێنین کە دیکارت و کۆمەڵێک لە بیرمەندانی پاش ئەو بە گریمانەیان دانابوو و ئەم شتانەش بوونە هۆی وروژاندنی کۆمەڵێک پرسیاری مەتەڵئاسا(٥). چیزۆم بانگەشەی ئەوەی کردووە، بۆ تێگەیشتنی دروست لە گوزارەیەکی لەم شێوەیە کە شتەکان چۆن دەردەکەون، پیشانی دەدا ڕستەکانی لەم جۆرە شێوەیەکی ئاوەڵکرداری هەیە نەک هەواڵی یان خەبەری.

ئەگەر شتێک لەڕاستیدا ڕەنگی سوور بێت یان نەبێت، لە ڕوانگەی کەسێکی وەکوو جۆن، سوور دێتە بەرچاو یان نایەتە بەرچاو. لەم کاتەدا ئێمە دەڵێین جۆن لە دیاردەیەکی ڕەنگ سوور بە ئاگایە. چیزۆم لە باتی ئەم جۆرە لێدوانەی ئێستا، باوەڕی وابوو لە ڕاستیدا پێویستە ئێمە بڵێین (دۆخەکە لای جۆن سوورئاسا دەردەکەوێ). بەم پێیە ناوێک لەڕێگەی ئاوەڵکردارێکی ڕێزمانییەوە جێگەی دەگرێتەوە. کەواتە بە پێچەوانەی ڕواڵەتی ڕێزمان، ڕاستی شتگەلێکی وەکوو دیاردە سوور ڕەنگەکان ناگرێتەوە و هۆکارەکەی جۆنە کە بەشێوەیەکی تایبەتی هەستی پێدەکات و لەڕێگەی ئاوەڵکردارەکانەوە وسف دەکرێن. بەم شێوەیە پرسیاری کۆن لەسەر چییەتی دیاردە یان داتا هەستەکییەکان وەلا دەنرێن و بە پێچەوانەوە بانگەشەی ئەوە دەکرێت پرسیاری ناوبراو لە تێگەیشتنێکی هەڵە لە فۆڕمی ڕستەکانی پەیوەندیدار بە دیاردەکان سەرچاوە دەگرێ. لەهەمان کاتدا گەڕان لە فۆڕمی لۆجیکی ڕستەکان لە وێکچوونی بنەماڵەییە[١٣] جیاکەرەوەکانی فەلسەفەی ئینگلیزی_ ئەمریکییە و ئەم گەڕانە هەروەها کە بە نموونە لێکدرایەوە ڕواڵەتی جۆربەجۆر لەخۆ دەگرێ. خاڵێکی دیکە کە لە (وەرچەرخانی زمانی) بەرجەستە دەبێتەوە، بێواتاییە.

---

[١٢]. Roderick Chisholm **چیزۆم** لەو کەسانەیە لە تیۆرییناسی هاوچەرخدا بیرۆکەی کلاسیکی *تیۆرییناسی* لە لای وابوو مەعریفە باوەڕێکی دروستی پاساودراوە بەرپەرچیداوەتەوە .و.ک

[13]. family- resemblance

(بابەتێکە لە بەشە جۆربەجۆرەکانی وتارەکانی داهاتوو وەکوو بەشی میتافیزیک لە نووسینی وەلیام جیمز دێت ئانجلێس[14] باسی لەسەر کراوە). ئەم بیرۆکەیە کە لای وایە، هەندێک لە بانگەشە ڕواڵەتییە گرنگە فەلسەفییەکان، ئەگەری ئەوەی هەیە لەڕاستیدا بانگەشەیەکی بێواتا، بەڵام شاراوەی لە پشت وشەکان بن، بیرۆکەیەکی کۆنە. بۆ نموونە دەربڕینەکانی لەم بابەتە لە بەرهەمەکانی کانت و هیۆمدا ڕچاو دەکرێ. لە سەدەی بیستەمدا بیرکردنەوەکانی ڤیتگنشتاینی یەکەم بەگشتی لە وروژاندنی بیرۆکەی بێواتایی بەرەو ناوەندی سەرنجدان کاریگەرییەکی زۆری هەبووە. ئەو لای وابوو، هەر گوزارەیەکی واتادار، شێوەی (بابەتەکان خاوەنی دۆخێکی لەم جۆرەی) هەیە، بە جۆرێک گوزارەکە بانگەشەیەکی ئەزموونی لەسەر گەردوون باس دەکات، ئەگەر ڕستەکە بانگەشەی لەم چەشنە گەڵاڵە نەکات، بێواتایە. ئەم هەڵوێستە لەلایەن پۆزەتیڤیستە لۆجیکییەکان پەرەی پێدرا، ئەوان هەوڵیان دەدا لەڕێگەی بەکارهێنانی پێوەرە ئەزموونییەکانیان بۆ چەمکی واتاداری، بیرۆکەکەی ڤیتگنشتاینیان بەشێوەیەکی وردبینانە پۆلێنبەندی بکەن. بە بۆچوونی ئەوان، ڕستەی واتادار دەبێت لە بنەڕەتەوە، یاسای ساغکردنەوە[15] لەسەر گەردوونەوە بێت، یان ئەوەی کە ڕستەیەکی (هەمانناسیانە[16]) ی وەکوو ڕستەکانی لۆژیک و بیرکاری بێت.

تێکڕای ڕستەکانی دیکە، سەرەڕای ئەوەی کە بە ڕواڵەت واتادارن، بەڵام بەبێواتا لە قەڵەم دەدرێن. بۆ نموونە ڕستەی (تێکڕای ڕاستەکانی گەردوون و ئەوەی بیەوێت پێواندنێکی لەم شێوەیە بەئەنجام بگەیێنێت لە هەر چرکەیەکدا نیوە دەبێ) لە تاقیکردنەوەی ناوبراودا هەرەس دێنێ. چونکە گواهێک (شایەدێک) نییە بانگەشەیەکی لەم شێوەیە بسەلمێنێت یان ئەوەی کە بەرپەرچی بداتەوە و کەواتە ئەم ڕستەیە بە پێچەوانەی هەمانناسانەی (یان باران دەبارێت یان نابارێ) ـــ کە بە ڕواڵەت[ وادەردەکەوێ] واتادار بێت، بێواتایە. ڕاسێل نموونەیەکی دیکە دێنێتەوە: (گەردوون لەگەڵ تێکڕای بیرەوەرییەکانی ئێمە، فۆسیلەکان و ئەو گەواهانەی کە ئاماژە بە ساڵانێکی لەمەو پێش دەکەن، لە پێنج خولەکدا خولقاوە). هەرچەندە خاڵی ناوبراو نموونەگەلێکن بۆ شیکردنەوەی بیرۆکەی یاسای ساغکردنەوە . تاقیکردنەوەی واتاداری پۆزیتیڤیستەکان ئامانجێکی گرنگتری لە بەرچاو گرتبوو. ئەم پێوەرە بۆ ئەم مەبەستە داڕێژرابوو، پرسیارەکانی وەکوو ئەوەی کە (ئایا خودا بوونی هەیە؟) لەگەڵ کۆمەڵێک پرسیاری دیکە لە پرسیارە میتافیزیکییە نەریتییەکان لە جیهانی وتە واتادارەکان دووربخەنەوە. هەروەک چۆن کارناپ لەساڵی ١٩٥٠ نووسیویەتی (کۆڕی ڤییەن، کە لەوێدا پۆزیتیڤیزمی لۆجیکی بناغەی دانا) لەژێر کاریگەری ڤیتگنشتاین، بیرۆکەی ڕاستی جیهانی دەرەوە و هەروەها بیرۆکەی نەبوونی ڕاستی جیهانی وەکوو شێوە یان شێوە ـــ ڕستە[17] ڕەتکردەوە، ئەم ڕووداوەش بۆ بیرۆکەی بەڕاست دانانی هەمەکییەکان... و بیرۆکەی نۆمینالیستی نەبوونی ڕاستی ئەوانە ڕوویدا). (٦) سەرەڕای ئەمانە لەمڕۆدا، یاسای ساغکردنەوە لەگەڵ پۆزیتیڤیزم باوی نەماوە و لەئەنجامدا بە کەمی باس لە بێواتایی میتافیزیک دەکرێت و کاریگەری نەریتی پۆزتیڤیستی بەردەوام سەقامگیرە. بە بۆچوونی پۆزیتیڤیستەکان، کاتێک پرسیارە لێڵ و

14. William James DeAngelis's
15. verifiable
16. tautological
17. pseudo-statements

سەرلێشێواندنییەکان یان (شێوە ــ ڕستەکان)ی میتافیزیکی نەریتی جیا بکرێنەوە، ئەوەی بۆ فەلسەفە دەمێنێتەوە ئەوەیە کە دەبێتە پاشکۆی زانست. کەواتە بەر لە هەموو لایەنێک پۆزیتیڤیستەکان پێشەنگی نەریتێک بوون، هەندێک کەس بە زانستگەری[18] ناوی دەبەن. بەپێی ئەم نەریتە فەلسەفە پاشکۆی زانستە، بەتایبەتی زانستە قورسەکانی وەکوو فیزیایە. پێشبینییەکانی مۆرتۆن وایت لە ناوەڕاستەکانی سەدەی بیستەمدا، لانی‌کەم لەسەر بەشێکی زۆری فەلسەفەی هاوچەرخ ڕاستە. (فەیلەسووفە شیکارییەکانی دیکە بەڕوونی لە زانست جیا ناکرێنەوە و ئیدی بۆشاییەکی پڕنەکراوە لەنێوان کەسانێک کە لایەنگری واتا و ناوەڕۆکن و کەسانێک کە بابەتەکانی واقیع کۆدەکەنەوە لە ئارادا نابێ) (٧). بیرۆکەی ئاوێتەکردنی فەلسەفە و زانست لەمڕۆدا بە دڵنیاییەوە دەوامی هەیە و جێگەی سەرنجە. بۆ نموونە کواین[19] خوێندکاری کارناپ، جێری فوودێر و پاوێڵ و پاتریشیا چرچلەند، بۆ باس لەسەر دەروونناسیی عەوامانە، خۆیان لە ئاستێکی بنەڕەتی یان چەمکێک کە سەرقاڵی کاری زانستین لە قەڵەمیدەدا. (٨) هاوشێوەی ئەمە هەندێک لە کۆمەڵناسەکان بیرۆکەی وەرگیراوەکانی ئەم فەیلەسووفانەیان لەپێناو هەوڵ و تەقەلای خۆیان بۆ تۆماری گریمانەکان لەڕێگەی بینین بەکار دەهێنن.

بۆ نموونە ئەوان داتا مەیدانییەکانیان بۆ باس لەسەر ئەوەی کە ئایا مەیموونەکان هەڵگری بیچمێکی خاویی (دەروونناسی عەوامانەن[20])، هەروەک چۆن فۆدۆر و فەیلەسووفەکانی دیکە مەبەستیان بووــ هەن یان نا، بەکاریان دەهێنا. ئەمە لەکاتێکدا باس لەسەر بێ‌واتایی لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم دامرکا، بەڵام باس لەسەر دژەکەی واتە واتاداری هێشتا بەردەوامە. باس لەسەر واتا دوو لایەنی هەیە: کێشەی تیۆریکی: ئەم لایەنە باس لەوە دەکات، واتاداری و یان واتا چییە. لایەنی دووەم: کێشەی کارکردی دیاریکردنی واتای وشەکانە یان ئەو بانگەشە تایبەتییانەن کە گرنگی فەلسەفیان هەیە. لەسەر کێشەی تیۆریکی، کاریگەرترین پشکی جیاوازیی دەگەڕێتەوە بۆ فرێگە کە لەنێوان واتا (مانا) و مەدلوول[21] داینابوو، لایەنی تیۆریکی کێشەی واتا، لەلایەن پرۆفیسۆر مارتینیج کەوتە بەر باس و لێکۆڵینەوە. لێرەدا من بە کورتی باسی ئەوەی بە کێشەی کارکردی ناوم لێ بردووە، یانی باسی دۆزینەوەی واتای وشە تایبەتییەکان دەکەم. ڕاسێل لەسەرەتایەک کە لەسەر تراکتاتۆس نووسیویەتی بانگەشەی ئەوە دەکات، ڤیتگنشتاین لە باتی ئەوەی کە لە زمان بەو شێوەی کە هەیە بکۆڵێتەوە باسی لە زمانێکی ئارمانی یان خەیاڵی کردووە. فرێگە لە باسە ڕێگەخۆشکەرەکەیدا بەڕوونی ئاوڕی لە سازدانی زمانێک کە لە خزمەتی ئامانجەکانی زانست دا بێت، داوەتەوە و لەئەنجامدا، باس لە زمانێکی کردەکی لە شێوە ئاساییەکەی ناکات. بەڵام هەڵوێستی ڤیتگنشتاین بەم شێوەیە نییە. ئەو بیری دەکردەوە هەر ڕستەیەک لە زمانی ئاساییدا، بەو شێوەی کە هەیە لە حاڵەتی دروستی خۆیدایە. (تراکتاتووس، ٥، ٥٥٦٣) گرفتەکە لەوەدایە ئێمە ئاگامان لە شێوە شاراوەکەی نییە، بابەتێک کە لەڕێگەی شیکردنەوەوە دەتوانین پێی بگەین، لەڕێگەی دۆزینەوەی (تەنیا و تاکە ڕێگەی شیکردنەوەی بە تەواوەتی گوزارەکەیە)، (تراکتاتۆس، ٣، ٢٥).

---

18. scientism
19. Quine
20. folk psychology
21. ense and referenc

باس لە زمانی چاکسازی‌کراو یان ئایدیالی و هەروەها باس لە زمانیی سروشتی و چاکسازی‌نەکراویی زمانی ئاسایی، لە پرۆسەی بەرەوپێشچوونی فەلسەفەی ئینگلیزی ــ ئەمریکی شێوەی جۆربەجۆری بە خۆیەوە گرتووە و هەندێک جار یەکێک لەم دوو ڕوانگەیە زاڵ بووە بەسەر ئەوی دیکەدا. لە دەیەی ١٩٥٠ و ١٩٦٠، (فەلسەفەی زمانیی ئاسایی) شوێن پێی زاڵی بۆ خۆی قۆرغ کردووە.

دوو فەیلەسووفی سەرەکی پەیوەندیداری ئەم ڕێبازە، گێلبێرت ڕایل[٢٢] و جۆن ئاستین[٢٣] بوون، هەرچەندە ئەم دوو فەیلەسووفەش هەڵوێست و ڕوانگەی جیاوازیان گرتەبەر. بە بۆچوونی من فەلسەفەی دووەمی ڤیتگنشتاین، بە هەڵە گرێدراوە بە نەریتی فەلسەفەی زمانیی ئاسایی کەسانێکی وەکوو، ڕایڵ و ئاستین. ئەو فەیلەسووفانەی لەم ڕێبازەدا چالاکبوون هەوڵ و تەقەلایان ئەوە بوو، لە واتای ئاسایی وشە فەلسەفییەکانی پەیوەندیدار بە بابەتەکە تێ‌بگەن. بۆ نموونە گرنگی (دەبێ) لەبواری فەلسەفەی ئاکار و گرنگی (دەتوانی) لەبواری باسەکانی پەیوەندیدار بە ئازادیی ویست[٢٤] باسی لەسەر بکرێت. لێکدانەوەی گونجاو لەسەر ئەم وشانە و شیکردنەوەیان لە ڕاستای کارکردی ئاساییان تاقی دەکرێتەوە. بە تایبەتی لە لێکدانەوەیەکی گونجاودا ئەگەری ئەوە هەبوو، لەبەرانبەر (نموونەیەکی پێچەوانە[٢٥]) ڕەت بکرایەتەوە. ئەم نموونە پێچەوانانە هەندێک خاڵ بوون کە لەوێدا (ئەوەی بەشێوەیەکی ئاسایی باسی لەسەر دەکەین)، باس لەسەر ئەوەی کە لەسەر بنەمای لێکدانەوەی تایبەتی پێک‌هاتوون، دژ بە یەک دەوەستنەوە. بیرۆکەی ڕێنوێنی لە پشت پرۆسەی شیکردنەوەکە بەم شێوەیە بوو: بۆ نموونە کاتێک باس لە وشەی (دەبێ) دەکەین، وشەیەک لە ناو کۆمەڵێک لە وشە ئاساییەکانماندا بەکاری دێنین. لەپێشدا واتای ئەم وشەیە لە زمانیی ئاساییدا تۆمار کراوە. بۆ زانیاری لەسەر ئەوەی کە کاتێت وشەی ناوبراو بەکاردێنین لەڕاستیدا چی دەڵێین، پێویستە خوێندنەوەمان لەسەر وشەکە هەبێت، واتە پێویستە وشەکە شی‌بکەینەوە. لە ڕەوتی شیکردنەوەدا پێویستە هەلومەرجی پێویست بۆ کارکردی وشەی باس‌کراو بدۆزینەوە.

کەواتە شیکردنەوەیەک لەسەر (ناسین) کە زیاتر لە هەموو شتێک باسی لەسەر کراوە بەم شێوەیە: جۆن p دەناسێت و ئەگەر و تەنیا ئەگەر جۆن باوەڕی بێت کە p یە، جۆن بەڵگەی متمانەپێ‌کراوی بۆ p هەبێت ئەوا p ڕاستە. دەربڕینە جێگرەوەکان لەسەر شیکردنەوەی لایەنی (زمانی ئایدیالی)یەوە پێک‌هاتن، بەڵگەیان ئەوە بوو پێویست بەوە ناکات تەنیا بۆ دیاری‌کردنی واتای ئاسایی ئەو وشانە بگەڕێین کە لەلایەنی فەلسەفییەوە گرنگیان پێ‌دەدرێت، چونکە ئەگەری ئەوە هەیە واتای ئاسایی وشەکە ناڕوون و تەنانەت لێک‌دژ بن و پێویستە لەپێناو (پێکهێنانی عەقڵانی[٢٦]) ئەم وشانە بین؛ و واتای ناوەندییەکانیان بپارێزین، بەڵام سنووره کارکردییەکانیان ڕوونبکەینەوە و چارەسەریش بۆ نەگونجانیان بدۆزینەوە و لایان وابوو پاشگەزبوون لە فۆڕمی ستانداردی (فەلسەفەی زمانیی ئاسایی) بەهای هەرمانی لە دۆخێکی بەرزتردایە. لە دەیەکانی دواییدا، (شیکردنەوە) شێوازی جۆربەجۆری بە خۆیەوە بینیوە. یەکێک لەم شێوازانە گەڕان لە

[22]. Gilbert Ryle
[23]. John Austin
[24]. Freedom of the will
[25]. counter - examples
[26]. rational reconstructions

دەستەوشەی (پێوەر[27]) بوو. بۆ نموونە ئەم پرسیارە کە (پێوەری زاڵ بە سەر گرێدانی ناسنامەی تاکەکەسیدا[28] چییە؟) بەشێوەیەکی بەربڵاو باسی لەسەر کراوە و هێشتا جێی باسە. لێرەدا دەستەوشەی پێوەر لە فەلسەفەی دووەمی ڤیتگنشتاین وەرگیردراوە، بەڵام شێوازێکە لە کردەدا بۆ دۆزینەوەی پێوەر شوێنی دەکەوین، وادەردەکەوێت هاوشێوەی میتۆدی کۆنی نا ڤیتگنشتاینی بۆ گەڕان بە دوای شیکردنەوە لە مانای شوێنکەوتنی هەلومەرجی واتایی پێویست و تەواودا بێت.

یەکێک لە جیاوازییە لاوەکییەکان ئەوەیە، هەنووکە لە باتی پشت بەستن بەو شتەی کە باسی لەسەر دەکەین، لەسەر نموونە مەتەڵئاسا فرە چەشنەکان پشت بە شهوودەکانمان دەبەسین. بۆ نموونە شهوودەکانمان لەسەر نموونەی جۆن لۆک لەسەر گۆڕانی لەشەکان لە چیدایە؟ کەسێک بەیانی زوو لە خەو هەڵدەسێت و خاوەنی لەشی جۆنز بێت، بەڵام هێشتا بیرەوەری، ئارەزوو، چاوەڕوانی و باوەڕەکانی جۆنزی هەبێت، ئایا ئەو کەسە هێشتا جۆنزە یان نا؟ وەڵامێک کە کەسێک بە پرسیارێکی لەم شێوەیە دەیداتەوە، ڕەنگدانەوەی شهوودەکانی[29] کەسەکەیە. ئەم شهوودانە تا ڕادەیەک دەوری هەستپێکردن[30] (ئەدراک) لە تیۆرییە زانستییە بنەڕەتییەکان دەگێڕێت. هاوشێوەی ئەمە لەم دووییانەدا گەڕان لە شیکردنەوە، تاڕادەیەکی زۆر لەڕێگەی هەوڵ و تەقەلا بۆ مسۆگەرکردنی تیۆرییەکان شوێن پێی پڕکردووەتەوە. بۆ نموونە ئەگەری ئەوە هەیە، فەیلەسووفەکان لە گەڕان بە دوای تیۆرییەک لەسەر ناسنامەی تاکەکەسی، یان ناوە تایبەتییەکاندا بگەڕێن. لەسەر خاڵی دووەم، تیۆرییەکە بە ئێمە دەڵێت، چ پەیوەندییەک لەنێوان ناوێکی تایبەتی و خاوەنی ناوەکە هەیە. یەکێک لەم تیۆرییانە واتە تیۆرییەکەی ڕاسێل، زنجیرەیەک لە وەسفە تایبەتییەکان، گرێدەدا بە ناوێکی تایبەتی و بابەتێکەوە وەسفە تایبەتییەکان جێبەجێ دەکات، بابەتێک یان شتێکە ناوەکە ناو دەنێت[31]. بەپێی بیرۆکەکانی دیکە پەیوەندی ناو و خاوەن ناوەکەی هۆیەکییە. ئەم تیۆرییانە هاوشێوەی ئەو شیکردنەوانەن کە لە جۆری پێکهێنانی عەقڵانین و هەربۆیە لە ڕاستای (نموونە _ پێچەوانەکان) ئازادییەکی زیاترمان هەیە. خاڵێ کە زۆرجار لەم سەروبەندەدا بەرجەستە دەبێتەوە ئەمەیە، شێوازی کۆنی فەلسەفەی زمانیی ئاسایی کۆنزێرڤاتیڤە. ئەم شێوازە بەندە بەوەی کە ئەو چەمکانەی کە لە فەلسەفەدا بەکاری دەهێنین لەڕێگەی ئەو چەمکانەی کە لە زمانیی ئاساییدا هەن سنووردار بکرێن. هەروەها ئاماژە بەم خاڵەش بدرێت ئەگەر زانست بەم شێوەیە سنووردار بکرایە، ئەمڕۆکە بە چ شوێنێک گەیشتبوو. پێویستە فەیلەسووفەکانیش وەکوو زاناکان ڕێگەیان پێبدرێت لە چەمکە پسپۆڕانەکانی تایبەت بە خۆیان و تیۆرییە هاوشێوەکانی ئەوان کەڵک وەربگرن. لێرەدا فەیلەسووفەکان هەوڵی خۆیان دەخەنە گەڕ بۆ ئەوەی خۆیان لەگەڵ زانست کە بەڕێزترین دامەزراوەی سەدەی بیستەمە بگونجێنن.

یەکێک لە شێوازەکانی (تیۆریی) لەژێر کاریگەری بۆچوونەکانی چۆمسکی[32] لەبواری زمانناسیدا، ئاراستە کراوە. جراڵد کاتس[33] و جێری فۆدۆر لە دەیەی ۱۹٦۰ هەوڵی خۆیان خستە گەڕ بۆ ئەوەی کە بیرۆکەکانی

---

27. criteria
28. personal identity
29. intuition
30. perceptions
31. the thing the name names
32. Chomsky
33. Jerrold J.Katz

چۆمسکی لەڕێگەی گەلاڵەی خوێندنەوەی ئەزموونی واتا یان (واتاناسی) پەرەی پێبدەن. (٩) ئەم ڕوانگەیە وەکوو تەواوکەری تیۆریی سێنتاکسی چۆمسکی سەیری دەکرا. کاتس بەڵگەی دەهێنایەوە کەسێک دەتوانێت دەرەنجامی ئەزموونی خوێندنەوەیەکی لەم شێوەیە، ڕاستەوخۆ بۆ چارەسەری کێشە فەلسەفییەکان بەکاربهێنێت و جۆرێک لە فەلسەفەی زمانیی ئاسایی زانستی بهێنێتە ئاراوە. ڕێگەچارەکە لەوەدایە، ئێمە واتای تەواوی وشەکان لە زمانیی ئاساییدا، لەڕێگەی ئەزموونەوە فێر بووبێتین. دەستەوشەی میتاتیۆریکی وەکوو (شیکاریی) بەشێوەی دووبارە پێکهێنانەوە عەقڵانییەکانی تایبەت و لەسەر بنەمای ئەم زانستە گریمانەییە نوێیە لەسەر واتاوە گەڵاڵە بکەین. گومانە میتۆدناسانەکەی کاتز، لەلایەن فەیلەسووفانێکی دیکە بۆ چارەسەری کێشە فەلسەفییەکان هاتە ئاراوە و لەڕێگەی توێژینەوەی زانستییەوە بەدواداچوونی بۆ کراوە. هەنووکە هەندێک لە ڕێگەکان و پاڕادایمە جیاکەرەوەکانی فەلسەفەی ئینگلیزی ـ ئەمریکی لە سەدەی بیستەم لێک درایەوە. لۆجیکی نوێ لەسەرەتادا هۆکاربوو بۆ حەز و ئاوڕدانەوە لە توێژینەوەی زمان و کەرەسەیەکی بۆ مسۆگەر کرد، بەڵام ئەم توێژینەوەیە قۆناغی تایبەت بە خۆی بوو هەروەها کە سەدە بەرەو پێش دەچوو گرنگی و بایەخی زیاتر دەبوو.

نەریتی ئەمریکی - ئینگلیزی بەرهەمی ئەم گەڕانەیە کە زیاتر لە هەمووی لەژێر کاریگەری لێکدانەوکانی فرێگە لەسەر گوزارەکان و پاڕادایمی شیکردنەوەکانی ڕاسێل و تراکتاتۆسی ڤیتگنشتاینە. کاریگەرییەکە تا ئاستێکە تەنانەت تا بە ئەمڕۆکە سەرەڕای هاتنی تیۆرییە جۆربەجۆرەکان کە جێگەی بیرۆکە سەرەتاییەکانیان گرتووەتەوە بە تەواوەتی هەستی پێدەکرێت. هەروەها کە ئاماژەی پێدرا، لام وایە بەهادارترین میراتی بەرهەمهاتوو، گەڕانی بێوچانە لەپێناو ڕوونکردنەوە بە مەبەستی لێکدانەوەی کێشە بنەڕەتییەکانی فەلسەفە. لەگەڵ ئەم خاڵە گرنگە مێژووییانە لەسەر وەرچەرخانیی زمانی، دەستپێکی ئەم کتێبە دوو وتاری لەسەر زمانە. وتارەکانی دواتر، لەسەر میتافیزیک، فەلسەفەی ئاکار و تیۆریی ناسینن، ئەم بابەتانە لە کۆنەوە لە کێشە ناوەندییەکانی فەلسەفە لە قەڵەم دەدرێن. ئەم وتارانە گرنگی زمان لە فەلسەفەی ئینگلیزی ـ ئەمریکی پیشان دەدا، هەروەک چۆن وتارەکانی دوایی لەسەر فەلسەفەی دووەمی ڤیتگنشتاین ئەم ڕێگەیە دەگرنەبەر. شەش وتاری تر دەمێنێتەوە تایبەت بە فەلسەفە جیاوازەکانە[٣٤]. ئەم فەلسەفەیانە لەولایەنەوە کە چ بایەخێکیان بۆ وەرچەرخانە زمانییەکان هەیە، پێکەوە ناکۆکن.

ئەگەری ئەوە هەیە بە پێچەوانەی شهوودی سەرەتایی[٣٥]، دوو وتار کە لەسەر ئیستاتیکا و فەلسەفەی ئایینە، زیاتر لە وتارەکانی دیکە، لەسەر زمان چەقیان بەستووە. لە جەمسەری بەرانبەردا جۆرێک لە ڕەتدانەوەی میتۆدۆلۆجیکیی شیکاریی نەریتی، لە وتاری فەلسەفەی فیمینیستی و کۆتایی بەشەکانی پەیوەندیدار بە فەلسەفەی سیاسی ڕچاو دەکرێت. بەشەکانی پەیوەندیدار بە فەلسەفەی یاسا و ئاکاری کارکردەیی لە پلەیەکی ناوەندا جێگیر دەبن و بەردەوام گۆڕانکارییەکان لە ئارادان. کەواتە پاش قۆناغێک لە سەقامگیری ڕێژەیی، نیشانەیەک لە ئاڵوگۆڕ ییەکی گشتی دەبینرێت. وادیارە مۆدەی بیرکردنەوە لە ئاڵوگۆڕ ییەکی بنەڕەتیدایە. بەشێ لە پەراوێزکەوتووی

---

[34]. various philosophies
[35]. counter - intuitively,

فەلسەفەی پەروەردە ڕێگەخۆشکەرە بۆ ئەوەی کە، ئەم بەشە لەم ساڵانەدا چەقی شیکردنەوەی لەپێناو بیرۆکەی فرەچەشنی پۆست مۆدێرن و کیشوەری[36] وازلێ‌هێناوە. لە ڕەوتی فەلسەفی زاڵدا ئەم جێگۆڕکێیە بە ئاوڕدانەوەی هەندێک لە فەیلەسووفەکان لەسەر نووسینەکانی مارتن هایدیگەرە، ئەو بیرمەندەی کە فەیلەسووفانی هاوتەمەنی من، وەکوو کەسێک دەبینییەوە کە ئامانجی دوژمنایەتی، دژەمیتافیزیکی وەکوو کارناپ و نووسەری بەو ناوەی[مەبەست مارتن هایدیگەرە] ڕستەی (نەبوون لە خۆیدا نەبوونە[37]) دەزانن. لە لایەکی ترەوە بەردەوام هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر لەڕێگەی ئەو جۆرە لە فەلسەفەی ئینگلیزی ـ ئەمریکی لە ئارادایە کە لەم لاپەڕانەدا وەسفی لەسەر کرا کە بە ڕاشکاویی یان بە شاراوەیی شوێن‌کەوتووی ڕوون‌کردنەوەی چەمکین. خوێنەرە ڕەش‌بینەکان کە لە پێشدا لەسەر ئاڵوگۆڕییەکانی ناوبراو زانیارییان هەبووە و حەزیان لە گەڕان بە دوای ڕوونی و ڕاشکاویی نییە و ئەگەری ئەوە هەیە، حەزیان لەم خاڵە بێت کە لە بەشێک لە قاڕەی ئەورووپا، نیشانەیەک لە دژایەتی بەرچاو دەکەوێت؛ واتە لە ڕاستای ئاوڕدانەوە لە میتۆدەکانی فەلسەفەی شیکاری و تێگەیشتنی، هەندێک درەنگتر گرنگی کەسانێکی وەکوو فرێگە، ڕاسێل، ڤیتگنشتاین، شلیک و کارناپ و کەسایەتییە بەرچاوەکان دەرکەوت. یەک لە دژوارییەکانی ئەرکی بیرکردنەوە پێداچوونەوە لەسەر کۆمەڵێکی گەوهەر و ئاڵۆزی بیرەکان، ناساندنیان بەشێوەیەکی ڕوون و سیستەماتیکییە.

هەرکام لە هاوکارانی من بەرەو ڕووی ئەم ئەرکە بوونەتەوە و سپاسیان دەکەم لەوەی کە سەرکەوتووانە ئەرکەکانی خۆیان بەئەنجام گەیاندووە. (١٠) خاڵی کۆتایی: فەلسەفەی ئەم دواییانە زانست تاڕادەیەکی زۆر دەورێکی گێڕاوە کە سەردەمانێک ئایین گێڕابووی. زانست بەشێوەیەکی بەربڵاو دواترین سەرچاوەی ڕاستەقینە و ئەو شتە بووە، پێویستە فەیلەسووفەکان بە باشترین شێوە لاسایی بکەنەوە یان ئەوەی کە بچنە ڕیزەکانی. سەرەڕای گرنگی زانست بۆ فەلسەفە، من لێرەدا خشتەی تۆمارنامەکەی ستوارت شانکەر کە لە بەرگی نوێی ئەم زنجیرە کتێبە هاتووە کە گرنگترین ڕووداوەکانی پەیوەندیدار بە گەشەی زانست و تەکنۆلۆژیای لە سەدەی بیست ڕیزکردووە، دیسانەوە باسی دەکەین.

---

[36]. continental

[37]. The Nothing itself nothings

**تێبینییەکان:**

(١) جیاوازیی جوگرافیایی و زمانی پێشگریمانە کراویی نێوان فەلسەفەی ئینگلیزی _ ئەمریکی و فەلسەفەی کیشوەری تا ڕادەیەکی زۆر بەلاڕێداچوونە. زۆربەی ئەو کەسانەی کە فۆڕمیان داوە بە ڕوانگەکانی ئینگلیزی _ ئەمریکی، ئاڵمانی یان ئینگلیزی بوون، بۆ نموونە باوەگەورەی فەلسەفەی شیکاری، گۆتلیب فرێگە، یان کەسایەتییە کاریگەرەکانی وەکوو شلیک و کارناپ و ڤیتگنشتاینی نەمر. گواستنەوەی کاریگەری فرێگە لەڕێگەی کارەکانی ڕاسێل و کەسایەتییەکانی دیکەی ئینگلیزی _ ئەمریکی، ژیانیی بیرکردنەوەی ڤیتگنشتاین لە کەمبریج و کۆچ کردنی هەندێک لە فەیلەسووفانی ناوبراو لە سەردەمیی ئاڵمانیی نازی بووە هۆی ئەوەی کە کاریگەرییەکانی پۆزیتیڤیزمی لۆجیکی، کەسانێکی وەکوو شیلیک و کارناپ لە نوێنەرە دیارەکانی بوون، لە بەریتانیا و ئەمەریکای باکوور هەستی پێبکرێت. هەروەها نووسەری فەرەنسایی پییەر دۆئێم کاریگەری لەسەر کەسایەتی سەرەکی میتافیزیسیەنی ئەمریکی، واتە ویلارد ون ئارمان کواین دانابوو. گرنگتر لە هەموو نە لایەنی ئینگلیزی زمان و نە لایەنی قاڕەیی هاوشێوەی یەکتر نین، شێوازە جۆربەجۆر و گرنگەکانی فەلسەفاندن لەژێر یەک ناونیشان کۆ دەبنەوە و شێوازە جۆربەجۆرەکانی دیکە لەژێر ناونیشانێکی دیکەدا کۆ دەبنەوە. بەڵام ئەم دوو ڕێبازە بە جۆرێک لە جۆرەکان خاوەن گرنگییەکی جیاوازن.

2. ‘Philosophy’, ed. Heikki Nyman, trans. C.G.Luckhardt and M.A.E.Aue, in Ludwig Wittgenstein, Philosophical Occasions 1912–1951, eds James Klagge and Alfred Nordmann(Indianapolis: Hackett, 1993): 183.

3. It is less well known that the American philosopher Charles Sanders Peirce independently made the same invention.

4. In fact the following account does not square perfectly with the actual text of ‘On Denoting’; I give rather what has come to be commonly accepted in philosophy as the main lesson of that essay.

5. Perceiving (Ithaca, New York: Cornell University Press, 1957). 6 ‘Empiricism, Semantics and Ontology’, reprinted in Semantics and the Philosophy of Language, ed. Leonard Linsky (Urbana: University of Illinois Press, 1952):120, 121.

7. ‘The Analytic and the Synthetic: An Untenable Dualism’, reprinted in Semantics and the Philosophy of Language, ed. Leonard Linsky (Urbana: University of Illinois Press, 1952): 286.

8 See for example essays in John D.Greenwood, ed., The Future of Folk Psychology (Cambridge: Cambridge University Press).

9 See for example Jerrold J.Katz and Jerry A.Fodor, ‘The Structure of a Semantic Theory’, Language, 39 (1963): 170–210.

10 In addition I want to thank Bernard Katz, Stewart Candlish, Robert Ennis, Hans Herzberger, John Hunter, Soruren Teghrarian,

# زمانی یەکگرتوو و کێیەتی



لەتیف سوڵتانی

لە نێوان زمان و زەیندا پێوەندییەکی دیالێکتیکی هەیە، واتە لە قۆناخێکدا زمان زەین دروست دەکات و لە قۆناخێکی تردا زەین زمان دروست دەکات. بەڵام ئەم پێوەندییە لە نێوان زمان و کێیەتی و شوناس(هویت)دا نییە. بەڵکوو ئەمە تەنیا زمانە کە هویت دروست دەکات. ئەگەر زمان نەبێت هویت لامان هیچ جۆرە وێنە (تەسویر) و وێنا (تەسەور)ێک دروست ناکات. واتە لە دەرەوەی زماندا شتێکمان بە ناوی هویت-ەوە نییە. بۆیە تەعبیر لە جیهانیش بەستراوەتەوە بە زمان. کە وایە دەبێت بڵێین زمان و هویت، نەک هویت و زمان. تەنیا مەسەلەکەش بە واوێکی پێوەندی کۆتایی نایێت، چونکە هەندێک کەس دەڵێن: حەسەن کەچەڵ و کەچەڵ حەسەن هیچ جیاوازییەکیان نییە. بەڵام بە نیسبەت زمان و هویت-ەوە وا نییە. ( تۆ ناتوانیت هویت بخەیتە پێش زمانەوە ). بەڵام زمان چۆن دەتوانێت هویت دروست بکات؟ زمان شوناسسازە. لە ڕەوتی هویت سازیدا دەبێت عەین تەتبیق بە سەر زەیندا بدرێت و زەین تەتبیق بە سەر عەیندا بدرێت. یانێ جیهانێک هەیە پێی دەڵێن جیهانی دەرەکی. ئێمە تەسویر-ی دنیای دەرەوە دەگوازینەوە بۆ زەینمان، بۆ مێشکمان، کاتێک ئەم گواستنەوەیە دروست دەبێت تەسویر-ێک لە دنیای دەرەوە لە زەینماندا دروست دەبێت. بۆیە لە پێناسەکردنی شوناسدا دەبێت بگەڕێینەوە سەر ئەو عەینییەت و زیهنییەت-ە کە زمان دروستی دەکات، و ئەو ڕێککەوتنەی کە لە نێوان کۆمەڵە خەڵکێکدا لەسەر سیستمی کۆدینگ-ی زمانی دروست بووە. بۆ نموونە ئێمەی کورد لەسەر کۆمەڵێک کۆدی زمانی کە بەکاری دەهێنین ڕێک کەوتووین و ئەم کۆدانە تەتبیقی عەین و زەینی ئێمەن.

یانێ دنیای دەر و دنیای زەینی ئێمە تەتبیق پەیدا دەکات و ئەمە دەبێت بە هویت-ی ئێمە. ڕەنگە بپرسن زمان چۆن ئەم کارە دەکات؟ تکنیکەکانی چین؟ جیهانی ئینسان جیهانێکە لەسەر بنەمای ئاگایی دانراوە. یانێ خۆئاگایی هەیە بەرانبەر بە خۆی. بەرانبەر بە من. یەکەمین شوناسی ئینسان لە منەوە دەست پێدەکات. پێگەی من لە جیهاندا پێناسەیەکە کە ئینسان بۆ خۆی دروستی دەکات. چونکە ئاژەڵ ناتوانێت خۆی بە وشەی من پێناسە بکات. جێناوی من جیناوێکی خۆئاگایە. ئاگایی بە بوونی من لە جیهاندا چەمکی سەرەتایی زمان پێک دەهێنێت. ئەم منییەتەی ئێمە لە تاکەوە دەگوازێتەوە بۆ کۆ و لە زماندا شتێک بەناوی ئێمە دروست دەکات. لە جێناوەکانی زماندا من هەیە و ئێمە

هەیە. ئێمە کۆی منەکانە، ئێوە کۆی تۆوەکانە و ئەوان کۆی ئەوە. ئێمە کۆمەڵێک بازنەی «هویتی»مان هەیە کە ئەم بازنانە زمان دروستی دەکات.

من، ئەو لەسەر حیساب و کێیەتی خۆم پێناسە دەکەم. لە نێوان من و ئێوەدا مەودا و جیاوازییەک هەیە. هیچ هوییەتێک دروست نابێت ئەگەر مەودا و جیاوازیی نەبێت. نەتەوەکان خۆیان لەسەر بنەمای جیاوازیی پێناسە دەکەن. نەتەوە خۆی لە بەرانبەری ئەوی دی پێناسە دەکات.

لە هەموو حاڵەتێکدا خۆمان لە بەرانبەر ئەوی دی پێناسە دەکەین. ئەگەر ئەوی دی نەبێت ئێمە ناتوانین خۆمان پێناسە بکەین.

هیچ نەتەوەیەک نییە بە شێوەیەکی ڕووت و تەنیا لەبەر ئینتزاع-ێک دروست بووێت. ئێمە دوو شتمان هەیە کە دەبێت جیای بکەینەوە: یەکەم، چییەتی، دووەم، کێیەتی. لە قۆناخی یەکەمدا من دەڵێم: من چیم؟ من مرۆڤم. کە وایە لە قۆناخی یەکەمدا خۆمان لە ئاژەڵ جیا دەکەینەوە. بەڵام بە پرسیاری من کێم؟ خۆمان لە مرۆڤ و کەسانی دیکە جیا دەکەینەوە. چونکە ئاژەڵ ناتوانێت بڵێ من چیم یان من کێم. خۆئاگایی و وشیاریی نییە. هیچکام لە ئاژەڵەکان نازانن ناویان چییە؟ ئەوانەی کە ئێمە ناومان ناوە شێر، گورگ، مەڕ، بزن، هیچکامیان نازانن ناویان ئەمانەیە. هیچ گوڵێکیش نازانێت جوانە. چونکە ئیدراکی لە جوانیی نییە. ئێمەی مرۆڤ بە ناونان لە شتەکان هویت و کێیەتیان بۆ دروست دەکەین. ئەگەر مرۆڤ نەتوانێت دنیا مانادار بکات شتێک بە ناوی دنیا لە زەینیدا نامێنێت. کاری مرۆڤ ئەوەیە لایەتەناهی بکات بە تەناهی. کە وایە پێویستمان بە ناولێنانە. ئێمە تا ناو لە شتێک نەنێین نایناسینەوە. ئەوە پێی دەڵێن کۆدیفێکشن Codifiction. یان کۆدسازی. ئێمە دێین جیهان لە ڕێگەی ناونانەوە تەجزیە و پارچەپارچە دەکەین. ئەمە پێی دەڵێن تجزیەی معرفتی جیهان. چونکە زەینی مرۆڤ «کلی‌نگر» نییە و تا جیهان تجزیە و پارچە پارچە نەکات ناتوانێت بیناسێت. ئەم کارەش لە ڕێگەی زمانەوە دەبێت و پێی دەڵێن شوناس‌پێدان. هەر ناوێک «هویت»ێکە. پێوەندی ناو و ناولێنراو ڕێککەوتنێکی زمانییە، نەک ڕێککەوتنێکی مەنتقی. بەڵام ئێمە ئەم ئاگاییەی خۆمان دەکەین بە کۆدی زمانی. کاتێک ئەم ئاگاییانە بکەین بە کۆد، دەتوانین جیهان مانادار بکەین.

مرۆڤ لە ڕێگەی ناولێنانەوە بەسەر دنیادا زاڵ بوو. یەکەمین قۆناخی زاڵبوونی مرۆڤ بەسەر سروشتدا ناولێنان لە شتەکان بووە. ئێمە لە ڕێگەی زمانسازییەوە بەسەر جیهاندا زاڵ دەبین. ئەو منییەتەیەی کە ئینسان خۆی کردووە بە سووژە ((فاعل شناسایی)) ڕۆڵی زمان لە دروستکردنی «هویت»دا ئا لێرەوە دەست پێدەکات. مرۆڤ لەم ڕێگەیەوە خۆی دەکاتە سەنتەر و چەقی گەردوون و ئەشرەفی مەخلووقات و مەشروعییەت بە خۆی دەدات. ئەگەر مرۆڤ خۆی نەکردایەتە سەنتەری بوون، نەیدەتوانی بڵێت من ئەشرەفی مەخلووقاتم و ئەم بابەتە بکاتە بابەتێکی دینی.

بابەتێکی ئایینیش ئینسانمەدارە، چونکە وجوودێکی خودایی دەدات بە ئینسان، کە ئینسان دروستی کردووە. هەروا چۆن لە سەرەتای تەوراتدا دەگوترێت: خودا وشە بوو، وشەش خودا بوو. یانێ ئەمە هوییەتێکی زمانییە کە مرۆڤ بۆ خودای دروست کردووە. یانێ تەنانەت دەڵێن کەشفی خوداش لە ڕێگەی وتە و زمانەوە کراوە. جا بە پرسیاری من چیم، خۆمان لە ئاژەڵ جیا دەکەینەوە، بەڵام بە پرسیاری من کێم دێینەوە نێو عالەمی ئینسانەوە. ئێمە کۆمەڵێک وشەمان هەیە وەکوو هیوومەن، ئینسان، مرۆڤ، بەشەر. ئینسان وشەیەکی دینییە لە عەرەبیدا، بەڵام بەشەر وشە بایۆلۆژیکییەکەیە. بەشەر یانێ ڕووت یان گۆشتێکی ڕووت.

لە کوردیدا پێوەندییەک لە نیوان مرۆڤ و هۆڤدا هەیە. «هۆڤ» یانێ وەحشی. پیتی «مر» لە وشەی مرۆڤدا نەفی هۆڤایەتییە. مەرهۆڤ یان مرۆڤ واتە نەفی‌کردنی هۆڤیگەری یان نەفی‌کردنی وەحشیگەری. ئێمە بە جیاکردنەوەی خۆمان لەوی دیکە بە دوای پێگە و هێژمۆنیدا دەگەڕێین. ئەگەر من، خۆم لە تۆ جیا نەکەمەوە، هێژمۆنییەکیش دروست نابێت. جا ئەم هێژمۆنییە دەتوانێت مەعنەوی بێت، دەتوانێت فیزیکییش بێت.

پێوەندی زمان و «هویت» بە نیسبەت ئێمەی کوردیشەوە زۆر قووڵە. زمان لەلای کورد لە هەموو شتەکانی زەقترە. بۆ؟ چونکە فاکتەرەکانی دیکەی، وەکوو خاک، جلوبەرگ، فۆلکلۆر، مێژوو، ئوستوورە و ئەوانی تر بە نیسبەت ئێمەی کوردوە بە داوای لێبوردن، شتێکی زەینی و ئینتزاعییە. لەبەر چی؟ ئێمە لە جوگرافیای ئەمڕۆی سیاسی دنیادا لە «حقووقی بین‌الملل»دا تۆزقاڵێک ناومان نییە، ئیعترافی میللیمان نییە. چونکە وڵات و دەوڵەتمان نییە. فاکتۆرەکانی دیکە دەبێت عەینییەت پەیدا بکەن ئەم عەینییەتەش لە قەوارە و چوارچێوەی دەوڵەتدا دروست دەبێت. بە مانایەکی دیکە کوردستانی بێ‌دەوڵەت کوردستانێکی بێ هۆوییەتە و قاچی لە ئاسمانە، ئەوە دەوڵەت و ئێقتداری سیاسییە کە هۆوییەتمان پێ دەبەخشێ. لێرەدا دەبێ جیاوازی بخەینە نێوان دەوڵەت و حوکوومەت، چونکە ئەمانە دوو چەمکی جیاوازن.

لە دەرەوەی زمانی کوردیدا ئێمە شتێکمان نییە بۆ پێناسەکردنی کورد. بۆیە زمانەکەمان بەهێزترین فاکتۆرە بۆ پێناسەکردنی خۆمان. جا زمانی کوردی هەم فاکتۆرێکە بۆ مانەوە و هێشتنەوەی کورد، هەمیش ئاریشە و کێشەیەکی گەورەشە. واتە هەم هاوشێوەیی دروست کردووە، هەم بێگانەیی.

بۆ؟ لەبەر ئەوە دابەش بووە بە سەر کۆمەڵێک شێوەزار و بنزاری جیاجیادا. کە هەرچەند خۆی نیشانەی دەوڵەمەندبوونی زمانەکەمانە، بەڵام کێشەشی بۆ دروست کردووین، چونکە جۆرێک لە «جزئی گرایی» دروست کردووە. ناسیۆنالیزمی کوردیش زۆر هەوڵ‌دەدا کولییەتێک دروست بکات. چونکە ئەساسەن بنیاتی ناسیۆنالیزم لەسەر کولییەت داڕێژراوە. بەڵام ناسیۆنالیزمی کورد لەبەر ئەو پارچەپارچەبوونی شێوەزار و ناوچانە ناتوانێت، بەداخەوە ناتوانێت

ئەو کولییەتە دروست بکات. یانێ ئێمە هۆوییەتێکی بەرزەخیمان هەیە، لەنێوان بەهەشت و جەهەندەمدا گیرمان کردووە. لەبەر ئەوە ناسیۆنالیزمەکەشمان زۆر نۆستالژیکە. یانێ کاتێک بمانەوێت بەپیێ قوتابخانە زانستییەکانی سەردەم، واتە فەلسەفە و کۆمەڵناسی و دەروونناسی و... پێناسەیەکی بۆ دروست بکەین، پێناسەیەک هەڵناگرێت. لەبەر ئەوە کە زمانەکەمان کولییەتێکی دیاری نییە، واتاساز نییە. هەر ناسیۆنالیزمێکیش ئەگەر لەسەر بنەمای زمان بێت دەبێت دوو خاڵی گرنگی هەبێت:

یەکەم: چەمک سازی (زاراوە سازی) دەروونناسانە دووەم: چەمک سازی فەلسەفییانە.

کۆمسێرت فۆرمەیشێن

کۆمسێرت لایزەیشێن.

ئێمە لەبەر ئەوەی زمانێکی یەکگرتوومان نییە لە دروستکردنی تەسەورێکی ناسیۆنالیستی لەسەر مەفاهیم ڕێک ناکەوین. واتە کاتێک درزێکی مەفهووم دروست بوو، درزێکیش لە نێوان تەسەور و تەسویری میللیدا دروست دەبێت. هەر بۆیە لەهجە و لەهجەگەری و عەشیرە و تایفەگەری و ناوچەگەری و چی و چی و چی، هەموو ئەمانە کێشەیان بۆ ناسیۆنالیزمی کورد دروست کردووە. چونکە نایەڵێت بگات بە کولییەتێک. گوتمان ناسیۆنالیزم کولییەتگەرایە تەواوەتخوازە. قوبووڵی تەجزیە و پارچەپارچەبوون ناکات. نەتەوە لای ئەو تەک تەسویرە، یەک وێنەی هەیە. بەڵام لای ئێمە لەبەر ئەم پارچەپارچەبوونەمان، هەم پارچەپارچەبوونی خاکمان هەم زمانمان هەم عەشیرەگەریمان ئەو کولییەتە لە زەینماندا دروست نابێت. هەر بۆیە زۆربەی شۆڕشەکانیشمان زۆر ناوچەیین و تێناپەڕن. حزبەکانیش زۆر ناوچەیین. هەر بۆیە کاتێک ناسیۆنالیزمێک لە ڕێگەی زمانەوە نەتوانێت کولییەتێک دروست بکات زەینیشی تووشی هەڵوەشان و تەجزیەگرایی دەبێت. ئەقڵییەتیشی دیسانتراڵ دەبێت. واتە کەس حیساب بۆ کەسی دیکە ناکات، من خۆم لەتۆ بانتر و سەرتر دەزانم و بە کەمتر نازانم. واتە برا گەورە و برا بچووکمان نییە. لە حاڵێکدا ناسیۆنالیزمەکانی دیکە وانین. ئێمە کاریزماکانیشمان کاریزمای ناوچەیین. لەو شوێنەی کە سنووری لەهجە یان عەشیرە بڕ دەکات، کاریزماش تا ئەو شوێنە بڕ دەکات. ئەمەش نەبوونی زمانە. ئەگەر زمانێکی یەکگرتوو هەبێت بتوانێت لە هەموو ئاستەکاندا کار بکات. دەتوانێت کولییەتێکی زەینیی دروست بکات. بەڵام هەتا ئەم وەزعەی کورد بەم شێوەیە پارچەپارچەبوون بێت و هەر کەسێک لە سازێک بدات، هۆوییەتەکەشمان پارچەپارچەتر و تووشی داڕمانی زیاتر دەبێت. «جزئیگرتر» دەبێت. هەموو هۆوییەتێک لە کوللەوە دەچن بۆ جوزء, بەڵام کێشەی ئێمە ئەمەیە کە لە جوزئەوە دەچین بۆ «کول».

بۆیە ناسیۆنالیزمەکەشمان پارچەپارچە و لێکترازاوە. هیچ ڕێگایەکی ترمان نییە، بێجگە لە دروستکردنی یەک شێوەزمانی هاوبەش و یەکگرتوو. ئەگینا ناسیۆنالیزمەکەمان بە بەربەست دەخوات. سەر ناکەوێت و ئینسانی

کوردیش ناتوانێت تەسەوری کوردبوونی خۆی لەسەر بنەمای زمان پێناسە بکات. مەخابن ناسیۆنالیزمی ئێمە لەسەر زمانە. بریا وەکوو هیندییەکان لەسەر کۆمەڵێک ئوستوورەی کۆن، مێژووی ئوستوورەیی و سانسکریتی بووبایە. چونکە دەمانتوانی تەسەورێکی نژادی و ڕەگەزی بۆ خۆمان دروست بکەین و واز لە مەسەلەی زمان بێنین. بەڵام ئێمە هیچکام لە فاکتەرەکانی دیکەمان نییە. تەنانەت نەزمێکی ئوستوورەییشمان نییە. یان کارمان نەکردووە لەسەر دروستکردنی نەزمێکی ئوستوورەیی کە بتوانێت تەسەورێکی هاوبەشی ئوستوورەیی دروست بکات. هیندییەکان دەتوانن لەسەر خواژنی شیوا ڕێک بکەون. بەڵام ئێمە لەبەر دابڕانێکی زۆری مێژوویی ناتوانین لە سەر ئوستوورەی میترا و زەردەشت ڕێک بکەوین.

ئەوەی کە ماوەتەوە زمانێکی مێژووییە. کە هەموو لایەنەکانی دیکە لەنێویدا چڕ بووەتەوە و بووەتە هۆوییەتی ئێمە. جا ئەو پارچەپارچەبوون و ناوچەگەری و خێڵایەتییە لە هەموو شتێکماندا کارێکی کردووە ناسیۆنالیزمەکان نەتوانێت بگات بە کوللییەت. ئەگەر بمانەوێت ناسیۆنالیزمی کورد نەتیجە بدات، دەبێت بگاتە جەریانێکی کوللییەت گەرا. بەڵام بەداخەوە سیاسییەکانمان لەبەر فەقری تێئۆریک لەم مەسەلەیە تێناگەن. ئێمە تا کاتێک ئەو زەینییەتی ناوچەگەری و خێڵایەتی و پارچەپارچەبوونەمان هەبێت لە گەیشتن بە مودێرنیتەش دوا دەکەوین و ئەم زەینییەتە دوامان دەخات. دواتریش یۆنسکۆ گوتوویە: ٥٠ یا ١٠٠ساڵی دیکە، ئەو زمانانەی کە نەتوانن و نەگەن بە مەفهوومێکی کوللی هۆوییەتی خۆیان، دەتوێنەوە. تەنانەت زمانی فەرانسەوی لەبەر هێژمۆنی ئەو نەتەوانەی کە دواتر ڕەنگە زمانی فەرانسەوی قوبووڵ نەکەن لە مەترسی دایە. تەنانەت زمانی عەرەبی لە مەترسیدایە.

چ بگات بە ئێمە کە نە دەوڵەتمان هەیە و نە ئاداریشمان بەسەر پادارەوە هەیە. ئێمە چیمان بە سەر دێ؟ بۆیە دوایین قۆناخی پێوەندی زمان و شوناس لە پێوەندی بەکارهێنانی زمانی کوردییە لەنێو خۆیدایە. بەڵام کێشەکانیش ڕەوتی «جزئی‌نگری» و «کوللی نگری»یە. یانێ زمانەکەمان هەم پێناسەمانی دروست کردووە، هەم کێشەمانیشی بۆ ساز کردووە.

با تۆزێکیش لەمەڕ قڕانی زمان و مێژوو و فەرهەنگەکەمانەوە بدوێین. ئێمە هێشتا بەداخەوە هەستمان بەو جینۆسایدی سپی و قڕانە کە بەرانبەرمان کراوە نەکردووە. هەستمان بەو دەردە بە شێوەیەکی جیددی نەکردووە. جا هیوادارم ئەم دەردە، دەردی قڕانی زمانەکەمان، فەرهەنگەکەمان، هۆوییەتەکەمان، ئەوەندە لەنێو خۆماندا دووپات و تکراری بکەینەوە، ببێتە شتێکی عادی بۆمان، ببێتە مەلەکە بۆمان. ئیدی نەترسێین و بە شەرمەوە باسی نەکەین. وەکوو چۆن جوولەکەکان دوای هەفتا هەشتا ساڵ ئەو کارەساتەی کە نازییەکان بەسەریاندا هێنایان، واتە هۆلۆکاست، هێشتا و هێشتا هەر دووپاتی دەکەنەوە، بەڵام هێشتا ئێمە بەو ئاستە نەگەیشتووین و تەنانەت زۆرمان ماوە خۆمان بناسین. من بڕوام وایە کە تاکی کورد هێشتا کێیەتی و شوناسی خۆی نەناسیوە، هێشتا کلۆڵ و زەلیلە. کاتێک چاو لە

مێژووی کورد دەکەیت ئەوەندە ئەو و تۆوەکان لە بەرانبەری منی کورددا ڕاوەستاوە، بێحەد و لە ڕادەبەدەر، بەڵام هێشتا ئێمە هەستمان بەو منە نەکردووە. هێشتا کە هێشتایە ئەوەی کە ناوی ناسیۆنالیزمی لێ دەنێین و سەد ساڵ لە دروستکردنی تێپەڕیوە، ئێمە بە شەرم و ترسەوە باسی لێ دەکەین و نامۆیە لامان. کە سەیری وڵاتە عەرەبییەکان دەکەیت لەسەر بناخەی ناسیۆنالیزم دروست کراون و ئێستاش خاوەنی دەوڵەتی خۆیانن. ساڵی ١٩٤٦ کە ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان دروست بوو. ئەی کورد لە کوێ بوو؟ نزیکەی ٣٠ وڵاتی نەتەوەیی عەرەبی تێدایە. یان چەند وڵات هەیە کە زمانەکەیان یەکێکە و لە یەکتری تێدەگەن. بەڵام هەر کامیان و دەوڵەتی خۆیان هەیە و لەوێدا خاوەنی کورسین. ئەی کورد بە ٥٠ میلیۆن کەسەوە کوا دەوڵەت و کورسییەکەی؟ کورد هەر ڕۆژە دابەش و دابەش و دابەش بووە و هێشتاکەش ئەو «من»ەمان نەدۆزیوەتەوە. جاروباریش کە خۆمان دەناسێنین، کەس نەماننناسێت دەڵێت لە کورد ناسیۆنالیستتر نییە، بەڵام بەداخەوە هێشتا لە مانا سەرەتاییەکەی ناسیۆنالیزم تێنەگەیشتووین و لە سەرەتاکانی داین. هەرچەند هەموو فاکتەکانی نەتەوەمان واتە خاکی هاوبەش، مێژووی هاوبەش، هەستی هاوبەش، زمانی هاوبەشمان تێدایە.

من دەگەڕێمەوە بۆ نزیکەی ئەو دووهەزار و پێنسەد یا شەشسەد ساڵەی پێشوو، واتە ئەو ڕۆژەی کە ئەو کوڕە کوردەی کە دایکی کورد بووە، واتە کۆرش، بە ناوی هەخامەنشییانەوە ئەوەی بەسەری کوردی هێنا. یانێ هەر لەو ڕۆژەوە ئەگەر تۆ سەیری لاپەڕەکانی مێژووی خۆت بکەیت ڕۆژ بە ڕۆژ ڕەش و ڕەشتر بووە. یان ئەو کەتیبەیەی کە ساڵەهای ساڵ نەفامانە شانازیمان پێوە کردووە و وەکوو سەنەدێکی نەنگین لە هەرسینی نزیک کرماشاندا لە بەر چاوی ئێمەوە دایان ناوە بە ناوی کەتیبەی بێستوون، ئەوە گەورەترین مۆرکی نەنگ و سەرشۆڕی میللەتەکەمانە. (هەرچەند لەلایەکەوە بەهۆی ئەو جینایەتانەی کە داریووش دەرهەق نەیارانی خۆی دەیکرد لە ڕاستیدا سەرشۆڕییە بۆ هەخامەنشییان و داریووش) و ئەو کەسەی کە داریووشی هەخامەنشی پێی لەسەری داناوە و خستوویەتیە ژێر پێی خۆی ئەوە گێئۆماتی کوردە کە دژ بە هەخامەنشەکان بۆ وەرگرتنی دەستەڵاتی دووبارە بۆ مادەکان شۆڕشی کرد. ئێمە بە دەیان ساڵ ئەو مێژوویەیان لە مێشکماندا ئاخنیوە کە هی خۆمان نەبووە، بەڵام گوتوویانە دەبێت شانازیی پێوە بکەن. بۆیە ئەوەندە لە خۆ نامۆ بووینەتەوە، هێشتا چوار چێوەیەکمان لە مێژووی خۆمان بۆ خۆمان دروست نەکردووە. هێشتا بە ترسەوە باسی مێژووشمان دەکەین. هێشتاش دەترسێین بێژین گێئۆماتە خائین بوو یان نەبوو؛ دیاکۆ کورد بووە یان نەبووە، کەمبووجیە کێ بووە نازانم کاوە خائین بووە، زەححاک کێ بووە؟

هەموو جاریش لەنێو خۆماندا لەسەر ئەم مەسەلانە دەچین بە گژ یەکدا. چونکە لە سەریان هێشتا ڕێک نەکەوتووین. ئێمە نەتەوەمان هەیە کە دەستکردە و مێژووی ناگاتە دووسەد یان سێسەد ساڵ، بەڵام بۆ خۆی مێژوویەکی ڕێکوپێکی دروست کردووە. دەستیشی خۆش بێت لەشیشی ساق بێت. بەڵام ئێمە کە نەتەوەیەکی ٥٠ ملیۆنین و ئەو

مێژووە کۆنەشمان هەیە، هێشتا نەمانتوانیوە ئەو  شتانە کە هەمانە بیپارێزین و باسی لێوە بکەین. بۆ نموونە هەر چاو لە جلوبەرگەکەمان بکەن. ڕەنگە هەر لە نێو خۆماندا یەکێک بێژێت چاو لەوە بکە چەندە کۆنەپەرستە وا دەزانێت کوردایەتی هەر جلوبەرگە. ڕەنگە منیش وا بیر بکەمەوە بەڵێ کوردایەتی هەر ئەمەیە و تەواوە. چونکە هێشتا لەنێو خۆماندا هەموو شتێک بەو مانا ڕاستەقینەی خۆیەوە هەستمان پێی نەکردووە، کە ئایا چەنێک کاربوردییە و لە مێژووماندا دەتوانین کەڵکی لێ وەربگرین؟ لە حاڵێکدا نەتەوەکانی دیکە لە هەموو شتێکی خۆیان کەڵک وەردەگرن و بە شانازییەوە باسی دەکەن.

بەداخەوە ئێمە چونکە خۆمان نەناسیوە هەندێک‌جار منی کورد زۆرتر هەست بە نزیکایەتی دەکەم لەگەڵ تاکێکی نەتەوەیەکی دیکەدا تاکوو کوردێکی باشووری یان باکووری. چونکە پرۆسەی خۆناسینمان تێنەپەڕاندووە و چونکە پرۆسەی بە نەتەوەبوونمان هێشتا تێنەپەڕاندووە. ئاخر نەتەوەبوون ئەوە نییە کە ئێمە بیری لێ دەکەینەوە، ئێمە ئەگەر چاو لە هەموو شۆڕشە کوردییەکان یان میرنشینە کوردییەکان بکەین دەبینین زۆربەیان بە دەستی یەک تێداچوونە و لەناو چوونە. کاتێک چاو لەمانە دەکەیت، دەڵێیت کام نەتەوە بوون؟ داخۆ ئەمە مانای نەتەوە بوونە؟ نەتەوە بوون ئەوەیە کەمن ١٠ یان٤٠ یان ٥٠ هەزار تفەنگچی و چەکدارم هەبێت و دژ بە یەکێکی تر لە نەتەوەکەی خۆم ڕاوەستم؟ بەڕاستی ئێمە هەندێکمان لە خۆکۆیلەتی بۆ بێگانە لەززەت دەبەین، بە مانای ڕاستەقینە چێژ وەردەگرین و لەززەت دەبەین.

هەندێک‌جار ئاواتی ئەوەمان خواستووە، خۆزگە ئێمەش کۆیلە و موستەعمەرەی وڵاتێکی دیکە بووباین، بەڵام نەختێک سەروسامانمان بگرتایە. بەڵام وەرن با ئەو خۆزگەیە نەخوازین، هەر ئەم زمانەی خۆمان بکەینە ئامرازێک بۆ بە نەتەوەبوونمان. وردە وردە بەرەو وڵات بچین. و ئەمە شتێکی زیادەخاهانەش نییە و زۆر سەرەتایی و دواکەوتووانەشە. چونکە ئەمە هی سەد ساڵ لەمەو پێشە. ئێمە تازە بیری لێ دەکەینەوە چۆن ببینە نەتەوە، چۆن زمانی خۆمان بپارێزین.

لە کۆتاییشدا ئەوە ماوە بێژم ئیتر کوردبوون. یان باسی نەتەوە و داب و نەریت و مێژوو و هەموو ئەو شتانەی کە پێوەندیی بە کوردەوە هەیە شەرم نەبێت لەنێوماندا و  ئەمانیشە بە مێژووەوە دروست دەبێتەوە. شوێنە تاڵ و ناشیرینەکانی مێژوومان بکەینە ئەزموون و دەرس بۆ خۆمان. شوێنە باشەکانیشی زەق بکەینەوە لای خۆمان. پێویستیش ناکات مێژوو بۆ خۆمان دروست بکەین. مێژووەکەمان زیندوو بکەینەوە و ئەو تۆز و تەم و مژەش کە ها بە سەریەوە بیسڕینەوە و مێژوویەکی پاک و بێگەرد بخەینە بەرچاوی خۆمان و خەڵکانی دیکە. هیوادارم ببینە نەتەوەیەک و ئەو «من»انە ببێتە «ئێمە»یەکی بە تەواو مانا، کە تەنیا و تەنیا ئامانجیشی بەرەو بەدەوڵەتبوونی کورد بێت و بەس.

# کێشەی ژن لە دنیای ئاڵۆزی بەجیهانیبووندا



کەژاڵ فەداکار

ژن وەک نیوەی کۆمەڵ ڕەگەزی سەرەکیی و بنەمای و کۆڵەکەی بنەماڵە و هەوێنی خۆشەویستی و سیمبۆلی وەفاداری و لێبوردنن. ئەمانە کۆمەڵێک چەمک و پێناسەن کە بە درێژایی مێژوو کولتووری ڕەسەن، خێڵەکی و زارەکیی کۆمەڵگە جیاجیاکان بۆ ژنیان داتاشیوە، بەڵام لەناو هەر کۆمەڵ، نەتەوە و ئیتنیک و وڵاتێک خاڵی جیاوازی و چۆنیەتیی هەڵسوکەوتی بنەماڵە و سیاسەت لەگەڵ ژن جیاواز بووە، کە ئایین، دابونەریتە خێڵەکییەکان بوونەتە بەربەست و هۆکار بۆ چەوساندنەوە و پەراوێزخستنی ژن وەک ڕەگەزی بەرانبەر پیاو.

کۆمەڵگەی کوردیش بەری نەبووە لەم تایبەتمەندییانە، بەڵام هەنووکە کە گۆڕانە خێرا کۆمەڵایەتییەکان و بەتایبەت چەمکی جیهانداگری بەجیهانیبوون و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەموو ئەو چەمک و پێناسانەیان بردووەتە ژێر پرسیار و مانا و ڕۆڵی تازەیان پێ بەخشیون، هەندێکیان سواون، زۆریان عەیبەن و لە زۆر کۆمەڵگەی پێشکەوتوودا ژنان بوونەتە سەرکۆمار، سەرۆکوەزیر و پلەی باڵای حکوومەتیان پێدراوە و خەریکە هاوسەنگی و باڵانسی هێزی ژن و پیاو لە ئەرک و ڕۆڵ و بەڕێوەبردنی کۆمەڵدا وەک یەک دەبێت. ئاخۆ ئەرکدان بە ژن لە ئیدارە و کۆمەڵ و بنەماڵە گرفتە جێندەری، جێنسی و حەز و ویستەکانی ژن دابین دەکەن؟ لە جیهانی ئاڵۆزی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و مەجازی و ئۆنلایندا کە لە ئان و سات و لە یەک چرکەدا هەموو مرۆڤێک دەتوانێ لەگەڵ زۆر کەس و بە تایبەت ڕەگەزی بەرانبەر، بەبێ ئەوەی بیناسێت پەیوەندی بگرێت، ژن بووەتە خاوەن چ پێگەیەک؟ کێشەکانی چین؟

وەڵامدانەوە بەم پرسیارانە پیویستی بە توێژینەوە و تێڕامانی هەمەجۆری کۆمەڵایەتی، دەروونناسی و جێدەری هەیە، بەڵام لێرەدا تەنیا چەند ئاماژەیەک بە سەرەداوی گرفت و ئاستەنگەکانی ژنی ئەمرۆ دەکەین کە ڕۆژانە لە دنیای مەجازیدا بەرەوڕووی دەبێت.

ئەم گرفتانە و ڕوودانیان ئاساییین، چونکە جاران هەردوو ڕەگەزی تینووی پەیوەندی بە سەدان دەردەسەر و دژواری هەتا بیانتوانیبا پێکەوە بدوێن، باسی خەم و ئاوات و خەون و حەزەکانی خۆیان لەلا بدرکێنن، ئێستا کە دنیای سەردەم ئەم کۆت و بەندەی بەزاندووە و دوو ڕەگەز بە ئاسانی و لە چرکەیەکدا پەیوەندی دەگرن، ئەو گرفتانەش ڕوو دەدەن.

گرفتەکان لە دنیایەکدا ڕوو دەدەن کە ناواقیعی و دوورن لە ڕاستی، دنیای کیبۆرد و مەوس، کلیک و وێب و شاشە و لاپتۆپ و مۆبایل و ئەپلیکەیشن، چات ڕۆم، فەیسبووک، سناپ چەت، ئیسنتاگرام، یۆتیۆب، ڤایبەر، تێلێگرام، ئیمۆ و دەیان تۆڕی کۆمەلایەتیی دیکەیە، بە ملیۆنان مرۆڤ بە ئایدی و خەون و ئامانجی جیاجیا.

لە دنیای ڕۆژهەڵاتی هەتا سەر ئێسقان سیخناخ و پەراوێز و سەرکوتی حەز و ویستەکان کە کۆیلە و دەستەمۆی فکر و ئایدیای ئایین و مەزهەبە بووە، لەناکاو مرۆڤی شەرقی و ئەویش ژنی پەراوێز و بێبەش لە ماف، خۆی لەناو جەرگەی دنیایەکی ڕەها و سەیردا بینیوەتەوە. ناشارەزایی مرۆڤی شەرقی لە بەکارهێنان و شێوازی کەلوپەل و ئامێرەکانی دنیای مۆدێرن و هاوچەرخی پەیوەندی خۆی سەرەداوی کێشەکەیە.

لێرەدا یەکێک لە کێشەکان کە لە هەموان زەقترە پرسی ئەشق و خۆشەویستییە کەلە دنیای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا لە مانای ڕابردوو داماڵراون و واتا و پێگەی جارانی خۆی لەدەست داوە و چووەتە قۆناغێکی ئاڵۆز. لەلایەکی دیکەش تۆڕی کۆمەڵایەتی پێگە و غروور و ئازادیی بە ژن بەخشیوە، ورەی داوەتە ژن خۆی بێت، یاخی بێت، لەگەڵ ئازادی و مافەکانی ئاشنا بووە. لەلایەکی دیکەش کولتوورە خۆماڵی و نەریتە خێڵەکی و پەیوەندییە ناوچەییەکان کە خۆیان لەبەردەم ونبوون و توانەوەدا دەبیننەوە بەرەنگاری ئەمجۆرە پەیوەندییانە بوونەتەوە، بەڵام نە ڕێگەچارەی باشتریان هەیە و نە تەسلیمی دنیای سەردەمیش دەبن. ژن بەرداش و دەستەوەستانی نیوان کولتووری خێڵ و بنەماڵە و دنیای بەجیهانیبوونە.

چونکە کچ و ژن کە جاران بە ساڵیش ئەویندارى خۆی نەدەدی، ئێستا بە چرکە و لەناو ماڵی خۆی و لە پەنا دەستی برا و باوک و دایک کە خۆیان بە پارێزەری نەریت و شەرەف پێناسە دەکەن، لەڕێگەی نامە و مەسێنجێر و ناردنی دڵەوە نامە لەگەڵ خۆشەویست و هاوڕێ و (گێڵ فرێند)ەکەی دەگۆڕێتەوە. نەمانی ئەم سنوورانە کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان خولقاندوویانە، تەنیا بە خۆشەویستیی نێوان کچ و کوڕ نەوەستاوە، بەڵکوو، پیاو و ژن و هاوسەرانی خێزانداریش گیرۆدەی بوون و مۆبایل و سیمکارت ئێستا بووەتە سەرچاوەی گەلێک کێشە و ئاستەنگ و کەتن و جەنایەت و خەیانەتی بنەماڵەیی.

دنیای مەجازی، هەروەک دنیای خێرا و دەستبەجێی گوێزەرەوەی هەواڵ، پەیام و ڕووداوە، هاوکات سەرچاوەی درۆ، بەڵێنی سواو، تاریفی بێمانا و ئاشقبوونی چرکەیی و بەدوور لە هەست و سۆزە، ئەشقی ڕاستەقینە و شێتبوون و

مەجنوونیی جاران بووەتە ئەشقی چرکەساتی. ئەشق و ماچی ئێلێکترۆنی و دەسکرد و سینەمایی ژیانیان دووپاتە کردووە و سۆز و خۆشەویستی و پەیوەندیی ڕاستەقینەی مرۆڤەکان بوونەتە درۆیەکی سەیر. بنەماڵە و پەیوەندیی دایک و باوک و کچ و کوڕ و ژن و مێرد بووەتە چات. لە یەک چرکەدا بە ملیۆنان درۆی شاخدار دروست دەکرێت، لە یەک ساتدا ئاشقی سێ کەس دەبێت، هاوکات درۆ لەگەڵ دەیان کەس دەکات، ماچ و خۆشەویستیی دەسکرد بۆ کەسێک دەنێرێت نازانێ کوڕە، کچە، نێرە مێیە؟

لە دنیای ئاڵۆز و دەسکردی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا باوک ئاشقی کچی خۆی دەبێت، برا شەیدای خوشکەکەیە و دایک دڵ بۆ کوڕەکەی دەنێرێت و کچ وادەی ژوان لەگەڵ باوکی دادەنێت. ئەمەیە ئاڵۆزیی ژیان، ئەمەیە داماڵێنی بنەماڵە و بەها مرۆییەکان و لێکترازانی بنەماڵە و سەرچاوەی خیانەت و جینایەت.

هەرچەند وێڕای بوونی ئەم کێشە و گرفتانە ناکرێ حاشا لە بوون و کاریگەریی دنیای مەجازی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بکەی، چونکە بەرهەمی بەجیهانیبوون و گۆڕانی کۆمەڵایەتی و ژیانی هاوچەرخ و ئایدیا و ویستی مرۆڤی سەردەمن. ئەم قۆناغانە قۆناغی تێپەڕن و بێگومان قۆناغی داهاتوو لە قۆناغی ئێستا نوێتر و ئاڵۆزتر دەبێت، بەڵام هەر قۆناغێک کۆمەڵێک گۆڕانکاریی مرۆیی و ژیاری لەگەڵ خۆی دێنێت و کۆمەڵێک نەریت لادەبات و کۆمەڵێک دیارە دادەهێنێت، مرۆڤی جیدی و وشیار و بە بیر و تەدبیر خۆی لەگەڵی دەگونجێنێ و کەڵکی باشی لێ وەردەگرێت، بەڵام مرۆڤی بێئامانج و هیوا و هەتڵە تێی دەکەوێت و بەبێ ئەوەی شتێکی دەست بکەوێ، ناسنامەی خۆشی لەدەست دەدات و بەرەو هەڵدێری نەمان و فەوتان دەچێت. دنیای مەجازی بەحرێکی قووڵە مەلەوانی کارامە و لێزانی دەوێت، بەبێ شارەزایی خۆتی پێدا بدەی، شەپۆلەکان نوقمت دەکەن، یان دەبێیە خۆراکی نەهەنگ و تیمساحە برسییەکان.

# ژن و شێعری فرووغ



شەهریبان مورادی

زۆر کەس پێیان وایە فرووغ شێعری هەڵنەبژاردبوو، بەڵکوو شێعر، فرووغی هەڵبژاردبوو. شێعری فارسی تاکوو فرووغ کەمتر ژنی وەکوو ئەوی تیا هەڵکەوتبوو کە ڕاستگۆیانە و بەشەهامەتەوە توانیبێتی ڕازی دڵی ژنی لە زمانی ژنێکەوە باس کردبێت. لە وڵاتی بێدەنگیدا زۆر کەس هەن ماڵئاواییان لە ژیان کردبێ و هەرچی مەیلی دەسەڵات بێت پەسەندیان کردبێ.کۆمەڵگەیەکی پڕ لە نایەکسانی کە هیچ کەس و هێز و لایەنێک بۆی نەبێت لێی لابدات زۆر ئەستەمە کەسێک (ئەویش کچێک) قەبووڵ بکات کە جیاواز بیر بکاتەوە کۆمەڵگای سەردەمی فرووغ کۆمەڵگاییێک بوو ئینسانی گوێڕایەڵ و بێئێرادەی لا پەسەند و جوان بوو.لە هەموو شوێنێک سانسۆر دەست دەنێتە بیینە قاقای ئینسانەکان، سانسۆر ڕێگرێکی گەورە لە بەردەم بیرکردنەوەی ئینسانە ئازادەکان بوو، فرووغ لەم کۆمەڵگایەدا بە نووسین ئەیویست نیشان بدات کە زیاتر لە یەک شێواز و ڕێگا بۆ ژیان هەیە.

زۆر کەس بەرەنگاری فرووغ بوونەوە، زۆر کەس نەیاندەویست ئەو وەک ژنێکی سەربەخۆ و جیاواز دەرکەوێ، چونکە ئەو زمانەی فرووغ شێعری پێدەنووسی (زمانی ژنانە) زمانێک بوو کە خوێندن و نووسین پێی قەدەخە بوو. زمانی ژنانە، زمانێک کە ژن ئازادانە بتوانێت باسی خواست و دەروون و ئاواتەکانی خۆی بکات، فرووغ توانی زیرەکانە ئەم زمانە بەکار ببات و بیکات بە زمانی فەرمی و زمانی نووسین. پێش ئەو زمانی ژنانە زمانی ناوماڵ و زمانێکی سنووردار بوو، شێعر نووسینی فەڕوخزاد بەم زمانە لادان بوو لە بارودۆخێک کە بە سەر بەشێکی زۆر لە کۆمەڵگادا واتە ژنان سەپێندرابوو، ئەو بە باشترین شێوە ئەم توانایەی بەکار برد. فرووغ ئازایانە توانی باسی ئەوەی بکات کە دڵی ژنێک دەیهەوێ و نەترسانە ڕووبەڕووی هەرچی دوژمنی ژن و ژنایەتی و ژنانەتی بوو ڕابوەستێت.

فرووغ بە چەکی شێعر ڕووبەڕووی ناحەزانی ژیان بووەوە، کۆڵی نەدا و هیچکات خۆی لە شێعر نەدزییەوە و نەیهێشت شێعری دەمبەست بکرێ، وەکوو خۆی وتوویەتی شێعر بۆ من لە خواردن و خەوتن پێویستترە. فرووغ فەڕوخزاد تەنیا لەکاتی شێعر وتندا شاعێر نەبوو، بەڵکوو لەگەڵ هەموو ڕەفتارەکانی ڕۆژانەیدا شاعیر بوو، ئەویش شاعیرێکی

ڕاستگۆ و دوور لە هەرچەشنە درۆ و دەلەسەیەک. لە سەردەمی فرووغدا و ئەم سەردەمەیشی لەگەڵدا بێت ژن بە ئاسایی نەیدەتوانی ئەوەی لە دڵیدا بوو بە زار باسی بکات، بەڵام فرووغ زۆر ژیرانە و ئازایانە شێعری لە دڵ و زار و هەستیدا پەروەردە کرد و باڵای پێدا و نەیهێشت شێعری بێزمان بێت و لاڵ بکرێت و لای هەوەسبازان و دروزنان ببێ بە دەسکەلا و بخنکێندرێ. شێعر بەبێ فرووغ ناتەوان و هەژار و بێتدەنگ دێتە بەرچاو تا کاتی فرووغ شێعر نەیتوانیبوو بێدەنگی هەزارساڵەی ژنی ئەم وڵاتە بشکێنێ، نەیتوانیبوو باسی خەفەقانی ژن بکات و دەستی بگرێت و لە ناو چاڵە ڕەشەکانی ناو ماڵ ڕزگاری بکات.

فرووغ ئەو کەسە نەبوو تەنیا لە کاتی شێعرنووسیندا گڕ بگرێ، ئەو لە هەموو تەمەنیدا لە هەموو ڕۆژەکانی ژیانیدا بە ڕووی هەرچی ناحەزی ڕاستی و ڕاستگۆییدا گڕی دەگرت. شێعری فرووغ بۆ هەموو کەس دەلاقەیەکی کراوەیە کە دەتوانێ لە بەریا دابنیشێت و ڕازی دڵ و دەروونی خۆی ببینێ و هەرچی ئاواتی نەوتراوەیە گوێیان لێبگری. فرووغ یەکەم کەس بوو کە ژنانە شێعری نووسی، شێعری ژنانەی نووسی، یانی توانی ئەو دەسەڵاتەی کە بەربەست بوو لە خۆپیشاندانی ژن لە شێعردا، بشکێنێ و کۆمەڵگا ڕازی بکات کە ژن ئەبێبوونی ژنانەی هەبێت و پێویست ناکات وەکوو پیاو شێعر بڵێت.

فرووغ دانەنیشت تاکوو کۆمەڵگا پێبگات و یارمەتی بدات، خۆی ئازایانە کۆمەڵگای پێگەیاند و ژنی لە ماڵ حەشاردراوی ڕزگار کرد. تاکوو سەردەمی فرووغ دەسەڵاتی باوی شێعر پیاوانە بوو، ژن نەیدەتوانی خۆی بنوێنێ. فرووغ ژیانی ئەو سەردەمەی بەلاوە قەفەس و زیندان بوو، توانی قەفەس بشکێنێت و تامی ئازادی بکات، ئازادی شتێک نییە هەموو کەس توانای ڕووبەڕووبوونەوەی هەبێ، ئازادی بۆ زۆر کەس سامناکە. فرووغ بەو جۆرەی کە کۆمەڵگا پێی خۆش بوو سەیری خۆی و ژیان و شێعری نەکرد، ئەو تەنیا بۆ ڕابواردن و تێپەڕاندنی کات تماشای شێعری نەکرد، ئەو بە چاوی سووک سەیری شێعری نەکرد.باوەڕی وابوو شێعر توانای ڕووبەڕوو بوونەوەی نەفامی و کاڵفامی و کەمفامی هەیە. فرووغ بە شێعر دەستپێکرا و بە شێعریش تەواو بوو.

**سەرچاوە:**


بەرزەنجی، ئازاد؛ *ژنێک لە بەردەم وەرزێکی سارددا*؛ سەردەم؛ سلێمانی. ٢٠٠٢

فروخزاد فروغ؛ *دیوان فروغ فروخزاد*؛ انتشارات نوید؛ آلمان، ٢٠١٢.

## هەڵبەستی کوردیی شاعیر، بە شێوازی گۆرانی



شەهێن حەیدەری، پەریا ئیبراهیمی

ئەحەمەد بەگی گەوەرەی ساحێبقڕان پاڵەوانێکی ئازا و ناوداری شاری سنە بووە کە لە نێوان ساڵانی ۱۷٤۷ ـ ۱۷٦۳ ز. دا لە سەر داخوازی سلێمانپاشای بابان بەرەو قەڵاچوالان پایتەختی ئەو سەردەمەی بابان چووە. ئەحەمەدبەگ دوو کوڕی بە ناوی محەمەدبەگ و مەحموودبەگ بووە و مەحموودبەگ باوکی شاعیری بەنێوبانگ، مستەفابەگی ساحێبقڕانە (کوردی). مەحموودبەگ دوای باوکی وەکوو وەزیری بەرگری سلێمانی هەڵبژێردرا. کاتێک کە دەوڵەتی توورکی عوسمانی هێرش دەکاتە سەر میرنشینی بابان ئەو میرنشینە لە ناو دەبات، لە دوای ئەم کارەساتە شاعیران و ناودارانی ئەو سەردەمە پەرەوازە دەبن. کوردی هاتووچۆی ئێرانی زۆر بووە، بە تایبەت لەو ڕۆژگارەدا. کوردی بە هۆی خزمەکانییەوە جێگەوڕێگەی لە سنە بۆ دابین دەکرێت هەر بۆیە کوردی زۆر جار لە سنە ماوەتەوە و لەگەڵ شاعیرانی ئێران و کوردی ئێران پەیوەندی زۆری بووە. هێندێک جار سەردانی هەورامانی کردووە و لەگەڵ یەکێک لە شاعیرە گەورە و بەنێوبانگەکانی ئەو ناوچەیە بە نێوی سەیدی دووەم (هەورامی) برادەر و هەواڵ بووە. کوردی و سەیدی تا ڕادەیەک لەگەڵ یەک هاوتەمەن بوون. بە پێی دیوانی سەیدی ساغکردنەوەی کاردۆخی سەیدی لە ساڵانی ۱۱۹۹ ـ ۱۲٦۵ ژیاوە. لە کتێبی دیوانی کوردی لێکدانەوەی محەمەد مستەفا هاتووە: ((بە پێی شیعرێکی کە مەحموود بەگ بۆ کوردیی کوڕە نۆبەرەکەی نووسیویەتی و هەروەها لە سەر ئەنگوستیلەکەی خودی کوردی بە پیتی ئەبجەد ساڵی لە دایک بوونی خۆی نووسیوە (احمد است جد و پدر محمود و نامم مصطفی) ساڵی لە دایکبوونی کوردی ۱۱۹۷ی کۆچییە.)). بەپێی ئەو لێکدانەوانە کوردی تەنیا دوو ساڵ لە سەیدی گەورەتر بووە.

کوردی وەکوو یەکێک لە شاعیرانی گەورەی قوتابخانەی بابان یان سۆرانی دەناسرێت. قوتابخانەی بابان لە لایەن شاعیری بەناوبانگ نالی دامەزراوە، کوردی و سالم ڕۆڵێکی گرینگ و سەرەکییان لە بووژانە و گەشەکردنی ئەم

هەواڵنامەی کتێب

شێوازە ئەدەبییە هەبووە. ئەم سێ شاعیرە بە سێ کوچکەی بابان ناویان لێدەبەن. بۆ ماوەیەکی زۆر قوتابخانەی شیعری گۆرانی دەسەڵاتێکی زۆری بە سەر ئەدەبی کوردیدا هەبووە و دەتوانین بڵێین زۆربەی و تاڕادەیەک هەموو نووسراوەکان و شیعرەکان لە سەدەی ١٩ بەو لاوە بە ئەو شێوازە نووسراون. ئەم شێوازە شیعرییە کە سەرەتا بە نالییەوە دەست پێدەکات، دژ بە شێوازی ئەدەبی گۆرانی ڕادەوەستێت. شێوازی ئەدەبی گۆرانی لەو سەردەمەدا دواهەمین هەناسەکانی خۆی دەکێشێ و بە هاتنی ئەم شێوازاە نوێیە شاعیران ڕوو دەکەنە ئەم قوتابخانەیە و ئەدەبی گۆرانی دەچێتە پەراوێزەوە.

قوتابخانەی بابان جیاوازی زۆر و بەرچاوی لەگەڵ ئەدەبی گۆرانی هەیە. لە دیوانەکەی کوردیدا پارچە هەڵبەستێک هەیە کە بە شێوازی گۆرانی هۆنراوەتەوە. ئەم شیعرە وەکوو نامەیەک بۆ سەیدی دووەم (هەورامی) نووسراوە کە سەیدیش وەڵامی داوەتەوە. بابەتی ژێر باس لێرەدا لە سەر شیعر گۆڕینەوەی شاعیرانی بەناوبانگ کوردی و سەیدی هەورامییە. ڕەنگە پرسیار بکرێت کە زۆربەی شاعیران لەگەڵ یەک شیعر گۆڕینەوەیان بووە و شتێکی ئاساییە؛ بەڵام گرینگایەتی لەوەدایە کە ئەم شیعر گۆڕینەوە لە لایەن دوو شاعیری سەر بە دوو قوتابخانەی جیاوازە. خاڵی بەرچاو ئەوەیە کە مستەفا بەگی کوردی خۆی لە پێشەنگەکانی بەناو بانگی شێوازەی سۆرانییە چۆن بە گۆرانی شیعری هەیە و دیسان بۆ هەڵبەستەکانی خۆی ڕووی کردووەتە ئەو شێوازە کۆنە؟ زۆر کەس لە وڵامی ئەم پرسیارانە دەڵێن کە ڕەنگە شیعری شاعیرێکی دیکە بێت و بە هەڵە لە دیوانی کوردیدا هاتبێت. ئەگەر لە شیعرەکەیان ورد ببینەوە دەبینین کە لە شیعرەکانی ئەم دوو شاعیرە نازناوی شیعرییەکەی خۆیان هاتووە. هەروەها بە پێی کتێبی دیوانی کوردی کە لە لایەن محەمەد مستەفا ناسراو بە حەمەبۆر ساغکراوەتەوە ئەم شیعرەی لە چەند کەشکۆڵی باوەڕپێکراودا دیتووە. یەکەمیان کەشکۆڵی (مس)ە کە سەرەتاکەی دەستنووسی خودی سەیدی دووەم و سەرچاوەیەکی دیکە(جزوبەند) کە لە لایەن نەوەکانی سەیدییەوە کە بە دەستنووسی خۆیانە کام هەڵبەستیان ئارەزوو لێ بووبێت، ئاوێتەی ئەم کەشکۆڵەیان کردووە. سەرچاوەی (مس) یەکێک لە سەرچاوە گرینگ و بایخدارەکانە و بەڵگەیەکی بڕواپێکراو و بەهێزە. ئەم هەڵبەستە کە بریتییە لە نامەیەکی بەرادەرانەی کوردی کە لە هەورامانی تەخت بووە بۆ سەیدی دووەم هەواڵی خۆی داناوە.

## هەڵبەستەکەی کوردی بۆ سەیدی:

سەیدی مەزانان

( سەیدی )مـەزانان، سەیدی مـــەزانان   مـــــــە بۆ بزانان ، کۆمەندەن جانان
یەقین جە عەشقـــی یاران ڕەم کەردەی   وەرنە، چیـــن عیللەت لێوەنی هـەردی؟
ئازیـزم حـــەیـفەن یادت کـــەم بییـەن   مــەگەر دەرد عشق جە یادت شییەن
من جە دڵــیزار، ئـــەی چەند فەردەوە   یـــــــاد دیــرینەم نۆژەن کـــەردەوە
ئەبیات عیشــقەت، گەر گەزاف نییەن؟   دەلیـل لوتـــف وەریـنـــەت چیـــیەن؟
پەی چیش گوم کەردی هەم فەرد جاران   هـــوریـــزە وەپـــــا چون کاروانداران
هەدەم ڕەنـــجەکە، گەر، زەدەی هیجری   خەیــڵی موشتاقی( دیا )تەن( هیجری )

سەرچاوەی ئەم هەڵبەستە بە پێی وتەی محەمەد مستەفا کە لێکۆڵینەوەی لەسەر *دیوانی کوردی* کردووە و لە چاپی داوە، کەشکۆڵی(ن) دەڵێت:(( ئەمە یەکێک لە دەسنووسە چاک و باوەڕپێکراوەکانە کە ئەم هەڵبەستەی کوردیم لێوەرگرتووە و وەڵامەکەی سەیدیم تێدا نەدیوە.)) . لەم هەڵبەستەدا تاسەنامەی کوردی و گازندە کردنیی لە سەیدی هەورامیی برادەر و خۆشەویستییەتەکەیەتی کە لە دێڕی چوارمدا هاتووە. لە دێڕی پێنجەمدا کە کوردی دەڵێت:

ئەبیات عیشــقەت، گەر گەزاف نییەن؟   دەلیـل لوتـــف وەریـنـــەت چیـــیەن؟

لەم دێڕەدا ئەوە دەردەکەوێت کە پێش لە نووسینی نامەی کوردی بۆ سەیدی، سەیدی هەڵبەستی خۆشەویستی بۆ کوردی ناردووە کە بە داخەوە ئەو هەڵبەست و هەڵبەستەکانی دیکەی سەیدی و کوردی تاکوو ئێستا دەست نەکەوتوون و دیار نین. ڕەنگە بە دیتنەوە و پەیدابوونی ئەم هەڵبەستانە کەلێنێک لە ئەدەبی کوردی پڕ بکاتەوە. لە بەیتی شەشمیشدا کە دەڵێت:

پەی چیش گوم کەردی هەمفەرد جاران   هـــوریـــزە وەپـــــا چون کاروانداران

مەبەست لە (هەمفەرد جاران) هاوهونەرییەکەی جاران ئەو کەسەی کە جاران هەڵبەستیان بۆ یەکتر دەنارد. لێرەش دیسان ئەمە دەردەکەوێت کە ئەوان شیعرگۆڕینەوەی دیکەشیان هەبووە. لە دێڕی حەوتەمدا لە باڵی دووهەم مەبەست لە هیجری کوردی خۆیەتی. کۆمەڵێک شیعری کوردی بە نازناوی هیجری بڵاو کراوەتەوە و دوور نییە کە

هەواڵنامەی کتێب

ئەم نازناوەی لە سەردەمی ژیانی ئێرانیدا لە شیعرەکانی هێنابێت، چونکە ماوەیەک لەوێ لە ئاوەریی و مەڵبەندی دوور وڵاتیدا ژیاوە. هەر بۆیە لە شیعرەکەی کە بۆ سەیدی ناردووە نازناوی هیجری بەکار هێناوە و سەیدیش بە هەمان شێوە بە هیجری بانگی کردووە و لە شیعرەکەیدا هێناویەتی.

هەروەک کە لە شیعرەکەدا دەردەکەوێت ئەوان تەنیا یەکجار شیعریان بۆ یەکتر نەناردووە و ئەم شیعرگۆڕینەوە زیاتر لە یەک‌جار بووە. ئەوە باسێکی سەرنج ڕاکێشە کە کوردی سەرەڕای ئەوەی کە دژ بە قوتابخانەی گۆران بووە و شێوازێکی نوێیان پێک‌هێناوە کە تاکوو ئێستایش شێوازێکی زاڵ لە ئەدەبی کوردی دایە؛ بەڵام پەیوەندی لەگەڵ شاعیرێک کە تا ئەو کاتە بە شێوازی گۆرانی شیعری هۆنیوەتەوە بووە.

**هەڵبەستە وەڵامەکەی سەیدی بۆ کوردی**

هیجری نەزانان

| | |
|---|---|
| هیجری نەزانان، هیجری نەزانان | تۆ بەحاڵی دەرد، ئێمە نەزانان |
| من( سەیدی )سەردار، سوپای دێوانان | کوشتەی دەردی عەشق زەدەی هیجرانان |
| تاوانم کتاب، دەرسی عەشقم وەند | مۆری دڵ بە سەجع، نامی عەشقم کەند |
| جەمە کتاب خانان، تا کە مەشقەم کرد | عالەم مەزانان، مەشقی عەشقم کەرد |
| تاکە جوان بێم، نە سەودای یار بێم | هەوای عەشقم بێ پەوچی سادار بێم |
| بە ساداری عەشق، یا وام بە پیری | ئەسڵا ڕام نەکەوت، من وەلای ژیری |
| ئەو وەهاری عومر، جوانیم و یەرد | گا چەنی هیجران، گابە، داخۆ دەرد |
| هەر شێت و سادار، بیابان گێل بیم | چمان من جادار، مەجنوونی وێڵ بیم |
| ( سەیدی )تا زیندەن، چەتوی دەردەوە | بوون مەجنوون وێڵەن بەڕووی دەردەوە |

لە دێڕی یەکەمدا مەبەستی سەیدی لە( هیجری )کوردییە کە لە شیعرەکەی خویدا لۆمەی سەیدی کردووە لەسەر شیعرەکانی کە هەمووی باسی عیشق و ئەوین و دڵدارین و سەیدیش وەڵامی داوەتەوە و دەڵێت: هیجری تۆ نەتزانیوە و لە حاڵی دەردی من تێنەگەیشتووی.

# وڵاتێک لە شێوەی شاعیرێکدا گیانی ئەدا



ئارەش مێهرەبان

ڕەزا بەراهەنی بۆ مەرگ و نەمانی شاملوو دەڵێت: هەندێ کەس لەم سەدەیەدا دەمێننەوە و هەندێ کەسیش دەڕۆنە ناو سەدەکانی داهاتوو. ئەوە ڕوانینی بەراهەنییە بۆ مەرگی شاملوو. بێگومان دوای چەندین ساڵ بە سەر کۆچی درێژخایەنی شێرکۆ بێکەس ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە شێرکۆ تەنیا بە جەستە لە لامان ڕۆیشتووە دەنا هیچ کات مەرگ نەیتوانیوە خۆی لە قەرەی کەسایەتییەک بدات کە خەمی خاک بوو و ژیانی وەکوو ئەسپێک لە پەڕەی گوڵاڵەدا دەلاواندەوە. بێگومان ئەم کۆچە درێژخایەنەی شێرکۆ کەس نازانێت تا کەی درێژە ئەکێشێت و تا کەی پەیامە شیعرییەکانی لەدوورەوە بۆمان دەنێرێت، بەڵام دڵنیام ڕۆژێک دەبێت ئەو دێتەوەو ئەو ئازارانەی کە تەنگی پێ‌هەڵچنیبوو لە ناو تێنووسە ڕەشەکانی ئەم گەلە دەکوژێنێتەوە.

لەدوای شێرکۆ بەڕوانینێک بە ڕەوتی ئەدەبیاتی نوێی کوردیدا دەبینین کە ئەم ڕەوتە بەرز و نزمییەکی زۆری بە خۆوە دیوە وکەسانێک کارگەلێکی باش و خراپیان خستوەتە ناو ئەم زەریا پان و پۆڕەدا. بۆ وێنە شاعیرانێک کە لەگەڵ شێرکۆدا لە سەردەمێکدا ژیاون وەکوو پەشێو، لەتیف هەڵمەت، ڕەفێق سابیر و هتد...کارگەلێکی باشیان بووە و کارگەلێکی تریشیان بووە کە نەتەنها خزمەتێک نەبووە بە ڕەوتی نوێگەرایی و نوێخوازی ئەدەبی کوردی بەڵکوو زۆریش تاقەت پڕووکێن بوون، بەڕای من ئەگەر لە دوای کۆچی شێرکۆوە بڕوانینە ڕەوتی ئەدەبیاتی نوێ بۆمان دەردەکەوێت کە ڕۆژ بە ڕۆژ شیعری نوێی کوردی بەرەو لاوازییەک ڕۆیشتووە کە نەتەنیا دەور وبەری دەخواتەوە بەڵکوو وەکوو خۆخۆرێکی لێهاتووە کە ڕۆژ بە ڕۆژ لە جەستەی خۆی خەریکی تەغزیە کردنە. پەس ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە شێرکۆ هیچ‌کات قەرەبوو ناکرێتەوە و شیعری شێرکۆ شیعرێک بوو سنوور بەزێن بوو کە تەنیا لە یەک ڕەهەندەوە مرۆڤ نەیدەتوانی چاوی لێ بکات بەڵکوو ڕەنگاڵەیەکی فرە ڕەهەند بوو کە تەواوی ئازارەکانی ژیانی دەهێنایە ناو دوو توێی هەستێکی قووڵی ناخ هەژێن.

لێرەدا دەتوانین وەکوو نموونە ئاماژە بە هەندێ لە تایبەتمەندییەکانی شیعری شێرکۆ بکەین، بۆ وێنە: شێرکۆ شاعیری پەیوەندییەکانی ژیان و ئازادی و مەرگ و عیشقە ولە نێو دڵی کارەساتەکانی کوردستاندا ژیا، ئەنفال، هەڵەبجە،براکوژی،ئازارەکانی پێشمەرگایەتی و شاخ و تەنانەت لە بیر نەکردنی حەمە بچکۆلی بۆیاخچیش و ورتە ورتی منداڵێکی کردە ڕەمزی ژیانێکی پڕ لە ئازار. شێرکۆ هاواری کەرکووک بوو، کەرکووکێک کە مێژووی پڕ لە نەهامەتی خۆی لە ناو لانکەی زنجیرکراوی سیاسەتەچەپەڵە سەپێندراوەکانی ژیان دەلاواندەوە، ئازاری دەخاتە بەر باس و هیوایەک دەخاتە ڕوو کە مێژووی کورد زۆر لەمێژە چاوەڕوانی دەکات:

زمانی شیعری شێرکۆ ئەو زمانە جیهانیە بوو کە سنووره کانی بەزاند و بووە هۆی گرتنی خەڵاتگەلێکی گەوره وەکوو تۆخۆلوسکی و جێ کردنەوەی شیعرەکانی لەناو دوو توێی کتێبە دەرسییەکانی دونیادا. عەلی ساڵحی شاعیری گەورەی فارس نازناوی ئیمپراتۆری وشەی پێ‌بەخشی و ئەو خوێندنەوەی کە لە سەر شێرکۆ بێکەس بووی لەبارەیەوە بڵێت: هۆگری من بۆ شێرکۆ هاوشێوەی هۆگری منە بۆ یانس ڕیتسۆس، پابلۆ نرۆدا، نازم حیکمەت، فێدریکۆ گارسیا لۆرکا، مەحموود دەروێش و ئەحمەدی شاملوو. ساڵحی دەڵێت: شێرکۆ ڕۆیشت بەڵام شیعر ناڕوات.

بەڕای من شێرکۆ نەمردووە، ئەو لە ناو کوردستاندا ژیا، لە ناو ئازارەکانی خەڵکدا بوو، ئەو کیمیا کراوی هەڵەبجەو ئەنفال بوو، ئەو کوژراوی براکوژی و زنجیر کراوی کەرکووک بوو، بێگومان کەسێکی وەها نابێت لە دەرەوەی کوردستاندا بمرێت.

ئەدەبیاتی کورد چاوەڕێی گەڕانەوەیەکی ئەبەدییە کە دیسانەوە مێژوو بخولقێنێت، مێژوویەک بە تامی جێگەماچی دوو دڵدار و بەرزاییەکانی قەندیل؛ شێرکۆ چاوەڕوانە بگەڕێتەوە چون هێشتا نەمردوە ئەو ئێستا لە بەر فرۆکەخانەی سوید چاوەڕێی شەفیقەسەعیدە و بەتەمان لەوێیەوە بفرن هەتا سەر گۆڕەکەی نالی و لەوێیەوە بەرەو کوردستان ڕێگە ببرن. ئەم ڕچەیەی کە شێرکۆ دروستی کرد لەمێژە کەسی بەسەردا نەچوەتەوە و بەتەمای ماچ کردنی دووبارەی پێڵاوە خۆڵاوی و شاخاوییەکانی دڵدارێکە. دڵدارێکی ئەبەدی لە ڕەگەزی شێرکۆ بێکەس.

ئەوەشیان هەر خەون نیە
ئەم کوردستان و عێراقە
هەتا گەڕانەوەی مەهدی
لەچوار چێوەی مووزەوەری
ئەم دەوڵەتە درۆزن و جامبازەدا
چۆن وردییان و زیندانی
لەپاڵ یەکدا بمێننەوە و
ڕۆژێک نەیەت
کەهەر ئەبێ ئەو ڕۆژە بێت
دوای تەڵاقێکی ئەبەدی
وەک تەڵاقی
نێوان قەفەز و ئازادی
لەیەکتری جوێ ببنەوە!!

******************

لەوێ مەمرە
نە بای ئەوێ تۆ ئەناسێ و نەمەلێکی و
نە ئاوی ئەوێش ئەزانێ
تۆ لەکام بەفری شاخانی!
لەوێ مەمرە جانی جانان

## نەورۆز



سەرگوڵ ئارەش

نەورۆزی کوردان ڕەسەنترین نەریتی کۆنە. لێکۆڵەرێکی کوردستانی دەڵێت: بە وتەی زۆربەی ئوستوورەناسان، نەورۆزی کوردان ڕەسەنترین و دەس لێ نەدراوترین نەریتی کۆنە. جەماڵ ئەحمەدی ئایین لە وتوویژێک سەبارەت بە نەورۆز لە ناو کوردان دەڵێت: گەر بڕوانینە نەخشەی ناوگەڕی(فەلات) ئێران، دەشتێکی بەرین دەبینین کە تەنیا دوو ڕشتەکێوی ئەلبورز و زاگرۆسی تێدایە. ڕشتەکێوی زاگرۆس کە ناوچەیەکی یەکجار بەربڵاوە، لە تورکیا تاکوو تەنگەڵانی هورموز هەزار و ٢٠٠ کیلومەتر درێژەی هەیە کە بە هۆی بەرزایی لەبار، هەبوونی گیا و ئاژەڵی جۆراوجۆر و هەروەها هەبوونی بەستێنێکی باش بۆ کشت و کاڵ و دابین کردنی خواردەمەنی، شوێنێکی شایان و لەبار بۆ ژیانە بەڵام ئەلبورز بە هۆی بەردینە بوون و هەروەها زۆربوونی گاشەبەردەکان، ناوچەیەکی باش بۆ ژیان نییە و هەر بە هۆی ئەمەش جەماوەرێکی زۆر کەم لەوێ نیشتەجێن.

ئەو دەڵێت: ژیارە ناوخۆییەکان کە لە ناوچەی زاگرۆس نیشتەجێ بوون، تووشی کێشەیەک بوون کە دواتر لە سەردەمی مس(عصر مس) قووڵتر بوو ئەوەش بارینی بێ بڕانەوەی باران بۆ ماوەی ٥٠٠ ساڵ بوو کە بیری دیرۆکی و ئەفسانەیی مرۆڤ، ئەوە بە تۆفانی نووح دەناسێ و وا ناوی لێ دەبات. لەم بارینە درێژخایەنە، زۆربەی دەشتەکانی فەلاتی ئێران چوونە ژێر ئاو و دەشتەکان پڕ بوون لە زێ، گۆل، ڕووبار و ڕۆخانە کە هەلی تێپەڕین بەسەریاندا نەبوو ئەم بارودۆخەش ئیمکانی ژیان لەم ناوچانەی لە مرۆڤ سەند بەم شێوەیە مرۆڤ بەناچار لە دەشتەکان کشانەوە و پەنایان بردە ڕشتەکێوەکانی ئەلبورز و زاگرۆس.

ئەم لێکۆڵەرەی کورد بە ئاماژە بەوەی کە مرۆڤی شەش هەزار ساڵ لەوەو پێش ئامراز و کەرەستەی زۆر کەمی لە بەر دەستدا بووە و شێوازی دروست کردنی خواردەمەنی و کەرەستەسازی نەدەزانی، ژیانیان بە سەختی تێپەڕ دەبوو، ڕوونی دەکاتەوە: تەنیا کارامەیی و شارەزاییەک کە مرۆڤی زاگرۆسنشین تاکوو ئەو سەردەمە لە وڵام بۆ پێداویستییەکانیان بە دەستیان هێنا بوو، دەستەمۆ و ڕام کردنی ئاژەڵە جۆراوجۆرەکان بوو و چونکوو لە وەرزی زستان گیایان دەست نەدەکەوت و دابین کردنی خواردەمەنی لە ڕێگای ڕاو کردن کێشەی زۆری ساز دەکرد، پێشتر ئاژەڵە

ڕاوکراوەکانیان کۆدەکردەوە تاکوو لەکاتی زستان بەکاری بێنن بەم شێوەیە مرۆڤانی ئەو سەردەمە ناچار بوون فێری دەستەمۆ کردن و پاراستنی ئاژەڵان بن. پاشان چونکوو پێویستیان بە کۆکردنەوە و پاشەکەوتکردنی گیاش بوو، بە ناچار فێری کشت و کاڵ بوون و هەر بەم شێوەش فێری سازکردنی خانوو و دیکەی پێداویستییەکانی ژیان بوون.

ئەحمەدی ئایین لە سەر گرینگایەتی فێربوونی سازکردنی ئاگر باسدەکات و دەڵێت: بە سەرنج دان بەوەی کە دروست کردنی ئاگر بە هۆی نەبوونی ئامرازی پێویست، زۆر دژوار بوو، خەڵک ناچار بوون ئەو ئاگرەی سازی دەکەن بیپارێزن و نەهێڵن بکوژێتەوە و هەر بەم هۆیەوە کەسانێک لە نێو هۆز و بنەماڵەکاندا دەبوون بە پاسەوانی ئاگر و بەم شێوەیە پاراستنی ئاگر بوو بە کارێکی پیرۆز و مەزن.

ئەو درێژە دەدات: کاتێ کە سەرمای زستان ڕووی لە دابەزین دەکرد و سەوزایی لە کوێستانان دەردەکەوت، خەڵک لە ئەشکەوت و خانووە بچووکەکانیان دەهاتنە دەر و ئەمەش لە حاڵێکدا بوو کە بە هۆی سەرما و هێرشی ئاژەڵە درندەکان و هەروەها برسیەتی، زۆربەیان مردبوون هەر بۆیە هاتنی وەرزێکی نوێ لەم کاتەدا بۆ ئەوان زۆر دڵخۆشکەر و پیرۆز بوو و بۆ شوکرانە بژێری ئاڵوگۆڕی سروشت، ئاگرێک کە تا ئەودەم پاراستوویان، دەیانهێنا و بە دەوریدا جەژنێکیان بەڕێ دەخست و بەم شێوەیە ئاگر بە هۆی کارتێکەری زۆر لە ژیانی مرۆڤ، بوو بە سەمبولێکی مەزن و پیرۆز.

ئەم لێکۆڵەرەی کورد زیادی دەکات: پاش سەردەمی مس کە بارینەکان هێدیهێدی کەم بووەوە، دەشتەکان وشک بوون و ئاژەڵان هاتنە نێو دەشتەکان و مرۆڤیش کە بژیوی ژیانی لە ڕێگای ڕاوکردنی ئەم ئاژەڵانە بوو، بەدوایاندا هاتن. بەڵگەکان ئەوە دەسەلمێنن یەکەم دەشتێ کە مرۆڤ پاش هاتنە خوار لە زاگرۆس، لەوێ نیشتەجێ بوون، دەشتی (جلگە) خوزستان بوو. ئەم دەشتە ئەوەندە نەخت و بەپیت بوو کە مرۆڤ زانایی و شارەزاییەکانی خۆی بردە ئەوێ و ژیاری مێزۆپوتامیای لەوێ پێکهێنا.

ئەحمەدی ئایین بە ئاماژە بەوەی کە مرۆڤ پاش کۆچکردن بۆ دەشت، فەرهەنگی نەورۆزی لە گەڵ خۆی برد و لە نێو فەلاتی ئێران پەرتەوازەی کرد، وتی: هێدیهێدی کاتی بەڕێوە بردنی جێژنی نەورۆز ، ڕێکتر و وردتر بوو و تەکووزی پەیدا کرد.

ئەو ڕوونی کردەوە: لە ڕابردوو ڕۆژێکی دیار و دەقیق بۆ نەورۆز دیاری نەکرابوو و لە هەر ناوچەیەک لە کاتی دەرکەوتنی گوڵ و سەوزایی، هاتنی وەرزی نوێیان جەژن دەگرت. لە ڕابردووی کۆن، ساڵ تەنیا بریتی لە دوو وەرزی سەرد و گەرم بوو کە هەندێ جار وەرزی سارد، ٩ مانگی دەخایاند بەڵام ئەمڕۆکانە بە هۆی گەرم بوونی زەوین لە درێژەی مێژوو، مانگە سەردەکان کەمتر بوونەتەوە.



هەواڵنامەی کتێب

ئەحمەدی ئایین سەبارەت بە هۆکاری زووتر بەڕێوە چوونی جێژنی نەورۆز لە هەندێ لە لادێیەکانی کوردوستان وەکوو دێوەزناو و پاڵەنگان، دەڵێت: هەروا کە پێشتر باس کرا، لە هەندێ شوێن دەرکەوتنی گیا و سەوزی مزگێنی دەری هاتنی بەهار بوو و هەر کاتێ سەوزی و گیا لە ناوچەیەک دەبینرا، ئەودەم جێژنی نەورۆزیان بەڕێوە دەبرد کە ئێستاش لە هەندێ ناوچە و لادێیەکانی کوردستان ئەم نەریتە هەر ماوە وەکوو دێوەزناو و پاڵەنگان کە لە ڕۆژانی یەکەم و پازدەی ڕەشەمە جێژنی نەورۆز بەڕێوە دەبەن. ئەم جێژنە بە پێی ڕۆژژمێر نییە و تەنیا دەرکەوتنی گیا و سەوزی بۆ بەڕێوەبردنی نەورۆز لە بەرچاو دەگیردرێت بەڵام دواتر کە ڕۆژژمێری هەتاوییان داهێنا، جێژنی یەکەم ڕۆژی ساڵ و نەورۆزیان بە پێی ئەوە بەڕێوە دەبرد.

ئەو دەڵێت: بە ئەمری جەلالەدین مەلەکشا، عومەری خەیام لە ڕێگای تۆمار کردنی ڕۆژژمێر، بنەڕەتی پوختە و دەقیقی بۆ یەکەم ڕۆژی ساڵ دانا. خەیام کە هەسارەناس و ڕیازیدانێکی گەورە بوو، توانی کاتی دەقیقی دەسپێکی گەڕانی خۆرەتاو بەدەست بێنی. ئەحمەدی ئایین بە ئاماژە بەوەی کە دابین کردنی نەورۆز بە پێی ڕۆژژمێر کێشەیەکی تری بەدی هێنا، وتی: ئەم کێشەیە درێژخایەن بوونی زستان لە هەندێ ساڵەکان بوو کە هەندێ جار تا جۆزەردانیش بەفر دەباری و سەوزی و گیایەک کە مزگێنیدەری بەهار بێت، نەدەبینرا. هەر بەم هۆیە دروست کردنی گیا و سەوزی لە نێوماڵ داهێنرا و ئەمەش وردە وردە بوو بە نەریتێک بەشێوەیەک کە تەنانەت ئەگەر گوڵ و گیاش لە سروشت دەرکەوتایا، دیسان لە نێو ماڵان سەمەنی دروست دەکرا و لە کاتی جێژن دەیانهێنایە سەر سفرەی نەورۆز و دایان دەنا.

ئەو هەروەها ئاماژەی کردە سەر نەریتی دانانی سفرەی حەوتسین و وتی: لە سەردەمی کۆن سفرەی حەوتسین نەبووە و کاتێ کە خەڵک جێژنی نەورۆزیان بەڕێوە دەبرد، داهاتی سادە و ساکاری سروشتیان لە سەر سفرەیەک دادەنا و دەیانڕازاندەوە بەڵام ناتوانین بەدڵنیاییەوە بڵێین حەوت جۆر شت بووە و سەرەتای ناوی هەمووشیان بە پیتی (س) دەستی پێ کردوە. لە زۆربەی ناوچە کوردنشینەکان شتێک بە ناوی سفرەی حەوتسین و ماسی سوور و پارە و ... نەبووە کەواتە حەوتسین بەو شێوەی کە ئەمڕۆ باوە، تەنیا داهێنانێکی نوێیە. ئەحمەدی ئایین دەڵێت: بە پێچەوانەی برێک لە ناوچەکانی ئێران کە لە ڕۆژی چوارشەمەسووری واتا دواهەمین چوارشەمەی ساڵ، ئاگر دەکەنەوە، لە نێو کوردان تەنیا شەوی نەورۆز ئاگر دەکرێتەوە و هاوکات هەڵپەڕکێ ئایینی و بەزمی بەڕێوە دەچێ، لە ڕاستیدا نەورۆزی کوردان جگە لە ئاگر هیچی تری نەبووە و ئەم گرینگی دانە بە ئاگریش بە واتای پەرەستشی ئاگر نییە بەڵکوو بەهۆی کارتێکەری زۆری ئاگر لە ژیانی خەڵک لە سەردەمە کۆنەکانە و یەکێک لە دەسکەوتەکانی مرۆڤ دێتە ئەژمار.

ئەو هەروەها سەبارەت بە ئایینی چوارشەمەسووری لە نێو کوردان دەڵێت: لە کوردستان نەریتێکی دیکە بە نێوی چوارشەمە کوڵە یان چوارشەمەسووری بووە. هەر لە ڕابردووە چوارشەمە بە شەوی نەحسی و دێو بەناوبانگ بووە و کوردەکان دواهەمین چوارشەمەی ساڵ، ماڵەکانیان بە گسکێک خاوێن دەکرد و پیسی و شوومی بەم گسکە لە ماڵ دەکردە دەرێ و پاشان لە نێو گۆزەیەکی کۆن ئاگریان دەدا و خوڵەمێشی ئەو گسکەیان هەر بە گۆزەکەوە لە دەرەوەی ماڵ دادەتەکاند و گۆزەکەیان دەشکاند، ئەمە تەنیا نەریتی باو لە نێو کوردان بووە و لە ڕۆژی چوارشەمەسووری بە هیچ شێوەیەک ئاگربازی نەبووە.

## پیاسەوانە ئینستاگرامییەکان، واقیعبێژی و فاشیزم



نووسینی ئارمان کاکایی
وەرگێڕانی ڕووناک پەناهی و سروە باباخانی

لە ڕوانگەی بودلێرەوە مرۆڤی مۆدێرن دەبێت لەگەڵ جیهانی مۆدێرندا تێکەڵ ببێت و ئەم تێکەڵبوونە تەنیا بە هەڵکەوتن و نیشتەجێبوون لە نێو قەرەباڵغی و ئاپۆرەی خەڵکدا ڕوودەدا. مرۆڤی مۆدێرن ماڵی خۆی لە نێو دڵی بگۆڕیی کەشدا پێکدەهێنێت، سەقامگیرییەکەی لەوەی ناسەقامگیرە بەدەست دێنێت و چوارچێوەکەی بێچوارچێوەییە. دووربوون لەماڵ و لە هەموو شوێنێکدا هەست بە لەماڵەوەبوون، ڕۆیشتن هەتا سنووری گەیشتن بە هەموو شتێک و نەویستنی هیچ شتێک و، لە ناوەندی دونیادابوون و شاراوە لە دونیا لە تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی ئەم کەسەیە. دڵبەستەی هیچ شتێک نییە و بێئامانج و بێهاوڕێ لە خاڵێکەوە بۆ خاڵێکی دیکە و لە بیرێکەوە بۆبیرێکی دیکە بازدەدات.

بودلێر بۆ ئاوەها مرۆڤێک لە چەمکی «پیاسەوان» کەڵک وەردەگرێت. پیاسەوانی بودلێر هێمایەکە بۆ ئەم ئاوارەیی و سەرلێشێواوییە مۆدێرنە. بۆ پیاسەوانی ڕاستەقینە، گەڕان لەم کەشە بێکۆتایی و هەزارتوێیەی شار و کەوتنە نێو قەرەباڵغی و ئاپۆرەی خەڵک هەموو شتێکە. پیاسەوانی، کات بە سەر بردن و چێژوەرگرتن نییە، بەڵکوو کاردانەوەیەکە. پیاسەوانی ڕاستەقینە ژیانی بەتەواوی جوانییەکانییەوە بەو جۆرەی هەیە گرتۆتە باوەش. پیاسەوان تەنیا جوانییەکان نابینێت، تەنیا لە مرۆڤ و شوێن و کەرستە سەرنجڕاکێشەکان ناگەڕێ. ئەو هەموو شتێک دەبینێت و هیچ شتێک لە ڕوانینی وردبینانەی بزرنابێت. سەرلێشێواو و پەرێشانە و بە دوای سەرلێشێواوی و پەرێشانیدا دەگەڕێت. ژنانی گەنج، پیرەژنە داماوەکان، هەژاران و خاوەن ئوتومبێلە شاسی بەرزەکان دەبینێت. چاو لە نیگا قەتیسماوەکان ، نیگا لەسەرخۆکان و نیگا شەرمێونەکان دەکات. پاکژی وهەروەها لەشفرۆشی و هەموو شتێک دەبینێت. بەڵام پۆلێنکاری و قەزاوەت ناکا و بایەخی شتەکان دیاری ناکات. ئەو دووانەیی و فاقێتی و دژوازییەکان، سەرخۆشی و وەڕەزبوون و شادی وکەسەر،هەر هەمووی تاقی دەکاتەوە. بەڵام ئەمڕۆ پیاسەوانێکی لەوشێوە بە دەگمەن پەیدا دەبێت و پیاسەوانە مەجازییەکان وەکوو ئینستاگرامی و

فەیسبووکییەکان جێگەیان گرتۆتەوە. ئەمڕۆکە کەمتر کەسێک بوێریی بینینی هەموو شتێکی تێدایە. تەنیا بەشێک لە ڕاستیەکانمان دەوێت. تەنیا ئەو بەشەی ئازارمان نادات. بەو وتوویژیشە هەروەک ساردییەکی بێشەکر، خواردنەوەیەکی بێئەلکول و قاوەیەکی بێشەکر ئێمە لە ڕاستییەکی بێئازارو بێگرفت دەگەڕێین وکەشی ئینستاگرام ئەمەمان بۆ دەستەبەردەکات. چونکە ئیتر لەجیاتی خودی ڕاستی، لەگەڵ وێنە وگۆشەیەکی تایبەت لە واقیع بەرەوڕووین.

ئینستاگرام و بە گشتی زۆربەی ڕاگەیێنەرە گشتییە نوێیەکان بە نواندنەوەی بابەتەکان لە سەر شاشەیەکی ساف و لووس و کەشێکی تەژی لە ڕەنگ و مووزیک، ڕاستییەکی دوور لە تێکهەڵچوون وکێشە و شۆک پیشان دەدەن کە لە جیاتی ئەوەی بەردەنگ لەگەڵ دژوازییە مۆدێرنەکان و لایەنە ترۆماتیکەکان ڕووبەڕووبکەنەوە، هانیان دەدەن لە نێو فانتێزیای سەرخۆشکەر و جیهانێکی خەیاڵیدا نوقم ببن و بخنکێن. ئەگەر پیاسەوانی ڕاستەقینە دەگەڕا ودەیڕوانی، پیاسەوانی ئینستاگرامی نەجووڵە و تەنیا دێتە دیتن. بەڵام پیاسەوانی ڕاستەقینە دەسەڵاتدارە و وردبینانە و ئازادانە دەڕوانێت. پیاسەوانی ئینستاگرامی دیلی قاپی کامێرایە و بەشێوەی دەستەوەستان و ناچالاکانە چاوەڕێی ڕوانینی کەسانی دیکەیە. پیاسەوانی ڕاستەقینە بینەری وێنەگەلی ڕاستەقینەیە و دونیاکەی تەژییە لە وێنەی دژواز و شیاوی تێڕامان. ئەو، ئەم دژوازیانەی قەبووڵ کردووە و ناوەکییان ئەکاتەوە و بەم چەشنە واتا بە ژیانی خۆی دەدات. بەڵام پیاسەوانی ئینستاگرامی ،بەرخۆری وێنەیە و لە نێو وەهمی یەکپارچەیی و یەکێتیدایە، حەزوخواستە سەرکوت-کراوەکانی بە سەرەتاتکێ لە ئێکانتی کەسانی دیکەدا دەدۆزێتەوە، سەرکەوتن و پێشکەوتنی لە ژمارەی فالۆویرەکانیدا دەبینێت و بەردەوام ڕادەی لایکەکانی تەماشا دەکات و هێزی خولقاندنی هیچ جۆرە واتایەکی نییە و بە نیگای کەسانی دیکە دڵخۆشە. والتێر بێنیامین تەوەری بنەڕەتیی بەرهەمەکانی لەسەر چەمکی ئەزموون دامەزراندبوو و ئۆبژەی ئەم ئەزموونەی لە سەردەمی مۆدێرندا بە ئەزموونی شاریانە دەزانی. هەربۆیە، هەمیشە بودلێری لە بەر لێهاتوویی لە گرێدانی ئەزموون و ئەزموونی مۆدێرنیتە و شۆکی بەرهەمهاتوو پەسن دەدا و ستایش دەکرد.
بودلێر لە ڕاستیدا ڕۆڵی ئەو چیرۆکبێژەی هەیە کە ئەزموونە کەسەکی و تیژتێپەڕەکان دەکات بە ئەزموونی بە کۆمەڵ وشیاوی ئاڵوگۆڕ. لە بارودۆخی ئێستادا مرۆڤ بە شێوەی جۆراوجۆر و لە هەموو لایەکەوە کەوتووەتە بەرهێرشی ڕووداوی هەمەڕەنگ و هورووژمی وێنە و زانیاریی زۆر و زەبەند و ڕەنگامە. بەڵام هیچ یەک لەم ڕووداو و زانیاریانە بۆ ئەزموون وەرناگێڕدرێن، چونکە مرۆڤی مەجازیی نوێ لەبنەمادا زمانێکی بۆ گۆڕانەوە و وەرگێڕانی ئەزموونەکانی خۆی نییە وگێڕانەوەی بە تەواوی لە بیرکردووە. دابەزاندن وکورتکردنەوەی چیرۆک بۆ وردە چیرۆک و ستۆرییەکی سیچرکەیی لە لاپەڕەی ئینستاگرامدا، زمانێکی

ساکار و کوڵ و ناتەواو لە وەسفی ڕووداوەکان، تاریف لە یەک کردن و پێداهەڵگوتنی هەڕەمەکیی و گۆترەیی سووژە ئینستاگرامییەکان، ناوەندیێتیی جەستە لە جێی بیروهزر، سووک کردنی هەستی جوانیناسی و پێشکەش‌کردنی قۆڕیات بە ناوی هونەر و ئەدەبیاتەوە تەنیا هەندێ نموونەن لە دەبەنگی و چارەڕەشیی ئەم پیاسەوانە مەجازییانە.

ئەگەرچی بێنیامین تێکنۆلۆژیای وەکوو ئامرازێک بۆ خولقاندنی ئەزموونگەلی نوێ بە گونجاو دەزانی و بە مەرجی بەکارهێنانی شیاو، بە ڕزگاریدەر ناودێری دەکرد، بەڵام ئەو هی باڵی بە سەر ئێستا و سەردەمی ئێمەدا کێشاوە دۆخێکی جیاواز پیشان دەدات. مێشک و زەینی پیاسەوانە مەجازییەکان ئەوەندە بە لایک-پەروەری ڕاهاتووە دەرگای لە سەرهەرجۆرە ڕەخنەیەک داخستووە. هەموو کەسێ هێندە خۆی بە گرینگ دەزانێ چالاکییە ڕۆژانەکانی وەکوو لە خەورا بوون وخواردن و... پەیتا پەیتا بە فالۆوێرەکانی ڕادەگەیێنێ، بە چەشنێ کەلایان وایە ئەم زانیارییانە بۆ ئەوان پێویستیی زۆر زۆر پێویستن. کەوایە ئەو تروسکە هیوایەی بێنیامین-یش لە ناوچووە و بینەری ئەو ڕووداوەین کە ناوبراو هەمیشە ترسی لێ بوو: سەرهەڵدانی فاشیزم. فاشیزمێک کە زەینی ئەو سووژانەی وەها خستۆتە ژێر دەسەڵاتی خۆی بێجگە لە تاریفدان و پێداهەڵگوتن لە لایەن ئەویدییەوە بەرگەی هیچی تر ناگرێ و هیچی دیکە قەبووڵ ناکا. ئەم فاشیزمە ڕەهەندی کۆمەڵایەتیی وەر گرتووە و لە چوارچێوەی وەهمگەلی بە کۆمەڵدا خۆی دەنوێنێت. شانازیی لە ڕادەبەدەر بۆ ڕەگەز و چینی کۆمەڵایەتی، تاراندن و ئەویدیسازیی نەتەوەکانی تر و هەست بە باشبوون وکامڵبوون، کەبەردەوام لەڕێگای میدیاکانیشەوە بەهێزتر دەکرێ، لە نموونەکانی ئەم جۆرە وەهمە گشتیانەن.

کە واتە ئەو کلێشانەی بە سەرکەشی ئینستاگرامدا زاڵن، لە لایەکەوە لە سەرجۆرێک لە واقیع بێژیی بەربڵاودا ڕاوەستاون و لە لایەکی تریشەوە نیشانەی سەرهەڵدانی سووژەگەلی خۆحەز و خۆشەیدا بە تاکایەتییەکی درۆیین و خاوەن زەینی فاشیستین. نواندنەوەی کەسەکان بە هۆی وێنە و ئیماژە ناواقیعییەکان وەکوو بە دەماخ بوون، وەرزشکردن، خۆشحاڵی و پێکەنین ئەبێتە هۆی ڕۆمانتیک‌کردنی ژیانی ڕۆژانەی پڕ لە نەهامەتی و، ڕاستییەک کە لە بنەڕەتدا جوان نییە وەکوو بابەتێکی جوان پیشان دەدرێت. ژێستە ڕووناکبیرانە و خۆنواندنە فەلسەفییەکان کە جاروجارخۆیان لە چوارچێوەی ڕستەی کورت و شیعری قۆڕ و پشتگریی ڕواڵەتیانەی بە کۆمەڵ لە ڕووداوێکی تایبەت نیشان دەدرێ، لە کلێشە زاڵەکانی تری ئەم کەشەیە. کەسەکی بوونەوەی وێنە و ڤیدیۆکان و ئەو ڕاڕاییەی تاکەکان بۆنمایشدانی جەستەی خۆیان هەیانە،هەم خۆشەیدا یی‌هیستریک ئاسای ئەم سووژە جەستە تەوەرانە پیشان دەدا و هەم ئاماژە بە قەیرانێک دەکا کە ئەم سووژانە لەگەڵیدا ڕووبەڕوون: قەیرانی نواندنەوەی جەستە!

ئەوەی باس کرا ڕەخنەیەکی کورت بوو لە سەرگوتاری زاڵی کەشە مەجازییەکان و بەتایبەت تۆڕی کۆمەڵایەتیی ئینستاگرام. ئەڵبەت پێویستە بگوترێ ئامانج لەم نووسینە حاشا کردنی یەکجارەکیی ئەم تۆڕانەنییە، بەڵکوو مەبەست پیشاندانی لایەنە نەرێنی و خەسارهێنەرەکانی ئەم کەشانەیە.
ئەم بەرهەمانەش وەکوو بەرهەمەکانی دیکەی مۆدێرنیتە دژواز و خاوەن ئەرکی چەندفاقەن. بەوتەی واڵتێربێنیامین ئەم تێکنۆلۆژیانە هەم دەتوانن هەڕەشە بن لە سەر جیهان و هاوکاتیش هیوایەکی مەسیحیایین و، جۆری بە کارهێنانی لەلایەن کۆمەڵانی خەڵکەوە، دەوری سیاسی و ئابوورییان دەستنیشان دەکات. بەڵام لە بەستێنی کۆمەڵایەتیی ئەمڕۆدا ئەوەی ئێمە دەیبینین بە وێنەیی بوونی ژیانی مرۆڤی ئەمڕۆیەکە بووەتە هۆی چێ بوونی سووژەگەلی وەهماوی و بەرخۆر و بەتاڵ لە لایەنی ڕامیاری.

## سەرچاوەکان:


برمن، مارشال؛ *تجربەی مدرنیته: هر آنچه سخت و استوار است دود میشود و به هوا میرود*. ترجمه مراد فرهادپور. تهران: طرح نو، ۱۳۷۹.

بنیامین، والتر؛ «*درباره برخی از مضامین و دستمایه های شعر بودلر*». ترجمه مراد فرهادپور. *ارغنون*، ش. ١٤، زمستان ۱۳۷۷.

بودلر، شارل؛ *نقاش زندگی مدرن و دیگر مقالات*. ترجمه روبرت صفاریان. تهران: حرفه ،۱۳۹۳.

رمضانی بارکوسرا، روح‌الله؛ «*تغییرات در تجربه و کارکرد اثر هنری در دوران بازتولیدپذیری تکنیکی آن*». *کیمیای هنر*، ش .۷، تابستان ۱۳۹۲.


هەواڵنامەی کتێب

# یەکەمەکان

هەواڵنامەی کتێب

## یەکەم شانۆنامەکان



ئەوین بروومەند

ئەگەر بمانەوێ لە سەر ئەدەبی مۆدێرن باس بکەین بێگومان پێویستە کە لە سەر ژانری دراما یان بە واتایەکی دیکە شانۆنامە لە سەرەتای کۆڵینەوە و باسەکەماندا دابنەین. هەر زمانێک بە دەستپێکردنی دانانی شانۆنامە لە ئەدەب و فەرهەنگی خۆیدا هەنگاوێکی گەورە وەهەرە گرینگی لە بەرەوبەر چوونی چاند و فەرهەنگەکەیدا هەڵگرتووە. لێرەدا مێژوو دانانی شانۆنامە بە شێوەی ژانرێکی جیاواز لە ئەدەبی گەلانی جیهاندا دەخرێتە ڕوو(کوردی، فارسی، عەرەبی، ئینگلیسی).

**کوردی:** یەکەم شانۆی بە زمانی کوردی کرمانجی سەروو بە قەڵەمی عەبدوڕەحیم ڕەحمی هەکاری ١٠٠ساڵ پێش ئێستا بە ناوی مەمی ئالان دانراوە.زستانی ساڵی **١٩١٩** لە گۆڤاری ژین لە ئەستەنبوڵ چاپ و بڵاو کرایەوە.

**فارسی:** یەکەم شانۆی نووسراوە بە زمانی فارسی لە لایەن میرزا ئاقای تەبرێزیەوە بوو لە سەردەمی قاجاردا نووسراوە. شانۆکانی میرزا لە سەردەمی فەرمانڕەوایی ناسرەدین شا و موزەفەرەدین شا ئیجازەی چاپی پێنەدرا و بە دەسپێکی بزووتنەوەی مەشرووتە شانۆی(طریقەی حکومت زمان خان) لە نێوان ساڵانی **١٣٢٤-١٣٢٦**ی قەمەری بێ ئەوەی ناوی نووسەرەکەی دیاری بکرێ لە چاپخانەی دەوڵەتی بە چاپ گەیشت.

**عەرەبی:** یەکەم شانۆی عەرەبی مارون نەقاش نووسی بە نێوی بەخیل کە ئەو شانۆیە وەرگێڕانەوە بوو لە شانۆیەک بە زمانێکی دیکە پاش مارون نەقاش کەسانێکی دیکە شانۆیان نووسی بەڵام هیچیان بە تەواوی نووسراوەکەیان خڵاس نەکرد. کەسێک وەک موحەممەد تەیموور شانۆی نووسی بەڵام ناتەواو بوو و هەنگاوێکی بۆ نووسینی شانۆ ئامادە کردبوو. لە ساڵی **١٩٣٣** لە دەهەی سیهەمدا، تەوفیق حەکیم شانۆنامەیەکی فەنی و ڕەسمی بە ناوی (اهل والکف) نووسی و لە مێسر چاپ کرا.

هەواڵنامەی کتێب

**ئینگلیزی:** شانۆنامە لە یوونان و ڕۆمی باستاندا مێژوویەکی زۆر دوور و درێژی هەیە. شانۆنامە باشەکان لە یوونانی باستاندا ٢٦ یا ٢٧ سەدە بەر لە ئێستا نووسراون و ناوی نووسەرەکانیشیان دیارە لە زمانی ئینگلیزی کە خۆی زمانێکی تازەیە. ئینگلیزی میانە ٨٠٠ ساڵە کە هەیە. لە سەدەی ١٦ نووسینی شانۆنامە دەگات بە ئەوج و ئەوەڵین کۆمێدیمان هەیە و ئەوەڵین تراژدیمان هەیە و پاشان شەپۆلێکی نوێ لە شانۆنامەکاندا کە لە لووتکەیاندا سەدەی ١٦ شێکسپیر هەیە بەڵام وەکوو یەکەم نموونە دەگەڕێتەوە بۆ چەرخەکانی ناوەڕاست سەدەی ١٣ یا ١٤ کە سێ جۆر شانۆنامەمان لە ئەدەبیاتی ئینگلیزیدا هەبووە.

شانۆنامەی موعجزە ئەو شانۆنامەیە لەبارەی مرۆڤە پیرۆزکانە و تاقی‌کردنەوە سەرسووڕ هێنەرەکانی ئەوانە. ڕوحانی کاترین کۆنترین پاشماوەیە لە وێنەی شانۆنامەی موعجزە کە مێژووی ئەو بە ساڵی ١١٠٠دەگەڕێتەوە.

شانۆنامەی سڕی(کرامات) شانۆنامەکانی سڕی ئامانجیان ئەوە بوو کە بە شێوازی شانۆیی کردنی چیرۆکەکانی ئینجیل، دینیان بۆ کەسانی نەخوێنەوار واقعیانە نیشان دەدا. ئەو چیرۆکانە لە سەدەکانی ١٣و١٦ لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانی شادی و خۆشی نمایش دەکرا. شانۆکانی سڕی لە لایەن پیاوانی ئایینی و زانایانی دینی دەنووسرا بەڵام لە لایەن دەستە و کۆڕەکان نمایش دەکرا.

شانۆنامەی ئەخلاقی لە ساڵی ١٢١٥ کەنیسە فەرمانی دا بە خەڵک کە دەبێ ٧ گوناحی گەورە فێر بکرێن: تەماح، کاهلی، شەهوەت، خۆپاراستن ،سکەڕۆیی، خۆبەزل زانی، حەسوودی و تووڕەیی. ئەوانە بوونە هۆی پەرە پێدانی شانۆی ئەخلاقی، کە ئامۆژەکان بە شێوەی فێرکارانە بوو؛ هەروەها کەسایەتییەکانی ڕۆڵی تەقوا و گوناحیان دەگێڕا. کەسایەتییەکانی ناو شانۆکە ڕۆڵی ڕوخساریان دەنواند و ئەکتەری سەرەکی شانۆکە پیاو بوو. یەکێ لە کۆنترین شانۆکانی ئەخلاقی قەڵای بەرگری‌کردن بوو؛ کە باسی لە پەرە پێدانی ڕووحی و مەعنەوی ئینسان لە ڕێگەی ڕۆژی قیامەتەوە بوو. ئەو لە لایەن حەوت گوناحی گەورە و قورس لایانگری دەکرێ، بەڵام داوای لێبوردن بۆ ئەو خوازیار دەبن و ڕزگاری دێت. یەکێ لە باشترین شانۆکانی ئەخلاقی لە بریتانیای سەدەکانی ناوەڕاست «ئادەمیزاد»ە. هەر شتێک لەو شانۆنامەیەدا ڕەنگە بۆ هەرکەسێک لە سەر زەوی ڕوو بدات، لەبەر ئەوەیە کە ناوی شانۆنامەکە ئادەمیزادە.

هەواڵنامەی کتێب

## یەکەم ڕۆمانەکان



نێدا محەمەدی

ڕۆمان یان چیرۆکی درێژ دەقێکی گێڕەوەریی چیرۆکییە کە لە چوارچێوەی پەخشاندا دەنووسرێت، لە سەدەی ١٨دا ڕۆمان زۆرتر بۆ ئاماژە بە قسەی کورت سەبارەت بە ئەوین و پیلان بە کار دەبرا. لەم ٢٠٠ساڵی دواییەدا ڕۆمان بە یەکێ لە گرنگترین کارەکانی ئەدەبی گۆڕدراوە. وشەی ڕۆمان لە زمانی فەرەنسەوییەوە هاتۆتە نێو فارسی و لە زمانی فارسیدا ڕۆمان لە چوارچێوەی ئەدەبی مۆدێرنیتە بە ئەژمار دێت، هەر ڕۆمانێک دواجار تێکەڵاوێکی ئاڵۆزە لە واقیع و خەیاڵ کاتێ کە نووسەر ئەو شتەی هەستی پێدەکات وەکوو ئەو کۆمەڵگەی کە لە ناویدا ژیان بە سەر دەبات کەم و کۆڕی یان زلم و زۆری تێدا دەبینێت یا ئەوەی کە باسی دڵداری بۆ پێش دێت و بێ سەرئەنجام دەمێنێت.کاتێ ئەم واقیعانە لە گەڵ خەیاڵاتی تێکەڵ دەکات ئەو بەرهەمە جوانانە دێتە پێش چاو کە هەموومان دەیبینین وەکوو ئێوارەی پەروانە، گرەوی بەختی هەڵاڵە،کەشتی فریشتەکان، دواهەمین هەناری دونیا و ...

کاری نووسەر ئەوەیە کە یەکەم جار ورد بوونەوەیک ساز بکات و دوای ئەوە ئەو ورد بوونەوە بەرەو ئامانجێکی بەکەڵک ڕێنوێنی بکات. جیاوازی نێوان ڕۆمان و چیرۆک لەوەدایە کە چیرۆک بەو زمانە بەرزیەوە شتهایێک وەسف دەکا کە هیچ کاتێک ڕووی نەداوە، تەنانەت مەحاڵە ڕوویش بدات بەڵام ڕۆمان گوزارشتێکی ئاشنایە لە شتهایێک کە هەر ڕۆژ لە بەر چاومانەوە پێشدێت، شتهایێک کە پێش لەوە ڕەنگە بۆ هەڤاڵانمان یان بۆ خۆمان ڕوی دابێت. تەشقی ڕۆمان لەوێدایە کە هەر ڕوانگەیێک (صحنەی)بە جۆرێکی ساکارو ئاسایی دەڵێتەوە بە جۆرێک کە (ڕەنگە لەو کاتە دەیخوێنینەوە) وا بیر بکەینەوە هەرچێک لەوێدایە دروستە و ڕووی داوە، تا ئەو جێگەی خەم و شادی قارەمانەکانی ڕۆمانەکە ئەوەندە کاریگەری بە سەرمانەوە هەیە کە وا بیر دەکەینەوە کە هەر بۆ خۆمان ڕووی داوە.

چۆنیەتی نووسینی ڕۆمان زۆر گرینگە وەکوو ئەوەی کە ئەگەر سەرەتای ڕۆمانەکە بە دەنگێکی خۆشەوە دەس پێبکات یاریدەری خوێنەرە تا بتوانێت زووتر لەو کاتەی کە دەیخوێنێتەوە تێبگات، هەندێ تایبەتمەندی لە

هەولاتامەی گێژ

ڕۆمانەکاندا ئاستی ڕۆمان بەرز دەکاتەوە،یەکێ لەوانە دەنگی جوانە، یان ئەگەر لە سەرەتاوە زمانی ڕۆمانەکە شیعریانە بێت ئاستێکی جوانی‌ناسی شیاو بەو ڕۆمانە دەبەخشێت کە هەندێ جار تێگەیشتن سەخت دەبێتەوە. لە نووسینی ڕۆماندا کات هەلێکی بەرچاو دەڕەخسێنێت، چون دوای ئەوەی کە ڕۆمان لە زەمان ئازاد دەبێت ناتوانێت شتێک بلێت. تایبەتی ڕۆمان لەوەدایە کە نووسەر دەتوانێت سەبارەت بە کەسایەتییەکانی چیرۆک یان بە واستەی ئەوان قسە بکات و وای دابنێت ئەو کاتەی لەگەڵ یەکدا وتووێژ دەکەن گوێ لە قسەکانیان بگرین.

هێنری جەیمز پێی وایە لە نێو ژانرە ئەدەبییەکاندا ڕۆمان سەربەخۆترین و کشاوەترین و بەرچاوترین شێوازی ئەدەبییە.

ڕۆمان چەن جۆری هەیە، وەکوو: ڕۆمانی فێرکاری چیرۆکێکە نووسراوی عیلمی و سروشتی و فەلسەفی لە خۆی دەگرێت، ڕۆمانی پۆلیسی: ڕووداوی سەبارەت بە دزی و جینایەت و دۆزینەوەی ئەوانە بە دەستی پۆلیسە زیرەکەکان. ڕۆمانی مێژوویی: چیرۆکێکە بنیاتی لە سەر ڕووداوی مێژوویی ساز کراوە. ڕۆمانی عەشق و دڵداری لە سەر عەشق نووسراوە.

پێکهاتەی ڕۆمان پێوەندی نێوان دوو نەزمە: نەزمی ژمارەیی لاپەڕەکان و نەزمی کاتی ڕووداوەکە. ڕۆمان بە شکڵی کتێو لە لاپەڕەگەلێک پێک‌هاتووە کە بە دوای یەک دەخوێندرێتەوە جا لەوێ ڕۆمان گێڕەوەری ئەو ڕووداوانەیە کە لە درێژایی زەماندا جێبەجێ دەبێت. ساکارترین پێکهاتە بۆ ڕۆمان لەوێدایە کە هەر دوو جۆری نەزمەکە پێکەوە هاوتەراز بن یانێ یەکەم ڕووداوەکە لە کتێبدا هەر ئەو ڕووداوە گرنگە بێت کە پێش لەویش وترا بێت.

## یەکەم ڕۆمانی کوردی:

لە زمانی کوردیدا ڕۆمانی زۆر نووسراوە کە دەسپێکەری هەموویان کتێکێکی گرینگ بە نێوی شڤانی کورد یان شڤانی کورمانجی ناونیشانی یەکەمین ڕۆمانی کوردیە کە لەساڵی ١٩٢٩ لە لایەنی نووسەری کوردی یەکیەتی سۆڤییەت- عەرەب شەمۆ نووسراوە و وەک کتێب لە ساڵی ١٩٣٥لە چاپ درا، ڕۆمانەکە بە ئەلفوبێی لاتینی مارگۆلوف نووسراوە بە ٣٨٤ لاپەڕە کە ئیمڕۆ بە دەگمەن دەست دەکەوێ. وەک چۆن یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لە دەرەوەی کوردستان لە چاپ درا، یەکەم ڕۆمانی کوردیش شڤانی کورد لە ئێرڤان، پێتەختی ئەرمەنستانی سۆڤییەت، لە دایک بوو. هەمان ساڵ وەرگێڕانە ڕووسیەکەشی بڵاو دەبێتەوە. ساڵی ١٩٤٧ی هەمان ساڵ چاپی یەکەم لە لایەن نوورەدین زازا لە بەیرووت بڵاو دەکرێتەوە.

*"لەم ڕۆمانەدا نووسەر ڕاستەو خۆ باسی ژیانی خۆی دەکا کە دەبێ بێ بە سێ هەنگاو یا سێ سەردەم دابەشی بکەین: ١. سەردەمی منداڵی ٢. سەردەمی ناکۆکی یان خەبات ٣. سەردەمی بووژانەوە. ئەم دابەش کردنە ڕاستەوخۆ دەمانخاتە ناو ژیانی پاڵەوانی ڕۆمان کە نووسەر خۆیەتی هێلی گێڕانەوە،لەگەڵ چاو هەڵهێنانێکی منداڵی دەست

هەواڵنامەی کتێب

پێدەکات و بەردەوام بەرز دەبێتەوە و لە دوا سەردەم ڕیتمێکی ڕێک وەردەگرێ و لێرەوە کۆتایی بە گشت ناکۆکییەک دێ و گێڕانەوەش دەوەستێ

### ڕۆمان لە عەرەبیدا:

لە زمانی عەرەبیدا یەکەم ڕۆمان بە دەستی محەمەد حسێن هەیکەل بە نێوی زەینەب نووسراوە. ئەم ڕۆمانە لە سەدەی ٢٠دا کە بەرهەمێکی کۆمەڵایەتییە لە جۆری خۆیدا پێشکەوتووە بە پێی پێوەرەکانی هاوچەرخ فەنی چیرۆکنووسی نووسراوەتەوە.

ئەم ڕۆمانە لە کەڵکوەرگرتن نووسەر لە دوورکەوتنەوەی لە نیشتمان لە (میسر) و هەروەها کاریگەری لە شارستانییەت و ئەدەبیات و جوانییەکانی فەرەنسە لە کاریگەرییەکانی بەکار هاتووە لەم بەرهەمەدایە. ناوەرۆکی چیرۆک شەرحی ژیانی ڕاستەقینە و دەورووبەری کۆمەڵایەتی دێهاتی میسرە. نووسەر لە کەسایەتی پەروەراندنی بەرچاوی کۆمەڵگا هێزی (سیالی) زێهنی خۆی تێکەڵ کردووە. زمانی ساکار و وەسفی سروشت و وتوووێژ و کەسایەتییەکانی خوێنەر هان ئەدات بۆ ئەوەی کە چیرۆکەکە تاکوو ئاخر بخوێنێتەوە. لە نێو بەرهەمەکەدا جارجار لە زاراوەکانی (محلی) میسری بە کار هێناوە.

### یەکەم ڕۆمانی ئینگلیزی:

سەبارەت بەوەی کە یەکەم ڕۆمان ئینگلیزی کێ نووسیویەتی و نێوی چییە؟ بیرو ڕای زور هەیە بەڵام یەکێ لە جوابەکان ڕۆمانی ڕابینسون کروزوئە یان کروسو(Robinson cruse) لە ساڵی ١٧١٩دا چاپ کرا. بەناوبانگترین ڕۆمانی نووسەری ئێنگلیزیە بە نێوی دانیێل دیفویە. ئەم کتێبە تایبەت بە کەسێکی ڕوحانییە و خەیاڵاوییە کە لەقەبی باوکی ڕۆمانی ئینگلیزی بۆ نووسەرەکەی بەرهەم هێناوە. قارەمانی چیرۆکەکە کە ناوی ئەویان لە سەر ئەم ڕۆمانە ناوە، ژیانی پڕوپۆشتەی خۆی لە بریتانیا بۆ موسافرەت لە زەریاکاندا بەجێ هێشت. دوای ئەوەی کە لە گەمیە شکیاوێکدا گیانی بەدەر برد، ٢٨ساڵ لە جیزۆکێکدا ژیانی بە سەر برد، دیفو ڕەنگە بەشێکی لە کتێبەکەی بە پێی ئەزموونی ڕاستەقینەی مەلەوانێکی ئێسکاتلەندی بە نێوی ئەلکساندر سێلرک نووسیوە کە لە ساڵی ١٧٠٤ دوای دەمەقرە لەگەڵ کەشتیڤانەکەدا. بە داواکاری خۆی لە کەنارینی زەریادا کە کسی تێدا ناژیا بەجێ بێڵێ.

زۆر کەس ئەم ڕۆمانە بە دەسپێکی ڕۆمانی مودێرن دەزانن.

هەوالنامەی کتێب

## ڕۆمانی فارسی:

لە نێو فارس زمانەکاندا بیروڕای زۆر هەیە کە کێ یەکەم جار ڕۆمانی نووسیوە، هەندێ کەس پێیان وایە کە سەمەکی عەییار دەسپێکەری ڕۆمانی فارسییە لە سەدەی ٦دا بە دەستی فەرامەرز کوڕی خودادا کوڕی عەبدوڵڵا کۆ کراوەتەوە، ئەگەر ئەمە قەبووڵ بکەین کە سەمەکی عەییار یەکەم ڕۆمانی نووسراو بە زمانی فارسییە دەبێ ئەوەش قەبووڵ بکەین کە ڕۆمانی ئێرانی زۆر زۆر پێشتر لە ڕۆمان لە ئورووپادا لە دایک بووە، بەڵام لە ساڵی ١٢٨٧ بەرهەمێک بەنێوی شەمس و توغرا نووسراوەی میرزا باقری خەسرەوی کتێبی ئەو زۆرترین نزیکی لە نێو بەرهەمە نووسراوەکاندا بە زمانی فارسی بە چوارچێوەی خەسڵەتی ڕۆمانی ڕۆژئاوایی هەبووە. شەمس و توغرا لە سێ جڵدا نووسراوە و میرزا باقر خەسرەوی بە بردنی ئەم چیرۆکە کە کاتی هێرشی مەغۆلەکان بە ئێران نووسراوە هەوڵ ئەدات چیرۆکی عاشقانە بڵێتەوە.

## سەرچاوەکان:


ئەحمەدزادە، هاشم. *جیهانی ڕۆمان*. پەنجەرە.٢٠١٥

احمدزاد، هاشم. *از رمان تا ملت: پژوهشی در گفتمان روایی فارسی و کردی*. چاپ دوم. سنندج: دانشگاه کردستان، ١٣٩٧.

لوکاچ، جورج. (محەمەد جەعفەر پویەندە). *جامعەشناسی رمان*. تهران: نشر ماهی ١٣٨٧.

یونسی، ابراهیم. *هنر داستان نویسی*. تهران،:موسسه انتشارات نگاه.١٣٧٩.

الوت میریام.(وەرگێڕ عەلیمحەمەد حەق شناس). *رمان به روایت رمان نویسان*. تهران: پنگوئن. ١٣٦٨.

شەمۆ، عەرەب. *شڤانێ کورد*. هەولێر:ئاراس ٢٠٠٦.


هەواڵنامەی کتێب

# ناساندن

هەواڵەی کتێب

# ویلیام باتلر ییێتس



سومەیە کەریمی

ویلیام باتلر ییێتس ساڵی ١٨٦٥ لە شاری دوبلین-ی ئیرلەنددا لە دایک بوو. بنەماڵەی باوکی بۆ ماوەی ٢٠٠٠ ساڵ لە ئیرلەنـدا ژیـاون و ڕەگەزی دایکیشـی دەگەڕێـتەوە بـۆ ڕۆژهەڵاتـی ئیرلەنـد. بـاوکی لە بـاری ئـایینییەوە پیـاوێکی گومانخوازی ئایینی بووە بەڵام بۆ خۆی بڕوای بە ئایینی هونەر بووە. لە نێو خزمەکانیدا خاڵی ییێتس ،جۆرج پۆلکس فۆن کە ئەستێرەناس بووە و باوکیشی جان باتلرییتس شێوەکار بـووە لەوانەیە کـاریگەری زۆریـان لە سـەر بەرهەمەکانی ییێتس دانابێت. باوکی ییێتس بنەواشە جوانیناسانەکانی خۆی فێری کوڕەکەی دەکرد کە لە سەرەتادا ویلیام دژایەتی لەگەڵ ئەو بابەتـانەدا دەکـرد بەڵام بەرە بەرە ئەم بنەواشـەگەلە، بنەمـای پێکهـاتەیی سیسـتمی جوانیناسـانەی ییێتسـی پێکهێنا. تاقە بابەتێک کە ییێتس نەیدەتوانی بۆ باوکی باس بکات ڕەمز، نهێنیە شاراوە و عیرفانییەکان بوو کە خاڵی ییێتس و هاوڕێکەی واتە جان ئۆلیدی لەم بوارەدا هاندەری ییێتس بوون. کاتێ جان ئۆلیدی ویستی بزانێ باوکی ییێتس بۆ دژ بەم بابەتەیە، ییێتسی هاندا کە لەم کارە پاشگەز بێت ییێتس لە وڵامی ئەودا نووسی: گەر سێحرم وەکوو بـابەتی خوێندنەوەکانم دانەنا بوو هەرگیز ئەو کتێبەم لەبـارەی بلیـەک و یـان کـۆنس کـاتلین بەدی نەدەهـات، ژیـانی سێحراوی، ناوەرۆکی هەموو ئەو شتانەیە کە ئەنجامی دەدەم و بیری لێدەکەمەوە و لەسەریشی دەنووسم سەرەتا لە سـاڵی ١٨٧٤ تـا ١٨٨٣ لە لەندەندا ژیاوە و خوێنـدوویە و دوای ئەو مـاوەیە چووەتەوە بۆ دوبلیـن و بڕیـاری داوە ببێت بە هونەرمەنـد، بۆیە دەچێتە قوتابخـانەی هـونەر بەڵام پـاش مـاوەیەک ئەوێی بەجێهێشت و ڕووی کـردە شـیعر و ئەدەب. یەکەمـین بەرهەمـی شیعری لە ساڵی ١٨٨٥ لە زانستگای ڕیڤیۆی دوبلیندا بڵاوکردووەتەوە.

هەوالنامەی کتێب

ناوەرۆکی شیعرەکانی پڕە لە وێنەی شیعری. وادیارە لە سەرەتای لاویەتیدا هاتوچۆی یانەی سەربازانەکانی دەکرد، بەڵام خێرا خۆی لەو جۆرە شیعرە پارناسییە دەربازکرد و دەستی کرد بە لێکۆڵینەوە لەسەر نەتەوە، کولتوور و ئەفسانەکانی سەرگەردانی ئۆیسین (١٨٨٩) وەکوو یەکەمین دیوانی شیعری گرنگی ییێتس ناوی لێ‌دەبردرێت، کە لە شیعرێکی درێژ و گێڕانەوەی لەسەر ئەفسانەیەکی ئیرلەندی و چەند شیعری دیکە پێک‌هاتووە. هەروەها لە ساڵی ١٨٩٢دا شانۆی کۆنتیس کاتلینی لە دوبلین نمایش درا کە بە یەکێ لە شانۆنامە سەرەکییەکانی دادەنرێت. ساڵی ١٨٩٦ چووەتە ڕیزی سوپای ڕاپەڕینەوە وەکوو پێشڕەوی بزاڤی ژیانەوەی ئیرلەند و بە هاوکاری خاتوون گرێگۆری تیاتری ئەدەبیی ئیرلەندی پێک‌هێنا، کە دواتر ناوەکەی کرد بە ئەبی تیاتر. خاتوو گرێگۆری نووسەرێکی ئیرلەندی بووە کە پەرەی بە ئەدەبی ئیرلەند داو، هەروەها لە ساڵی١٨٩٦ بەم لاوە زۆربەی کاتی پشوودانی لەگەڵ ئەم خانمە تێدەپەڕاند و پێکەوە خەریکی کاری تیاتری بوون. ئەم خاتوونە بوو بەهۆی ئەوەی کە ویلیام بکەوێتە دوای تیاتری ئیرلەندی لە ساڵی١٨٩٩دا. لەم ماوەیە بەدواوە هونەر، هەستی بەهێزی نیشتمانپەرەستی و لێکۆڵینەوەی زانستی، تێکڕا تێمی ناوەندیی سەرەکیی بەرهەمەکانی پێک‌هێنا.

ییێتس عاشقی خاتوونێکی هۆلەندی نیشتمانپەروەر و زۆر جوان بە ناوی مادگان بوو بەڵام عەشقەکەی بێ‌ئاکام مایەوە چونکوو مادگان زۆر سەرقاڵی پرسە سیاسییەکان و چالاکییە مەدەنییەکان بوو زۆر گرنگی بە ییێتس نەدەدا کە ئەمەش یەکێکی دیکە لە مۆتیڤە شیعرییەکانی پێک‌دێنێت ییێتس کە سەرەتا وەکوو دواشاعیری مەزنی ڕۆمانتیک دادەنرا، بەرهەمە زۆر گرنگەکانی لە قۆناغی سێیەم و چوارەمی ژیانی ئەدەبیی خۆیدا خولقاند. ئەو خۆناغەی کە ڕەنگ و بۆنی هێماخوازی، مۆدێرنیزم و میتافیزیکیان پێوە دیارە. لە ساڵی١٩٢٢تا ١٩٢٨ سێناتۆری حکوومەتی ئازادی ئیرلەند بوو و ساڵی١٩٢٣ خەڵاتی نۆبێلی ئەدەبی پێ‌بەخشرا. بەرهەمەکانی ییێتس لەبەر ئەوەی کە ڕەنگ و بۆنی سەمبۆلیزمیان پێوە دیارە خوێنەران کە دەیخوێننەوە لە ڕووی بەرهەمەکانی دەتوانن تێبگەن کە ییێتس چۆن پیاوێکە و خاوەن چ بیرو بۆچۆنێکە. ییێتس سەردەمی منداڵی و مێرمنداڵیی لەم سێ شارە تێپەڕاندووە. دوبلین، لەندەن و سلایگۆ کە کاریگەری زۆریان لەسەرشیعرەکانی داناوە . لەو ئەزموونانەی وا لە سلایگۆ بە دەستی هێنا شیعرێکی نووسی بەناوی *The Stolen Child* واتا منداڵی دزراو.

هەواڵنامەی کتێب

هەروەها ئێدمۆند ئێسپێنسێر، شێلی و دواتر ویلیام بلیەک کاریگەرییێکی گرنگیان لەسەر شیعرەکانی دانا. ییێتس خاوەنی چەند دیوانە شیعر، شانۆنامە و لێکۆڵینەوە سەبارەت بە شارستانییەتی ئەفسانەکانی ئیرلەندە و بەرهەمە سەرەکیەکانی بریتین لە: *تیشکی سێلتی* ١٨٩٣ سەبارت بە شارستانییەتی سێلتی، کە لە کۆمەڵە چیرۆکێک پێک هاتووە و باسی بڕوای مرۆڤی ئیرلەندی بە ڕۆح و ئەفسانە دەکات. *بای نێوان زەلەکان* ١٨٩٩ چەندین شیعری بزوێنەر و قووڵی لە خۆ گرتووە. *ڕوانینێک* ١٩٢٥، *قەڵا* ١٩٢٩، *مانگی تەواوی مارس* ١٩٣٥ و *شیعری مۆدێرن* ١٩٣٦ بە پێشنیاری زانستگای ئاکسفۆرد بە بەرهەمە سەرەکییەکانی ییێتس دادەنرێ و باتلێر یەکێ لە شاعرە گەورەکانی سەدەی بیست بوو کە لە ١٩٣٩دا دەمرێت و پەیکەرێک پڕ لە شیعر بەجێ دەهێڵێت کە پڕە لە جۆراوجۆری و هێز.

**سەرچاوەکان:**


بەختیار سەجادی و ئومید وەرزەندە. *شیعری ئینگلیزی، شیعری سەدەی بیستەمی بریتانیا و ئەمریکا*. باغ نو. دانشگاە کردستان. سنندج: ١٣٨١.

*ویلیام باتلر ییتس شاعر اسطورەساز*. پایگاە اطلاعاتی علوم انسانی. ١٣٨٠

*Sokhanvar, Jalal. The Norton Anthology of English Literature.* Eshtioyaqe noor. *Tehran:1396.*


هەوالنامەی کتێب

## جەیمز جۆیس



ئەوین بروومەند

جەیمز ئاگۆستین ئالۆی ژیووس جۆیس لە ڕۆژی دووەمی فێڤرییەی ١٨٨٢، لە شاری دۆبلین لە دایک بوو. باوکی دەیهەویست وەکوو قەشەیەک پەروەردەی بکات. بۆ ماوەی ١٣ ساڵ لە خوێندنگای ئەسحابی یەسووع لە ئیرلەند سەرقاڵی خوێندن بوو. جۆیس لە سەرەتای لاویدا دژی بێ فەرهەنگی و پەستی دۆبلین بوو. لە سەردەمی لاویدا زۆر گرینگی بە ئایین دەدا و دواتر ئەو تایبەتمەندییانەی کەمڕەنگ بوونەوە. پاش کۆتایی هاتنی خوێندن لە ساڵی ١٩٠٢دا وەکوو کەسایەتییەکی دوورخراوە بوو و هەر بەم بۆنەیەوە لە وڵات چووە دەرەوە و لە پاریسدا نیشتەجێ بوو. لە ٢٠ ساڵاندا سەرکێشی کرد و نامیلکەیەکی نووسی کە تێکەڵ بە کفر و بێباوەڕی بوو و لە وڵاتی خۆی هەڵات. لەوکاتە بەدواوە ژیانی جۆیس پڕاوپڕ بوو لە تێکۆشان لە بەرامبەر چەرمەسەری و ڕەشبینییەکان و دژایەتی لەگەڵ خەڵکی نەزان و هەژار و کەم وکۆڕی جەستەیی. بەرهەمەکانی ئەویان سانسۆڕ دەکرد و لە هەموو شوێنێکدا بە شێوەی فەرمی ڕێگەیان لە چاپ و بڵاوبوونەوەیان دەگرت. چەندین وڵات ئەو بەرهەمانەی جۆیسیان کە لە شوێنی دیکەدا و بە زمانی دیکە لە چاپ درابوو، قەدەغە کرد. بەم چەشنە بڵاوکەرەوەکان دەرفەتیان بە هەل زانی و بەرهەمەکانی ئەویان بە شاراوەیی لە چاپدا و بڵاویان کردەوە بە نرخێکی زۆرتر فرۆشتیان و جۆیسیش لەم مامەڵەیە هیچی دەست نەکەوت. لە پاریسدا لە بواری پزیشکیدا درێژەی بە خوێندن دا و بوو بە پزیشک. دەنگێکی دڵڕفێنی بووە و بە باشی لە مۆسیقا تێدەگەیشت و نزیک بوو گۆرانی بێژی بکاتە پیشەی خۆی.

هەواڵنامەی کتێب

لە شاری تریستدا و هەروەها لە شارەکانی سویسدا بە چەندین زمان وانەی دەگوتەوە. یەکەم کتێبی لە هەمان شاری تریستدا نووسی و بۆ ماوەیەک لە ئەورووپادا ئاوارە بوو تا ئەوەی کە دوایی لە شاری پاریسدا نیشتەجێ بوو. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە ناوی جۆیس لە هەموو شوێنێکدا بڵاو ببووەوە. نووسەر و هونەرمەندە لاوەکانی فەرەنسا بە دەوری جۆیسدا کۆ ببوونەوە. ئێلیۆت لە لەندەنەوە هات بۆ پاریس تاکوو ئەم کەڵە پیاوە بە چاوی خۆی ببینێت. چاوێشە و کەموکووڕی لە بینیندا کە لە سەردەمی منداڵییەوە تووشی هاتبوو، بە هۆی خوێندنەوە و نووسین تەشەنەی سەند و جۆیس لە ماوەی بیست ساڵدا بە ناچار دە جار لە سەر چاوی نەشتەرگەری کرا. هێشتا نەگەیشتبووە چل ساڵ کە چاوی بیناییەکی وای نەمابوو لەو ساتە بە دواوە نووسین زۆر کارێکی دژوار بوو بۆ جۆیس؛ لانی زۆر هەرجارە و چەند دێڕێکی درشتی بە خەتێکی ناحەز لە سەر کاغەز دەنووسی و دەستی لێ دەکێشایەوە. یەکەم بەرهەمی جۆیس کۆمەڵەیەکی بچووک لە شیعرەکانی بە نێوی مۆسیقای دیوەخانە (اتاقی ـ مجلسی) کە لە ساڵی ١٩٠٧دا بڵاو بووەوە. دووهەمین بەرهەمی کۆمەڵەی دۆبلینەکان بوو و دوایین بەرهەمی ئەو کتێبی ڕابوونی فینەگان بوو کە لە ساڵی ١٩٣٩ دا بڵاو بووەوە. یەکێ لە بەرهەمە گرینگەکانی جۆیس ئۆلیسیس-ە کە لە ساڵی ١٩٢٢ دا نووسراوەوە و بە گەورەترین ڕۆمانی ئینگلیزی سەدەی بیستەم ناسراوە کە تێیدا تکنیکی شەپۆلی هۆشیاری بە کار هێناوە، بۆیە جۆیس بە دانەری ئەم تکنیکە دەزانن و ئولیس یان ئۆلیسس یەکێ لە کاریگەرترین ڕۆمانەکان ئەم سەدەیە. بە گشتی بەرهەمەکانی جۆیس بریتین لە:

١. کۆمەڵە چیرۆکی *دۆبلینیەکان* سالی ١٩١٤ (خوشکەکان، پێکدادان، عەرەبی، یەکەمین، هاوێنەکان، پاش کێبڕکێ، (دوزن نواز)، هەورێکی بچووک، ڕۆژێک لە بنکەی هەڵبژاردندا، گوڵی پانسیۆن، ڕووداوێکی دڵتەزێن، مردووەکان.

٢. *نمایش نامەکان* ١٩١٤

٣. *دوور خراوەکان* ١٩١٤

٤. *ڕوومەتی پیاوی هونەرمەند لە تافی لاویدا* ١٩١٦

٥. *ئۆلیس* ١٩٢٢

٦. *هەستانەوەی فیننگان* ١٩٣٩.

ڕۆژی ١٣ی ژانڤیەی ١٩٤١ چەند حەوتە پێش لەوەی کە ببێتە ٥٩ ساڵی، بە هۆی لاوازی، کوێری و نەخۆشی و هەژاری لە شاری زوریخ-ی سویس‌دا سەری نایەوە . بەرهەمەکانی جۆیس زۆر کەمە بەڵام لە باری ناوەرۆکەوە بێ‌هاوتایە کە بریتیی بوو لە سێ دانە ڕۆمان و دوو شانۆ نامە و کۆمەڵە شیعرێک. کە ساڵی ١٩٠٤دا لەگەڵ نۆرا بارناکێل کە دوایی بوو بە هاوسەری ئاشنا بووەوە و سەرەڕای ئەوەی کە خۆی خوێندەوار بوو و زۆر بە وردییەوە چاوی لە هەموو شتێک دەکرد و بەڵام ژنەکەی نەخوێندەوار بوو .جۆیس لە نووسینی بەرهەمەکانیدا زۆر جددی بووە و کەمتر کەسێک هەیە کە هاوشێوەی جۆیس ئەوەندە گرینگی بە نووسین دابێت و بەرهەمەکانی پێکهاتەیەکی قورس و قایم و پڕ وردەکاریان هەبوو . بە گشتی لە سەر ئەم بڕوایەن کە چیرۆکەکانی جۆیس لەگەڵ هێمانەگەلی نایەکساندا تێکەڵ بوونە. وەکوو عێرفانی شاعیرانە و شێوەی ناتۆرالیستی، سەرنج و وردبوونە لە وێنەی شیعردا، وێنەی شاعیرانە و ئێمپێرسیۆنیستی، پۆشینی زمان و ئالۆزییەکان، سەرنجی زۆر بە دەنگ و ڕیتم و کێش لە بەرهەمەکانیدا بەرچاوە. لە بارەی زمانی چیرۆک نووسینی جۆیس-ەوە دەکرێ بڵێین: ئەو بە قووڵی ڕوانینێکی تایبەتی بۆ زمان و وشەکان وەکوو پاژی پێکهێنەری جەستەی چیرۆک هەیە. بە چەشنێک کە دەرخستنی توێژە ناڕوونەکانی چیرۆکەکانی جۆیس، ڕەخنەگرەکانی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردووە. داهێنانەکانی جۆیس لە زماندا زۆر بێ‌وێنە و جیاواز بوو. بێ‌شک دەتوانین بڵێین کە گۆڕانە بنەڕەتیە پێکهاتەیەکانی لە زماندا بەرهەم هێناوە و وشە کۆنەکانی زیندوو کردۆتەوە و وشەڕۆنان یەکێ لە کارە گرینگەکانی جۆیس لە بەرهەمەکانیدایە.

دۆبلینەکان لە ساڵی ١٩٠٤دا کۆتایی هات و بڕیار بوو لە شاری دۆبلین-دا لە لایەن یەکێ لە بڵاوگە بەناوبانگەکان چاپ بێت بەڵام لە بەر چەندین هۆکار کە یەکێک لەوانە ناوهێنانی دووکانەکان و مەیخانەکان و چێشتخانەکانی دۆبلین بە هەمان ناوی ڕاستەقینەی خۆی بوو و هەروەها بێ‌ڕێزی بە یەکێ لە کەسایەتییەکانی نێو چیرۆکەکە بە ئێدواردی حەوتم و مەلەکە ڤیکتۆریا بوو. بڵاوگەکانی شاری دۆبلین ئەو بەرهەمەیان چاپ نەکرد، یەکەم جار کە ئەو بەرهەمە لە چاپ درا دە ساڵ دواتر واتە ساڵی ١٩١٤ لە لەندەندا بوو.

یەکێ لە باس و بابەتە گرینگەکان ڕوانگەی خودی جۆیس لە سەر شاری دۆبلین-ە. شوێن لە زۆربەی بەرهەمەکانیدا شاری دۆبلین-ە، کاتەکەشی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمە. جۆیس لەسەر شاری دۆبلین

زۆر هەستیارە و دەکرێ بڵێین گرینگترین شوێن بۆ جۆیس ئەم شارە بوو ئەو دۆبلین-ەی کە لە ڕوانگەی جۆیس-ەوە کاول بووە و پڕە لە ستەم و نابەرابەری و بێکاری.

یەکێ لەو شتە ناحەزانەی کە جۆیس ڕقی لێبوو ئەو کەسانە بوون کە هیچ ئیدەیەکیان نەبووە و بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە ئاوڕیان لە بابەتەکان نەدەداوە و لەگەڵ دۆخی ئەوسادا هاوڕا بوون. سەرەڕای ئەوەی کە دۆبلین بۆ جۆیس زۆر گرینگ بوو بەڵام ئەوی بەجێ هێشتووە و قەت نەگەڕایەوە جگە لە یەک جار کە بە بۆنەی مەرگی دایکیەوە سەردانی ئەو شارەی کرد. جۆیس دەڵێت پاش لە کۆچ کردنم هەموو شتی من لە سێ بابەتدا کۆ بووەتەوە: ١)هەژاری ٢)کۆچ ٣)سەرکێشی دژی متافیزیک. ڕوانینی جۆیس بۆ بەرهەمی دۆبلینیەکان بەم شێوەیەیە کە بە بەشێک لە مێژووی ئاکاری وڵاتی خۆی دەزانێ و لەو نامەیەدا کە بۆ هاوسەرەکەی دەنووسێت، دەڵێت: بە نووسینی دۆبلینەکان دەمهەوێ بۆ هاووڵاتییەکانم ویژدان بخولقێنم . سەرەڕای ئەوەی کە جۆیس لە تەمەنی سی ساڵیدا ئیرلەندی بەجێ هێشت و دوور لە وڵاتی خۆی دەژیا، بەڵام لە هەموو کات و ساتی ژیانیدا لەگەڵ خەڵکی ئیرلەنددا دەژیا و ئەم بابەتە لە بەرهەمەکانیدا بە تایبەت لە دۆبلینیەکان دا وە بەرچاو دەکەوێت. هەموو چیرۆکەکانی دۆبلینیەکان پێکەوە بەسراونەتەوە و یەکیەتییێکی تەواویان پێکەوە هەیە. لەو بەرهەمەدا ئیرلەند وەکوو ناوەندێکی ئیفلیج ناسێندراوە و بە ڕای ئەو ئیرلەند وەکوو وڵاتێکی ڕوو لە مەرگە کە بەهۆی دواکەوتوویی و ڕێکەوتنی نابەجێ، نەوەکانی خۆی لە ناو دەبات.

## سەرچاوەکان:


بیات، حسین. *جریان سیال ذهن*. تهران: علمی فرهنگی ١٣٨٧.

داریوش، پرویز. *دوبلینی‌ها*. انتشارات اساطیر. ١٣٧١. چاپ سوم، ١٣٤٦.

سجادی، بختیار. درس گفتار دوم دربارەی جیمز جویس. فایل صوتی.

منشوری، فرهاد. *نوزده داستان کوتاه از نویسندگان بزرگ* .مشهد: ترانه، ١٣٧٠.

## شێروود ئەندرسۆن



فەرزانە خوداوێردی

### ژیان:

شێروود ئەندرسۆن نووسەر و کورتە چیرۆک‌نووسێکی ئەمریکی بووە و جێی پەنجەی بە سەر ئەدەبی ئەمریکیدا دیارە. ئەندرسۆن لە ١٣ی سپتامبری ١٨٧٦ لە شاری کامدێن ویلایەتی ئۆهایۆ لە بنەماڵەیەکی فەقیر لە دایک بوو و بە هۆی نەهامەتی ژیانەوە لە تەمەنی چواردە ساڵیدا وازی لە قوتابخانە هێناوە و خۆی داوەتە ئیش کردن و دواتر بووەتە سەرباز لە سپای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و پاشان پەیوەندی بە زانکۆوە کردووە و لە شیکاگۆ لە یەکێک لە دەزگاکانی بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن دامەزراوە.

لە ساڵی ١٩٠٤دا وەکوو بەڕێوەبەری کۆمپانیا کاری کردووە و هەر لەو ساڵەشدا لەگەڵ خاتوونێک بە ناوی کارۆلینا هاوسەرگیری کردووە. لە ساڵی ١٩١٢دا تووشی دەمارگیری بووە و بۆ ماوەی چوار ڕۆژ دیار نەماوە. ئەندرسۆن لە ساڵەکانی ١٩١٣دا ڕووی کردە ئەدەبیات و لەو نووسەرانەیە کە یەکەمین سەرکەوتنی ئەدەبی خۆی لە نێوانساڵیدا بە دەست هێناوە. لە ساڵی ١٩١٦دا لە ژنەکەی جیا بووەتەوە و هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتێکی تردا کردووە و هەر لە هەمان ساڵدا یەکەم چیرۆکی خۆی بڵاو کردووەتەوە و لە ساڵی ١٩٢٠دا لە ژنی دووەمیشی جیا بووەتەوە و دوای دوو ساڵ هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتێکی تردا کردووە بەڵام لە ڕووی سۆزدارییەوە لە ژنی سێیەمیشی جیا بووەتەوە و لە کۆتایی بیستەکاندا هاوسەرگیری چوارەمی کردووە. ئەندرسۆن ساڵ بە ساڵ سەرکەوتنی زیاتری لە بوارەکەیدا بە دەست هێناوە و لە درێژەی ژیانی خۆیدا حەوت ڕۆمان و چەند کورتە چیرۆکی نووسیوە و لەم ڕێگایەوە

هەواڵنامەی کتێب

وەها سەرکەوتنێکی دەسکەوت کە بە باوکی کورتە چیرۆکی مۆدێرن ناوبانگی دەرکرد. چیرۆکەکانی ئەندرسۆن سەبارەت بە ژیانی چینی مامناوەندی کۆمەڵگایە بە تایبەت ئەو کەسانەی کە لە پەراوێزی کۆمەڵگادان.

**شێواز:**

ڕوانینی نوێی ئەو لە هەڵبژاردنی بابەتی چیرۆکەکەدا دەرئەکەوێ و زمانی گێڕەوەی ئەو وەها تایبەتمەندییەکی هەیە کە هەرچەند بەرهەمەکانی زۆر کەمن بەڵام ئەو بە هۆکاری تێپەڕ بوون لە شێوازی چیرۆک نووسی سەدەی نۆزدەهەم و بە هۆکاری سەرەکی درووس بوونی کورتە چیرۆک ناو لێئەبەن، هەر بۆیە سەرهەڵدانی نووسەرانێ وەکوو جان ئستاین بەک، ئێرنێست همینگوێ و ویلیام فاکنێر بە هۆی بەرهەمەکانی ئەندرسۆن و کاریگەری ئەو لە سەر نووسەرانی مۆدێرن بوو. بەڵام ڕاوەستانی ئەندرسۆن لە نووسینی بەرهەمەکانیدا بوو بە هۆی ئەوەیکە شاگردەکانی پێش بکەون و لە مێژووی وێژەدا جێگە و پێگەیەکی زۆر بەرز بە دەست بێنن. ئەندرسۆن زۆر لە پەرەسەندن و گەشەکردنی لەڕادەبەدەری دنیای بازرگانی و پیشەکاریی گردوپەڕی لە عەزابدا بوو و لە زۆربەی بەرهەمەکانیدا نیشانەکانی هەڵسەنگاندنی کۆمەڵگای ئەمڕۆیی و خەڵکە گەمراوەکانی لەگەڵ کۆمەڵگای ساکار و ڕەحەتی ڕابردوودا بەدی دەکرێ. ئەندرسۆن پێی وابوو پەرەسەندنی ئابووریی کۆمەڵگا پیشکەوتووەکان دیوارێکی لە نێوان خەڵک و بیروهەستدا کێشاوە و دەبێ ئەم دیوارە بە هێزی ئەوین و پێوەندیی ئافرێنەرانەی ناو خەڵک لە ناو بچێ.

لە ڕۆمانەکانی ئەندرسۆن ئەتوانین ئاماژە بەمانە بکەین:

*کوڕی ویندی مەک فرسۆن* ١٩١٦

*پیاوانی ڕێپێو* ١٩١٧

*چەرمووی هەژار* ١٩٢٠

*پێکەنینی ڕەش* ١٩٢٥

*تار: منداڵیەتی ڕۆژاوای ناوین*

*ئالیس و ڕۆمانی ونبوو* ١٩٢٩

*ئەوپەڕی تاسە* ١٩٣٢

*کێت برەندۆن* ١٩٣٦

و هەروەها کورتە چیرۆکەکانی وەکوو:

دەمەوێ بزانم بۆ؟
من گەوجم
واینز بێرگ ئۆهایۆ ١٩١٩
سەرکەوتنی هێلکە ١٩٢١
ئەسپەکان و پیاوەکان ١٩٢٣
مەرگ لە دارستاندا ١٩٣٣ و چیرۆکەکانی تر

**مردن:**

ئەندرسۆن لە ٨ی مارسی ١٩٤١ و لە تەمەنی ٦٤ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. کاتێ کە لەگەڵ هاوسەرەکەی بە کەشتی سەفەریان کرد بۆ ئەمریکای باشوور تووشی دڵێشە بوو بە جۆرێکە مەجبوور بوو لە نیوەی سەفەرەکەدا لە پەناما کەشتیەکە بە جێبێڵێ و بچێ بۆ نەخۆشخانە بەڵام هەوڵی پزیشکەکان هیچ ئاکامێکی نەبوو و ئەندرسۆن مرد. ئاکامی توێکاری تەرمەکەی دەریخست کە بە هەڵکەوت چیلکەی ددان(دداناژن)ی قووت دابوو و هەر ئەمەیش ببووە هۆی چڵک کردنی ئەندامەکانی ناوەوەی جەستەی و دواتر بووە هۆی مردنی ئەو. تەرمەکەی ئەندرسۆنیان بردەوە بۆ ئامریکا و لە گۆڕستانی ڕاوندهیڵ شاری ماریۆن لە ویلایەتی ڤیرجینیا ناشتیان.
لەسەر گۆڕەکەی نووسراوە: سەرکێشی گەورە لە ژیاندایە نەوەک لە مردن

**سەرچاوەکان:**


ئەندێرسۆن، شێروود. «ئەمەوێ بزانم بۆچی»، وەرگێڕانی بەختیار سەجادی، سروە، س. ١٧، ژ. ١٧٦ (گوڵانی ١٣٨٠)، لل. ٣٨- ٢٩.

Rideout, Walter B. (2006). Sherwood Anderson: A Writer in America, Volume 1. Madison, WI: University of Wisconsin Press. ISBN 978-0-299-21530-9

Schevill, James (1951). Sherwood Anderson: His Life and Work. Denver, CO: University of Denver Press.

Townsend, Kim (1987). Sherwood Anderson: A Biography. Boston: Houghton Mifflin. ISBN 0-395-36533-3

# ئەحمەد موختار بەگی جاف



سارا ڕوستەمی

ئەحمەد موختار کوڕی وەسمان پاشا کوڕی محەمەد پاشا کوڕی کەیخەسرەوبەگی جاف لەساڵی ١٨٩٨ زایینی لەدایک بوو . ناوی ئەحمەد موختار ناوێکی لێکدراوە لە کۆنەوە موختار بووە بە ناز ناو و سیفەت بۆ ناوی ئەحمەد کە یەکێکە لە ناوەکانی پێغەمبەر(د.ر) ئیتر لە داوی ئەحمەد موختار بۆ هەموو ناوێک بە کار هێناوە بە تایبەت لە کۆمەڵی عوسمانی .ناوی ڕاستەقینەی خۆی کردووە بە نازناوی شیعرەکانی . لە سەردەمی منداڵی دەستی کردووە بە خوێندن، لە قوتابخانەی میری یا حوجرەی مزگەوت فێری خوێندن و نووسین بووە . جگە لەوە مامۆستای تایبەتی بۆ گیراوە ، بەهۆی دەوڵەمەندی بنەماڵەی ئاتاجی کار و پیشەیێکی دیاری کراوی نەبووە ، لەمنداڵیەوە مەشقی سوارە جاکی تفەنگچییەتی فێر بووە . وەسمان پاشای باوکی و مەحموود پاشای مامی هەردووکیان لە ئومەرای بەناوبانگی عەشایری جاف بوون . شاعیر لە دوای مووچە خوازی و مەقامی دەوڵەتی نەگەڕاوە و ئەگەر هێندێ جار تووشی بووبێ بۆ ناوی بووە نەک بۆ قازانج و پارە. لە ساڵی ١٩٢٢ بوو بە قایمەقامی هەڵەبجە لە ساڵی **١٩٢٣** لە لایەن شێخ مەحموودەوە خراوەتە بەندیخانە لە دوای ئازاد بوونی لە ساڵی ١٩٢٤ لە یەکەمین دەورەی پارلەمانی عێراق هەڵبژێرا و بوو بە نوێنەری سلێمانی و تا کۆچی دوایی لە ناو ئەم دەسگایەدا بووە

ژیانی کورت بوو و ئەمە بوو بەهۆی کورت بوونی قەوارە شیعرەکانی . لە تەمەنی **٣٨** ساڵیدا لە سەر ئاوی سیروان بە گوللەی تفەنگی پیاوێکی کورد کوژرا و لە هەڵەبجە لەو گۆڕستانەی کە تاهیر بەگی برای نێژرا ئەمیشیان ناشت. هۆی کوشتنی دیار نییە کە ئایا لە سەر بیر و باوەڕی سیاسی بووە یا ناکۆکی عەشیرەتی لە سەر موڵک و ماڵ بووە.

جگە لە کوردی فارسی، عەرەبی، تورکی، و تۆزێکیش ئنگلیزی زانیوە.

فورمی شیعرە کانی: لە ڕێ‌و شوێنی قوتابخانەی نالی و لاسای کردنەوەی شیعری تاهیر بەگی برای بووە (لە شاعیرە بە ناو بانگە کانی کورد) بە قوتابی نالی هاوڕێی ناری و کۆمەڵێک لە شاعێران و ڕۆشنبیرانی کورد وەکوو عەلی کەماڵ باپیر و میرزا مارف ناسراوە. لە ناوەڕاستی سەدەی ٢٠ دیوانی بەهۆی کۆششە ئەدەبییەکانی عەلی کەماڵی باپیر و ڕەفیق حیلمی و عەلائەدین سەجادییەوە هەندێ شیعری ئەحمەد موختار کەوتە بەر گوێی خوێندەواری کورد. لە

نیوەی سەدەی ٢٠ دیوانی شاعیر لە سلێمانی لە ساڵی ١٩٦٠ بە کۆششی عەلی کەماڵ باپیر لە چاپ درا. لە دوای ئەو لە هەولێر لە ساڵی ١٩٦٩ بە هەندێ بەرهەمی تازە و کۆششی گیو موکریانی بۆ جاری دووهەم بڵاو کرایەوە. چاپی سێهەمی دیوانی ئەحمەد موختار لەگەڵ هەندێ بەرهەمی دیکەی لە چاپەکانی پێشوو بڵاو نەکرا بوونەوە بە کۆششی ئەفراسیابی کوڕی شاعیر لە بەغدا لە ساڵی ١٩٨٦ بڵاو کرایەوە .

شیعر لە ڕووی ڕوخسارەوە : شیعرەکانی هەمـوو لە سەر بەحرەکانی عەرووز دانراون. زۆریان لە سەر بەحری هەزەج و ڕەمەڵن. چەن دانەیەکیان لە سەر بەحری موزایعن، ئەمانە لە بەحرە سووکەکانن لە بەر ئەوەیە ئاواز و ڕیتمیان بە سووکی و ڕەوانی دەکەونە بەر گوێ. ئەوەی جێی سەرنجدانە ئەوەیە ئەحمەد موختار تەنیا غەزەلێکی لە سەر بەحری کامیلی هەشتی مەوقووس هۆنراوەتەوە .

قافیە و پاش قافیەی شیعری ئەحمەد موختار لە سەر بنجی یەکێتی قافیە دانراوە، شیعرێکی ئەبێ لەسەر جووت قافیەدا (ا، ا، ب، ب، ج، ج) لە قافیەدا بەشێکی کەم لە دەنگەکانی ئەلفوبێش عەرەبی و کوردی لە لایەن شاعێرەوە بە کار هێنراوە تەنیا ئەم دەنگانەی هەیە (ا، ب، ت، د، ر، م، ن، (ەـە)، ۆ، ی، ێ) پاش قافیە لای شاعیر زۆر نییە بریتییە لە وشە دەنگ سووکەکان ئەوەی لە دیوانیدا دەبینرێ ئەمانەن (بکە، ئەکا، بۆت، کرد، ئەگرم، کەم،.....)

بابەتەکانی شیعر: ڕوانگەی شیعرەکانی لە باری ڕوخسارەوە بەری تەسکە، شیعرەکانی ئاودار و بەتامە هەموو بابەت و هونەرەکانی شیعری کلاسیکی دەورنەکردۆتەوە ئەوەی لە دیوانەکەی بەدی دەکرێ ئەمانەن.

بەرهەمەشیعرییەکانی بە تەواوی دەچنە ناو غەزەلەوە لە پارچەوە دەستی پێ دەکا، پێنج دێڕە، لەدوازدە دێڕ زیاتر قەسیدەی زۆر کەمە. مەبەست لە غەزەل بابەتی لیریکە نەک بە ناوەرۆک و دڵداری.

شیعرێکی جووت قافیە (مەسنەوی) لە دیوانیدا بەرچاو دەکەوێ کە لە ڕووی کێشەوە لە سەر بەحری عەرووزییە.

شیعری هەیە لە سەر بنچینەبەند وەکوو پلە دامەزراوە، هەر یەکێی پێنج نیوە دێڕ شیعرە، دێڕی دوایی دووبارە و سێبارە دەبێتەوە لە هەموو بەندەکاندا. چوار شیعری دیکەی هەیە کەوتۆتە ژێرکاریگەری شیعری لاسای و ڕۆمانتیکی عوسمانی لە سەر کێشی سیلابی خۆماڵی ڕێکخراوە لە سەر قافیەی (ا، و، ب، ا، و، ب) ناوەرۆکی شیعرەکان لەچێژی دڵ گرفتاری کچی جوان بووە، شیعرەکانی لە سەر نیشتمانپەروەری میللەتی کورد و خاکی کوردستان بووە، هەموو بەرهەمەشیعرییەکانی بۆ ئەم دوو دیاردە بە کار هێناوە. دڵبەری شاعیر کچی جوانە و بە زۆری بە نیگار ناوی بردووە و کردوویەتی بە بووکێکی دیکەی شیعری کوردی، عشقەکەی زەمینییە.

پەخشانەکانی ئەحمەد موختار : شیعرەکانی ئەحەمەد موختار ئەوی لە شاعیرانی پێش خۆی دوور خستەتۆ، شیعری نوێی داناوە کە ڕەنگدانەوەی ڕۆژگاری سەردەمی خۆیەتی، ئینجا شیعری ئەورووپایی هێناوەتە ناو ئەدەبی کوردییەوە . بەمەش نەوەستاوە و پەخشانی کردووە بە کەرەستەی بەرهەمی ئەدەبی. لەم حاڵەتەدا ئەحمەد موختار خۆی وەکوو نووسەرەکانی ئەورووپا پیشان دەدا بەو مانایەی بەرهەمی ئەدەبی تەنیا شیعر نییە بەڵکوو پەخشانیشی هەیە بۆ نووسینەوەی ڕۆمان بەکاری هێناوە. بەشدار بوونی ئەحمەد موختار لە ئەزموونی بە کار هێنانی پەخشان لە بەرهەمی ئەدەبیدا گەلێ گرنگە، هەتا ئەگەر بەرهەمەکەی لە ڕووی هونەری و جوانکارییەوە لەو پلەیەدا نەبێ کە پێویستە، چونکە پەخشان لە سەردەمی ژیانی شاعێر خەریک بوو لە سەر پێ دەوەستا. لە دەوروبەری ساڵانی ١٩٢٨،١٩٢٧ ئەحمەد موختار چیرۆکی مەسەلەی ویژدانی نووسیوەتەوە، کە بڵاو بوونەوەی زۆر دوا کەوت لە ساڵی ١٩٧٠ لە بەغدا بە کۆششی ئیحسان فوئاد لە چاپ درا.

**سەرچاوەکان:**


خەزنەدار ، مارف. *مێژووی ئەدەبی کوردی*ـ بەرگی پێنجەم ، بڵاوکراوەی ئاراس ـ ژمارە : ٣٦٥ .چاپی یەکەم ، هەولێر ٢٠٠٥ لاپەڕەی ٤٧٢ ـ٤٥١

عێزەدین مستەفا ڕەسوڵ، *دیوانی ئەحمەد موختار بەگی جاف*، بڵاو کردنەوەی تاران پەنجەرە، ٢٠١٦


هەواڵنامەی کتێب

## *کورتەیەک لە کتێبی چەشنە ئەدەبی و ڕۆژنامەنووسییەکان و ڕەنگدانەوەیان لە ژیان و ژین-دا*

ئاوزین

ئەدەب بە یەکێک لە هونەرە جوانەکان دەژمێردرێت کە لە ڕێی کەرەستەی وشەوە، وێنەکان دەخەملێنێت. دەقە ئەدەبییەکان بۆ ئەوەی لە دەقێکی ئاسایی جیا بکرێنەوە، ئاستی دەستڕەنگینیی نووسەر لە چنینی وشەکاندا ڕۆڵ دەبینێت؛ بۆیە ئەدەب هونەری وێنەکێشانی بیرە. ئەدەب بەرجەستەبووی کۆکردنەوە و لێکدانی زانستگەلێکی وەک: سایکۆلۆژی، سۆسیۆلۆژی، سیاسەت، ئایدیۆلۆژی و دواتر فەلسەفە و هونەرە جوانەکانە. **(ل. ١٤-١٣)** تیۆریی ئەدەب زانستێکە لە ڕۆڵ و بایەخی کاری هونەرمەندانە دەکۆڵێتەوە و بایەخ بە ئەدەب دەدات وەک چەمک، وەک پێناسە و جۆرەکانی ئەدەب. تیۆریی ئەدەب زانستێکە دەربارەی جۆر و شێوەی هونەرمەندانە و ڕێگەکانی دەربڕینیان و پێش هەموو شت لە یاسا گشتییەکانی گەشەسەندنی ئەدەبیاتی هونەرمەندانە و خاسیەت و سروشتی کۆمەڵایەتی و ئەرکی کۆمەڵایەتی و شێوە و پەیوەندیی ئەدەبیات لەگەڵ ژیاندا دەدوێت. کەواتە تیۆریی ئەدەب، کۆمەڵە بیروبۆچوونێکی بەهێز و ڕێکخراو و قووڵ و پێکەوەگرێدراوە کە پشتبەستوو بە تیۆرییەک لە بوارێکی زانیاری یان فەلسەفیی دیاریکراودا کار دەکات و بایەخ بە توێژینەوە لە گەشە و سروشت و ئەرکی ئەدەب دەدات:

١- گەشەی ئەدەب: دۆزینەوەی پەیوەندی لە نێوان ئەدیب و کاری ئەدەبیدا.

٢- سروشتی ئەدەب: دەرخستنی کرۆکی بەرهەمە ئەدەبییەکانە، واتە لێکۆڵینەوەیە لە تایبەتمەندی و سیما گشتییەکان.

٣- ئەرکی ئەدەب: دەرخستنی پێوەندییە لە نێوان بەرهەمی ئەدەبی و خوێنەراندا. واتە دەرخستنی کاریگەریی ئەدەبە لە وەرگرانی ئەو ئەدەبە. **(ل. ٢٦)**

## تیۆرییە ئەدەبییەکان

ئەو تیۆریانەن کە لە ڕێگایانەوە ئەدەب لێک‌دەدرێتەوە.

### ئەلف) تیۆریی لاسایی‌کردنەوە:

ئەم تیۆرییە بە یەکەم تیۆریی ئەدەب دادەنرێت. بنەماکانی لە لایەن ئەفلاتوونەوە دانراوە و دواتر ئەرەستوو پەرەی پێ‌داوە. لاسایی‌کردنەوە بە بنەمای کارە ئەدەبییەکان دادەنرێت. ئەفلاتوون لاسایی‌کردنەوە بۆ سێ جیهان دابەش دەکات: ١. جیهانی باڵا ٢. جیهانی هەست‌پێکراو ٣. جیهانی سێبەر. ئەفلاتوون لاسایی‌کردنەوە پەسەند ناکات و پێی‌وایە شاعیر جگە لە لاسایی‌کەرەوەیەکی لاسایی‌کراوەکانی جیهانی باڵا شتێکی تر نییە. پاش ئەو ئەرەستوو دێت کە بە دانەری یەکەم کتێبی تیۆریی ئەدەبی دادەنرێت لە مێژووی مرۆڤایەتیدا کە بە ناوی شیعر-ەوە دایناوە و لەگەڵ زۆرێک لە تێڕوانینەکانی ئەفلاتووندا پێچەوانە دەبێتەوە و ئەم بنەمایانە دیاری دەکات:

١- شیعر جۆرێکە لە لاسایی‌کردنەوە و لاسایی‌کردنەوەش دابەش دەکات بۆ سێ شت:

١. وەک خۆی ٢. باشتر لە خۆی ٣. خراپتر لە خۆی

ئەرەستوو لاسایی‌کردنەوە پەسەند دەکات؛ تەنها ئەو جۆرەیان نەبێت کە خراپتر لە خۆی لاسایی دەکرێتەوە.

٢- بابەتی لاسایی‌کردنەوەکە لێرەشدا کۆمیدیا و تراژیدیا دیاری دەکات.

٣- سروشتی فەلسەفییانەی شیعر؛ لێرەدا پێی وایە ململانێ لە نێوان شیعر و فەلسەفەدا نییە و شیعر بۆ جۆرێک لە فەلسەفەگری دەباتەوە.

٤- گەشەی شیعر و سەرچاوەی چێژەکانی؛ لێرەدا شیعر بە سروشتی مرۆڤایەتییەوە دەبەستێتەوە و لاسایی‌کردنەوەش بە غەریزەیەکی مرۆیی دەزانێت.

٥- ئەرکی شیعر؛ ئەرک دەبەخشێت بە شیعر کە بریتییە لە پاک‌کردنەوەی دەروون.

٦- شێوەی باڵای لاسایی‌کردنەوە؛ واتە بە کام هونەر و جۆری ئەدەبی، لاسایی‌کردنەوەیەکی شیعری بکرێت.

### ب) تیۆریی گوزارشت‌کردن

تیۆریی لاسایی‌کردنەوە تا ناوەڕاستی چەرخی هەژدەیەم دەست بە سەر بزووتنەوەی ئەدەبیی ئەورووپادا دەگرێت بەڵام لێرەوە بەهۆی هاتنەکایەی چینی بۆرژوواوە، گۆڕانکاری لە هەموو بوارەکانی ژیاندا دێتە کایەوە؛ بایەخ بە تاک-گەرایی دەدرێت و ئەم تیۆرییە دێتە کایەوە کە لە هێزی پێوەندیی نێوان ئەم بابەتانە دەکۆڵێتەوە:

١. ئەدەب و ژیاننامەی زاتی ٢. ئەدەب و سایکۆلۆژیا

### پ) تیۆری خولقاندن

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا دەردەکەوێت؛ پاش ئەوەی هونەر دەکرێتە کاڵایەکی بێزراوی بۆرژوازییەت، ئەم تیۆرییە دێت و بانگەشە بۆ هونەرێکی ڕاستەقینە و بێگەرد دەکات کە پاک کرابێتەوە لە گەندەڵییەکانی ئاکار و زانست و کۆمەڵگا و... . زاتییەت و ئیستاتیکا بە لای ئەم تیۆرییەوە زۆر گرنگن.

ت) هەر لە چەرخی نۆزدەیەمدا ئەم تیۆرییە لەگەڵ داهاتنی ئەدەبێکی نوێدا کە بە ئەدەبی سروشتگەرایی و ئەدەبی واقیعی دەناسرا، لە ئەنجامی گەشە کۆمەڵایەتی، زانستی، تەکنۆلۆژی و ئابوورییەوە هاتبووە کایەوە، دەرکەوت و لە پەیوەندیی نێوان ئەدەب و ژیان دەکۆڵێتەوە. **(ل. ٢٩-٢٦)**

### ڕێبازە ئەدەبییەکان

ڕێبازی ئەدەبی بە تەوژمێکی ئەدەبیی دیاریکراو دەڵێن کە بە تایبەتمەندی و خەسڵەتە ئەدەبییەکانیدا جیا دەکرێتەوە؛ هەڵگری تایبەتێتی سەردەمێکی دیاریکراو دەبێت و بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکان و شێوازی ژیان و ڕووداوە گەورەکان، کاریگەرییان بەسەر هاتنەکایە و گەشەسەندن و تەنانەت پووکانەوەشیاندا دەبێت. بنەماکانی لە سەر پایەکانی بیر و هۆش و سۆز و ئەندێشە بنیات دەنێت کە بەپێی تایبەتمەندیی هەر ڕێبازێکی ئەدەبیی دیاریکراو یەکێک لەم پایانە بەسەر ئەوانی تردا زاڵ دەبێت. یان ڕێبازی ئەدەبی بریتییە لە کۆمەڵێک تایبەتمەندی و بنەمای ئیتیکی و ئیستاتیکی بیرمەندی کە لە کۆبەندیاندا ڕێکخستنێکی گونجاو هاتبێتە کایەوە. هەڵقوڵاوی گەلێک لە گەلەکان یان دەستەیەک لە گەلێکی دیاریکراودا بووە لە کاتێکی دیاریکراودا و هەموو داهێنانە هونەرییەکانیش دەگرێتەوە، وەک: ئەدەب، مۆسیقا، وێنەکێشان، پەیکەرتاشی، نەخش و نیگارسازی، جلوبەرگ، تەرزە بیناسازییەکان کە ئەمانەش لە دیدی فەلسەفییانەی خەڵکەوە بۆ جیهان و مرۆڤ بەرجەستە بوون و لێیانەوە گوزارشتی ئەدەبی هونەری لە هەڵوێست و ئامانج و ئایندە دەکرێت، یان دەوترێت: ڕێباز لە بواری ئەدەبیاتدا بریتییە لە کۆمەڵە تیۆری و بۆچوونێکی ئەدەبی و هونەری کە لە شارێک یان لە وڵاتێکدا سەرهەڵدەدات؛ نوێنەرەکانیشی بە بەرهەمەکانیان دەیچەسپێنن. زۆربەی جاران وەک چەند بنەمایەک دووبارە دەبێتەوە و سنووری ئەو وڵاتە دەشکێنێ و بە ناو وڵاتانی دیکەدا بڵاو دەبێتەوە. ئەمانەش دابەش دەبن بۆ:

١. کلاسیزم (کۆن و نوێ) لە سەدەکانی پێش زایینەوە تا کۆتایی سەدەی هەژدەیەم.



هەواڵنامەی کتێب

٢. رۆمانسیزم، لە ساڵی ١٧٩٧ بە دواوە.
٣. ریالیزم، لە ساڵی ١٨٤٣ بە دواوە.
٤. پەرناسی، لە ساڵی ١٨٧٦ بە دواوە.
٥. سمبۆلیزم، لە ساڵی ١٨٨٦ بە دواوە.
٦. فوتووریزم، لە ساڵی ١٩٠٦ بە دواوە.
٧. دادایزم، لە ساڵی ١٩١٦ بە دواوە.
٨. سوورڕیالیزم، لە ساڵی ١٩١٩ بە دواوە.
٩. بوونگەرایی، لە ساڵی ١٩٣٩ بە دواوە. **(ل. ٣١-٣٠)**

## چەشنە ئەدەبییەکان

چەشنە ئەدەبییەکان یان ئەوەی ئەورووپییەکان بە ژانرە ئەدەبییەکانیش باسی دەکەن، لە سەرچاوە کوردییەکاندا بە هونەرەکانی ئەدەب هاتووە، لە ئاست بوارە ئەدەبییەکانی تردا کەمتر لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە؛ هۆکاری ئەمەش بۆ سەختیی جیاکردنەوەی ژانرەکان و ئاوێزانبوونیان بە یەکدی و دیارینەکردنی سنوورگەلی وەهان کە بتوانن پاوانی هەر یەک لەم ژانرانە جیا بکەنەوە. جەی. ئەی. کیدۆم، ژانر بە چەشن یان پۆلێکی ئەدەبی باس دەکات و دەڵێت: ((ژانرە سەرەکییە کلاسیکەکان برێتی بوون لە داستان، تراژیدیا، لیریک، کۆمیدیا و ساتیرا؛ لە ئێستاشدا ڕۆمان و کورتەچیرۆکیشیان بۆ زیاد کراوە)).

ئەرکی سەرەکیی تیۆریی چەشنە ئەدەبییەکان، دەرخستنی تایبەتمەندیی هەر ژانرێک و دیاریکردنی گەشەکردن و بەرەوپێشچوون و تێکەڵاوبوونی ژانرەکانە لەگەڵ یەکتردایە، ((چەشنە ئەدەبییەکان تەنها لە تیۆریی ئەدەبدا گرنگ نین، بەڵکوو بۆ مێژوو و ڕەخنەی ئەدەبیش گرنگن؛ چونکە چەشنی ئەدەبیی وا هەیە بەرەو نەمان چووە و چەشنی ئەدەبیش هەیە لە ئێستادا دەردەکەوێت)). تیۆریی چەشنە ئەدەبییەکان، بنەماگەلێکی پەیڕەوبەندە و لەسەر بنەمای بونیات و تایبەتمەندیی سیستماتیکیانەی چەشنە ئەدەبییەکان دروست دەبێت. مێژووی ئەم جیاکارییە لە چەشنە ئەدەبییەکاندا بۆ ئەرەستوو دەگەڕێتەوە، کاتێک لە کتێبی شیعردا کۆمیدیا و تراژیدیا و داستان جیا دەکاتەوە. **(ل. ٣٣-٣٢)**

چەشنە ئەدەبییەکان لەگەڵ گەشەکردنی مرۆڤایەتیدا گەشەیان کردووە؛ ئەم گەشەکردنە لەسەر یەک تەوەری دیاریکراو نەچۆتە پێشەوە، بەڵکوو بە جۆرێک لە جۆرەکان گۆڕان بە سەر فۆرم یان ناوەڕۆک یان هەر دووکیاندا هاتووە. دەتوانین لە گەشەی چەشنە ئەدەبییەکاندا دابەش بکەین بۆ:

١. مانەوە وەک خۆی لە فۆرمی گشتیدا و گۆڕان لە ناوەرۆکدا.
٢. کۆبوونەوەی چەند چەشنێک لە چەشنێکی نوێدا.
٣. گۆڕان لە خودی چەشنێکدا بۆ چەشنێکی دی، بە گۆڕان لە ناوەرۆک یان ڕوخساردا.
٤. گۆڕان لە ناوەرۆکدا و مانەوەی فۆرم وەکوو خۆی. **(ل. ٣٧-٣٦)**

هەر دەقێکی ئەدەبی، وابەستەی چوار بنەمای سەرەکی دەبێت کە بریتین لە:

١. بیر: ئەو بیرە بنەڕەتییە کە نووسەر لە بەردەمی خۆیدا دایدەنێت.
٢. بابەت: ئەو مادە گشتییەیە کە نووسەر وەری دەگرێت.
٣. ناوەرۆک: هەموو ئەو شتانەیە کە لە ناو کارە ئەدەبییەکاندا هەیە، بە بیر و بابەتیشەوە جگە لە ڕوخسار.
٤. روخسار: فۆرمی گشتی و بیرێکی بەرجەستە بووە لە بابەتدا کە ئەرکی جوانکاری و زاخاودانەوە و ڕێکخستنی شێواز دەبینێت. **(ل. ٣٧)**

**جۆرەکانی شیعر:**

١. داستان ٢. شیعری لیریکی ٣. شیعری درامی ٤. شیعری فێرکاری ٥. شیعری ساتیرا ٦. پەخشانە شیعر

بەپێی ئەو دابەشکردنانەی بۆ شیعری لیریکی کراون، شیعری لیریکی لە ڕووی مەبەستەوە بۆ ئەم جۆرانە دابەش دەبێت:

ئەلف) شانازی (پیاهەڵدان): ١. شانازیی کەسی ٢. شانازیکردن بە نەتەوە

ب) ستایش: ١. ستایشی خودی ٢. ستایشکردنی کەسێکی بەناوبانگ ٣. ستایشکردنی گەل و نیشتمان

پ) دڵداری: ١. دڵداریی ئاسایی ٢. دڵداریی پاک و ئاشکرا

ت) داشۆرین.

ج) دلێری.

ح) وەسف: ١. وەسفی سروشت ٢. وەسفی ژن ٣. وەسفی ڕووداو

خ) لاواندنەوە: ١. تایبەتی ٢. گشتی

چ) مەینۆشی.

هەوالنامەی کتێب

د) نیشتمانی.

ر) سیاسی.

ز) کۆمەڵایەتی.

ژ) پەند و ئامۆژگاری.

س) شین.

ش) ئایینی **(ل. ٥٦-٥٥)**

**پەخشان لە ڕووی شێوازەوە بەم جۆرانە دابەش دەکرێت:**

١. شێوازی ئامانجدار **٢.** شێوازی خستنەڕووی ڕاستەوخۆ **٣.** شێوازی ئامۆژگاری **٤.** شێوازی باو **٥.** شێوازی مۆرکراو (ل. ٧٠)

وتاری ئەدەبی دابەش دەکرێت بە وتاری کۆمەڵایەتی، وەسفی، ڕەخنەیی، فەلسەفی و کەسێتی. بەڵام بە گشتی کار بە ئەم بنەمایانە بۆ دیاری‌کردنی جۆرەکانی وتار لە ڕووی شێوازەوە دەکرێن:

١. سەرچاوە یان ئەو چاوگەی وتارنووس سوودی لێ دەبینێت بۆ نووسینی وتارەکەی.
٢. ئاست و جۆری ئەو سۆز و هەستەی کە لە دەقەکەدا پەخش دەبن.
٣. جۆری ئەو کۆتەیشن و ناوەرۆکانەی دەهێنرێنە ناو وتارەکەوە.
٤. جۆری وێنەی بەکارهاتوو لەگەڵ وتارەکەدا.
٥. ئاستی دووبارەبوونەوەی بیر یان ئایدۆلۆژیای نووسەر لە وتارەکەدا.
٦. شێوازی نووسینەکەی چۆنە، ئایا ئەدەبییە، زانستییە، کردارییە یان تێکەڵاوە؟
٧. نووسەر چۆن مامەڵە لەگەڵ بەڵگە و دۆکۆمێنت یان قسەی نەستەق و پەند و ئایەت و فەرموودەدا کردووە و تا چەند لە وتارەکەیدا بەکاری هێناون.
٨. شێوازی پیشاندانی وتارەکە چۆنە، ئایا گێڕانەوەیە، گفتوگۆیە یان ڕیزبەندکردنی بیرەکانە.
٩. زمانی بەکارهاتوو لە وتارەکەدا چۆنە، ئایا زمانێکی هاوچەرخانەیە، کۆنە، ڕاستەوخۆیە، ناڕاستەوخۆیە، سادە و ڕوون و ساکارە یان قورس و تەمومژئاوییە؟
١٠. لە وتارەکەدا تا چەند جەخت‌کردنەوە و دووپات‌کردنەوە و دووبارەبوونەوە هەیە؟

١١. ئایا نووسەر ڕاستەقینەی بیروڕاکانی تری خستۆتە ڕوو؟
١٢. نووسەر تا چەند هاوواتا و دژواتاکانی بەکار بردووە؟
١٣. ئایا کۆتەیشنەکان لەگەڵ ناوەڕۆک و چێوەی باسەکەدا دەگونجێن یان نا؟
١٤. ئایا نووسەر لە وتارەکەیدا ڕازاندنەوەی وەهای بەکار هێناوە پێویست بە شیکردنەوە و ڕوونکردنەوە بکات؟
١٥. ئایا تێگەیشتن بە ئاسانی لەسەر بابەتەکە دروست دەبێت؟

**لە ڕووی ناوەڕۆکەوە:**

١. وتارەکە بە پێشەکییەک دەستی پێ کردووە یان ڕاستەوخۆ هاتۆتە ناو بابەتەکەوە؟
٢. ئایا لە گشتییەوە گواستراوەتەوە بۆ تایبەت یان بە پێچەوانەوە؟
٣. دیاری کردنی ئامانجی وتارەکە.
٤. وتارەکە کۆتاییەکی دیاری هەیە یان بە کراوەیی بەجێ هێڵراوە؟
٥. ئامادەیی نووسەر لە وتارەکەیدا چۆنە؟ ئایا بەردەوام ئامادەیی هەیە یان نا؟
٦. نووسەر لە وتارەکەیدا هەڵچووە یان هێمنە؟
٧. وتارنووس تا چەند ژینگەی شوێن و کاتی بۆ بابەتی وتارەکە دیاری کردووە؟
٨. لە وتارەکەدا ناونیشانی لاوەکی هەیە یان نا؟
٩. وتارنووس تا چەند ئاماژەی بەو سەرچاوانە کردووە کە زانیاریی لێ وەرگرتوون؟
١٠. جۆری ئەو بەڵگانە چین کە وتارنووس پشتی پێ بەستوون؟
١١. لە وتارەکەدا چەند تەوەر هەیە؟ ئایا تاکڕەهەندە یان فرەڕەهەند؟ گشتگیرە یان دیاریکراو؟
١٢. وتارنووس لە بابەتەکەیدا چۆن دەردەکەوێت، وەک توێژەر، وتاربێژ، ڕەخنەگر، ئامۆژگاریکەر و ... ؟
١٣. تا چەند گونجاندن لە نێوان زانیارییەکانی ناو وتارەکەدا هەیە؟
١٤. وتارنووس لە وتارەکەیدا توانیویەتی پەیوەندی لە نێوان سەرەتا و کۆتاییدا دروست بکات؟
١٥. وتارنووس تا چەند بە ئەمانەتەوە ڕای خەڵکانی تری گواستۆتەوە ناو وتارەکەی؟ ئایا گۆڕانی لەوانە کردووە کە دژی ڕاکانی ئەمن؟
١٦. ناونیشانەکەی تا چەند لەگەڵ ناوەڕۆکەکەیدا گونجاوە؟
١٧. وتارنووس چۆن لە بیری سەرەکیی وتارەکەوە چۆتە بیرە ناوەندیی و لاوەکییەکانەوە؟ **(ل. ٩١-٨٩)**

پەخشانی ڕۆژنامەنووسی ڕایەلەیەکە لە نێوان پەخشانی ئەدەبی و پەخشانی ئاسایی زمانی ڕۆژانەی خەڵک و پەخشانی زانستیدا؛ بە جۆرێک کە بتوانێت ڕووداوێکی دیاریکراو بە هەمان تێگەیشتنەوە بۆ هەموو خەڵک بگوێزێتەوە. هەر ئەمەشە کە وادەکات ڕۆژنامەنووسی فاکتەری بنەڕەتیی پێکهێنانی ڕای گشتی بێت.

## چەند بنەما بۆ پەخشانی ڕۆژنامەنووسی:

١. ئامانجی سەرەکیی شێوازی ڕۆژنامەنووسی، زیاتر لە هەر شتێک دەیەوێت ئەو ئامانجە بپێکێت کە خوێندن و تێگەیشتن بۆ خوێنەری ئاسایی ئاسان بکات؛ کەواتە سادەنووسین تایبەتمەندییەکی دیاری پەخشانی ڕۆژنامەنووسییە.
٢. بابەت و نووسراوەکان سەرنجڕاکێش و شیرین بکات و خوێنەر بکاتە شایەتێکی ناڕاستەوخۆی ڕووداوەکە.
٣. نووسینی ڕۆژنامەنووسی دەشێت تا ئەو جێگەیەی پێی دەکرێت، خوێنەر بباتە ناخی ڕووداوەکەوە.
٤. لە ڕۆژنامەنووسیدا دەشێت هەر بابەتێک بە شێوەیەکی تایبەتی بنووسرێت یان بە هونەرێکی تایبەتی ڕۆژنامەنووسی دابڕێژرێت.
٥. ڕاستیی نووسین، واتە ڕۆژنامەنووس چی بینیوە یان هەستی پێ‌کردووە یان بیستوویەتی، وەکوو خۆی پیشانی خوێنەری بدات.
٦. زیندوێتی شێواز، کە بە هۆی سادەیی و سووربوون و لێ‌بڕان و شیکردنەوەوە لە نووسیندا بەرجەستە دەبێت. **(ل. ١١٧)**

## چەشنە ڕۆژنامەنووسییەکان دابەش دەبن بە:

**١. چەشنە خودییەکان.**
**٢. چەشنە بابەتییەکان**

## چەشنە خودییەکان

ئەم چەشنە لە پەخشانی ڕۆژنامەنووسی، ماکی خۆی لە پەخشانی ئەدەبی و هونەرییەوە وەرگرتووە؛ هەموو ئەو هونەرە ڕۆژنامەنووسییانە دەگرێتە خۆی کە تەوەری سەرەکییان تاکی نووسەر و بنیاتی بنەڕەتییان خودڕوانینە، لەگەڵ بڕێکی دیاریکراو لە زانیاری و لە قسەی ڕۆژانەی خەڵک. بابەتەکان زاتییانە دەنووسرێن:

١. نووسەر خۆی بۆ خۆی بابەتگەلێک بۆ لەسەرنووسینیان هەڵدەبژێرێت و هەر خۆیشی ئەو هونەرە دیاری دەکات کە دەیەوێت لە ڕێگەیەوە بابەتێکی ڕۆژنامەنووسی بنووسێت.

هەواڵنامەی کتێب

٢. ئاراستەی بابەتەکان لە ناوەوەی نووسەرەوە بۆ دەرەوە (بۆ خەڵک) دەڕوات و بینینی بابەتەکان بە چاوی خودی نووسەر و دارشتنیانە بە جۆرێک کە بایەخگەلی نووسەر ببێتە بایەخی هەموو خەڵک. نووسەری ئەم چەشنە نووسینە لە خودی خۆیەوە بەرەو بابەت و بەرەو دنیابینیی دەرەوەی خۆی دەڕوات؛ پرۆسەیەکە لە تاکەوە بۆ گشت و لێکدانەوەکانی بارگاوین بە تێڕوانینە کەسییەکانی خودی نووسەر.

٣. لەم چەشنەدا ڕاکان زاڵن بە سەر زانیارییەکاندا؛ بە تایبەتی ئەو زانیارییانەی کە دەبنە زانست. باکگراوندی زانیاریی نووسەر چاوگی بنەڕەتیی نووسینەکانیەتی و ڕۆڵی گەورە لە گەڵاڵەبوونیاندا دەبینێت.

٤. سۆز و ئەندێشە لە بنەما دیارەکانی ئەم چەشنەن. نووسەر هەوڵ دەدات سۆزی وەرگر بورووژێنێت و ئەندێشەیەکی کراوەی لە مەبەستە دیاریکراوەکانی خۆی بۆ دروست بکات.

٥. نووسەر لەم بابەتانەدا وا خۆی دەنوێنێت کە لە وەرگر زیاتر دەزانێت و لە زۆر باردا شێوازێکی ئامۆژگاری‌کردن و ڕێنوێنی‌کردن و پەروەردەکردن دەگرێتە خۆی. نووسەر بڕیاری خۆی لەسەر ڕەوش ورەوت و ئەنجامەکان دەدات.

٦. هونەرەکانی ئەم چەشنە زۆر وابەستەی تافی نووسین و کاتی ڕووداو نابن و زۆر جار دەکەونە دوای ڕووداوەکانەوە.

٧. نووسەر ئامادەیی لە نووسینەکەدا هەیە؛ لانی کەم ناوەکەی لەسەر بابەتەکەی تۆمارە. ئەمەش وادەکات کە لە ڕووی سیاسەتی کەناڵەوە بەرپرسیارێتی بە پلەی یەکەم بۆ خودی نووسەر بگەڕێتەوە و بە ڕای تاکەکەسیش تەماشا بکرێت.

٨. بەپێزی و ئاستی نووسین و گوزارشت و لایەنە ڕێزمانییەکانی ئەم بابەتانە وابەستەی کارامەی کەسی و توانستی خودی دەبن و لە زۆر باردا بەرجەستەبووی ستایڵی خودی ئەو نووسەرە دەبن کە دەیاننووسێت.

٩. نووسەر دەیەوێت گوزارشت‌کەر بێت لە بیر و بابەتەکانی نەست و بەهانە و یاسا و پەیڕەو و دەستوریان لە ناو کۆمەڵدا بۆ دەدۆزێتەوە تا لە نەرێوە بیانکاتە ئەرێ و بە پێچەوانەشەوە.

١٠. مەبەستی سەرەکی ئەم چەشنە دروست‌کردنی کاریگەریی یەک ئاراستەیە لەسەر وەرگر. بەردەوام کەسێک لە پشت بابەتەکەوە دەدوێت کە لە لێکدانەوەی خۆیەوە وەڵامگەلی بۆ پرسیار و پرسەکانی زاتی خۆی ئامادە کردووە، نەک لە پرسیار و پرسەکانی خەڵکەوە.

١١. نووسەر دەیەوێت بابەتەکەی وەک داهێنانێکی هونەری بخاتە ڕوو، بۆیە هەموو توانستەکانی خۆی لە جوان‌کردن و ڕازاندنەوە و گونجاندنی بابەتەکەیدا دەخاتە گەڕ.

١٢. نووسەر خۆی بۆ خۆی جۆرێ پەیوەندیی لە نێوان بابەت و بابەتێکی تردا، یان ڕووداوێک و ڕووداوێکی تردا دروست دەکات و دەتوانێت لێکدانەوە بۆ ڕووداوە چاوەڕوان‌کراو یان ڕوونەکراوەکانیش بکات و لە ئایندەی

پەیوەندی و کارلێک و گۆڕان و ڕووداوەکان بدوێت، چونکە دووجار دەچێتە خانەی لێکدانەوەی کەسییەوە کە وەک سەرچاوەی بەهێز لە میدیاکاندا تەماشا ناکرێت.

١٣. مەرج نییە نووسەر لەگەڵ هەبوونی ڕووداودا بابەتی هەبێت، مەزاج و ئارەزوو و پسپۆڕی و ئاگایی و خواستی خۆی لە دیاری‌کردن و نووسینی بابەتدا ڕۆڵ دەبینن. **(ل، ١٢٨-١٢٦)**

## تایبەتمەندییەکان دەق و تێزە ئەدەبییەکان:

١. دەقە ئەدەبییکان نەمرییان تێدایە و زمان و زەمەن و زەمینە کەمتر دەتوانن کۆنیان بکەن و بەردەوام لە مانەوەدا دەبن.

٢. کات یان ڕەگەزی زەمەن لە ئەدەبدا نووسەری دەق دیاری دەکات و دەتوانێ زەمەنی ئەمڕۆ بگەڕێنێتەوە بۆ هەر زەمەنێکی مێژوویی یان بەر لە مێژوو کە خۆی گەرەکی بێت.

٣. شوێن دیسانەوە یەکێک دەبێت لەو ڕەگەزانەی تایبەتێتی دەدات بە ئەدەب، بەوەی دەقەکان خۆیان بە شوێنێکی دیاریکراوەوە نابەستنەوە یا بۆ شوێنێکی دیاریکراو نانووسرێن، بۆیە لە زۆر شوێندا بە خوازیار و شیاو دەبینرێن.

٤. دەقە ئەدەبییەکان لەگەڵ سۆزی بەرانبەردا دەدوێن و دەیانەوێ لە ڕێی بزواندنی سۆزی بەرانبەرەوە ڕووداوەکان بە ئاقاری مەبەستی کەسی نووسەردا بەرن. نووسەر هەوڵ دەدات بیری خوێنەر بە ئاراستەی ڕامان و بیرکردنەوەدا بەرێت.

٥. کەسی نووسەر ڕێڕەوی ڕووداوەکان و کاراکتەرەکان و جۆری پاڵەوانەکە و زەمەن و شوێن و گرێ و هەر بابەتێکی تری ناو دەقەکە دیاری دەکات، نەک واقعییەتی ڕووداوەکان.

٦. ناوەرۆکی دەقە ئەدەبییەکان ئەوەندەی لە نەستەوە (لاشعوورەوە) سەرچاوە دەگرن، کەمتر لە ئاستە هۆشمەندییەکاندا بەرجەستە دەبن، چونکە نووسەر گەرەکیەتی زۆر جار ئەوەی لە ناوەوەی خۆیدا لە بەرانبەر خود و منی باڵا-دا ناتوانێت ڕاڤەیان بکات، لە ناو دەقەکانیدا دەریانببڕیت و ئەکتەری وەهمییان بۆ دروست بکات کە لە زۆر باری سایکۆلۆژیدا ڕەوتی دەقەکان بەدەر نین لە کەسێتیی ناوەوەی نووسەرەکانیان.

٧. شێوازی نووسینی دەقەکان و ئاوێزانکردن و مەبەستی بابەتەکان لە زۆر باردا بە شێوەی هەرێمێکی وەستاو دەوەستنەوە، گرێ وەک ڕەگەزێکی دیار بە کار دهێنرێت و بە خێرایی مەبەست نادات بە دەستەوە.

٨. بەرهەمە ئەدەبییەکان ئەوەندەی دەربڕینی لایەنی خودی و خود بە گەورەدەرخستن و باسکردنە لە تایبەتێتی زاتی کەس (تاکەکەس)، ئەوەندە ڕەنگدانەوەی واقعی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵ نییە، بۆیە ئەزموونی کەسی

نووسەر ڕۆڵی گەورە دەبینێ لە بنیاتنانی دەقەکەدا و هەر ئەویشە ڕووبەری ئەندێشە دیاری دەکات و لێیەوە وێنە و جوانکارییە ئەدەبییەکان دێنە کایەوە، لە زۆر باردا نووسەر وەڵامی دەروونی خۆی دەداتەوە.

٩. بنەما و بنچینەی بابەتەکان زۆربەیان لە دنیای واقعدا ڕوویان نەداوە یان واقعیەتبوون لە بابەتەکاندا کز دەبینرێت.

١٠. لە ئەدەبدا بە گشتی لایەنی زاتی بە سەر لایەنی بابەتیدا زاڵ دەبێت.

١١. لە ئەدەبدا زۆرتر شێوازی مامۆستایی لە دەربڕینەکاندا پیادە دەکرێت و نووسەر گەرەکیەتی مودێلێکی وەک ئەوەی خۆی یان نەوەیەک یان خەڵکێک یان جیهانێکی وەک ئەوەی ئەو وێنای دەکات بێنێتە بوون؛ هەر هیچ نەبێت ئەم بارە لە دەقەکانیدا بەرجەستە دەکات.

١٢. بەرانبەر یان وەرگر لە دەقە ئەدەبییەکاندا بایەخێکی ئەوتۆی پێنادرێت، بەوەی هیچ ئەژمارێک بۆ دابونەریت و ئاستە کۆمەڵایەتییەکان ناکرێت گوێ بە شوێنی بڵاوبونەوەی دەقەکە نادرێت.

١٣. ڕێکلام و ئاگانامەکان لە ئەدەبدا نین.

١٤. ئەدەب بەرهەمێکی زەینییە و زانستێک نییە کە خەڵک بە دیراسەکردن فێری ببێت.

١٥. هونەرەکانی ڕەوانبێژی و جوانکاری و ڕازاندنەوە، کاریگەری گەورە دەکەنە سەر فۆرمی سەرەکیی بەرهەمەکان و وا دەکەن ئاسان نەبێت هەر کەسێکی ئاسایی لە ناوەرۆکی دەقەکە تێبگات.

١٦. لە دەقە ئەدەبییەکاندا نووسەر هێندەی دەیەوێت لە ڕێی وێناکردنی کەس و ڕووداوەکانەوە بە دیمەنەکانمان ئاشنا بکات، ئەوەندە وابەستەی پیشاندانێکی فۆتۆگرافیانەی دیمەنەکان نابێت.

١٧. ڕایان دەربڕینی بۆچوون لەسەر شتەکان، زاڵە بە سەر بوارە ئەدەبییەکاندا.

١٨. بەرهەمە ئەدەبییەکان ئەو بابەتانەت دەداتێ کە خۆی گەرەکیەتی، نەک ئەوەی ئێمە دەمانەوێت.

١٩. دەقە ئدەبییەکان هەبوونی توانستی هونەرییان گەرەکە.

٢٠. زمانی ئەدەبی، زمانێکە وابەستەی داهێنان و وێنە هونەرییەکانە.

٢١. بەرهەمە ئەدەبییەکان پرۆسەیەکی تاکەکەسین و لە ئەنجامی هەوڵی تاکەوە دێنە بەرهەم.

٢٢. یەکێتی بابەت لە ڕەگەزە بنەڕەتییەکانی بەرهەمە ئەدەبییەکانە.

٢٣. بەرهەمە ئەدەبییەکان لە ڕووی بڵاوکردنەوەیانەوە وابەستەی زەمەنێکی دیاریکراو نابن.

٢٤. چەشنە دیارەکانی ئەدەب، خۆیان لە شیعر و پەخشاندا دەنوێنن و هەریەک لەم چەشنانەیش بۆ چەند جۆرێک بەش دەبن. **(ل، ١٩٨-١٩٢)**

**تایبەتمەندییەکانی ڕۆژنامەنووسی:**

١. بەشێکی زۆری بابەتە ڕۆژنامەنووسییەکان وابەستەی کاتن.
٢. ڕەگەزی کات لە ڕۆژنامەنووسیدا ڕۆژنامەوان دیاریی ناکات بەڵکوو لە بنەڕەتەوە لە کاتی ڕوودانی ڕووداوێکەوە سەرچاوە دەگرێت.
٣. ڕەگەزی شوێن لە گرنگترین ڕەگەزەکانی بابەتە ڕۆژنامەنووسییەکان دەبێت.
٤. بابەتە ڕۆژنامەنووسییەکان وەک بەشێکی دانەبڕاو لە ڕاگەیاندن دێنە کایەوە و تەنها لە ناو توخمی سۆزداریدا نارسکێن.
٥. ناوەرۆکی بابەتە ڕۆژنامەنووسییەکان بە پلەی یەکەم لە ئاستە هۆشمەندییەکانەوە سەرچاوە دەگرن.
٦. ڕۆژنامەنووسی لەگەڵ هزری مرۆڤدا دەدوێت.
٧. بەرهەمە ڕۆژنامەنووسییەکان دەربڕینی خواستەکانی کۆمەڵن و لە هەوڵی ئەوەدا دەبن کە گرنگی بە لایەنی کۆ بدەن و خۆیان لە تاکەکەس دوور بکەنەوە.
٨. بنەمای هەموو بابەتە ڕۆژنامەنووسییەکان لە واقیعی ژیانی مرۆڤەکاندا هەن و ڕوویان داوە.
٩. لە ڕۆژنامەنووسیدا لایەنی بابەتی، بە سەر لایەنی زاتیدا زاڵ دەبێت.
١٠. لە ڕۆژنامەنووسیدا شێوازی هاوڕێیەتی لە نووسینەکاندا پیادە دەکرێت.
١١. وەرگر جێی گرنگیپێدانی ڕۆژنامەکانە و بایەخی گەورەی پێدەدرێت.
١٢. ڕێکلام و ئاگانامەکان لە کۆمەڵە بنەڕەتییەکانی ڕۆژنامەنووسین.
١٣. ڕۆژنامەنووسی دەشێ وەک زانستێک بخوێنرێت و بە کاراکردنی کارامەیی کەسەکان و ئاوێتەکردنیان بە ئەزموونگەرێتی دیراسە بکرێت.
١٤. هونەرەکانی ڕەوانبێژی و جوانکاری و ڕازاندنەوە زیاد لە سنووری دیاریکراو، زیان بە واتا و لۆژیکی بابەتە ڕۆژنامەنووسییەکان دەگەیێنن.
١٥. لە بابەتە ڕۆژنامەنووسییەکاندا، ڕۆژنامەوان دەیەوێت ئاشنامان بکات بەو دیمەنەی کە خۆی دیویەتی و تۆماری کردووە.
١٦. ڕۆژنامەکان تەنها بیروڕا پەخش ناکەن بەڵکوو لە تەک دەربڕینی بیروڕادا زانیاریش بڵاو دەکەنەوە و ڕاکانیش پێویستە خزمەت بە زانیارییەکان بکەن.
١٧. بابەتە ڕۆژنامەنووسییەکان دابڕ ناکرێن لە خواستەکانی خەڵک.
١٨. ڕۆژنامەوان سەلیقە و توانست و کارامەیی وەرگرتنی داتاکانی گەرەکە تا بتوانێت هێمای هاوبەش و شیاویان بۆ هەڵبژێرێت و بۆ جارێکی دی وێنای دیمەنی ڕووداوە بینراوەکانی پێبکاتەوە.



هەولێرنامەی کیلر

١٩. زمانی ڕۆژنامەنووسی، زمانێکی هاوبەشە لەگەڵ زمانی ئاخاوتنی خەڵکدا و ئامانجی تێگەیاندنی هەموو خەڵکە بە ئاست و پلە باڵا و نەوییەکانی کۆمەڵەوە.
٢٠. ڕۆژنامەنووسی لە ئەنجامی کاری پرۆسەیەکی بەکۆمەڵەوە دێتە کایەوە و چەند کەسێک لە بەرهەمهێنانیدا بەشدارن.
٢١. لە ڕۆژنامەدا هەمەڕەنگی لە بەکارهێنانی چەندێتی و چۆنێتی بابەتەکاندا هەیە بۆ ئەوەی ئەو بازارە گەورەیە بێت کە پێداویستی هەر کەسێکی تێدا بێت.
٢٢. ڕۆژنامە وابەستەی زەمەنە، لێرەشەوە وابەستەی کاتی دەرچوون دەبێت.
٢٣. چەشنە سەرەکییەکانی نووسینی ڕۆژنامەنووسی، بریتی دەبن لە چەشنە خودیی و بابەتییەکان. **(ل. ٢١٤-٢٠٧)**

## ڕۆژنامەی ژیان و ژین

بە درێژایی ژمارەکانی ئەم ڕۆژنامەیە، بابەتی زیندوو دەبینرێن؛ چ وەک فۆرم و چ وەک ناوەڕۆک. دەرک بە گەشەی زمانی کوردی دەکرێت کە چۆن هەوڵ دەدات خۆی لە زمانی ڕۆژنامە و سەردەمەکانی پێش خۆی جیا بکاتەوە و بە زمانێکی سادە و ساکار لەگەڵ خوێنەری سەردەمەکەی خۆیدا بدوێت. ئەگەر ژیان لە سەرەتاوە دوودڵ بووبێت لەوەی ئەرکی یەکەمی گەیاندنی تێزە ئەدەبییەکانە بە شێوەیەکی ڕۆژنامەنووسییانە، ئەوا لە کۆتاییەکانی ژین-دا بە تەواوی ئەمە دەچەسپێت و پانتاییەکانی ڕۆژنامەکە زیاتر بۆ ئەدەب و هونەر تەرخان دەکرێن، تا ئەوەی ناسنامەی ڕۆژنامەکە دەبێتە ڕۆژنامەیەکی ئەدەبی و فەنی.

بە گشتی بواری بابەتەکانی ناو ژیان و ژین، لەم قۆناغەدا دابەش دەبن بە سەر ئەم بوارانەدا:

١. ئەدەبی ٢. کۆمەڵایەتی ٣. ئابووری ٤. فەلسەفی ٥. مێژوویی ٦. زانیاریی ٧. ئایینی ٨. گاڵتە و گەپ و پێکەنین

## ڕۆژنامەکەش بە گشتی بۆ دوو ڕەهەند دابەش دەبێت:

**١. ڕەهەندی ئەدەبی**

**٢. ڕەهەندی ڕۆژنامەنووسی (ل. ٢٦٣-٢٦١)**

پیرەمێرد بۆ ئەوەی هەواڵە مردووەکان بە زیندوویی لە ڕۆژنامەکەدا بڵاو بکاتەوە و حەز و سەلیقە و چێژی خوێنەری کورد تێر بکات و تەڕیان کاتەوە، زمانێکی ئەدەبیی بە کار هێناوە؛ زمانێک کە تێیدا پیرەمێرد یان سەرچاوەیە یان گێڕەرەوەی ڕووداوەکانە یان لێدواندەرە لەسەر ڕووداو و بابەتەکان. واتە بە دەگمەن بابەتێکی



هەولێرالیکتێب

ڕۆژنامەنووسی دەخوێنیتەوە کە پیرەمێرد ڕای خۆی لە سەری لە ناو بابەتەکەدا تۆمار نەکردبێت؛ گەر ڕای خۆیشی نەنووسیبێت بە شێوەیەکی وەسفییانەی ئەدەبییانە تۆماری کردوون کە زۆر جار لە خوێندنەوەی هەواڵێکدا خەیاڵمان بۆ خوێندنەوەی پەرەگرافی پەخشانێکی هونەری دەچێت. بۆ سەلماندنی زاڵبوونی داڕشتنی ئەدەبی بە سەر هونەرە ڕۆژنامەنووسییەکاندا، ئەم نموونانە دەخەینە ڕوو:

١. لە ئاگادارییی ناوگۆڕینی فایەق وشیاردا، پیرەمێرد ئاگادارییەکە بە شیعر دەنووسێت.
٢. لە بابەتە ڕۆژنامەنووسییەکاندا وەسفی ئەدەبی بەکار هێنراوە.
٣. تێکەڵکردنی ڕای کەسی و پەیڕەوکردنی پیاهەڵدان لە هەواڵەکاندا.
٤. بەکارهێنانی دێڕەشیعر لەسەر وتار و بابەتە ڕۆژنامەنووسییەکانی تردا.
٥. شێوازی گێڕانەوەگەری لە هەواڵەکاندا بە شێوەیەکە کە لە قسەی کەسێک بچێت نەک لە گێڕانەوەیەکی ڕۆژنامەنووسییانە.
٦. بایەخدان بە شیعر و ئەدەب بە جۆرێک لە زۆر ژمارەدا لە جێی سەروتار، شیعرێک بڵاو کراوەتەوە.
٧. بە دەگمەن هەواڵ یان بابەتە ڕۆژنامەنووسییەکانی جگە لە سەروتار، لە لاپەڕەیەکی ژیان و ژین-دا دەبینرێتەوە.
٨. هاندان نەک پیشاندان، زۆر جار لە بابەتەکانی ژیان و ژین-دا دەبینرێتەوە، زۆر جاریش هەڵوێست دەستنیشان دەکرێت بەرانبەر ئەو بابەتانەی دەنووسرێن.
٩. بەکارهێنانی هونەرە ڕەوانبێژییەکان لە نووسیندا.
١٠. داڕشتنی زاتییانەی هەواڵنووسی زاڵە بە سەر داڕشتنی بابەتییانەی هەوڵەکاندا.
١١. ڕووداوەکانی ڕۆژانە و بابەتەکانی خەڵک لە قاڵبی شیعر و ئەدەبیات یاخود واقیعییانە لە پەندەکانی پیرەمێرددا، ڕەنگیان داوەتەوە نەک لە هەواڵەکاندا. **(ل. ٢٩٣-٢٨٧)**

هەواڵنامەی کێڕ

### هونەرە بەکارهاتووەکانی ڕۆژنامەنووسی لە ژیان و ژین-دا

#### خودییەکان:

١. سەروتار ٢. وتار، وتاری سەرە ٣. وتار، ڕۆژانەوتار ٤. وتاری کۆمەڵایەتی ٥. وتاری زمانەوانی ٦. وتاری تەندروستی ٧. وتاری کاریکاتێری ٨. وتاری ڕۆژنامەوانی ٩. وتاری ئابووری ١٠. وتاری سایکۆلۆژی ١١. وتاری ئایینناسی ١٢. وتاری هونەری ١٣. وتاری ساتیری ١٤. تەنزەوتار ١٥. وتاری

یاسایی ١٦. وتاری فەلسەفی ١٧. وتاری کەشناسی ١٨. وتاری ئامۆژگاری ١٩. وتاری زانستی ٢٠. وتاری وەرزشی ٢١. وتاری وەرگێڕدراو ٢٢. ستوون ٢٣. ستوونە ڕێکلام ٢٤. گۆشە ٢٥. گۆشەنیگا ٢٦. ڕوونکردنەوە ٢٧. هەڵسەنگاندن ٢٨. پیشاندان ٢٩. گێڕانەوە ٣٠. چیرۆکی ڕۆژنامەنووسی ٣١. لێدوانی ڕۆژنامەنووسی ٣٢. ڕانانی کتێب. ٣٣. ساتیر ٣٤. پۆلیمیک ٣٥. میلۆدونگ ٣٦. نامەی خوێنەران ٣٧. نامەی کراوە ٣٨. نامەی تایبەت ٣٩. نامەی نێوان سەرۆکەکان ٤٠. پرسەنامە ٤١. پیرۆزبایی ٤٢. سوپاسنامە ٤٣. یاداشتی ڕۆژانە ٤٤. نووسینەوەی ژیاننامە ٤٥. ژیاننامەی کەسی ٤٦. ئاگانامە، بازاڕگەری ٤٧. ئاگانامە، ئاگاداری ٤٨. ئاگانامە، مژدەدان ٤٩. ئاگانامە، بۆزانین ٥٠. فیلیتۆن ٥١. بابەتی سەرگەرمکردن، مەتەڵ ٥٢. بابەتی سەرگەرمکردن، بۆ پێکەنین. **(ل. ٣١٤-٢٩٤)**

**بابەتییەکان:**

١. هەواڵ، سەردێڕ ٢. هەواڵ، کورتەهەواڵ ٣. وێنەی هەواڵدەر ٤. هەواڵ، هەواڵی چاوەڕوانکراو ٥. کاپشن ٦. هەواڵ، لێدوانی هەواڵ ٧. هەواڵ، ڕاپۆرتەهەواڵ ٨. هەواڵ، چیرۆکەهەواڵ ٩. هەواڵی خێرا ١٠. هەواڵ، هواڵی درێژ ١١. هەواڵ، هەواڵی بەردەوام ١٢. هەواڵ، هەواڵی کاریکاتێری ١٣. ڕێکلامەهەواڵ ١٤. هەواڵ، هەواڵنامە ١٥. هەواڵ، دەستپێشخەریی هەواڵ ١٦. ڕاپۆرتی ڕۆژنامەنووسی ١٧. لێدوانی ڕۆژنامەگەری ١٨. بەدواداچوون ١٩. گفتوگۆی ڕۆژنامەنووسی ٢٠. ڕیپۆرتاژ ٢١. دیمەن، وێنەی فۆتۆگرافی، وێنەی زیندوو ٢٢. دیمەن، وێنەی دەستی ٢٣. دیمەن، نەخش ٢٤. دیمەن، وێنەی کەسی ٢٥. ناونیشان، مانشێت ٢٦. ناونیشان، ناونیشانی سەرەکی ٢٧. ناونیشان، ناونیشانی لاوەکی ٢٨. ڕاڤەکردن ٢٩. پامفلێت. ٣٠. وەرگێڕان ٣١. خزمەتگوزاریی ڕۆژنامەنووسی ٣٢. پانۆڕاما. **(ل. ٣٢٧-٣١٤)**

**سەرچاوە:**

ئەبووبەکر حسەین، هەڤاڵ. *چەشنە ئەدەبی و ڕۆژنامەنووسییەکان لە ((ژیان و ژین))دا*. بنکەی ژین. سلێمانی: ٢٠٠٧.

هەواڵنامەی پێتر

# چیرۆک

## ڕەشنووسی بۆشایی



سروە مەجیدی

ڕۆژ بوو، بەڵام تاریکییەکی تاڵ لە زەینما تێکەڵ و پێکەڵ بوو. دایکم بە ڕوخسارێکی پەرێشانەوە لە پەنجەرەکە دەڕوانیێ. من لە ئەفسوونی ئەمڕۆ دەترسام. کزەبایەکی سارد لە ژوورەکە ئەهات و ئەچوو. دایکم جارنەجارێ دەیزریکاند و قژە زەردەکانی ئەجاوی.

سەرما و سۆڵەیەکی ناوەخت، هەموو گوڵی کراسەکەمی ڕچاند و دەنکەدەنکە دایوەران. دایکم وتی: چ هاوینێ فێنکێ! من دڵنیام قفڵی لە ناخمدا ژەنگی هێناوە. لەم تەمە چڕوپڕەدا هیچێ نابینم، بە غەیری خاڵۆ سەیفە وەک دەعبایەک لە بەر ئاوێنەکەدا ڕدێنی زروی خۆی سوور دەکا.

لە مەملەکەتی میز و ڕەشاییدا گیرم کردبوو. گوێم شل کرد، خاڵۆم بە جیڕەی ناحەزی پووتینەکانی لە پلیکانەوە سەرکەوت. سوێڵی بە ددانە قیزەونەکانی دەجوی و من بێزم دەهات. حەوزەکە لیپاولیپ بوو لە گەڵا و ماسی. ماسییەکان لە سەر گەڵاکانا ئەخزانە ناو دەسشۆرەکە. سەیفە پووتینە قوڕاوییەکانی لە سەر قاڵیەکە ئەنا و کرمگەلی جۆراوجۆر لە قوڕەکە ئەهاتنە دەرێ و ئەتلێقانەوە. خاڵۆ سەیفە بۆنی ڕێقنەی ئەهات، بەڵام دایکم دەموپلی ئەلێستەوە. سەیفە وتی: دارێیە سەگباب وەک ژنی حیز خوەی دارقەواخ کردووە.

دایکم میاواندی: ئۆخەی! هەناسەیەکی درێژی دایە دەر و بۆدڕنی ڕێقنە ئەو ناوەی گرتەبەر. دایکم وتی: لە کوێ بە خێرییەت میزاندوویە خوەیا؟ خاڵۆم وتی: هەر لەم کەلاوە، دوێنێشەو. ئەکەنین و ددانە زەرد و پیسەکانیان کەوتنە دەر و من ڕشامەوە. ڕامکرد و لە پشت درگاکەوە خۆم داشارد و میزاندمە ناو شواڵەکەما. هەستێکی تێکەڵ و پێکەڵ بوو.

دوای ئەو حەزە گەرم و تاڵە دایکم هەمیشە ڕانمی بە نقورچک لەتوپەت ئەکرد و من فێنکی و ژانی ڕانم لە ژێر پەنجەی گەرمی دایکم پێ خۆش بوو. خۆشییەک تێکەڵ بە ئازار.

دایکم ئەینووزاندەوە و ئەپریقایەوە. لە ئامێزی سەیفەدا وەک مار دەیفیشکاند و وتی: ئیتر هەر خوەمانین. خوا یار بێ ئیتر ئەم ماڵە و من هی تۆین سەیفەگیان. خەڵک وەکوو کەروان، هیچ لە خۆشەویستی من و تۆ نافامن و قسەی حەلەق و بەلەق ئەکەن.

سەرم گێژی دەخوارد. شڵەژاوتر لە هەر کاتێ بە پێی دزە خۆمم گەیاندە ناو کۆڵان و ڕشامەوە. بەرەو کەلاوەکە لارەوە بووم. ناو زگم لوولی ئەخوارد. یەکێ بانگمی کرد؛ کا پاوشا بوو. کا پاوشا پیاوێکی مێهرەبان و پاڵتاو لە بەر بە زستان و هاویندا پاڵتاوەکەی لە بەریا بوو. پێستی دەستی وەکوو دڕک وابوو بەڵام هەمیشە بۆنی گەلامێوی دەهات. منی خۆش ئەویست.

کا پاوشا وتی: سەماگیان! دوێنێ‌شەو زریکاندت زانیم، بەڵام ئەبێ ژیر بیت. دەسم لە ناو لەپی کا پاوشا دەرهێنا و هەڕام‌کردە ناو کەلاوەکە. لەو مژە کەتانیەکانی بابام لە بان سەرم بوون و ئیدی شتێکم نەدی. دیوارێ لە دڵما تەپڵەی کرد و وەک هەور گرماندی و ڕما. دڵۆپێک تۆخ تکایە ناو دەمم. دیسان ژان و پێچی ناو زگم و ڕشامەوە. نازانم ئەو هەموو لمە لە ناو زگما چی بوو؟ کا پاوشا وتی: تف لەو داوێن پیسە! تف لەو گەوادەی سمێڵ حیزە!

بێدەنگی و خامۆشییەکی لاڵ، چوار شەو لەمەوپێش هەموو گیانمی گرتەبەر. لە سەرما ڕاچڵەکیم. دایکم لە ژوورەکەدا نەبوو. سکڵی قلیانەکە چزەی دەهات. لە بیرم نەو بابام لە سەفەرە و نابێ بچمە ناو ژوورەکەی. ئەو ژوورە هەمیشە نیمچە تاریک بوو بەڵام وەها بوو بیرت دەکردەوە گڵۆپێکی تێیدا هەڵکراوە. کۆترەکەی بابام باڵێکی ڕەش و باڵێکی سپی بوو. نەخشەیەک لە سەر باڵە سپیەکەی بوو. سەیری دەریام ئەکرد کەچی تەنیا یەک شەپۆلیشی دیار نەبوو. سەیری دارستانم ئەکرد، یەک گەڵایشی نەدەجووڵا بەڵام کێوەکان ئەتەقینەوە و سوورسوور هەرەسیان دەکرد. تەواوی ساتە خۆشەکانم لەم ژوورەدا بوون.

لە ژوورەکە هاتمە دەر و دەرگای باڵەخانەکەم کردەوە. سێبەرێکی زەلامم لە سەر دیواری حەوشەکە بینی بەرەو پەنجەرەکە دەهات و هەر گەورەتر دەبواوە. ڕام‌کرد و قیژاندم. دایکم لە حەوشەکەوە میاواندی: وس بە دەڵەشێت!

لە پلیکانەکان هاتە سەر. هەناسەی بۆنی ڕێقنەی لێ ئەهات. دیسان میزاندمە خوەما و هێور بوومەوە. دایکم پووکاوڵێکی نایە ناو چاوما. یەخەی کراسەکەی دادڕیابوو. هەڵمێکی ڕێقنەیی لێ دەهاتە دەر و ئازاری ئەدام و ئیدی دەمزانی ئەو شەوانەی وا سێبەرەکە بەرەو پەنجەرەکە دەهات، دایکم منی بەجێ‌دەهێشت و ئەچووە ژێرزەوییەکەوە. زاتم نەئەکرد لە جێگەکەم بجووڵێم. لەو کاتەوە فێر بووم ناونیشانی فرمێسکەکانم بگۆڕم و هەستەکانم داشارم.

چاوم لە شەوژەنەکە بوو. ئەمزانی بابام هاتووتەوە. هەمیشە بەرلەوەی بابام بێتەوە، بۆنی یاس تەواوی کۆڵانی دائەپۆشی. چاوم ڕەشکەوپێشکەی ئەکرد بەڵام نەخەوتم. دایکم لە ژێرزەوییەکەدابوو، بابام لە سەر بانەکەوە هاتە خوار و من باوەشم پێیا کرد. گوتی: هێواش، هێواش. دەنگ مەکە با کەس هەتا بەیانی نەزانێ. بابام لە سەر یەک جگەرەی دەکێشا. نیگاکانی جۆرێکی‌تر بوون، بەڵام من دڵشاد بووم. لە ئامێزیدا ئۆقرەم گرت. بابام سەیری قووڵایی دەکرد. پێڵووەکانم قورس بوون و خەوم لێ‌کەوت. هیچ‌کەس دەرەقەتی ئەو تاریکییەی وا لە دایکما بوو نەئەهات. من سەیری

تارماییم دەکرد. لە پشت وێنەکەمدا ددانی عەقڵم کەوتبوو. باشاری ئەو ساتە تەلیسماویانەم نەئەکرد وا لرخەلرخی مەرگ لە هەناسەی بابامدا کاتی ئەبردە سەر. بەیانی بە خەبەر هاتمەوە. حەوشەکەمان پڕپڕ لە ڕەنگی ماسی و بۆنی

یاس. کاغەزێ بە خەتی بابام لە ژێر پێخەفەکەمدا خووساو و تەڕ نووسرابوو: کوێنەی ئەم ژیانە چراخان کەم؟! درگایەک نیە بمکاتەوە سەماگیان!

لەو ڕۆژەوە وەکوو ئاوێنەیەک شکاو هەزار کەرتم تێدایە. مژ، ئاسمانی کەلاوەکەی گرتبوو. ئەو ڕۆژە لە هەموو ساتەکانی ژیانمدا ئامادەبوونی تەواوی هەیە. نە هەور ئەباری و نە خۆریش دەرئەکەوت. بابام هەڵواسرابوو.

من لە لای مەرگەوە بۆ ئەم ژیانە شۆڕبوومەتەوە. بزەی دایکم هێق ئەکەمەوە، شیری مەمکەکانی هێق ئەکەمەوە، نەفرەتم لەو سوێڵە سوورەی گەواتەیە و نامۆیی خۆم هێق ئەکەمەوە.

دایکم بە مانتۆیەکی زەرد و نووساو بە ئەنامیەوە، لە حەوشەکە چاوەڕوانی سوێڵ قەیتانیەکەی بوو. ڕۆژێک، دوو ڕۆژ، سێ ڕۆژ و ... هەر نەهات. دایکم شەوانە لە کەلاوەکەدا دڕکی ئەچاند و ڕۆژێکیش بۆ دواجار میاواندی و نینۆکەکانی لە کەلاوەکەدا بەجێهێشت. خۆشی دنیا سەری تێکردم. دایکم میاواندی و وتی: داوەشی دەڵەسەگ! میزانتە ناو دەمڕپلما.

من لەو تاریکییەدا شواڵەکەم هەڵکێشا و نەمویرا لا بکەمەوە. گۆڕستان بەینێکە دایکمی لە سەر کورسییەک داناوە و قوڕێکی ڕێقناوی لێ دەچۆڕێ.

هەواڵنامەی کتێب

## شەوەزەنگی خوێناوی



سومەیە یووسفیان

چەند درەنگە..

کاتێک چاوەکانم کردەوە تیشکی هەتاو لەسەر شووشەی پەنجێرەکە سەمای دەکرد. ئەم شەو زۆر زوو کات تێپەڕ بوو، وا هەست ئەکەم هیچ نەخەوتووم. چاوەکانم هەست بە قورسی دەکەن، جەستەشم.. ئەو دەستەم بۆ وایە، بۆچی دەڵێی نەخۆشم.. تۆ بڵێی نەخۆش بم!؟ هیچم لەبیر نایێت تارماییییەک مێشکی گرتووم. هەستامە سەر پێ تا بچم دەم و چاوم بشۆم. لاقم کرد بە کوڵەکەی لەشم و هەستام. بەزۆری هەنگاوەکانم هەڵئەگرت، وام هەست ئەکرد لاقەکانم پێیان خۆشە بۆ دواوە بچن، نازانم چەنێک، هەنگاوێک، چەند هەنگاو، سەعاتێک یا خود ڕۆژێک. گەشتمە نێو حەوشەکە، ئەوە چییە! ئەو خوێنە چییە!

هەر لەو کاتەدا چۆکم شکا و کەوتمە زەوی. نا نا.. نا خوایە هەڵەیە، من هەڵە ئەکەم. چەند چاوەکانم بەست و کردمنەوە، تەنیا شتێک کە لە نێو چاوما ئەدرەوشایەوە، زەریایەک پڕ لە خوێن بوو. جەستەیەکی بچووک لەسەر زەوی بوو، بە هەر دوو دەستم دام بە سەری خۆمدا. هەموو گیانم لە خوێندا سوور ببوو. بڕوا ناکەم، نە نابێ ئەمە لاشەی کوڕەکەی من نییە. کوڕی من زیندووە! ئەو خەریکی دەرسە یا لەسەر جێگەکەی نووستووە. ئەرێ، ئەرێ! وایە ئەو لە ژوورەکەی خۆیەتی دڵنیام. وەکوو شێت بە گیانێکی خوێناوییەوە هەستامەوە بێ ئەوەی بزانم بە سەر چیدا هەنگاو ئەنێم، بێ ئەوەی هیچ شتێک ببینم ڕام کردە ژوورەوە.

تەواوی ژوورەکان گەڕام. نییە، نییە! کوڕەکەم نییە!

ئەی کوا چی لێ‌هاتووە. درەنگە لە مەکتەب دوا دەکەوێ. چۆن دەبێ ئەو لاشە، لاشەی کوڕی من بێ، یانی من کوشتوومە! منی زاڵم کوڕەکەی خۆم کوشتووە!

خوایە ئەوە کوڕەکەم سەرم بڕی یان ئاژەڵێک؟!

لە بیرم دێت دوێنێ شەو نزیک بە سەعات شەشی ئێوارە بوو. خێزانم چوو بۆ ماڵی باوکی; چونکە باوکی نەخۆش بوو، بەڵام هێرش نەچوو و دەبوایێ بەیانی زوو لە ماڵ دەرچوواییێ و برۆشتاییێ بۆ مەکتەب. کەمێ دوای ڕۆشتنی خێزانم گوشییەکەم زەنگی خوارد، دوای هەواڵ پرسی هاوڕێکەم کوتی

_ ئەمشەو دێین بۆ ماڵی ئێوە.
_ نا نا مەیەن، هێرش لە ماڵە.
_ ئێمە کارمان بە هێرش نییە.
_ ئەو بەیانی زوو دەچێت بۆ مەکتەب.
_ دەی بچێت، هەر ئەمشەو خێزانت لە ماڵ نییە. بۆ وا ئەکەیت؟
_ باشە وەرن، بەڵام تا کاتژمێر دوازدە و هیچیش لەگەڵ خۆتان مەهێنن.
_ باشە دەی دەڵێی چی دێنین.



نزیک بە سەعات هەشتی شەو بوو لە دەرکەیاندا و چووم دەرکەم کردەوە. سێ کەس بوون یان وا باشترە بڵێم سێ ناکەسی خودانەناس بوون و دوای سڵاو و چاک و چۆنی و بەخێرهاتن دانیشتن. کەم کەم شەومان بە نیوە گەیاند و بە کێشانی جگەرە و چەند شتی دیکە ماڵەکە پڕ ببوو لە دووکەڵ دەتکوت تەم و مژە چوارچێوەی ماڵەکەی داگیر کردووە. هێرشیش کە دەرسی ئەخوێند، دەنگە دەنگ و قاقای پێکەنینمان ئازاری ئەدا. تەواوی خانووەکە لە دەنگی

ئێمەدا غەرق ببوو و چاوت لە هەر شوێنێ دەکرد دووکەڵ زیاترت بەرچاو نەدەهات و هەر کەسمان بە جۆرێ قسەی ئەکرد.

هەموومان لە ڕواڵەتدا دڵخۆش بووین، بەڵام بێ ئەوەی بیر لە چرکەیەکی دواتر بکەینەوە. هێرش چەند جار هات و دەیکوت یەواش، یەواش دەرسم هەیە، دەرس ئەخوێنم. لە بیرمە تەنانەت فرمێسکیش لەسەر کوڵمەکانی ماڵی کردبوو، بەڵام هیچ بایەخێکم پێ‌نەدا. تا درەنگانێک لە شەو هەر خەریکی بەزم و بساتی خۆمان بووین و وام ئەزانی هێشتا سەرەتای شەوە. ئەو شەوە تامی هەموو شتێک لە لام جیاوازتر بوو، هەورێکی ڕەش هات و باڵەکانی بەسەر چاوەکانمدا کێشا. زۆر بە کەمی لێی دێتەوە بیرم، شایەت وەکوو خەونێک، خەونێکی خوێناوی کە بریا هیچ‌کات نەمبینیایێت.

هێرش هاتەوە، دووبارە دەنگی داینەوە و ڕۆشت، پاشان مەڕێکی کز و لاواز خۆی بە ژووریدا کرد و دەیباڕاند، چەند جار دوای کەوتم، دیسان دەهاتەوە و هەر دەیباڕاند وەک ئەوەی داوای شتێکمان لێ‌بکات. زۆری نارەحەت کردم ناچار چووم لە مەتبەخ چەقۆیەکی گەورەی تیژم هەڵگرت و دوای کەوتم، زۆر توند دەڕۆی و دەیباڕاند منیش ناچاربووم خێراتر دوای بکەوم تا ئەو کاتەی گرتم و دام بە زەویدا و چەقۆکەم بە ملیدا هێنا و سەرم لێ‌کردەوە و بەجێم هێشت و چوومەوە

لای هاوڕێکانم، بەڵام من مەڕێکی کز و لاوازم سەر بڕی نە منداڵەکەم. ئاخر من چۆن کاری وام کردووە؟ چۆن دەبێ! کاتێک من وەکوو گەوج و ساویلکە کاتێک ژن و منداڵەکەم بۆ گرینگ نەبێ دەبێ، کاتێک کە هاوڕێیی کەسگەلێکی خراپ بکەی و ژن و منداڵەکەت بە هەندێ مادەی هۆشبەر بفرۆشی دەبێ.

من فەرمانی ژیانمدا بە دەست هاوڕێ خراپەکانمەوە؛ بۆیە ژیانم فڕێی دامە نێو تاریکییەکی هەتاهەتایی و ئێستا ماوەیەکی زۆرە بەشم لەم دنیایە بووە بە چوار چێوەیەکی ڕەش و ڕووت کە هەر ڕۆژەو ئاوات بە مەرگی خۆم ئەخوازم، پێش ئەوەی خەڵک ببن بە شایەتی مەرگم چۆن ناتوانم سەرم هەڵبێنم و چاو لە هیچ منداڵێک بکەم و نێوی باوک لە خۆم بنێم بۆیە هیچ‌کات ژیانتان مەکەنە بووکە شووشەی دەستی کەسانی دیکە و دەوروبەرتان. بنەماڵەکەتان لە هەموو شتێک و لە هەموو کەسێک بۆ گرینگتر بێ؛ چونکە لە هەموو کاتێکدا چاکە و خۆشیان بۆمان دەوێت، با هەموو ڕۆژێک زیندوو زیندوو لە نێو ئاگری پڕتینی ئەم ژیانەدا نەسووتێن و هەر چرکەیەک سەد جار ئاواتە خوازی مەرگ نەبن.

## بۆنی مەرگ



جەبار ئەمیا

لووشمە لووشم و زیرە زیرپیان تەواو نابێ لە هەوەڵی بەیانییەوە هەر یەک دێ یەک دەڕوا وەک مەڕان مرد،مردووە ئیدی تازە چت لەدەستی دێ بڕۆنەوە ماڵی خۆتان دانیشن خۆ تازە بەئێوە زیندوو نابێتەوە. نەیانهێشت ئەو بەرگانەش پێیاندا بێمەوە بەو هەموو دەنگە دەنگەیان لەکنخۆ بڕیارە سبەینێ بۆ ئەو منداڵانە بیانبەمەوە.

چەن جوانن هەورانە ئاوا سوور هەڵدەگەڕێن دەڵێی چاون لەبەر فرمێسکی سوور هەڵگەڕاون پاییز هەر ئەو شتانەیەتی تایبەتی کردووە بریا بارانێکیش باریبا ئیدی تەواو تەواو بەدڵم دەبوو؛ ئەوانەش زووتر دەچوونەوە و تەواویان دەکرد.

حەزم لە جگەرەیە دیسان پێشم نەماوە هیچ نییە دوای شام دەچمە خوار دەکڕم؛ ئیدی هاتمەوە ئەو شتانە چاک دەکەم لەکۆڵ خۆمیان دەکەمەوە.

- باشە ئەتۆ نزیک ساڵێکە لەگەڵ ئەو کچەی

- دەی کە چی با ببم.

- ناتهەوێ تەکلیفی ئەو کچە داماوەی ڕوون کەی ئاخر ؟

- نازانم هیچ پلانێکم نییە جارێ.

- شتێکت لێ دەپرسم ڕاستی بڵێ.

- ئا ؟

- شەڕەفت ئەو دڵنیایەت خۆش دەوێ یا هەر بۆ فشە و گاڵتەجاڕی خۆتە ؟

- نازانم.

- چۆن نازانی ؟

- نازانم ئیدی.

- دڵنیا داماوە تەواوی هیوای ئەتۆی دەڵێ دێتە خوازبێنیم ئەتۆش دەڵێی نازانم.

- کێ وتوویەتی دەچمە داوای !؟

- یانی ناچی ؟

هەواڵنامەی کتێب

- پێموانییە، دەبێ بچم ؟
- ئەو پێنج ساڵەی لەگەڵت دۆستم قەتم ئەوەندە ڕق لێت نەبووە.

- دەتوانی دۆستم نەبی مەجبوورم نەکردووی.
- هەر ئەو تەمایەشم هەیە.
- زۆر چاکە کاکە شەهریار گیان ئەمن بەخێر و ئەتۆ بەسلامەت.
- باش هەروا باشتریشە پێموایە.

دوو مانگێک دەبێ نە زەنگێک نە پەیامێک نە هەواڵێک هەرهیچ دەڵێی مردووە ئاخر توخودا دۆستایەتی ئێمە هەر ئەوەندەی ئەرزش هەبوو؛ لەبەر کچێکی وا خراپ بێ کابرا ئەوەندە خوێڕی دەبێ تا جارانیش بوو هەر کەس دەیوت دۆست و ڕەفیق دەموت لە شەهریار چاکتر نییە، لە شەهریار ئاغاتر نییە،شەهریار ئاوا بوو شەهریار ئاوا چوو حەک بریا سەد ساڵی ڕەش نەمدیبا.

ئاخری تەواو بوو تەکوو مێشکیان بردین خۆ جیرانی ببە ئیدی بڕێک ڕەعایەت بکەن چاکە بابیشیان عومری لە خودای بڕیبوو.

شا توخودا فەرهەنگیان چاو لێ بکە بەردەرکەکەش پیس دەکەن خاوێنی ناکەنەوە دوایی، تازە ئەوشۆ هیچ داخدارن هیچیان پێ ناڵێم بەڵام ئیدی لێیان قەبووڵ ناکەم پێیان خاوێن دەکەمەوە وانابێ.

شەهریارە؟ شەهریارە ! لێرە چ دەکا بەو نیوە شەوەی ئەوە چۆنە دوای ئەو هەموویەی ئەمنی بیری هاتەوە کاری پێمە دیسان دەنا پیاوی ئەوەی نییە.

- سڵاو.
- سەرچاوم.
- چۆنی؟ باشی؟
- باشم، خراپ نیم.
- شوکر.
- چ بووە بەو شەوەی هاتوویەتە ئێرە؟
- مەجبوور بووم دەنا نەدەهاتم.
- بۆ مەجبوور جا دەتوانی بڕۆی.
- وتم خۆ مەجبوورم، هەواڵێکم پێیە.

هەواڵنامەی کتێب

- دەی فەرموون ئەمرتان.
- هەواڵێکت لە دڵنیای هەیە ؟
- دیسان کای کۆن بە با دەکەیەوە ؟
- هەتە یا نا ؟
- نەخێر نیمە. حەسایەوە ؟
- لە کەیەوە ؟
- هەهوو هەهوو تەواوی ناکا.دڵنیا بەتۆ چی ئاخر؟
- حەتمەن شتێک هەیە دەنا نەمدەپرسی.
- دوو سێ ڕۆژێک دەبێ نازانم لەکوێیە.دەی بۆ؟
- لەگەڵی چووبوویە دەرێ ئەو چەن ڕۆژەی ؟
- ئا.ئەرێ دەڵێی چ بووە یا نا؟
- دایک و بابی سێ ڕۆژ بوو لێی دەگەڕان.
- لەکوێ بووە؟
- ئەوڕۆ لە پزیشکی قانوونی زەنگیان لێدا.
- چی؟! دەکرێ جوان قسان بکەی؟
- دڵنیا سێ ڕۆژ بوو ون ببوو؛ ئەوڕۆ لەپەنا سەد دۆزیانەوە کەلاکەکەی.
- چی؟
- پزیشکی قانوونی دەڵێ سێ ڕۆژێک دەبێ لە خنکانی تێدەپەڕێ دایک و بابی زەنگیان بۆ لێدام هەر ئەمنیان دەناسی لە ڕەفیقەکانی کوتیان بزانە بگەڕێ لە ڕەفیقەکانی دیکەی شایەد شتێک بووبێ دە پێشدا.
- بڕوات پێ ناکەم.
- بەتوون ئەودەم کە قسەمان لەیەک هەڵبەزێوە دەبا بڕوات کردبا ئەلان هەرچی بکەی بەکار نایە.
- ...
- خوداحافیز
- خوداحافیز

سەرم لەگێژەوە دێ. نامهەوێ جگەرەم ناوێ ئەوشۆ. بچم چاوێک بە بەرگەکاندا بخشێنم سبەینێ بیاندەمەوە بە منداڵان؛ ئاااا سەرم ناهێڵێ خەریکە بتەقێ هەر ئەوەم مابوو. بچم ئاوێکی بەخۆم دابکەم دوایی بێمەوە بنووم ناتوانم ئەوشۆ. دڵنیا لەگەڵ من بوو؛ نا درۆیە بەقا ناکەم.

هەواڵنامەی کتێب

- بە پیرۆز بە پیرۆز بێ جێژنی لەدایک بوونت.

- شێتەگیان! لەبیرت بوو ئەوە وەڵا وتم هەر لەبیریشی نییە.

- بەڵێ بەڵێ منت چ داناوە؟ ئێرەلماسی؟ لەدایک بوونی خۆشەویستم لەبیرم بچێ

- کوڕە ئەمن قەزات گرم خانم گیانم.

- خودا نەکا فەرموو زۆر ناقابیلە بەڵام هەر بۆ بیرەوەری ئەوڕۆ با لە لات بێ.

- بمرم بۆت دەستخۆش دەستخۆش بەڕاستی سپاس خانمێ زەحمەتت کێشاوە.

- پیرۆزە. لەدەستتی بکە بزانە چۆنە ؟

- تەواو تەواو ئەوجار کات و ساتم ویست و چاوم لێ کرد ئەتۆم بیر دێتەوە.

- دیسان پیرۆزە.

- عەتر و شتت لە قودوو و شتەکەی داوە ؟

- ناوەڵا بۆ ؟

- بۆنی لێ دێ.

- بۆنی چی ؟

- بۆنی تۆ.

- بۆنی من چییە ؟

- نازانم بۆنێکی تایبەتیت لێ دێ ئەو کاتژمێرەش بۆنی تۆی لێ دێ.

دەبێ بیفرۆشم سبەینێ دەیبەم بزانم بەچەندی هەڵی دەگرنەوە شتی چاکە دەبێ پارەی چاکی لەسەر بدەن، ئەرێ چاکە ئەرێ ئەرێ.

لەبن ئەو ئاوەش هەر دێشێ سەرم ماڵت ئاوا بۆ ئاوام لێ هات. لەگەڵ من بوو پێکەوە بووین لە قەراخ سەد ڕاوستابووین ئاخر. بەس لاق دەزەوی هەڵچەقێنە، ئەوڕۆ دۆزیویانەتەوە، نا بڕوای پێ ناکەم، ئیدی لەوەی زیاتر ناکرێ پێکەوە بین، خۆم دەکووژم نەبی، غیرەتی، تیژە پێموایە، کاری ئاوات نییە، دەیبنین، غیرەتت نییە، هەمە، نیتە، خوداحافیز، دیتت، ناکرێ پێکەوە بین، بۆنێکی تایبەتت لێ دێ، دەستت بۆ تەڕە هەمیشە، دە بەس تەقەتەق بکەن، دەستم قلیتکەی دێ شێتە دەستت لەچی داوە وا سوور بووە، بەسە، دیتت هەمبوو، سەرم گەرم بووە، کچێ ئەمنت بۆ هەڵنایە، بۆنت، بیفرۆشم، دەستم سوور بوو دەستت بوا گەورە بووە.



هەواڵنامەی کتێب

*خەوم لێ کەوتووە هەستم هەستم دەنا نەخۆش دەکەوم. ها لە ئێستاوە کڵخەکڵخم دەستی پێ کرد. سەرم قورسە هێشتا، هەستم.*

- ڕاکشێ جارێ دەبێ ڕاکشێی.

*ئەوە لێرە چ دەکا خۆ تۆرا بوو کوێر بووم*

- ناڵێم هەڵمەستە دەبێ بچم بانگی دوکتۆری بکەم
- دوکتۆری چی ؟ ئەوە چییە بە مەچەکمەوە؟
- نێومە لەبیمارستانێم؟ *ئەوە ئەتۆی دەکۆخی*
- ئاخری هەستای ؟
- کێ ئەمنی هێنا ئێرە ؟
- باپیری من
- دەرکە داخرابوو
- ڕقم لێتە بەڵام نە ئەوەندە تەواو بەجێت بێڵم شکاندم دەمزانی کارێکی دەدەیە دەست خۆت

- *دەبێ بڵێم چی ئەلان خودایە.* توونیمە
- ڕاوست ئێستا دوکتۆر دێ

*ئەو دێوەزمەیە چییە دێ چاو ئەو گەسکەکۆڵەیەی بن لووتی*

- زۆر چاکە ئاخری بەهۆش هاتییەوە

*بۆوا زەلامە*

- ئەلان هەستا
- زۆرچاکە خوێنمان لێ داوە زوو چاک دەبێ فەقەت دەبێ ئاگاتان لێی بێ

*ئەوەندە قەڵەوە دوگمەکانی بەزۆری ڕاوستاون*

- زۆر چاک سپاس دوکتۆر گیان

*دوگمەکانی دەرنەپەڕن*

- تکایە دێمەوە دیسان سەردانی دەکەم

*هەر بەزە*

- توونیمە
- ئەلان بۆت دێنم
- هاا چۆڕێکی بخۆوە نابێ زۆری بخۆی
- خەوم دێ
- دەی بنوو لێرەم ئەمن جارێ

جا لەوەی خۆشتر نییە دیسان جگەرەم پێ نەماوە هەستە بەو بەند و بەستەڵێنەی بچۆ جگەرەی بکڕە. دەڵێی دەکێشم دەڵێی مۆعتادم چاو بن چاوم دەڵێی چاڵاون بنیان دیار نییە ئەوەندە ڕەش هەڵگەڕاون. وەڵا ئێستا چاکیش ماوی لەکاری وەدەرت نێن، پێت بڵێن شێت دەستم دەڵێی قامیشە پێمەوە نووساوە دوو مانگان کارت نەبێ، ڕەفیقت بەخێوت بکا، بۆخۆشت دەڵێی چیلکە شەمچەی ڕاست دەکەن شێت بووم، دەنا کەی بەشەر دێتە بەر ئاوێنەی قسە لەگەڵ خۆی بکا و قسە بەخۆی بڵێ ئاخر بچم شتەکەم بکڕم باشترە.

چاکە لێرەشە بەو شەوەی دووکانە دەنا دەبا چووبامە خوارێ.

ئەرێ ئەوە بۆ دەڵێی حەڵوای بابیان سارد دەبێتەوە وا دەفڕن ناڵێن بەشەرێک دەیەوێ بپەڕێتەوە ئەوبەری.


دیسان گران بووە دەبێ تا کارێکی پەیا دەکەم کەمتر خەرج بکەم ئەو نەخەی هەڵدەکەم هەڵدێمەوە ماڵێ ڕەقم بوو لەسەرمان جا ئەگەر ماشێن بێڵێ بپەڕێمەوە هەڵێ هەڵێ بۆنی دڵنیای دێ بۆ چەقیوی دەیناسمەوە هەڵێ ماشێن چ تیشکێکی هەیە دەنگە دەنگی چتە دەیناسم دەزانم دڵنیایە ئاخری لەکۆڵم نەبوویەوە سەرم گەرمە نا ساردە حەقتە تەڕە ماڵێ دەبێ بڕۆمەوە ماڵ سەرمامە.

# دواهەمین شەو



شلێر ڕەحمانی

ژانەکان مرۆڤ ناکوژن بەڵام وادەکەن کە مرۆڤ ئاواتەخوازی مەرگ بێ. وەکوو شەقێک لە نێوی دیواردا هێدی‌هێدی دیوار دەڕووخێنن، ژانەکان هەم هۆکاری دابڕان و هەم هۆکاری نزیک بوونەوەی مرۆڤەکانن. ئەویش منداڵی زامێک بوو کە لەگەڵ خەونێک پەشێودا لە چاوی شەوێک لێڵدا خزایە نێوی گێژەڵووکەی ژیان. مەرگ لە ژیانیدا لەگەڵ خۆشەویستی دەستی یەکدیکەیان گرتبوو، هاوڕێ هەمیشەیی ئەو بەزەییەک بوو کە بە مردن کۆتایی دەهات.



بەزەیی بە خۆی بە باوکی بە دایکی بە مرۆڤەکان، تەنانەت بە پشیلەکان. جارجار بیری دەکرد ئەگەر هەموویان بمردایەن بە ئاسایی دەگەیشت، ئەمە ژیانێک دووبارەیە مردن سەرەتای بووژانەوەی بیر و هاتەکانە، دنیایەک مەزن لە وێنە و دەنگ، بێ بەزەیی بێ ژان و بێ مردن. کە مرۆڤەکان دەمرن دنیایەک هەرمان ساز دەکەن، دنیایەک لە خەرمانەی جوانییەکان. بەڕاستی ئەمە ژیانە چون قەت کۆتایی نییە، هەموومان لە مێشکی زەوی و لە ناخی ئاسماندا تا هەتا هەتایی دەمێنینەوە، بۆیە حەزی لە مردن بوو. کە بە باوکی ئەیڕوانی دەماری زەوی دەدی کە سیس و ژاکاوە لە چاویدا مێژووی سەدساڵەی پەڵەیەک لە زەمەنی دەدی کە دەستی دەگرت و بەرەو خۆی ڕایدەکێشا، لە قسە و لە هەموو بیرەوەرییەکانی وەڕەس بوو. ئەوەندە ئەستوور نەبوو کە لە ژێری هەناسەکانی خەفەت تیشکی وشەکان لە ماتەمی دەنگەکان لەیەک بکاتەوە. ئەو شەوە شەوی ئاخر بوو کە باوکی

دەدی باوکی وەکوو هەمیشە لە سەر کورسییەکەی دانیشتبوو و تەسبێحەکانی دەژمارد. گوتی تۆ کیت ولامی نەدایەوە، کوتی وەرە لام دانیشە باسی سالی گرانییەکەت بوو بکەم، ئەو سالە نرخی نان لە پەلکە شۆڕەکانی چاوجوان گرانتر بوو.

هەستا، بیری کرد دایکیە دایە گەورەی خۆی، بە ڕووسی قسەی دەکرد زۆر کەس لە خەڵک فێری ڕووسی بوون نان زمان ناناسێ نەتەوە و ژیانیش هەروەها. باوکی ئێستاش باسی مسگەری بۆی دەکرد کە لەگەڵ ئابرایدا دەچوو بۆ عێراق .ئەم جارە خۆی لەوێدا دەدی کە خەریکی سپی کردنی مس بوو. دەیکوت من کێم؟ ئەمە کە پێم ئەڵێ

خانمەکێ کێیە؟ من خانمەکێ نەبووم من دایکی نەبووم. ئەو تەنیا خانمەکێ و عەولکەریمی دەناسی و چاوجوان، ئەی ئەو چی؟ ئەم کام گوڵی ئەو قالییە کۆنە بوو؟ کام موورووی ئەو تەسبێحە بوو؟ تەنانەت چاویلکەکەی لە بیر بوو،کاژمێرە دەور برنجەکەی، یان ئەنگوستیلە ئاقێقییەکەی. ئەم لە بیر چووبوو وەکوو میچی دیوی ژنە ئەوەڵەکەی کە ڕووخابوو و کەس دروستی نەدەکرد، وەکوو ئەو قاپە شکاوە کە بێ‌وێنە لە نێوی هێشخانەکەیدا مابوو، پڕ لە تەپ‌وتۆز لێڵ و ژەنگ گرتوو. بەلام ئەم هەموو شتی لە بیر مابوو، ئەو ڕۆژەی کە دایک و باوکی لە بەر کەلانتەرییەکە بەجێیان هێشتبوو ئەم زیایی بوو، بەلام وەکوو شووشەیەک بوو کە دوو هەناسەی لە نێوی خۆیدا گرتبوو بەهۆی ئەو بوو کە حەلقەکانی ئەو زنجیرە تووشی دابڕان نەبوون.

شەوی ئاخر سەری ئەنگوستەکانی باوکی زەرد بوون و نوورێک کەوتبووە نێوی چاوانی، پێی کوتی لەگەلم نان بخۆ، بەلام نەیتوانی دەیزانی کە وەکوو پێش نییە، دەیزانی کە ئەیەوێ بڕوات، بەلام هیچ هەولی نەدا بۆ ڕاوەستانی بەزەیی گەورەترین گوناحە، نەیدەتوانی ئەو ژانە قوولە ببینێ نەیدەتوانی ببینێ لە مالێک پێکەوە بن بەلام نەیناسێت. پێ خۆش بوو مالاوایی لەگەلیدا بکات بەلام نەیکرد نانی نەخوارد دەستە زەرد و چرچ و لۆچەکانی نەگرت. لە دلی خۆیدا کوتی دەزانم پێت خۆش نییە لە بیمارستان لەگەل ئەم ئاسمانە مالاوایی بکەی دەزانم پێت خۆش نییە زۆرتر لەمە ڕۆژەکان بژمێری. ڕۆیشت و لەگەلیدا مالاوایی نەکرد.

هەوراز کتێب

## کۆتر و گاوانی



حەکایەتبێژ: ئیبراهیم زەندی[1]
تۆمارکردنی دەنگ: بەسیر زەندی
ئامادەکردن: حەسیبە فایەقی

هەواڵنامەی کێڵ

لە زەمانێکا حەزرەت سلێمان پەیغەمەر پاوشاوو. حەزرەت سلێمان پەیغەمەر وە زوان هەرچی چتە ئەیزانی. وە زوان ئەوەک مار و عەقرەو و جانەوەراتە، وە زوان گشتی ئەیزانی. زمسانێ فرە تەڵخ هاتە ملا. وتی: «مەلاتێکم گەرەکە بڕوێ بۆ بانلەیلاخ، بزانێ بانلەیلاخ حاڵی چۆنە. ئیسە حاڵیان نارەحەتە و زمسانەکەی تەڵخە.»

هەرچی مەلاتی چڕی، وتیان: «قوربان! ئێمە ناتوانین. ئیلا کۆتر نەوێ تێژباڵە، هیچ مەلێ ناتانێ.»

کۆتری چڕی. وتی: «کۆتر! گەرەکمە بڕوی بۆ بانلەیلاخ؛ ئەووەختە لە بانلەیلاخەو بزانی هەوا چۆنە.»

کۆتر هاتە بانلەیلاخ. ئەووەختە تەماشای کرد خوا با، قەلنشین نییە. هیچکە ناتوانێ ماڵەماڵ کا. شەو هاتە ملیا. وتی ئیمشەو ڕەقم ئەواتەو. بەشکەم کونایک بدۆزمەو بڕۆمە کونایکەو. تەماشای کرد دیواخانێک هەس؛ لە پەرچ دیواخانەکەو گاوانییێک هەس.

وتی: «گاوانی جێیەم کەرەو ئیمشەو با ڕەقم نەواتەو.»

وتی: «جێیەت ناکەمەو. بۆچە تو نێری یا مای؟»

وتی: «من نێرم.»

---

[1] بەڕێز ئیبراهیم زەندی لە ساڵی ١٣١١٣١٤ی هەتاوی لە گوندی باخچەمریەم-ی بانلەیلاخ لەدایک بووە و ئێستا لە نایسەر (سەر بە شاری سنە) دەژیت. ناوبراو نەخوێندەوارە و بۆ ماوەی دەیان ساڵە گەلێک چیرۆکی لە مێشکدا پاراستووە. شیاوی ئاماژەیە زمانی ئەم چیرۆکە، تا ئەو جێگایەی ڕێنووس ڕێی داوە، دەستکاری نەکراوە و وەک خۆی نووسراوەتەوە.

وتی: «دەی من جێیەو ناکەمەو. سۆزی تانەم لیٚ ئان ئەیژن تو جێیەی کۆترۆ کردەو، ئەوێتە تانە بۆ من. ئەیەرکەتیٚ قەرار ئای مارەم کەی، جێیەت ئەکەمەو.»

کۆتر وتی: «باشە ئەوخوازم و جێیەم کەرەو.»

جێیەی کردەو شەو و، هەتا سوح و، سوح کۆتر پلپای پیٚکەفت دەرچیٚ. گاوانی ئەولای گرد. کۆتر دای لە شەقەی باڵ و باڵی گردەو. گاوانی لە شۆنیا جیقانی و دەرچوو. ئەووەختە کۆتر چووە پای تەختەکەی حەزرەت سلێمان پەیغەمەر، لوێنا هاتە خوارەو، نیشتەو. گاوانیش نیشتەوە و حەزرەت سلێمان پەیغەمەر فەرمایشتی کرد: «کۆتر چۆنە بانلەیلاخ؟»

وتی: «قوربان! بانلەیلاخ هیچکە ناتوانیٚ ماڵەوماڵ بکا، هیچکە ناتوانیٚ دریاکە کاتەو، حەر ئەونە تەڵخ و ناڕەحەتییان هەس و ئەمانە.»

حەزرەت سلێمان پەیغەمەر وتی: «گاوانی تو چۆن هاتی؟»

وتی: «وەڵا من کۆتر قەراری دا بمخوازێت و ئیمشەو جێیەم کردیەسەو. ئەشیٚ بمخوازیٚ.»

کۆتر وتی: «نە، من تەرک دنیام کردیە. چاوم وە ژن کەفتیە، ژن ناخوازم.»

حەزرەت سلێمان پەیغەمەر وتی: «یانیٚ چە؟»

وتی: «یا سلێمان پەیغەمەر! کەنیشک پاوشای خوەرهەڵاتیان مارە بڕی بۆ کوڕ پاوشای خوەرنشین. وەزیر و وەکیڵ و سەرتیپ و ئەمانە کەفتنە تەکی و، مەمەیکی بوو وتی: «دا دایەم نەی، من ناڕۆم.»

وتیان: «خاس دەی دایەتیش بوە.»

دایەیشی هاورد و هات و ئەووەختە وتی توخوا با منیش بڕۆم تەکیانا بزانم ئائەمە سەر لە چە ئا. خوەرنشین ها کویٚ و خوەرهەڵات ها کویٚ و؟

وتی کەنیشک هاتن. دا هاتنە سەر کانی و ئاوێک و لوێنا کەنیشک وتی: «تیمساڵ! سەرتیپ!»

وتیان:«بەڵیٚ خانم!»

وتی: «گەرەکمە لێرا چار و خەیمە هەڵەو بەن. حەفەتەیک ئەم چار و خەیمە هەڵەوبەن. ئێمە چۆن ئازا وە خوەرنشین ئەگەیین؟»



هەواڵنامەی کتێب

ئەووەختە کوڕ پاوشای ئەم شاریشە ڕاوکەروو، ڕاوی ئەکرد. ئەووەختە چوو تەماشای کرد پەن شەش چار هەڵدریاوە و لە بەر چارا چاوی کەفتە خانم، ئاشق خانم بوو. ئاشق خانم بوو و ئەووەختە هاتەو وتی: «وەزیر!»

وتی: «بەڵێ؟»

وتی: «وەزیر! پەن شەش چار هەڵەودریاوە؛ خانمێکی ها تیا؛ ئامان سەد ئامان بەشکەم کارێکم بۆ بکەی!»

وەزیریش ئەملا و ئەولا و هەرچێکی کرد، هیچکە نەیتوانی ئەم کارە کا. ئێوارە دریا حەڵەبییێکی وەگیر هاورد. دەسی نیا دریا حەڵەبییەوە و، پیرەژنێکی تیاوو.

پیرەژن وتی: «ئای دایک و باوکمە قوروانۆ وەزیر! ئەوە چۆن هاتی؟»

وتی: «ئای دایە! قسە مەکە، کوڕ پاوشا دڵی چیوە لە فلانە کەنیشک و چاریان هەڵداوە، کەس نازانێ بۆ کوێ ئەڕۆن. ئەووەختە ئیسە کوڕ پاوشا ئەیەر بێت و تو کارێکی بۆ کەی، ئەتکێشێتە جەواهێراتا و ئیتر حەر ناوڕێتەو. بەشکەم کارێ کەی!»

وتی: «ئەی، کورە دایک و باوکمە قوروانۆ! جا ئەوە هەمیەتی چەس بۆ من؟ ئەلعان بێژە کوڕ پاوشای تاران، بێژە تەنیا سۆزی تامڵ کا.»

سوح هەڵسا و، جفتێ سەرپایی بوو، خستیە سەر پای و دەسی نیا پشت قنگیەو، وردە وردە هات و پڵتۆکێکی دا لە چارەکە و، ئەمیش، دایەی خانم بێژین، دایەی چووە دەشتەوە.

وتی: «ئەرێ دایە! ئەمە کیە؟ ئەمە چەس؟ ئەمە چ کارەس؟»

وتی: «ئەی خانم گیان! ئەمە کەنیشک پاوشای خوەرهەڵاتە و مارەیان بڕییە بۆ کوڕ پاوشای خوەرنشین و ئەمە تیمساڵ و ئەمە سەرتیپ و ئەمە سەرلەشکەر و گشتی هاتیە تەکیا و سەرهەنگ و ئەمانە.»

وتی: «جا خانم گیان! خوا دەوام عومرۆ با! ئێوە چۆن ئەگەیێنە خوەرنشین؟ کوڕ پاوشای تاران ئاشقی بیوە. بێژە بکەفێتە تەکی بڕوێت و، لەوەلا تویش مەڕۆرەو بۆ خوەرنشین؛ بێ، بەرکەیک ماڵمان هەس لوێنا دائەنیشین بەیەکەو، تیکەیک نان ئەخوەین و تواو بوو بڕیاوە.»

دایکیشی هاتەو وتی: «ڕۆڵە! خوەرنشین ها کوێیا؟ و ئێمە ناگەیینە خوەرنشین و تو ئەم کوڕ پاوشا عاشقۆ بیوە و، لەتەک ئەم کوڕ پاوشا بڕۆ و ئێمەیش ئەگەڕینە دواوە ئەڕوینەو.»

هەواڵنامەی کتێب

پیرەژنیان حاڵی کرد؛ وتیان بێژە شەو کوڕ پاوشای تاران بێ. کوڕ پاوشا هەڵسا لیباسێ قەشەنگی کردە بەری و ئەووەختە ڕوو خانمی برد. خانمی برد و سوحا تیمساڵ و سەرتیپ و سەرلەشکەر و ئەمانە هەڵسان، چە خانم نەماوە. وتیان: «باوە بزانین دەعوا بردی، بزانین جانەوەر بردی، بزانین چەی پێ‌هات؟!»

ئەوانیش گەڕیانە دواوە ڕوونەو. کوڕ پاوشایش خانمی هاورد و هات لە سەر کانی و ئاوێکەو دانیشتوون و، کوڕ پاوشا وتی: «خانم! ڕانۆ دانە سەر بنمە بانی، خەوم تێ، با چکێ خەوم پیا بکەفێ.»

ئەمە کۆتر وتی. وتی: «من تەرک دنیام کردیە چاوم وە ژن کەفتیە.» وتی خانم سەری دانیا و کوڕ پاوشا سەری نیا بان ڕانی و خەوی پیاکەفت. ئەووەختە سێ دانە لۆتی هاتن. سێ دانە لۆتی هاتن و لۆتی‌باشی لە تەکیاناوو. منیش هەروا چینەم ئەکرد لە دەوریانا. ئەووەختە لۆتی‌باشی هات وتی: «خانم ئەمە چەتە؟»

وتی: «ئەی! ئەمە شوومە.»

وتی: «کورە لاوە ئەوە شوومە! ئەوە چەس تو شووتە؟ تەک ئێما بێ ئەچینە هەر شارێ، سحاتێ ڕەخس کە، ئەونە پوڵمان بەن پێ هەر حەساوی نەزانی. ئەوە چەس؟»

وتی: «دەی ئەمە چە پێ کەم؟»

وتی: «ئەوە خەوی ئەوەسین. ئاوە چایک هەس ئەیوەین ئەیخەینە چاکە و تین تو ئەوەین.»

خەو کوڕ پاوشایان بەست. کوڕ پاوشایان برد لۆتیەکان، خستیانە ناو چاکە و خانمیان هاورد و هاتن. وتی منیش وتم توخوا با بڕۆم بزانم ئەمە سەر لە چە ئا. ئائەمە دەس ئاخر ئەوێتە چە. وتی لۆتییەل ئەهاتنە هەر ئاواییک، من کۆترووم ئەچوام لە بانێ بەرزەو ئەوێسام و خانم ڕەخسی ئەکرد نیم سحات؛ ئەونە پووڵیان پیان ئەدا حەساوی نەوو. کوڕ پاوشای تارانیش خستیانە ئەو چا و لە چاکە دەرهات و لیباسەکانی شۆرد و ئەووەختە وتی وەڵا ئەشێ بومە دەورێشێک لە شۆنیا بڕۆم پەیای کەم، بزانم ئامە بۆچە وایە کردە من.

ئەووەختە وتی ڕۆژێ لە شارێکا، کوڕ پاوشا هات بۆ ئەو شارە و تەماشای کرد لۆتییەل ئەیکوتن و خانم ڕەخس ئەکا. خانم چاوی کەفتە کوڕ پاوشا و، کوڕ پاوشای ناسی و ئەووەختە وشک وێسیا. ــ ئەوەسە فەڕاش‌باشی تو نازانی، پێ ئەیژن فەڕاش‌باشی دارێک ها دەسیەوو ئەگەییە هەرکە و ئەیدا لێ؛ ئەیوت بڕۆ هەڵپەڕە. ئەینەوی لە باڵ هەر ژنێ هەڵنەپەڕیا، زرم دارێکی لێ ئەدا؛ ئەیوت بچۆ هەڵپەڕە. ــ

ئەووەختە فەڕاش‌باشی وتی: «خانم! دەی ڕەخسەکەت کە.»



هەوالنامەی کتێب

وتی: «نا، ئەوە چاوم لێ دائەچەقنێ.»

فەڕاشباشی هات سێ چوار شەقی دا قنگ کوڕ پاوشا. وتی: «لاچۆ و ئەمە کیە؟»

کوڕ پاوشایش، حاکم حکوومەت لەو شاراوو. چووە لای حکوومەت و شکایەتی کرد وتی: «بەڵێ من کور پاوشام و ئەم خانمە هاوردیە و ئەم لۆتییەلە وەی جۆرە منیان ختیە ئەم چا و لەم چا...»

حاکم وەخت وتی: «وەزیر!»

وتی: «بەڵێ؟»

وتی: «وەزیر! ئەڕوی خانم تێری ئەیخەیتە وتاقێ، لۆتیباشی ئەخەیتە وتاقێ، ئەو دوو لۆتیەکە ئەخەیتە وتاقێ. یەکێ یەک نەفەر خوەی دابگرێ بزانێ قسەیان ئەوێتە چە.»

لۆتیباشی وتی: «ئێمە چۆن تووشیار ئەمە هاتین؟ هاوردمان تەک خوەمانا، کوڕ پاوشامان برد ختمانە چاکە و ئەممان هاورد تەک خوەمانا، ئەوەسە ئیسە زیندانمانیان کردیە.»

خانمیش وتی: «دەی من ئەیەر خوا حەق کوڕ پاوشام لێ بسەنێ، لەمە خراوترم پێ تێ.»

جواویان دا حاکم وەخت وتیان: «بەڵێ ئەمەمانە لە دەمیان ژنەفتیە.»

حاکم وەخت وتی: «بڕۆن خانم بێرن بیەنە دەس ئەمەوە و لۆتییەلیش مەرەخەس کەن با بڕۆن.»

وتی: «منیش هەر کەفتمە تەکیان.» کوڕ پاوشا خانمی هاوردە بیروون شارەو، دای لە خانم خانمی کوشت. خانمی کوشت و خوەی هاتەو.

- «من ژنم دییە، تەرک دنیام کردیە؛ ژن نایرم.»

ما سەر گاوانی. حەکایەت گاوانی ماوە. گاوانیش وتی: « حای بۆچە ژن هەس و، گشتی ژنێکە؟ منیش ژنم دییە.»

وتی: «تو چە؟» حەزرەت سلێمان فەرمایشتی کرد: «تو چە؟»

وتی: «منیش لە پەرچ ماڵ دوو براوەوم. هەتکیان توجاروون. هەتکیان ئەونە دەوڵەمەنوون. لەو پەرچەو هێلانەم ئەکرد، بەچکەم دەرئەهاورد، حیچکە ڕێخێکی بۆم فرە نادا. برنجێ فرەیان ئەرژان ئەمخوارد و بۆخوەم دائەنیشتم. شەوێ تەماشام کرد مەردمێ فرە هات چووە ماڵ برا گەورەکەیە و ژنێ فرەیش هات چووە ماڵ برا بووچکەلەکەی. وتی

منیش وتم خوا داخوم ئەمە بۆچە ئەم حەمکە مەردمە هات و چوونە ماڵ ئەم کوڕەو؟ با بڕۆم بزانم چەس. وتی چووم بۆ بەر دریای برا گەورەکەیان. ژن برا گەورەکەیان کەنیشکی بوو، ژن برا بوچکەلەکەیان کوڕی بوو. وتی ژنیەل دایان لە چەپ، وتیان ئەم کەنیشکە کەینە ناوکەبڕەی ئەم کوڕە. کەنیشکیان کردە ناوکەبڕەی کوڕ. ئامۆزان. ئەووەختە گاوانی وتی: «منیش وتم توخوا بێسە بزانم ئەمە سەر لە چە ئا. وتی من وێسیام، کوڕ و کەنیشک گەورە بوون و ئەووەختە وتی برا بووچکەلەکەیان مرد، باوک کوڕەکە. وتی باوک کوڕ مرد و دارایی هیچ نەما لە دەس کوڕەو. کوڕ ڕۆژێ وتی: «دایە! توخوا دا بڕۆ بزا مەمۆم ئەم کەنیشکمە پێ ئا.»

دایکی ڕوو. مەمۆی وتی: «حای واواپێهاتیە! من کەنیشک بەمە ئەو خوێرِیەی واواپێهاتیە؟ داراییەکەی باوکی ئازا کەس نەیزانی چەی پێ هات. من کەنیشکی پێ نام.»

وتی منیش وتم توخوا بێسە بزانم ئەمە سەر لە چە ئا. وتی کەنیشک هات، ڕۆژێ کوڕ دانیشتوو لە خوەرەتاوێکا. وتی: «ئامۆزا بۆ چە ناڕەحەتی؟»

وتی: «بۆچە ناڕەحەت نیم؛ داراییەکەی باوکم هیچ نەما. ئەووەختە وتم خاسە مەمۆم تویشم پێ ئا. مەمۆمیش توی پێم نەدا.»

وتی: «دەی ئیمشەو ئەسپەکەی خوەت زەینبەرۆ کە، منیش ئەسپەکەی خوەم زەینبەرۆ ئەکەم و پاشکۆتەرکێک لیرە و جەواهێرات تێرم و بڕوین لە شارێکا مارەم کە و دانیشین. ئەزانم باوکم من وە تو نا ئامۆزا!»

وتی ئەووەختە منیش کەفتمە تەکیان. وتی ئەوان هاتن، منیش کەفتمە تەکیان و هاتن لە لێو بەحرەو خانم وتی: ئامۆزا!»

وتی: «بەڵێ؟»

وتی« ئەسپەکان بوە، ئەسپەکان لە مەیانا بفرۆشە بێرەو. من هەر لە دەور بەحرەکا ئەوێسم دا تو تیتەو. ئەسپەکان بفرۆشە و بێرەو ئەچین لە ناو شارا ماڵێ کراها ئەکەین؛ ئەنا خۆ وە ئەسپەکانەو ماڵمان پێ نان.»

وتی ئامۆزا ئەسپەکانی هاوردەوە بۆ مەیان و، ئەونەمە زانی ناخوایک هات. ناخوا چاوی کەفتە خانم و، نەوی لە خانم خستیە ناو کشتیەکە و کردیە ئەو وەر بەحرەو. کردیە ئەو وەر بەحرەوە و، ئامۆزا هاتەو دایە تەوق سەر خوەیا و وتی هیچکە نییە. وتم منیش وتم بێسە با تەک خانما بڕۆم بزانم سەر لە چە ئا. ئەووەختە خانم کردیە ئەو وەر بەحرەوە و نزیک شارەو بوون، وتیە ئەو ناخوا وتی: «من لە تەک توا نایێم.»



هەواڵنامەی کتێب

وتی: «بۆچە؟»

وتی: «ئەشێ تو بڕویتەو ئیجازە لە ژنەکەت بۆری بێژی ژنم هاوردیە، ئیجازە هەس بێرمیە ماڵەو یا ئیجازە نییە، هاتو ئەم ژنتە ئیجازەی نەدا، منیشی دەرکرد. وتی ناخوا کشتیەکە بوەسەرەو.»

کشتی بەستەو. ئەو ڕوو بۆ ناوشار و بۆ ماڵ خوەیان. کەنیشک نیشتە پشت فەرمان و کردیە ئەم وەرەو. کردیە ئەم وەرەو. حاکم ئەم شارە چاوی پێوەوو. وتی: «وەزیر! ئاو ژنە لە پشت ئەو فەرمانەو، بڕۆن بێرنی بزانین چ کارەس تەنیا خوەی.»

ئامۆزا وێڵ بیوە. ئەووەختە هاوردیان. پاوشا چاوی کەفتە کەنیشک، وتی: «ئەشێ شووم پێ بکەی.»

وتی: «من چل شەو عازیەتی ئەم شوومە ئەورم. دوای چل شەوەودوا بان چاو شووت پێ ئەکەم.»

سێ ژنیشی بوو پاوشا. ئەووەختە ڕۆژێک و دوان و سیان و چوار دانیشتن و وتی منیش هەروا چینەوچتەم ئەکرد و وتی ڕۆژێ کەنیشک وتیە ژنەکان پاوشا وتی: «ئاوە بۆچە دانیشتێن؟ بێن بنیشنە ناو ئەم کشتییە؛ من خوەم سەرم دەرئەچێ، با چکێ لەو بان بەحروچتەو بتانگەڕنم، تاقەتێکتان دەرچێ.»

وتی هەر سیانەکەیانی هاورد، نیایە ناو کشتیەکە و، نیشتە ناو کشتی. کشتی برد لە بەحرێکا کردیە ئەو وەرەو نزیک شارێ تر. وتی نزیک شارێ تر و حاکم ئەو شارە وتی: «وەزیر! بڕۆ بزانین ئەو سێ چوار ژنە چۆن نیشتێنە پشت فەرمانەو.»

هاوردیانیان. وتی پرسی لە کەنیشک. کەنیشک وتی: «وەڵا من یەک نەفەر وەی جۆرە و ئەووەختە ئەم شووی منە ڕووە و ئەم ناخوا وەی جۆرە منی برد و ئیسە ئەم پاوشا وتییە ئەشێ شووم پێ کەی. منیش وتێمە چل شەو عازیەتی ئەم شوومە ئەورم و دوای چل شەوەودوا شووت پێ ئەکەم. ئەم سێ ژنیشە هەرسیانیان ژن پاوشان.»

حاکم وەختیش وتی: «ئەوە کەی حاکمە؟ تو مەرامۆ چەس دا من مەرام تو وە ڕێیە بێرم.»

وتی: «من مەرامم ئەوەسە لە بان سەر دەروازەکەو ئەسکێکم بخەی، خوەم لە بان سەر دەروازەکەو لە وتاقێکا بوم، هەر کەسێک هات وتم بیگرن، بیگرن.»

ئەووەختە حاکم وەخت پەیغامی هەنارد بۆ پاوشا بێ ژنەکانی بواتەو، هەر سێ ژنەکەی. پاوشا هات ژن خوەی بردەوە و کەنیشکیان لوێنا دانیا لە وتاقێکا و ئەسکی خست و ئەسکی دا بان دەروازەکا و وتی: «من هەر کەسێ بێ، بێژم بیگرن، فەورەن بیگرن.»

رۆژێ تەماشای کرد ئەو ناخوا هاتەو. تەماشای کرد و وتی: «ئاخ ئەم ڕایشە کەفتایتە دەسم!»

کەنیشک وتی: «بیگرن بیوەن زیندانی کەن.»

ناخوایان برد زیندانیان کرد.

رۆژێ تەماشای کرد، ئامۆزایی هات. ئامۆزایی هات و چاوی کەفتە ئەسک و وشک وێسیا.

وتی: «ئەمە بێرن، ئەمە شووەکەمە.»

ئەووەختە ئامۆزایان هاورد و حاکم وەخت وتی: «باوە بڕۆن ناخوایش مەرەخەس کەن و ئەمیش بەنە دەس شوو خوەیەو با بیوا.»

ئەووەختە ئامۆزا هات کەنیشکی مارە بڕی بۆ خوەی و لوێنا ماڵێکیان کراها کرد و دانیشتن.

- «من ژنم دییە و خۆ ژن گشتی ژنێک نییە.»

«چەپەی گوڵ و چەپەی نەرگیز مەرگتان نەوێنم هەرگیزای هەرگیز»

هەواڵنامەی کتێب

## خەونی خوێناوی



گوڵزار ئەحمەدی

تەلەفوونە دەنگی لێوە هات. دایکم هاواری کرد:

هێرۆ، ڕۆڵە دابزانە کێیە. بەڵێ:

میمکم، عایشە بوو خۆشکی دایکم.

سڵام عایشە خاسی؟ منداڵەکەت خوەشە؟

عایشە بۆ بێ دەنگی ؟

بە دەنگێکی خەمینەو وتی دایکت هەس؟

بۆ دەگریت چی بووە؟ خاسی؟ دایکم گوشییەکەی لە دەستم گرت:

عایشە گیان چی بووە؟ توو خوا چەس منداڵەکەت خاسە؟ شوان خاسە؟ ئاخر چی بووە؟

هەستی خۆشکم دەسمی کێشا وتی:

چی بووە؟

نازانم تەنیا دەزانم سەفەرناڕۆین، هەستی خەم دایگرت بەڵام من نە.

ئێمە بنە ماڵەیکی چوارنەفەرە بووین، دایکم، فاتمە، باوکم, حسەین, من و هەستی کە دووانە بووین, لە ڕوومەت دا زۆر لە یەک دەچووین بەڵام بیر و خەیاڵات مان زۆرلە یەک دوور بوو من زۆر نەترس بووم تواشاکردن فیلمی ترسناک خوەش ترین تەفرێحم بوو، کاتێ منداڵ بووین پێم خوەش بوو هەموو کاتێ لە ئاواییەکەی ماڵ دایکم، بوواتایم

ئەم ئاواییە ئاواییێکی کۆن و زۆر جوان بوو باخەکانی ئەوەندە کۆن و ترسناک بوون کە زۆربەیان بێخاون بوون هەروە ها ماڵەکانیان، ئەمانە زۆر بۆ من سەرنج ڕاکێش بوون بە تایبەت ماڵی باوام کە گەورەکانیان زۆر خەوفناک بوون دانێ لە تێوڵەکان کە نزیک بوونمان پێ قەدەغە بوو؛ بەڵام من نەترسانە دەڕوام. ئاخرجارێک کە ڕۆیشتین بۆ ناوی چواردە ساڵمان بوو. بۆم زۆر خوەش بوو ڕازی ئەو تێوڵە کەشف کەم.

هەمیشە دەنگی بزن لێنە دەهات بەڵام هیچ حەیوانێکیشی تێدا نەبوو. دایکم دەیوت:

کاتێ منداڵ بووە چەن جار ئەو حەیوانەلە کە لە ناوی ئەو تێوڵە بوونە بێ خۆ مردارەو بوونەسەو باوام دیتر نەیهێشت بوو حەیوان بنە ناوی، ئەو کاتە هەمووەمان لە ماڵی باواما بووین، لەگەڵ هەستیا چووین بۆ ناو گەورەکان تا بزانین ڕازی چییە؟ هەرچی کە نزیکی ئەبووینەو دەنگی بزن بەرزتر دەبووەو دەتوت وەکوو بنیادەمێک ترساوە. هەستی وتی:

بێرەو بڕۆین تو خوا فرە ترساوم، پێم خوەش بوو بڕۆم بەڵام هەستی هاویاریمی نەدەکرد ناچارگەڕاینەو بەڵام لە ناکاو دەنگی ڕاکردنێک نزیکەو بوو تون دای بە لامانا و درگای گەورەکەی تون داوەو هەستی دەرچوو بۆلای درگاکە بەڵام بەتونی کەوتە زەوی دەرچووم بۆلای کەسێک بە پشتا کێشامی، کەوتمە زەوی دا شتێک زۆرسەنگین کەوتە ملما. داخی هەناسەکانی ئەیدا بەڕوومەتما دەسی لە ملما بوو ڕێگای نەفەسم بەسیا بوو وەمدەزانی دیتر دەمرم، ڕۆشنایی کەوتە سەرچاوم.

دەنگێکی کوڕانە وتی:

ئێوە لێرە چی دەکەن؟( ئاراز خاڵۆزاگم بوو).

دەتوت سەدکیلۆ لە سەرم هەڵگیریا، هەناسەکانی لێم دوورکەوتنەوە بە توندی دەکۆخیم، ئاراز دەسمی گرت وتی:

دانێکتان بێژن چی بووە؟ لێرە چی دەکەن؟

دوای ئەو ڕووداوە باوام درگای ئەو تێوڵەیە بەست و بۆ هەمیشە چوون ئێمە بۆ گەوڕ قەدەغە بوو، تا ئەوەیکە دووساڵ پێش خاڵۆم بوو بە ژێر تەراکتۆرەکەی فەوتی کرد، دیتر دایکم نەیتوانی ڕوو کات لە ئاواییەکە یان.

دەنگی بەرزی گریانی دایکم لە نێو خاترە کۆنەکانم کێشامیە دەشتەو، هەستی وتی:

چەو دووارە چووی بۆ خوەت؟

هەواڵنامەی کتێب

دایە گیان دایە! چەو عایشە چی وت؟

دایکم لەنێو فرمیسکەکانی دا وتی:

دایکم، یاسینیان چەن جار خوەندیە بە سەریدا.

ئەوەیکە دایە ی دڵسۆز و خۆشەویستم لە دەس دەچوو زۆرخەمێکی گەورە بوو.

کەس لە کاری خودا ئاگای نییە، ئێمە ئامادە بووین بڕۆین بۆ شۆماڵ، ئێستا لە ڕێگای نیشتمانە جوانەکەمان بەڵام ڕەشپۆش وخەمین.

کاتێ گەیشتینە ناو ئاوایی هیچ لە جوانییەکانی دیارنەبوون هەموو دارەکان جل وبەرگی خەمیان لە بەر کردوو سەوزی دارەکان گەش نەبوون، پشتیان چەمیا بوو.

دایەی خۆشەویستم دەموو بەیانی چاوی لە سەر دونیا بەست، ئەو نازدارمانە سپاردە دەس خاک. بە ڕاستی ئێمەی بەشەر زۆر سەرسووڕهێنەرین، عازیزەکانمان ئەدەینە دەس خاکەو، چۆن دوای ئەوان ژیان بە سەر ئەبەین؟



لەقەورستان کە هاتینەو ڕێگای من جیا لە خەڵکی دیکە بوو. خەیاڵم بە لای باخەکەی ماڵ باوامەو بوو. باخێکی کۆن لە نزیکی قەورستانەکە. چنارەکان لە بان سەرمەو چنگیان لە چنگ یەکدا بوو لە نێوانیدا ڕۆشنایی خوەر ئەیدا بە ڕوومەتم دا. خەو چاوەکانمی گەرم کرد. وردە وردە خەو داگیرمی کرد. دەنگی گریان ئافرەتێک دەهات لە پشتی چنارەکەو دانیشتبوو چەندە نازدار بوو، بەڵام خەمین. قژە کەی کەوتووە زەویدا. دوو گیان بوو. چاوی بە من کەوت بەڵام نە کەسێک یا شتێکی لە پشتی مندا دی بە توندی زریکاندی بەتوندی لە جێگای خۆم ڕاپەڕیم. کەسێک لە بان سەرمەو بوو بە سەختی خوەم جەمەو کرد وتم:

ئاراز لێرە چی دە کەی؟ بە ڕاستی ترسام. بە لامەو دانیشت وتی:

تۆ لێرە چی دە کەی؟ هەستی ڕاست دەیژێ کەم عەقڵی تواشای ئاسمان کە.

ڕاستی دەوت خوەر نەمابوو.

چووم بۆ بەربان. باخە کە دیاربوو. دەنگی هاوار لە گوێمدا بوو دەستێک کەوتە سەرشانم ڕاپەڕیم، دایکم بوو:

چەس؟ چی بووە؟ چەن جار بانگتم کرد. وتم:

ببەخشە دایە گوێم لێ نەبوو. وتی:

بۆچووی بۆ باخە کۆن؟ چەن جاربێژم مەڕۆ؟ بۆ دێرهاتیتەو؟ نایژی دەست لێ دەوەشنن؟ چتێکت بە سەر بێ من چی بکەم؟

دایە ئەمانە گشتی خۆرافاتە شتێ لێنە نییە.

تا تۆ ژیر بی من پیر ئەبم.

ئەمەیە وتوو هاستا چوو. هەستی بەکەنینەو هات و وتی:

بەڕاستی وایە، هێرۆ چۆن بوو نەترسای؟ ڕووم کرد لە هەستی و وتم:

قەسەم خوە بە لای دایەو نایژی.

بە گیان بابا هیچ نایژم.

لە ناو باخەکەدا خەوتم، تەم ومژبوو، ژنێکم لە پای چنارەکە دی دەگریا، دوو گیان بوو لاغەر و بێگیان قژی ڕەش لە سە زەویدا لە پشتی مندا شتێکی دی بە توندی زریکاندی، ئێستاش دەنگی لە گوێمدایە، وەک خەون نەبوو، لە ڕاستی دە چوو. هەستی وتی :

هێرۆ منیش وەک دایە دەترسم تۆ فرە نەترسی بۆ بیرناکەی چەن ساڵ لەمەو پێش لە گەوڕە چیمان بە سەرهات من ئێستاش لە خەودا دەیبینم، ترس هەمموو گیانم دەگرێت. وتم:

منیش دەترسم بەڵام ناتوانم بیری لێ نەکەم. ئەم ماڵە شتێکی هەیە، بەڵام چی؟ نازانم.



هەوراز نامەی کتێب

تا نیوە ی شەو لە  خەیاڵی خەونەکەم دابووم. وردە وردە خەوم لێ کەوت، هەر ئەو ژنە بوو نوێژی دەکرد. ماتی نوێژەکەی بووم لە ناکاو مێردەکەی ڕایکرد و بە توندی دای بە جانمازەکەیا و نیشتە مل ژنەکەدا بە بێ ڕەحمیدا ئەیدالێ، هاوار و گریانی بەرز بووە و.

هێرۆ، هێرۆ هەستە خەون دەبینی. چاوم باز کرد هەستی لە بان سەرمەو بوو. وتی:

خەونی خراوت دی؟

بە ڕاستی خەونێکی ناخوەش بوو.

بەیانی دایکم هات بۆ لامان. هەستی، هێرۆ، هەرواکە دەزانن باوکم فەلەجە و ناتوان  ناتوانێ لە شارا ژیان بە سەر بات دڵ لە نیشتمانی ناکەنێت. دوای  دایکم کەس نییە بە لایەو عایشە کە دووگیانە وخاڵۆیشتان ... نەیتوانی قسەکەی تەواو کا فرمیسکەکانی وەرین بە سەر گۆنایدا.

من و باوکتان گەرەکمانە لێرە ژیان بەسەربەین بەلای باواتانەو. باوکتان ئەچێ بە شۆنیا تا لە کامیاراندا دەرس بدات. ئێوەیش دەتوانن لە کامیارانا دەرس بخوێنن.

هەستی زۆر پێ خوەش نەبوو بەڵام من پێم خوەش بوو تاکوو بمێنمو و ڕووداوێک کە لەو ماڵەدا بوو پەیدای بکەم.

هەرشەو کە چاوم ئەنیا بە یەکدا ئەو ژنما ئەدی.

نازدار، ژنێکی پاک و بائیمان بەڵام مێردەکەی کافربوو نووشتە نووسی ئاوایی هاوپەیمانی شەیاتین وجن،

پیاگێکی ڕوومەت ڕەش و دڵ پیس.

ئەوەندە کە چاوم دەبەست هاواری دەکرد:

هیرۆ...هێرۆ... لە ئاگاداریش دا دەنگی لە گوێمدا بوو هەموو کاتێ دیتر بەشێ لە ژیانم بوو دەبوا بمزانیایە بۆ چی هاوارم لێ دەکات؟

نەو جەشنی دایەم بوو هەمووی بنە ماڵە ڕۆیشتن بۆ سەر زیارەت بەڵام من هەرئەوەیکە هەنگاوم هەڵگرت بڕۆمە دەشتەو دەنگێک هات:

هێرۆ... هێرۆ ....

دایە من ناتوانم بێم بۆ سەر زیارەت سەرم دەیشێت. دایکم وتی:

باشە هێرۆ گیان بچۆ بۆ لای ناهید دۆستت، تەنیا نەمێنی لەماڵدا.

بان چاو دایە.

هێرۆ...هێرۆ...

بێئختیار بەرەو گەوڕ کێشرام دەرگای گەوڕەکە بە توندی دراوە. توانی هەر تەکانێکی لێم بڕی لە پشتەو نزیک بوو پێم هەناسەکانی داخ بوون بۆنێکی زۆر ناحەز، دەستێک بە سەنگینی کێوێک کەوتە سەر شانم، چەسپا بە گوێما بە دەنگێکی زۆر سەنگین وتی:

تۆیش وەکوو باوات دەبێ تاوان بەی تاوانێکی سەنگین، تاوانی سەرکێشان لە کاری ئێما... بە تەواوی قۆدرەتم جەم کرد هاوارم کرد یائەڵڵا! یائەڵڵا!

بە چاوی خوەم دیم وەکوو سەگێک ترسا و دەرچوو.

لە گەوڕەکە دەرچوومە دەرەو هاواری کرد بە قوربانی زیرەکی و نەترسییەکەت بی بەڵام هەر ئەو نەترسیتە خاک تێرێت بە سەرتا.

بەرز وتم من لە تۆ ناترسم من خودایکم هەیە زۆر لە توو گەورەتر.

بۆ لای باوام چووم وتم:

بابا پێم بڵێ چی دە زانی لە گەوڕەکان؟

ڕەنگی ڕوومەتی سپی بووەو وتی:

ڕۆڵە چی دەیژی؟ چەن جار هاوارم کرد دووربە لێنە؟

بابا ناتوانم دوور بم. لە خەوا، لە ئاگاداریا بانگم لێ دەکەن... بابا تۆ پێم بڵێ تۆ تاوانی چیت داوە؟

چەن ساڵ پێش کە تۆ و هەستی ئەو ڕووداوتانە بۆ پێش هات نەمتوانی خۆم ڕابگرم چوومە پێش، بەڵام کاش... پشتمیان شکاند، خاڵۆتیان لێم سەند. ئێستا تۆش دەبێ دوور بی.

هەواڵنامەی کتێب

بابا من ناتوانم. هەموو کاتێک نازدار بانگم لێ دەکات. نازانم چی لێم گەرەک؟ بەڵام دەبێ بزانم.

بابام کراسەکەی لە سەر شانم کێشا دواوە، وتی:

ڕۆڵە چیان پێت کردووە؟

کاتێ ناو جامەکە ڕووانیم جێگای دەستێک لە سەر شانم بوو.

بابام وتی:

ڕۆڵە ئەم میرووە بگرە تاکوو لە ئازاریان لە ئاماندا بی. ئەم میرووە هین دایەت بوو. هەموو کاتێک بە لایەو بوو بە بۆن ئەوەو بوو کە نزیکی نەبوونەو.

میرووی کەوو کە ناوی ئەڵڵا و مۆحەمەدی لە سەریا نووسرا بوو.

شەو لە ناو جێگەکە ئەمڕوانی بۆ میرووەکە لە ناکاو دەنگی هاوار بەرز بووەو هەستامەو هەستی وبابا و دایە خەوتبوون. بێ ئەوەی کە لە دەستی خوەم بێ کێشرام بەرەو گەوڕ. دەنگی نازدار دەهات:

کۆرپە جوانەکەم، لای لای لای...

درگای تێوڵەکەم باز کرد نازدار بزنەکەی ئەدۆشی مێردەکەی پای بە داسەکە نزیکی نازدارەو بوو.

هاوارم کرد نازدار! نازدار! بەڵام دەنگم دەرناهات. نەمەتوانی هانگاو هەڵبگرم.

لە ناکاو چەن داسی دا لە نازدار. خوێن ناو تێوڵەکەی پڕ کرد. بزنەکە شاخی ئەدا لە دیوارەکان. مرداره بوو، کەوتە زەوی.

ئەو کابرای کافرە تێوڵە کەی کەند ونازدار و کۆرپەکە ناو دڵی، نیا ناوی خاک.

نازدار، گەرەکت بوو ئەمە بێژی پێم. هاواری فریا ڕەسیت لێم دەکرد. تۆ چەندین ساڵە ئەسیری لە نێوانی شەیاتین وجنا.

چاوم بازکرد لە ناوجێگا کەما بووم. دەبێ کارێک بکەم. هەمووی ڕووداوەکەم بۆ دایکم وبابم وت. دایکم وتی:

ڕۆڵە دەس هەڵگرە لەم خەیاڵاتە سەد جار وتم مەڕۆ بۆ گەوڕ بۆ ناو باخەکە مەچۆ.

دایە بە خودا خەیاڵ نییە هەمووی ڕاستە. لە بابا پرسە ئەو دە زانێ.

کاتێک چووین بۆ لای مامۆستا وتی: پەنا بە خودا! باوکم بۆمی دەگەڕاندەو کە پێش لە وەی بێمە دونیا کابرای دۆعا نووس دارای ژنێکی پاک و بائیمان بە ناوی نازدار بووە. نازدار دوو گیان بووە، ڕۆژێک ئیبراییم بانگی هەڵدابوو لە خەڵک و وتبووی:

نازدار ڕایکردووە. خەیانەتی پێ کردووە. ماڵ باوکی نازدار بە شەرمەندەییەو ئاواییان بەجێ هێشتووە.

دەبێ ئەو ژنە لێنە بێرینە دەشتەو بە لام کارێکی ئاسایی نییە.

مامۆستا هەر بەیانی تاکوو ئێوارە نوێژی کرد و قورئانی خوەند لەو گەوڕەدا. ئێزنی لە خودا گرت تاکوو ڕۆحی ئەو ئافرەتە نەجات بات. مامۆستا و باوکم دەستیان کرد بە کەندن، مامۆستا هاواری کرد:

یا ئەڵڵا! پێشە کانی نازدار دەرکەوت. هەنگاوم هەڵگرت تاکوو نزیک بمەو شتێک نزیک بووە بە ڕواڵەتێک زۆر ناشرین و ترسناک میرووەکە لە دەستما بوو نزیکیم کرد، ئەم جاریش وەکوو سەگێک لە گەوڕەکە دەرچووە دەشتەو هەستی قیژاندی، دەرچووم، هەستی وتی:

سەگێکی پیس و ڕەش لە ماڵ چووە دەشتەو پێشەکانی نازدار و کۆرپەکەی بە ئحترامەو سپەردەمان کرد لە قەورستانا. لە ڕێگەی قەورستاندا چووم بۆ ناو باخەکۆن، چاوم بە ئاسمانەو بوو لە بیری نازداردا خەوم لێ کەوت؛ دوای ماوەیەکی درێژ ئەمە یەکەم خەوی ئارامم بوو. دەنگی پێکەنینی نازدار ئاگادارمی کرد لە پشت چنارەکەدا منداڵێ جوان لە باوەشی نازداردا چاوی پێم کەوت و وتی ئەم بەهەشتە کە ئێستە ماڵی منە تۆ بۆمت تەرخان کردووە.

# چاوڕێ[1]



ناسێح مەلآیی

تیشکی بەربەیان لە دەلاقەی داخراوی باڵەخانەکەی بە کزی خۆی دەکێشا ژوورەوە تا هان و تینێکی پێ بدا. چەند کتێب و دەفتەری کراوە لە سەر سەکۆی کومپیووتەرەکەیدا بە شپرزی خۆیان دەنواند و تەپۆڵکەییێك گۆڤار و ڕۆژنامەی پێداویستی بۆ ئیش و کاری کەسی و حوکوومەتی کە چەنیەتی و چۆنیەتی ئیشیان بۆ ئیشخوازان ڕادەگەیاند گرێی سەر دڵی ژوورەکەی چاوڕێ بوو. جل و بەرگە هەڵواسراوەکانی بە هیوای ئەوە بوون کە لە خەو هەستێت و لە بەریان کات و بڕوات بۆ سەر ئیشێکی ئاسایی. دەنگی باوکی کە خەریکی خوێندنی قورئان بوو دەهاتە گوێی و وایدەزانی کە خەو ئەبینێ وا لە گۆڕەپانی مەحشەردایە و ئاخری دونیایە؛ چاوڕێ گیان، چاوڕێ کوڕم هەستە گوڵم، سەر لە جار، بەیانی هاتەوە و ئەزانم تۆیش گەڕانەکەت دەستپێدەکەیتەوە. چاوی چاوڕێ بەم قسانە کرایەوە و زانی کە خەوی ئەبینێ. خێرا لە ناو جێگەکەیدا هەستا و جل و جێوانی ژوورەکەی ڕێك و پێك کرد و ڕۆیشت تا دەمووچاوی بشۆرێت. باوکی چاوڕێ خانەنشین و مووچەخۆری حوکوومەت و خاوەنی هەشت سەر خێزان بوو. مووچەکەی بە زۆر و هەناسەبڕکێ تا دووایی مانگ بڕی ئەکرد ڕێگای پێداویستیە پێویستەکانی بنەماڵە ببڕێت و زۆربەی کات ئەوەندەی قەرز ئەهێنا کە لە دووایی مانگی داهاتوودا، کاتێك مووچەی وەردەگرت گزگی ئەدا لە بێخ خەرمانی مووچەکەی تا قەرز و قۆڵەکانی بار بکات و سەر لە جار ئەم چیرۆکە کۆمێدی تراژێدییە بڕوای بڵاوبوونەوەی دەگرت و دووپات دەبووەوە. چوار لە هەشتی منداڵەکانی کوڕ و ئەو چوارەکەی دیکەی کچ بوون. دوو دانە لە کچەکانی شوویان(مێردیان) کردبوو و کوڕە گەورەکەشی ژنی هێنابوو و لە ماڵی باوکی ژیانی بنەماڵەیی بەڕێوەدەبرد. چاوڕێ دووەمین کوڕی ماڵ بوو و بڕوانامەی ماجستیر (فەوقی لیسانس) ی وەرگرتبوو و سێیەمین کوڕەکەی بڕوانامەی کارناسی (لیسانس) بوو و دووایین کوڕیش خوێندکاری زانستگا. ئەو دوو کچە دووایییەش بە پێچەوانەی خوشکە گەورەکانیان کەوتبوونە شوێن ڕێگای زانین. یەکێکیان کارناس و ئەوی دیکە هاوکات لەگەڵ برای بچووکدا لە زانستگا دەرسی دەخوێند.

بنەماڵەییێك بە ئەم بار و دۆخە و مووچەییێکی خانەنشینی، شوکری خودای دەویست کە دەیانبا بە ڕێگادا و بەرگری دەکرد لەوەی کە باوکی ماڵ دەستی درێژ بکات بۆ لای دۆست و بێگانە. چاوڕێ دەمووچاوی شۆرد و بە پەلە

[1] هەر هەمان چاوەڕێ-یە بە شێوە گۆکردنێکی دیکە.

جل و بەرگی لە بەرکرد و هەرچی دایکی دڵسۆزی پێی وت: وەرە بەیانەکەت بخۆ، جا برۆ بە شوێن ئیشەکەت، بیانکی هێنایەوە و بە هیوایێکی پۆلایین لە ماڵ چووە دەر. جێگایێکی تایبەتی دیاری کراو لە ناو مێشکیدا نەبوو، بەڵکوو لە ناو شاردا ئەخولیایەوە و سەری ئەکرد بە ئەم ئیدارە و ئەو ڕێکخراوەدا و ئەم دەفتەر و ئەو دەفتەردا. بەردەوام تا ئێوارە دەگەڕا، و لە ئاکامدا هیلاك و مانیاگ دەچووەوە بۆ ماڵ. کە هاتەدەر، لە سەر کۆڵانەکەی خۆیاندا ویستی بە پا بڕوات تا شوێنێك، ئینجا کە شەکەت بوو سواری ماشین ببێت. هێڵێکی زەردی تاکسی و لە پاڵیدا هێڵێکی تری چەرمگ لە بەر کۆڵانەکەیاندا کێشرا بوون کە کات و بێکات هاتوچوونکەر سواریان دەبوون و دادەخۆزیان. چاوڕێ بە بێ تێبینی و خێدانی بەو دوو هێڵە لە پاڵیدا، کەفتە ڕێگا و لە ناو هیوا و ئاسۆی بیری ڕەنگینی پیاسەی ئەکرد و دەنگی شۆفێرەکانی تاکسی و هاواری لێخوڕە کەسییەکان بۆ بژیوی ژن و منداڵەکانیان وەکوو فیلمێکی زمان ڕەسەن و وەرنەگێڕدراو بوو کە لە لاپەڕەی سینەمای دونیادا بڵاو دەبووەوە. دابێنەو (وەرن) دەوری مەیان، دابێنەو یەك نەفەر ئەمە بوو گشت وشەی ژین و ئەوینی ئەو لێخوڕانە کە لایێکی جەستەیان لە ناو ماشینەکانیان و ئەو لاکەی تریشیان لە دەرەو بوو. هەموو جۆر مرۆڤێك لە ناو ئەو لێخوڕانەدا هەبوو، هەر لە تەمەن پازدە ساڵ هەتا حەفتا ساڵ، ژن و مێرد، خوێندەوار و نەخوێندەوار، دارا و نەدار، ئیشدار و بێ‌ئیش، خوێندکار و سەرباز، خاوەن ماڵ و کرێ‌نشین و تێر و برسی. وشەی یەکیەتی هەموویان یەك وشە، بەڵام ویست و پێویست و کانگای وشەیان یەك دونیا جیاوازی تێدا بوو. چاوڕێ دەیڕوانی بۆ ئەم هەموو ڕەنگاوڕەنگی و جیاوازییە، و بە بێ ئەوەی کە تۆزێ بیری لێ بکاتەوە لە پاڵیانەوە ڕێگای ئاواتی دەبڕی و بەرەو هیوا دەڕویشت.

بە ڕێگابڕینێکی زۆر، سواری ماشین کەسییەك بوو و لە چوارڕێیانی فیرووزدا دابەزی. لێخوڕی ئەو ماشینە چەند ساڵێك بوو کە خوێندنی زانستگایی دوایی هێنابوو. ئەو لێخوڕە تەواوی ڕابردوو و داهاتووی چاوڕێ زیندوو کردەوە و هێنایە بەر چاوانی. کە لە چوارڕێیانی فیرووزدا بەرەو مەیدانی گرینگی شار بەڕێ کەوت. لە چوارڕێیانی فیرووزد تا مەیدانی گرینگ و کۆنی شارەوە شەقامێکی هەرە درێژ و بێ‌ئەنجام بوو. شەقامێکی زۆر پان و بەرین نەبوو چۆن لە کاتی منداڵی شارەکەدا کێشرا بوو، بەڵام بە پێچەوانەوە، کاتێك لەو پەڕی شاردەوە سەیرت دەکرد، تاپۆ و تارمایی زۆری خەڵك دیار بوو کە بۆ بژیو و داژیاری ژیانیان هەر وەك شارە مێرووله لە هاتن و چوون و جووڵە جووڵدا بوون. ڕۆژانە دووجار، دەمنیوەڕۆ و دەمشەو، ئەوەندە خەڵك دەرژانە ناوی ئەو شەقامە کە باوك (باب) نەدەپەرژیایە سەر منداڵی. ئەم ڕوانگە، ڕۆژ لە دووای ڕۆژ، لە بەرچاوی چاوڕێدا دووپات دەبووەوە.

کات هەشتی بەیانی، و چاوڕێ لە سەرەتای شەقام بوو. ئەمجار هێڵێکی هەرە درێژ و ڕەنگین لە ماشینگەلی کەسی و تاکسی سەیر ئەکرد کە هێندێك لە لێخوڕەکان لە نێوی ماشینەکانیان بە تەمای مسافر بوون و فرەیێکیشیان خەریکی خاوێن کردنی ماشینەکەیان بوون و لە هێندێ کاتیشدا لە سەر نۆگەی سوارکردنی مسافر تووشی کێشە دەبوون،

چۆن لێخوڕی تاکسییەکان سوارکردنی مسافریان بە ئەرکی تاکی خۆیان دەزانی و دەیانگوت نابێ ئوتومبیلە کەسیەکان لەم ئیشەدا دەست بکەن بە شانە ترنجێ و دڵنیایی ئیشی ئەوان کز و لاواز بکەن. لە بەرانبەردا، شۆفێرە شەخسییەکانیش (کەسیەکان) ئەو ئیشەیان بە مافی خۆیان دەزانی و دەیانگوت ئێمەش لە شاری خۆماندا خاوەنی مافین، و شیاوی ئەوە هەین ژیانێکی ئاسایی و پێشینی وتەنی بخۆ و مەمرەمان بێت و نان ببەین بۆ سەر سفرەی تەق و ڕەقی ماڵۆچکەکەمان کە ژن و منداڵەکانمان بە بانیەو چاوەڕێیی گەڕانەوەی ئێمە بە دەستێکی پڕ لە بژیوی حەلاڵ دەکەن.

چاوڕێ لە بیری گێرە و کێشەی لێخوڕەکانی شار دا بوو کە خۆی لە بەر ئیدارەیێك حکومەتیدا بینی کە پەیوەندییێکی زۆر لە نێوان تەلی زانکۆیی ئەو و ئیشی ئیدارەکە هەبوو. ڕۆیشتە ژوورەوە و یەکێك لەو داخوازینامەگەلە کە ئامادەی کردبوون، لە بەردەمی بەرپرسی ئیدارەکە دانا و داوای هاوکاری و لێکۆڵینەوەی لە چۆنیەتی توانینی ئەو بۆ دەستپێکردنی ئیش لە ئەو ڕێکخراوەدا کرد. بەرپرسیش چاوێکی خشاند بە داخوازینامەکەیدا و بەڵگەنامە زانکۆیییەکانیشی لێ وەرگرت و تۆماریانی کرد و بەڵێنی پێدا کە ئەگەر ڕۆژێك دامەزراندنێك هەبێ، ئەو(چاوڕێ) لە کەسە تایبەتیەکانە و بەر لە داخوازکارانی تر دادەمەزرێت، چۆن هەم زووتر هەوڵی داوە و هەم لە نێوان تەلەکەی و ئیشی ئەو ئیدارە پەیوەندییێك ڕاستەوخۆ هەیە کە چاوی لێ ناقووچنرێت. چاوڕێ بە دڵێکی خۆش و پڕ لە هیوا و جەستەیێکی پڕ لە هێز و توانایی ئیش کردن، لە ئیدارە هاتە دەر. کاتێك هاتە بەر دەرگا، وای دەزانی ڕێگاکەی ون کردووە و ویستی کە بڕواتە دوواوە، بەڵام کە چاك تێڕوانی، بینی کە هەر ئەو ڕێگایەیە کە لێی چووتە نێو ئیدارەکەوە، تەنیا سفرە و خوانی چەند وردەواڵەفرۆشێك گۆڕدراوە و بەس. شتێکی زۆر هەستبزوێنی بە چاوی خۆی بینی، گلەیێك(یەکێك) لە هاوقوتابییەکانی لە نێو ئەو وردەواڵەفرۆشانەدا بوو کە وەکوو ئەوان خەریکی وردەواڵەفرۆشییە. چاوڕێ خۆی بە دۆستەکەی نەناساند و بە دزی و بێسپایلکەیێك بە پاڵیدا ڕۆیشت. چۆن لە لایێکەوە نەیدەویست کە ماڵی هیواکانی خۆی برمێنێ، و لە لایەکی تریشەوە گەرەکی نەبوو هەستی دۆستەکەی بریندار بێت. سەری خۆی داخست و بەرێ کەوت. کاتێك سەری بەرز کردەوە، سفرەی وردەواڵە فرۆشەکانی بە چاو ئەبینی و ئیتر هیچ. تەنانەت لە یەك لای نەتکەکەدا نەوەستا بوون، بەڵکوو لە هەر دوو لایدا ڕاوەستابوون، بە شێوەیێك کە لە نەتکێکی چوار پەنج گەزی، دوو گەزی تەواوی لێ نەدەماوە.

زۆربەی زۆری وردەواڵە فرۆشەکان لە تەمەنی چاوڕێ و دۆستەکەی بوون. هەموو جۆرە شتێك لەو شەقامە و لە لای ئەو وردەواڵەفرۆشانە ئەدۆزرایەوە. ئەو وردەواڵە فرۆشانە بۆ مانەوەیان لە جێگای خۆیان دەبوایە حەفت خانی ڕۆستەمیان ببڕیایە. بەر لە هەموو شتێك دەبوایە بەر لەوەی کە وردەواڵە فرۆشێکی تر جێگاکەیان بگرێت، لە جێگای خۆیان سفرەکەیان ڕابخەن و نەهێڵن لەوێ دابنیشێت. ئەگەر هێزی ئەوەی ببوایە کە لە نێو وردەواڵە فرۆشەکاندا ڕەقیب بخاتە لاوە، دەبوایە خۆی ئامادە بکردبایە بۆ خانێکی نوێتر و قورستر لە خانی بەرین، ئەوەش خانی زەلامەکانی شارەوانی بوو. ئەگەر بەخت لەگەڵیان هاوڕێ ببوایە، دەیانتوانی زوو سفرەکەیان هەڵپێچن و لە دەستی زەلامەکان دووری بخەنەوە،

بەڵام ئەگەر زەلامەکان بهاتباییێنە سەر سەریان و نەیانتوانیبایێ هەڵێن، زەلامەکان سفرە و خوانیان دەخستە نێو ئوتومبێلێکی شین و کابرای وردەواڵەفرۆشیش دەکەفتە پاڕانەوە و لاڵین، و لە ئاکامدا دەکەفتە شوێنیان و هیچ شتێکی دەست نەدەکەوت و تەنانەت جێگاکەی لە لایەن وردەواڵە فرۆشێکی تر داگیر دەکرا. ئەم کێشەگەلە کاتێك ڕووی دەدا کە دووکاندارەکانی شەقام ئیزنی مانەوەیان بە وردەواڵە فرۆشەکان بدایێت، چۆنکوو هەم دەرەتانیان لە دووکانداران دەسەند، هەم بازاڕی ئیشی ئەوانیشیان خراپتر دەکرد.شایانی ئاماژەیە کە ژمارەی دووکاندارەکان لە وردەواڵەفرۆشەکان کەمتر نەبوو. بیری چاوڕێ ئەوەندە لە قووڵایی خەیاڵات و ئاواتەکانی خۆیا نوقم بوو کە ئەم ڕووداوگەلە بە ئاسایی دەهاتە بەر چاوی.

دیمەنی وردەواڵەفرۆشەکان تایبەتی شەقامی گرینگی شار بوو، بەڵام دیمەنی میوەفرۆشەکان، هەم لە شەقامی گرینگی شار خۆی دەنواند، هەم لە گشت کۆڵان و شەقامی شارەکەدا، بە شێوەیێك کە هاوولاتییەکانی شار لە هیچ جێگاییێك هەستیان بە نەبوون یا کزبوونی میوە نەدەکرد. لەو میوەفرۆشانە لە پاڵی چاوڕێدا، زۆر دەکەوتنە بەر چاو، و زۆربەیان هاوتەمەنی چاوڕێ و هەندێکیشیان بچووکتر لە ئەو بوون. چاوڕێ بە بۆنەی بینینی ئەو دیمەنگەلە ماندوو بوو و چاوی خۆی لە دووکاندارەکان و وردەواڵەفرۆشەکان و زەلامەکانی شارەوانی داخست و سەیری مرۆڤەکانی دەکرد کە هەر یەك خەریکی ئیشێك و هەر کەس لە بیری فرمانی خۆیدا بوو.

یەك شت بە لای چاوڕێیەوە زۆر سەیر و سەرنجڕاکێش بوو، ئەویش ئاستی ژمارەی لاوەکان و هاوتەمەنەکانی خۆی بوو کە ڕێگای شەقامی گرینگی شاریان بەخۆڕایی دەبڕی. چاوڕێ وای دەزانی کە ئەوانیش وەکوو ئەو لە دوای ئیش دەگەڕن و دەخولێنەوە، بەڵام جل و بەرگیان و ڕواڵەتیان وای نیشان نەدەدا، و دەتگوت زاوان، یا خۆیان ڕازاندووەتەوە بڕۆن بۆ سەیری زەماوەن یا بۆ میوانییێکی گرینگ. زۆربەی کاتەکان لە پاڵێکدا ڕادەوەستان و سەیری خەڵکیان دەکرد. لە ڕۆژێکدا چەنهاجار شەقامی گرینگیان دەبڕی و دەخولیانەوە و بە زمانی چاو بە چاوڕێیان دەوت: ئێمە داهاتووی تۆین، خۆت لە ناو شەقامەکانی شاردا ماندوو مەکە، دووایین جێگا و ئیدارەی ئیشی تۆ ئێرەیە.

چەند ئیدارە و ڕێکخراوی دیکەی بەسەر کرد و بە پێی یاسای هەر جێگاییێك بەڵگەنامە و بڕوانامەی پێویستی لە لایان دانا. کات بەرەو قاوەتوون دەڕۆیشت و چاوڕێ بە شوێن ئاکام و ئاواتی خۆیدا دەگەڕا تا گەیشت بە چوارڕێیانێك کە خەڵکێکی زۆر تێیدا کۆ بووبوونەوە و هەر یەك چارەکەیەك لە کۆڵ و یا گرتبوویان بە دەستیانەوە و چاوەڕوان بوون تا کەسێك بڕوات و یەکێکیان لێ هەڵبژێرێت و بیبات بۆ ئیشی کرێکاری لە ماڵچەیێك یا ئاپارتمانێك بۆ ماوەی تەنیا ڕۆژێك. هەر لە تەمەن پازدە ساڵ تا تەمەن حەفتا ساڵ لە نێو ئەو کرێکارانەدا دەدۆزرایەوە کە لە بەربەیانی زۆر زوو تا پاش قاوەتوون چاوەڕوانی خاوەن ئیشێکیان ئەکێشا تا بتوانن نانێك ببەنەوە بۆ ناو سفرە، و سفرەی دڵی خێزان و منداڵەکانیان پێی ڕەنگین بکەن و ئاوی خۆشی و شادی بخەنە ناو ئاسیاوی ژیانیان. کاتێك کە چاوڕێ لە پاڵی ئەواندا دەڕۆیشت، هەندێکیان وایان دەزانی کە هاتووە بیانبات بۆ سەر ئیش. وەرە کاکە کرێکارت دەوێ؟! بەننات دەوێ؟! ئەمە دەنگی ئەو

کرێکارانە بوو کە تۆزی هیوای لە سەر دڵی چاوڕێدا ڕادەماڵی، و ئامانجی ئەوە بوو کە ویستی کرێکارەکان بگەیەنێتە گوێی. بەڵام ئەو کرێکارانە نەیاندەزانی لە کەسێك دەلاڵێنەوە و دەپاڕێنەوە کە خۆی لەمێژە بە شوێن ئیش و کاردا دەگەڕێت. تەقەتەقی مووزاییکە لەقەکانی ژێر پێی، ڕێگەی نەدەدا کە دەنگی ئەو کرێکارانە لە ناو بیری تەق و لەقی خۆیدا ببیسێت. لە دەوری مەیدانی گرینگدا تاقە کتێبفرۆشێکی بچووکی لێ بوو کە کتێبی کاتی زۆر زووی هەر بە نرخی چەرخی خۆی دەدا و کتێبە تازەکانی بە نیوە نرخ دەفرۆشت، بەڵام ئینسانەکانی ئەو شەقام و مەیدانە بە بێ ئەوەی هەستی پێویست بە ئەو کتێبفرۆشییە و نرخی کتێبەکانی بکەن، بە پەلە لە پاڵیدا دەڕۆیشتن و نەیاندەبینی، و هەڵدەهاتن تا خۆیان لە هەرەسی کۆمەڵی ئەو گشتە خەڵکە ڕزگار بکەن و لە نێوان تەنوورەکی زەردەهێڵی دوور و درێژی تاکسیدا گیر نەخۆن و زووتر بگەن بە نیشتەجێی خۆیان.

گشت خەڵکی ئەو شەقام و مەیدانە بە تیژی و خێرایی دەخولیانەوە، بەڵام تەنیا تاکە بەرەییێك هێمن و ئارام بوون: گەنجەکان! گەنجەکانی هاوتەمەنی چاوڕێ بوون کە هیچ تیژی و پەلەییێکی ئەوان نەدەهاتە بەر چاوی چاوڕێ و ئەویش بە سەیر و سەرسووڕمان دەیبینی کە لە زۆر جێگا و شوێنی شەقامدا ڕاوەستاون، یا لە بەینی شەقام و مەیداندا دەخولیانەوە، بە جۆرێك دەتوت ئەمانە مێشەك مێوانیان نییە و دەیانەوێ ترافیکی زەردەهێڵ دووایی بێت تا بە خۆڕایی کاتی زێڕینیان نەکەن بە مس. چاوڕێ کە هاوتەمەنەکانی خۆی دەبینی، هەم ئارام دەبوویەوە، هەم نائارام. ئارام دەبوو چۆن دەیبینی هاوتەمەنەکانی زۆر لە پێشی ئەودا نین، و هەمان کات نائارامیش بوو چۆن ئەو دیمەنە وەکوو بارانە خوێیەك بوو کە دەباری بە مل زامەکانیدا و ئەیکولاندەوە.

لە ناو بیری زامداری و کولاوی خۆیدا نوقم بوو کە خۆی لە بەر دەرگای ماڵی خۆیاندا دۆزییەوە کە خەریکە شلۆژاوی بیر و دەروونی بە زرمەی مشتی بێ هیوایی دەرمان دەکات. دەرگا کرایەوە و چاوڕێ بە بێ‌وەستان ڕۆیشتە ژوورەکەی خۆی و لە بەر ماندوویی و هیلاکی بە جل و بەرگی دەرەوەی لە بان قاڵی ڕووت و بە بێ پێخەف خەوی لێ کەوت.شەوی چاوڕێ کە هیچ جیاوازییێکی لە گەڵ ڕۆژەکەیدا نەبوو دووایی هات و تیشکی بەربەیان لە دەلاقەی داخراوی باڵەخانەکەی، بە کزی خۆی کێشا ژوورەوە تا هان و تینێك بدا بە باڵەخانەکەی، بەڵام نەیدەتوانی ڕێگایەك بدۆزێتەوە تا بڕواتە نێو باڵەخانەی دڵی و سەهۆڵ و قەندیلی نادڵنیایی کە لەمێژ بوو تێیدا ڕچا بوو بتاوێنێتەوە و لە تاوینی ئەو سەهۆڵانە بەهاری باخی دڵی بێتەوە.

چاوڕێ بە دنگی باوکی لە خەو هەستا و لە دوای ڕێك و پێك کردنی جلی ژوورەکەی دەمووچاوی شۆرد و بە هیوایێکی پۆڵایین چووە دەر.

هەواڵنامەی پێشێر

# ئاویەر



نووسەر: عەلیئەشرەف دەرویشیان
وەرگێڕ: شەقایەق حەسەن زادە

ژێربالّی دەگرم دەست و نووکی قامکەکانم گەرم دەبێتەوە. گەرما بەرەو سینە و دلّم دەروات ئەو هێشتا ئەم گەرمایەی لە جەستەی هەلّگرتووە گەرمای چاوەڕێبوون. زیندوومان بۆ دیتنی کەسێک کەچەنهاسالّەئەژنۆلە باوش لەسووچێکدا چاوەڕێی بووە؛هێواش ئەیبەم بیخەوێنم. لەژێر سەکۆی قاوەخانەکەجێی هەمیشەی خۆی ئەکۆکێ: «تەواوی ئێسکەکانم ئەبرووسکێنێت. بۆ ئەوەیکە لەو بێدەنگیەسارده شتێکم وتبێت دەلّێم: «لەسەرمای ئەم بەفرەیە،کە بەردەوام و بێوچان چەن حەفتەیە هەر دەبارێت. دەموچاوی وەکوونانی گەنمەشامیە. هەربەوزبری و ناسکیەی جێپێی هەتاو و با و باران وفرمێسک وجێگای شیوەن وشوێنی چنگ لەسەر گۆناکانی کەئەوکات وەک گولّی تازە پشکووتوو بوو بەجێ مابوو ئەوکاتە... ئەوکاتە بۆمن دوورترە تائەو. ڕەنگە بۆ ئەو هەردوێکەیە. تەنیاهەر ئەوهەلّاتنەپڕلەسەمایەی بەشوێن وانتی باری کە تەرمی خۆشەویستەکەی لەناوشاردا ئەگەڕان، بەس بوو تاگولّی ڕوومەتی بڕزێنێت؛ بەلّام چاوەکانی هەرئەوچاوەجوان ودرەوشاوانە وەک دوودانەگێلّاسی تازەچینراوکەبەمەودایێکی درووس لەنانی گەنمەشامیا دانرابێت. ئاخ... هەمیسان شەوی هەینییە، خاوەنی قاوەخانە و کڕیارکان زووڕۆیشتوونەتەوە. پیرەژن لەسووچێکدا پالّ کەوتووە. لەپەسووی سەکۆ لەناوسێ سووچی ڕەش کتیشکی نارنجی بەتەواوی ڕەمز و نهێنیەکانیەوە بەڕادەیێک تیشک ناهاوێژێت کەڕەنگی بکات. چاوەکانی کەوەک گێلّاسی تازە وان بەرەولّای درگائاوی ڕەنگی قاوەخانەکە دەگێڕێت. هەمووکات ڕووبە درگاکەدەخەوێت خەوکە نە، من بڕواناکەم کەتەنانەت شەوەکانیش بخەوێت؛ لەبەرئەوەیکە هەرکات بەرەولّای ڕۆیشتووم چاوەکانی باز و چاوەڕوان بووە. ئاخ هەلّدەکێشێت وسەرلەسەر جانتا و کراسێکی کۆنە دادەنێت کەهی جگەرگۆشەکەی بووە وبۆنی عارەقی لەشی ئەوی هێشتالەخۆی ڕاگرتووە. هەمووکات چاوەڕوانە کە شەوێ لەشەوان لەبەفروبۆراندا درگادارینە ئاویەکە بدێرتەوە و ئەوپابەهێزەکانی لەنێودرگاکەوە بتەکێنێت و بەفرەکان لەخۆی بکاتەوە پیرەژن بەچاولێکردنی ئەو و من بەلووت بەرزییێکەوەبلّێت:«بابەک، نەمگوت ئەودێتەوە»! تۆزێ سەربەرزدەکاتەوە و وەکوو هەرشەوەدەلّێت: «چراکە مەکوژێنەوە تائەوبزانێت کەئێمە بەخەوەرین.» دێمەوە پشتی پێشخانی قاوەخانەکە کە چۆلّی چۆلّە.

ئەزانم کەلەدەروە تاژێری دوو پەنجێرەچکۆلەکەی نوقمی بەفرە. بەفر وەها پشتی درگای قاوەخانەکەی داپۆشاندووە کەواهەست دەکەیت چەندین حەفتەیە کەسێک پای نەناوەتە قاوەخانەکە لەحالّێکدا دووسێ

کاتژمێرلەمەوپێش کڕیارەکان و خاوەنی قاوەخانەکە ڕۆشتوونەتەدەرەوە. پیرەژن لەخەو و وشیاریدا ورتەورت دەکات: «ئەودێتەوە چراکەمەکوژێنەوە. »

خەوم کەمە،منیش چاوەڕوانم؛ بەڵام چاوەڕوانیم لەگەڵ پیرەژنداجیاوازە. من چاوەڕوانی چرکەیێکم تاخواستەکانی ناخم سەرکوت بکەم کاتێک کە ئامادەبم لەسەرهەموو ئەوشتانەی کەمنیان بەم چواردیوارەنارنجی ڕەنگەوەبەستووەتەوە بڕۆم؛ بەڵام بەپەلەوەئەبێت خۆم بەشتێکەوە سەرقاڵ بکەم شتێک کەئەبێت بەمن تین وگەرمابدات وەک گەرمای ژێرباڵی ئەو. یان تینی چاوەڕوانی. نابێت ساردببمەوە. ساردبوونەوەیانێ بوون بەخۆڵەمێش. با خوڵەمێشەکە بڵاودەکاتەوە لەناوی دەبات بەڵام ئاگر بەتینتر دەکاتەوە؛ئاگری تیژ ؛کەڵکەڵەی ڕۆیشتن. دەستەکانم کەهێشتاگەرمای باوشی ئەویان هەیە لەسەرئاگری مەنقەڵەکە ڕایەگرم. ئاوێنەکانزایەکەی سەردیوارەکە وەک ئەوەی بەخنجێرشکابێت بوەتە سێ تیکەوە.سێ وێنەلەسێ جێگەی قاوەخانەکەلەسەرئاوێنەشکاوەکەیە.بەم وێنەگەلە مانابەژیان دەبەخشم پارچە شکاوەکەی لای ڕاس سەکۆکە پیشان دەدات کەدایکم لەوێ ڕاکشاوە.لەسەرپانایی خنجێرەکە میزوسەندەڵی ناوەڕاستی قاوەخانەکە دیارە پارچە شکاوەکەی دەستی چەپ ڕەنگی سوورە و شتێکی وەکووڕێچکە خوێنێکی باریک لەگەڵ وێنەیێکی تەمومژاویی و نادیار تا لێوارەی ئاوێنە کانزاییەکە دەبات. لەپەنای ئاوێنەکەشتێکی دیکەش هەیەکەمنی بەژیان هەڵواسیوە وتەنیایی ترسێنەری ئەم شەوەساردەی بۆم ئاسان کردۆتەوە.مقەوایێکی چوارسووچ کەبەپەتێکەوە بەدیوارەکە هەڵمواسیوە ساڵانێ لەمەوپێش لەسەر مقەوا تابلۆیێکی چکۆلەم چەسپان تابلۆکە شێوەکاریی ڕۆخساری کێشراوەی بابەک خەرەقی-یە.کەلەکتێبی مێژووی پۆلی یەکەمی ناوەندی بوو. لەدوای ئەو ڕووداوەی کەگوڵی ڕوومەتی دایکمی ڕزاند ئیتر نەمتوانی بۆقوتابخانەبڕۆم. تابلۆی بابەکم لەسەرکتێبەکەم بەتێخ بڕی ئەویشم لەسەرمقەواکەچەسپان.

شەوەکان مقەواکە هەڵەگەڕێنمەوە و ڕوومەتی بابەک بەرەو دیوارەکەیە ئەودیوی مقەواکە بەرەولای منە ئەم دیوی وێنێکی دیکەیە کەشەوەکانم بەوە تێپەڕدەکەم وێنەیێک کەهەر ئەو ڕۆژانەلەسەر ڕاگێندراوەکان لەچاپیان دابوو ولەنێوان خەڵکدا بڵاویان دەکردەوە. وێنەکە ڕەش وسپیە پیاوێکە بەگوریس بەسراوەتەوە دەسێکیشی براوە دەسەبڕاوەکەیان لەسەرئەژنۆی داناوە. گولەیێک لای چەپی سینەی شەق کردووە. چاوەکانی نیوەبازە وەک خەو و وریایی. سمێڵەکانی ڕێک وەک سمێڵەکانی بابەکی خورەمی ناوتابلۆکەیە. سەیری ئاوێنەکەئەکەم لەم بێکەسی وبێدەنگیدا کەسێک نییە کەلەگەڵیاقسە بکەم.. بۆ لێوارەی خنجێرەکەدەڕوانم کە لەنێو پارچە ئاوێنەشکاوەکەدا دیارە نووکی تیژی دێتە خوارەوە و ڕێک لەلێوارەی قاپەکانزاییەکە ئەچێتە ناو پەراوێزەکەیەوە. نیگام لەنووکەوە بەرەودەستەکەی ڕائەکێشم لەناکاو وێنەی پیاوێک دەبینم کەلەپشتی مێزی قاوەخانەکەدا دانیشتووە. ئەبێ موشتەرییەکە ڕێ بخەم. وەک هەمووکات دووسێ جار بە دەسماڵ لەسەری سەماوەرەکە ئەدەم. گیزە گیزێکی هێواش لە بێدەنگیەکەدا بەرزدەبێتەوە؛هەم دیسان دەڕوانمەپانایی خنجێرەکە و چاوم لێیە کەپیاوەکە قامکی ئاماژەی بەرەولای من ڕاکێشاوە: «کوڕەکە دانێ هێلکەم بۆبکە هێلکە ڕۆن» دەزانم کە تەنیا ئەو داوای یەک دانە هێلکەدەکات ئەمەم لەخاوەنی قاوەخانەکە بیستووە. لەناکاودڵم دەستی کرد بەتوون توون لێدان بەهەسکەهەسک دەکەوم وەک کەسێک کەماوەیێکی زۆر هەڕای کردبێت دەسەکانم بەلێوارەی گەچی پێشخانەکەوە دەگرم تانەکەوم لەماندوویەتی لەهەلاتن . دوانزە ساڵمەو هەڵدێم. خەریکم بەتووندی هەڵدێم. زۆرتر

لەئاستی خۆم خۆڕاگرم. کەلەکەم لەماندوویەتیدا دەزیڕێنێت؛ پاکانم سڕبوونە. مەگەر منالێک تا چ ڕادە دەتوانێ لەژێر هەتاوی گەرمدا هەلێت؟ هەلاتنێک لەگەلٚ ترس و دلە ڕاوکێدا لەگەلٚ دلپڕی وفرمێسکدا لەگەلٚ شەوق وزەوقی دیتندا بەدوای وانت بارێکی ئەرتەشی لەناو گالەگالی خەلکی شاردا پالم پێوە دەنن وجارجارێک پادەنن بەپاما. لەهەمبەرمدا

پیاوێکی بەگوریس پێچراوە هەیە کە بەپشتی دیوی وانت بارەکەوە پالیان داوەتەوە. دوو سەربازی چەک بەدەست لەهەردوو لایەوە چۆکیان داوە ولوولەی چەکەکانیان بەرەولای خەلکەکە کە لەپشتی وانت بارەکەوە هەلدێن ڕاگرتووە. ئەگەردەسی بڕاوی نەبێت ئەگەر جێگای گولە لەسینەیدا نەبێت هیچکەس باوەڕناکا کە ئەو مردووە دەموچاوی ساقە. گوێچکەکانی کە هەمووکات دەمگرت وڕامدەکێشا ساقن تەنانەت جێگای ماچە بچوکەکانم لەسەرگۆناسفتەکانی ساقە بەلام خوێنێکی تۆخ بەسەرگۆنایدا ساویاوە. با سمێلەبابەکیەکانی لەسەرگۆنا و لێوەکانی دەپرژێنێت بەتووندی هەلدێم؛تەنانەت دایکم بەجموجولەلێک وەک هەلپەرکێ هەلدێت بەجێ دەهێلم، ڕادەوستم تابەمن بگات. عارەق لەسەرڕوومەتە گولەکەی نیشتووە. جێگای ناخونەکان لەسەرگۆناکانی هەلکەندراوە. خوێن لەژێرچناکەی وشک بووەتەوە قژە ڕەشەکانی چەپک چەپک هەلکەندووە ولەدەور مەچەکی پێچاویەتی کەبەمن دەگات بەهەنسکەوە بانگ دەکات:

«بابەک ئەمە ئەو نییە» پیاوێکی سی سالەناتوانێ تائەم ڕادەپیر وکەنەفت بێت. هەلئەگەڕمەوە سەیری ئاوێنە دەکەم پیاوێک دەبینم کە ئاماژەدەکات پیالەیێ چایی تالم بۆبێنا. هەم دیسان هەناسە لێدانم توون ئەبێت. هەلدێم. لەناکاووانت بارەکە ئێستۆپ دەکات و ڕادەوستێت . پیاوە بەگوریس پێچراوەکە بەرەو پێش فڕئەدرێت دەکەوێتە مل یەکێ لەسەربازەکاندا سەربازەکەی تر لەوانت بارەکە خۆی دەخاتە خوارەوە ودەیهەوێ هەلبێت. سەربازێک کەلەژێرلەشی پیاوەکا گیرکەوتووە تێکۆشێت تاخۆی ڕزگارکات. لەم دەرفەتەکەلک وەردەگرم، دەسم بەدەم وچاوی پیاوەکەدا دێنم ودەسەبڕاوەکەی ماچ دەکەم دەسم خوێناوی دەبێت. بە بێ گومان لەهەمبەری خەلیفەدا ئەودەسەکەی تری داوە بە خوێنی خۆیەوە داویە بەدەم وچاوییەوە.

«تا وا بیرنەکەنەوە کەبێ ڕەنگیم هی ترسە» دەوریە ڕەش ولار ولەوێرەکەی هێلکە ورۆنەکەبەدەسمالێک دەگرم ولەبەردەم پیاوەکەدا دایدەنێم. سمێلەکانی بەدوولادا بای دەدا وپاروو دەگرێت زۆرهەول دەدەم. کەسەیری ڕوومەتی بکەم ناتوانم. نە ئەوەیکەبترسم، ناترسم، بەلام شتێک لەناخیدا هێلانەی کردووە کەناچارم لەهەمبەریدا سەرم خواربکەم بەتووندی هەلدەگەڕمەوە و لای پێشخانەکەدا دەوەستم؛ ماقی شکاوی ناوەڕاستی ئاوێنەکە دەبم پیاوەکە جانتاکەی تاوتوێ دەکا. دەنگی جیرەجیرێ گولەبرنجیەکان دەبیسم بێ ئەوەی خۆم بمەوێ بەرەولای پەنجێرەکان دەڕۆم. بەبڕوای من کەلە دەرۆکەسێک بەفرەکانی سووچی پەنجێرەکەی پاک کردووەتەوە بەترسەوە چاولەشیشەی پەنجێرەکە دەکەم لەدەرەوە بەس بەفر دەبینرێت تۆزەتۆزە دەبارێت. دێمەوە جێگاکەی خۆم هالاوێکی بێحال لە سەماوەرەکەوە بۆسرمیچ دەڕوات ماقی وێنەکەدەبم باوبۆران دەرگاشینەکە دەلەرزێنێت بەرەوناوەوە پالی پێوە دەنێت. لەسووچ و پەنای دەرگاکەوە بەفرەکان دێنە ناوەوە؛پیاوەکە سەری بەرەو خوارکردووەو دواهەمین پاروو لەدەوریەکە هەلدەگرێت هەمدیسان بەقامکی ئاماژە دەکات: «چاییێکی تال» دەڕۆم وچایی تێدەکەم دەنگی چەن گولە لەبۆرانەکەدا بەگوێی دەگات.بەگوشەی چاوڕێگای دەرگادارینەکە تا پشتەسەری پیاوەکە چاولێدەکەم دەرگاکە هەربەسراوە. کۆمەلێ بەفر لەتەنیشتی دەرگاکەوە

کۆبووەتەوە. وتابەردەم ئەومیزەی کەپیاوەکە دانیشتووە. شوێن پێی کەسێکی پێودیارنییە. بەتووندی هەڵدەگەڕمەوە لەپارچەئاوێنە شکاوەکەی ناوەڕاستدا دەبینم. بەدەم وچاوی پیاوەکەوە بەفردیارنییە؛ بەهێمنی دانیشتووە بێ سەرنجدان بەدەنگی گولەکان کە تێکەڵ بەدەنگی بۆرانەکە بووە.نزیکی دەبمەوە خەریکە نارنجەکێک دەخاتە ناو جانتاکەی. تینی دەستەکانی هەست دەکەم تینێک وەک تینی باوشی دایکم ئەوتینە هێزم زۆردەکات دەپرسم:

«کاتێک کەهاتی ڕێگا ئەمن و ئەمان بوو؟» بێ ئەوەی سەیرم کات بەدەنگێکی ئاشناوە وڵام دەداتەوە هیچ جێگاییێک لەئەماندا نییە.

«بنکەی پۆلیس»

بە بێ تێهەڵچوون لەلایەوە تێپەردەبم. لەم باوبۆرانەدا بۆکوێ دەڕۆی هەرچی زۆرتربزانی گیروگرفتت زۆرتردەبێ پیاوەکە. پشتم دەلەرزێت سەرمامە.دەگەڕێمەوە بەرەولای پێشخانە کە دەڕۆم چاوم بە باریکەخوێنێک دەکەوێت کەپای پیاوەکە و زەوی سوورکردووە. دڵم دەفرێت گەرەکمە خۆم بخەمە باوشی وگوێچکەکانی بکێشم پێی بێژم کە پاکانی خوێناوییە وئەو بێ سرنجدان بەزامەکەی لەجانتاکەی نوقڵگەلێکی سپی بەمن بدات ومنیش بەلێوەلکاوەکانمۆ گۆناکانی ماچ بکەم: «ئیتر مەڕۆبابە» پیاوەکە دەنگیم نابیسێت. بەخۆشحاڵیەوە بەرەولای سەکۆ دەنگ هەڵدێنم:

«دایەباوکم هاتووەتەوە» پیرەژن دەکۆکێ جانتاکەی وجلەزبرەکەی هەڵدەگرێت شەلەشەل خۆی بەمن دەگەیێنێت؛ دەنگی گەنجتر وجوانتر دێتە گوێ:

دەمزانی کە زیندووە دەمزانی کەدەگەرێتەوە؛ دەس دێنێ بەچاوە گێلاسیە درەوشاوەکەیدا و سەیری دەوروبەری دەکات: «ئەدی لەکوێیە ئەم باوکە ئاوارەتە».

بەرەولای هەڵدێم ئەچمە ژێرباڵی بەرەوکورسیەکە دەیبەم. لەشی پڕتین وگەرمە دەسم لە لادەدات: «خۆم دەتوانم برۆم» بەناوەڕاستی قاوەخانەکە دەگەین کورسیەکەخاڵیە:

«لێرەدابوو دایە بەخودا لێرەدابوو»

ڕێک ڕادەوەستێت وبەتووندی دەکۆکێت. جانتاکەی دەداتە دەستم:

«برۆلەسەرکورسیەکەدانیشەبابەک».

جانتاکەی لێ وەردەگرم. بەرەوپێشخانەکە دەروات قژەسپیەکانی لادەدات: «چیت بۆبێنم» قامکی ئیشارەم بەرزدەکەمەوە، دانێ هێلکە ڕۆنم بۆ دروس بکە وچاییێکی تاڵ.

## ئەوینی بێ‌سنوور[١]



مونیرە مەولوودی

کاتی بەربەیان دونیا کش‌ومات، پیرەمێرد هەر وەکوو جاران زوو لە خەو هەستا و جلەکانی لە بەر کرد و چووە دەر لە ماڵەوە لە نێو ڕێگادا کە بە پەلەی هەنگاوی هەڵ دەگرت و ئەچوو ترۆمبێلە بە تۆندی هات و لە پیرەمێردی داماوی دا؛ پیرەپیاو بە لانەوازی و بەستەزمانیەوە کەوتە قەراخی شەقامەکە.

ئەو ڕێبوارانەی کە لە شەقامەکاندا هات و چوویان ئەکرد بە خێرایی بردیان بۆ نەخۆشخانە. پەرستیارەکان سەرەتا زامەکانی پیرەمێردیان تیمار کرد (بەڵام خۆ کەس ئاگای لە زامی ناخی پیرەپیاوی هەژار نەبوو) دوای دانی دەوا و دەرمان‌کردن وتیان بۆ دڵنیای ئەبی لە شوێنی برینەکانت وێنەگەری کەین تا خاترجەم بێن کە هیچ شوێنە لە جەستەت ئازاری نەدیووە (بەڵام پیرەمێرد لە دونیایەک تر بوو، خەم و پەژارە چنگی لە دڵی گرتبوو) وتی: نا، نا تکایە ئەبی بڕۆم زۆر درنگە پێویستم بە وێنەگەری نییە پەرستیارەکان هۆی پەلەی و بێ تاقەتیی پیرەپیاویان پرسی!

وتی: هاوسەرەکەم لە خانووی بەساڵاچووان ژیانی تێپەڕ ئەکا منیش هەموو بەیانیەک کە لە خەو هەڵدەستم دێم و دەڕۆم لەگەڵیدا تاشت ئەکەم تا ئێستاش زۆر درەنگی کردووە ئەمەوێت زووتر بڕۆم بۆ لای. یەکێک لە پەرستیارەکان کە لاوێکی شۆخ و شەنگ بوو وتی جا مامەگیان کێشە نییە خۆمان هاوسەرکەت ئاگادار ئەکەین کە چاوەڕوانت نەبێت. پیرەمێرد بە دڵێکی پەشێو و خەمبارەوە وتی: بە داخەوە هاوسەرەکەی من خەرەفاوە هیچی لە بیر نەماوە، تەنانەت منیش ببینێت منیشی لە بیر نەماوە.

پەرستیارەکان لەم قسەی پیرەپیاوە سەریان سووڕ ما وتیان کاتی کە ئەو تۆی لە بیر نەماوە و هەر ناشزانێت تۆ کیت لە بەر چی هەموو بەیانیەک لە سەر وەخت و کاتی خۆی ئەڕۆی لەگەڵی تاشت ئەکەی؟ (بەڵام خۆ کەس ئاگای نەبوو، کەس ئاگای لە دڵی خەفەتباری نەبوو) پیرەمێرد گۆچانەکەی هەڵگرت و سەری داخست و ئەسرینێک بوو بە میوانی گۆنا زامدارەکەی. کاتێ کە ئەڕۆشت بە هێمنی وتی: من کە ئەزانم ئەو کێیە!!

---

[١] بە ئیلهام وەرگرتن لە چیرۆکێکی ئادامدێن-ەوە نووسراوە.

# شیعر

هەواڵنامەی کتێب



شلێر ڕەحمانی

## ئەستێرەیەکی سارد

ئەستەمە ئاوێتەی

شەراوی هەستەکان بم
خۆم دووردەخەمەوە
لە کەشکەڵانی نوورەوە
لەمپەڕی تریفەی شەوم
دەلاقەیەک کە تەریک ماوە
تیرۆژێک ناکەوێتە ژووریەوە
لە دەریایەک خۆمم خنکاندووە
کە لە مێژە ویشکەڕۆیە
لە تاراوگەی تاریکییەکان
تۆفانم تینووی چرۆیە
گێژەڵووکەیەک کە ونم بکات
دەستێک کە فڕم بدات
تا ئەو پەڕی دیوار...

خشتەکانی خەفەت سنووری منن،
دەسکردی خوێنڕێژترین
هەسارەی ڕۆژگار...
نامەوێ ئەم ئەستێرە خامۆشە
بکەوێتە ئاسمانێک

بەشی من تاریکییە،
ئەستێرەیەک سارد
ئەسووتێنێت دەریایەک

هەواڵنامەی کتێب


سروە مەجیدی

## عەورەتی تەنیایی

گەڵا

گەڵا

بە باڵای ئەم شارە

بەڵا

ئەبارێ

هیچ ڕووبارێ ئەم جەستە ژانڕێژە نابا

کوا خوا؟

ژین لە ژانا ئەژاکێ

لەم بەرەژانەدا ناوەرزتر پاییزێ

سەر ئەکا بە خانووەکانا

بەرۆکی پڕە لە درزی زەرد

من بەژنێکم بە ژانا ژین

هەواڵنامەی کتێب

پێکەنینم لە جەنگی بێدەنگیا بەجێ‌هێشت

حەزەکانم لە کاولیا ڕێست

من ئیدی ناگەڕێمەوە بۆ عەورەتی خۆم

من ڕووت لەم ئاوێنە شکاوەدا نابمەوە

من پەنجەرەیەکم نیە شپرزی ئەم خیابانە بنووسێتەوە

خوا ساڵە لە هووژەی ئەم مەرگاوەدا

تاریکی ئەپێوم

من لە بێدەنگیە شەقبردووەکانما

لە نائومێدییە پیرەکانما

بە لای هەڵمی ساردی ئەم زەرداوەدا

لە تەنیشت خەوە وەڕینەکانما

فوو ...

فوو بە لێڵی مەلوولییەکانا ئەکەم.

بە کۆ ژانی هەر نیگایەکەوە    تەم

بە شینی چنراوی ئایندەوە    خەم

بە دیار گەڕانەوەی هەورە ئاوسەکان

نەکا بە غەریبی ئەم شارە داکەن ...

هەوالنامەی کتێب

به پەنجە ئیفلیجەکانی گومانەوە

شەوپۆشی عیشاکانی شیعر

بۆ شەهامەتی شکستخواردووی شەتڵەکان ئەهۆنمەوە.

ئەتوانم بە دەم قاقای مەرگەوە

چارشێو بە سەری ئەم تەمەنە بەم

ئەتوانم هەڕەشە لە منالّییەکانی خۆشەویستی بکەم

با لە کایەی کرماندنی سێو

لەم بازەڕەدا

بۆ غوربەتی مەغریبی تەنیایی

شان دابەم

لە کۆلانە تەڵخەکان

هەتا خەندەکانی وێرانی

لە لەپی مردندا بمشارنەوە

بمشارنەوە من مردوویەکی زیندووم

بەرلەوەی ڕۆژنامەکان

جگەرەیەک داگیرسێنن بۆ ڕۆیا وەریوەکانی ئەم شارە

بە دەنگێکی پرتەقاڵی

دۆڕاندنی ئارەزووەکان

لە سنگی لیخنی سەبووری هەڕاج کەین؛

با هێڵە سوورەکان سەر نەنێن بە سنگی شووشەییمانەوە

چاو لە مەرگەساتی هەڵواسراومان داخەین

بە سروودێکیترەوە بچینەوە سەر فەسڵی ئاسوودەیی.

هەواڵنامەی کتێب



محەمەد ڕەحیمزادە

## بریا...

بریام بە بریایی خوا تۆ غونچەیەک بوویتایە

منیش هەنگێکی بێ‌ماڵ

لە لێوتدا ماڵم بکردایە

بریا تۆ تکە شەونمێک بوویتایە

منیش فێنکە بایەکی بەربەیان

لە باوەشما ونم کردیایە

بریا تۆ پەپوولەکەی ناو باخ بوویتایە

منیش گوڵێکی سوور

جا لە ئامێزم گرتیایە

بریا تۆ زەردەماسی بوویتایە

منیش تاشەبەردی ناو ئاو

جا تۆ تەوافمت کردایە

بریا تۆ شەم بوویتایە

منیش پەپوولەیەکی سەرشێواو

گیانم فیدا بکردایە

هەواڵنامەی کتێب



ئارەش مێهرەبان

## شیعرێک بۆ پێڵاوە دڕاوە کانی کۆڵبەرێک

لەم هەرێمی دابڕانە
شێعر
ولاتێکی ساردە و
دونیاش ڕۆژگارێکی
دیل و ماندوو
کێ ئەزانێ
کێ بیستوویە
ژیان ئاوازێکی تاڵە و
ڕێبوارەکانی ولاتیش
سیس و ماندوو
دەبێ چی بێ ئەو ڕێگایەی
شەقام شەقام لێی ئەپێوی
ئەبێ کوێ بێ ئەو نیگایەی
خۆر بە باڵایدا دەپێوی
تۆ کۆڵبەری
تۆ ولاتی
تۆ ژیانی چەرمەسەری
تۆ بایەکی بێشەلانی
بە گوێ ژیانا بانگ ئەدەی

تۆ ئاسمانی تۆ ڕووباری
تۆ زریانی شەوی ماندووی
تۆ باڵندەی مناڵێکی
دووروڵاتی
تۆ ئەسرینی فرمێسکێکی بێ ڕوخساری
تۆ ماندوویت
لە نانێکدا پێناسەکرد
هێزت گلێپەی فیشەکێکی کوژاندەوە
بەس بزانە
نە گڕ دەنگت بزر دەکا و
نە ئازادیشیت دەستێنێت
چەن فیشەکی ئەم شەوە تارە نامۆیە
پێلاوە دڕاوەکانت دەناسن
چەندە لاشخۆر و بێگانە
لەم هەرێمی ژەنگ و تاڵە
بۆنی ئارەقت دەبیسن
من دەتناسم
تۆ دەناسم
تۆ شەرەفی تۆ ویژدانی
تۆ تاقەداری کوێستانی
کوێستانێکی
سیس و ماندوو و وشکهەلاتوو



شاعیر: موراد فەرهادپوور
وەرگێڕ: مەزهەر ئیبراهیمی

**پاییز**

هاوین چەند بەلەز تێپەڕی؛
هەڤاڵانی پاییزی هاتوونەوە:
شیعر، خەم، خەیاڵ و
دڕدۆنگیی ڕێزمەندانەی مەرگ
کە وەک هەردەم
لە وەراندنی ئەو هەموو گەڵایە
وەڕەزە.
ئێستا لە زستانەخەونی کامە ئاژەڵی بریندارادا
لە سرکترین سووچی کامە کافەی ڕووناکدا
دەتوانین خۆمان لە نەگبەتیی ئەم بارانە بپارێزین؟
مخابن دەرفەت نەماوە،
تووڕەیی ئاسمان هەمووان بەرەو بن داڵدە دەخزێنێ؛
ئەمساڵیش گەلێک گەدا دەمرن؛
پاییز کۆتایی دێ؛
سەیرە! لەم زەمەنە بچووک و بازنەییەدا،
هەر ئاوارەییمان بێ کۆتاییە...

هەواڵنامەی کتێب

# هەواڵ

هەواڵنامەی کتێب

# ڕێوڕەسمی جێژنی سەدەمین ساڵیادی یەکەم شانۆنامەی کوردی

ئا: ئاوزین



لە ڕێکەوتی ٧ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٩٦ی هەتاوی لە زانستگای کوردستانی سنەدا ڕێوڕەسمێکی شکۆدار بە بۆنەی سەدەمین ساڵیادی نووسینی یەکەمین شانۆنامە بە زمانی کوردی، لە لایەن خوێندکارانی بەشی زمان و ویژەی کوردیی زانستگای کوردستان و ئەنجومەنی زانستی توێژینەوەی هونەر و بە هاوکاریی جێگرایەتی فەرهەنگیی زانستگای کوردستان بەڕێوەچوو. لەم ڕێوڕەسمەدا چەندین بەرنامەی جیاجیا وەکوو لێدوان، پەنێلی زانستی، شانۆنامە خوێنی، گوتار و ڕێزلێنان لە شانۆنامەنووسانی کوردی زاراوە جیاجیاکانی زمانی کوردی بەڕێوە چوو. یەکەمین شانۆنامە بە زمانی کوردی کورمانجیی باکوور لە لایەن عەبدوڕەحیم ڕەحمی هەکاری لە ساڵی ١٩١٨ی زایینیدا بە ناوی *مەمی ئالان* نووسراوە و لە زستانی ساڵی ١٩١٩دا لە گۆڤاری *ژین* لە ئەستەنبوڵ چاپ و بڵاو کراوەتەوە.



لە سەرەتای ڕێوڕەسمەکەدا ژیاننامەی دانەری شانۆنامەکە لە لایەن زانا ڕەشیدی خوێندکاری بەشی زمان و ئەدەبی کوردییەوە خوێندرایەوە. پاشان سەرۆکی بەشی زمان و ئەدەبی کوردیی زانستگای کوردستان بەختیار سەجادی وەکوو بەرپرسی گشتیی ئەم ڕێوڕەسمە بەخێرهاتنی ئامادەبووانی کرد و بە کورتی ئاماژەی بە مێژووی شانۆنامەنووسی لە ئەدەبی جیهاندا کرد، هەروەها هەواڵی لە چاپدانی ١٠ شانۆنامەی کوردیی لە لایەن توێژینگەی کوردستانناسی زانستگای کوردستانەوە بە ئامادەبووان ڕاگەیاند.

دواتر ڕەحمان هوشیاری، گوتارێکی لەسەر شانۆنامەنووسی و پێوەندی شانۆنامە بە ناسنامە و نەتەوەوە پێشکەشی ئامادەبووان کرد. پاشان دوکتۆر فەردین ئەخلاقیان سەرۆکی زانستگای کوردستان، وێڕای بەخێرهاتنی میوانان و ئامادەبووان سپاسی بەڕێوەبەرانی ڕێوڕەسمەکەی کرد، هەروەها بەڵێنی بەڕێوەچوونی ئەم کۆڕەی بە شێوەی نێونەتەوەیی لە ساڵانی داهاتوودا بە ئامادەبووان دا. لە بەشێکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا یەکەم شانۆنامە بە زمانی کوردی کورمانجی سەروو لە لایەن گرووپی شانۆنامەخوێنییەوە پێشکەشی ئامادەبووان کرا.



دواتر پەنێلێکی زانستی لە لایەن سابیر دڵبینا، خەسرەو سینا، جەلال نەسیری و ڕەحیم عەبدوڕەحیمزادەوە بەڕێوەچوو. لەم بەشەدا هەر یەک لە وتاربێژان ئاماژەیان بە چەند خاڵ لەسەر شانۆنامە و بەتایبەت شانۆنامەی کوردی پێشکەش کرد. لە کۆتایی ڕێوڕەسمەکەدا لە شانۆنامەکاران، شانونامەنووسان و کەسانێ کە هەوڵ و تەقالایان بۆ گەشاندنەوە و پەرەپێدانی شانۆنامەی کوردی داوە ڕێز گیردرا. کەسانێک وەکوو سابر نیکبەخت، عەلیڕەزا موحەممەدیان، سیمین چایچی، سابر دڵبینا، زاهید ئارمی، هەواس پلوک، تریفە کەریمیان، غوڵامڕەزا هێمەتیان، بەختیار پەنجەیی، ڕەحیم عەبدوڕەحیم زادە، ڕەحمان هوشیاری و ڕەسووڵ بانگین.



## بەرهەمە تازەچاپکراوەکان

## (ئەو بەرهەمانەی ڕەوانەی نووسینگەی ئەنجومەن کراون)




*نالی، شیکاریی فەلسەفی- دەروونی*

نووسەر: هەرێم عوسمان

چاپخانەی حەمدی

سلێمانی: ٢٠١٧



*گردنبند*

نووسەر: شێرکۆ بێکەس

وەرگێر: یەدوڵا پەشابادی

پلک: ١٣٩٧




*هاوزێ*

نووسەر: دلاوەر ڕەحیمی


سلێمانی: ٢٠١٨




*لۆگۆس*

گۆڤاری فەلسەفی وەرزی

سلێمانی: ٢٠١٧




*چەند لایەنێکی ژیانی مەحوی لە بەڵگەکانی عوسمانیدا*

لێکۆڵەر: هێمن عومەر خۆشناو

سلێمانی: ٢٠١٨



*ڕوونبێژی لە ئەدەبی کوردیدا*

دوکتۆر سەید ئەحمەد پارسا

نالی: ١٣٩٧



*جوانکاری لە ئەدەبی کوردیدا، بە شێوازێکی نوێ*

دوکتۆر سەید ئەحمەد پارسا

نالی: ١٣٩٧




*تاراوەکان*

نووسەر: جەیمز جۆیس

وەرگێڕ: سامان زڵەیخایی

مانگ: ١٣٩٧

هەواڵنامەی کتێب



هەواڵنامەی کتێب

## چۆمان هەردی؛

**پرۆفیسۆری یاریدەدەر**

خانمە شاعیر،نووسەر، وەرگێڕ، چیرۆکنووس، وتارنووس و وێنەکێشی کورد، لەدایکبووی ساڵی ١٩٧٤ی زایینی لە سلێمانییە. لەساڵی ١٩٧٥دا خێزانەکەی چوونەتە ئێران و لە دوای ڕێکەوتننامەی جەزائیر لە ساڵی ١٩٧٩ گەڕانەوە بۆ عێراق، بەڵام بە هۆی کارەساتی ئەنفال لە ساڵی ١٩٨٨دا چوونەتەوە بۆ ئێران؛ لە ساڵی ١٩٩٣دا چۆمان هەردی چووەتە بریتانیا و هەر لەوێش بۆتە خوێندکاری بەشی فەلسەفە و دەروونناسی لە زانکۆکانی لەندەن و ئۆکسفۆرد. هاوکات چۆمان هەردی دوکتۆرای (PhD) هەر لە بریتانیا وەرگرتووە کە تیشکی خستبووە سەر کاریگەریی کۆچبەریی بەناچار (Forced migration)لە سەر ژنانی عێراق و ئێران.

بڕوانامەی دکتۆرا لە زانکۆی کێنت کانتەربێری

بڕوانامەی ماستەر لە کۆلێژی زانکۆی لەندەن

بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە کۆلێژی زەکویین–ی زانکۆی ئۆکسفۆرد

**چیرۆکەکان:** *ڕۆچوون*، هاوینی ١٩٩٧. *تەنهاییەکی جەنجاڵ*، بەهاری ١٩٩٤. *هەوارگەی دڵم*، زستانی ١٩٩٣. *چوارده ساڵی*، هاوینی ١٩٩٢.



**شێخ نووری شێخ ساڵح**

**١٨٩٦-١٩٨٥**

هەواڵنامەی کتێب